# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

نەجمەدین عەزیز سمایل

## بەرگی نۆیەم

کوردستان- هەولێر - ٢٠٢٤

* ناوی کتێب: خۆم و ئەستێرە گەشەکان - بەرگی نۆیەم
* نووسینی: نەجمەدین عەزیز سمایل
* هەڵەچن و پێداچوونەوەی زمانەوانی: بەهادین جەلال مستەفا
* نەخشەسازی و بەرگ و سەرپەرشتیی چاپ: عوسمان پیرداود
* تیراژ:(٢٥٠)دانە
* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر
* مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە.
* نرخی (١٠،٠٠٠) دینارە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٤٩)ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

# پێشکەش

❊ بە هەموو ئەوانەی کە بەشدار بوون لە فێرکردنم.

❊ بە هەموو ئەوانەی کە مافیان لەسەر من هەیە.

❊ بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم.

❊ بۆ هەموو منداڵە چاوگەشەکانم

# بلا ستێرێن وەڵاتی تم زۆر و گەشبن

* پشتی من هنەک هژمارێن فەرهەنگا، نەخێر ئینسیکلوپیدیا نڤیسەرێ هێژا نەجمەدین عەزیز سمایل دیتی، دلێ من تەمەت زەریاچا (وانێ) گەش و بەرفرەهبو، بەژنا من تەمەت (گریداغێ) بلندبو، باوریا من ب مللەتێ من مکومتر لێهات. نڤێسەرێن خەمخور، چالاک و پڕ بزاڤێن وەکو خودانێ: (خۆم و ئەستێرە گەشەکان)، مە هەبن؟

* نڤێسەری گول و نێرگز ژ تەڤ پارچێن کوردستانێ چنینە، ئاڤا تەڤ کانی و رۆبارێن وێ ڤەخاری یە، ل بەر سیبەرا داربەڕو، کەزان و کاژێن وێ نڤستی یە، د بەرگەکیدا هەژارێ موکریانی دقەبیت، د یەکێ دندا بەژنا عەرەبێ شەمۆ خۆیایە، د یێ سێێدا خەملا قەدەم خێر و رەوشەن بەدرخان .. سۆر و زەر دکەت.

* ئافەرین.. تە دەمەکێ زێڕین بۆ کەرەستێ ئینسیکلوپیدیا خو، هەلبژارتیە. هۆزانڤان، ڤەکولەر، هونەرمەند، موزیکژەن، ستراننبێژ، رەخنەڤان... هەمو ئەڤرو نەمام و گەنجن، ب ساناهی دەستدکەڤن. سوباهی مخابن هنەک دێ ژ ڤێ دنێ زیز بن، بەفر دێ لسەر سەرێ هنەکان باریت، هنەک دێ ژ لیس و هێلینێن خو فرەن، داسا زەمانی دێ بەژنا هنەکان دوریت. هنەک و .. هنەک. روناهیا ئینسیکلوپیدیا تە، ل بەراهیا رۆژێ دچیت. سوباهی و دوسبە و سالەکا دن.. بهایێ وێ دێ ل بازاڕا چاندێ و رەوشەنبیری، گرانتر، قورستر و ب سەنگتر کەڤیت!


* مەزن دبێژن: هەکە خیارە ژ تیتکی دیاری. ئەڤە (ستێرێن تە یێن گەش) د گوڤەندێدا چونە دەستێ (مشاهیر الکورد وکوردستان) یا محەمەد ئەمین زەکی بەگ، چونە دەستێ (ناودارانی کورد) یا شێخ محەمەد مەردوخێ رۆحانی و کوردستانی، چونە دەستێ (مُعجم أعلام الکورد) یا محەمەد عەلی صوێرەکی، چونە دەستێ (ناودارانی کورد) یا جەمال بابان، چونە دەستێ (ناودارانی کورد/ دهسنڤێس)ا عبدالرقیب یوسف.. گوڤەندا گەرمە (ستێرێن تە یێن گەش) ژێ تێر نابن.

* برام راستی یە. نە چنار ژ تەنشتێن رۆباری دوور دکەڤن، نە گولبەرۆژ ژ گەرما شرینا رۆژێ زیز دبن، نە چیا ژ گازندە و ساریا بەفرێ درەڤن، نە کەو ژ ئاواز و قەبقەبێ ماندی دبن، نە خاندەڤان ژ تام و شرینیا پەرتوکا (خۆم ئەستێرە گەشەکان) تێر دبن.

* بەردەوام بە، نە راوەستێ. دارا تە ب بەرە، قەلەمێ تە هێلینا زێرێ زەرە. ئەز باور دکەم پرگۆتن و درێژکرن.. خراب و بێ سوودە. (خانی) دبێژێ خو ئاخڤتن دور و مراری بیت، درێژکرن و پربێژی بێ تامی و ساری یە:

**هەر چەند کەلام شوبهی دور بت**
**بێ قەدەر دبت، دەما کو پر بت**

**دکتۆر عەبدولرەحمان مزوری**
**دهوک**
**٢٠٢٤ /١/٤**



# مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی

مامۆستا و شاعیر و واعیز و ئیمام و وتارخوێنی هەر دوو مزگەوتی(مەلا نەبی و زانیاری)ی شاری هەولێر، شارەزا و پسپۆڕی(تەفسیر و تەجوید و بەلاغە)ی قورئانی پیرۆز، ڕەوانشاد مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی....

ناوی تەواوی(مەلا عەبدوڵڵا کوڕی فەرهاد کوڕی مەولود مەمان)ە، لە شاری هەولێر و کوردستان بە مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی ناسراوە، لە ساڵی ١٩١٨ لە گوندی(لهێبان)ی سەر بە ناحیەی کەندێناوەی پارێزگای هەولێری(ئەو کات) لە خانەوادەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایکبووە، دواتر ماڵیان چووەتە گوندی(گردعازەبان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی نزیک هەولێر، ئەو بچووکترین کوڕی ڕەوانشاد فەرهادە، تەمەنی(٣)ساڵان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانشادان(مەلا محەمەد فەرهادی و مەلا سادق فەرهادی)کە برای گەورەی بوونە چاودێری و سەرپەرشتی و پەروەردەیان کردووە، ئەو لە منداڵییەوە زۆر چالاک و زیرەک بووە و هەر زۆر زووش قورئانی پیرۆزی(ختم)کردووە، بەشی زۆری خوێندنەکانی لای براکانی بە تایبەتی (مەلا سادق و مەلا سەعید) خوێندووە، زۆریش حەز و ئارەزووی لە(تەفسیر و تەجوید و بەلاغە و زانستەکانی دیکەی قورئانی پیرۆز)بووە، بۆیە بۆ درێژەدان بە فێربوونی ئەم زانستانە چووەتە ناوچەکانی(کەندێناوە و مرکییە و شەمامک و دەشتی



**لە لای ڕاستەوە: مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی، بەڕێز ئیسماعیل مەلا سەعید، حاکم عەبدولباست کوڕی مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی، بەڕێز عەلی ئیسماعیل سەعید**

هەولێر و کۆیە و ناوچەی خوشناوەتی و هەولێر) لەسەر دەستی زانا ناسراو و بەناوبانگەکانی ئەو کات دەرسی ئایینی خوێندووە لەوانە:(مەلا محەمەدی مەلا عەبدوڵلای عەبدالانی لە کۆیە، مەلا شەریفی دووشیوانی، مەلا ئیسماعیل ناقیس، مەلا ئەحمەدی گەزنەیی، مەلا شێخ عومەری بالیسانی، مەلا سەعیدی باشتەپەیی، مەلا شێخ عەبدولکەریمی ئۆمەراوەیی، قازی شێخ محەمەدی ئەسعەدی نەقشبەندی، لە بەغداش لای مەلا محەمەدی قزلچی، مەلا سلێمانی ئەڕزەڕۆمی، شێخ ئەمجەد زەهاوی)خوێندووە، ئیجازەی (العلوم الشرعية)ی لە شێخ ئەمجەد زەهاوی وەرگرتووە و ئیجازەی(العلوم الحديث)ی لە مەلا سلێمان ئەرزەڕۆمی وەرگرتووە و ئیجازەی مەلایەتیشی لە عیزەدینی مەلا ئەفەندی وەرگرتووە.

مامۆستا مەلا عەبدوڵلا فەرهادی ماوەیەکی کەم لە گوندی(سوریژە)ی دەشتی هەولێر مەلایەتی کردووە، پاشان چووەتە بەغدا بۆ تاقیکردنەوەیەکی تایبەت بۆ وانە وتنەوە لە گەڵ چەند مەلایەکی ناوداری عێراق، لەم تاقیکردنەوەیە بە پلەی دووەم دەرچووە و وەکو(واعیز) لە مزگەوتی(مەلا نەبی) لە گەڕەکی(تەعجیل)ی ناو شاری هەولێر دامەزراوە و لە هەمان کاتدا لە دادگای(شەرعیی هەولێر)یش کاری کردووە.

لە ساڵی ١٩٥٩ بەشداریی لە خولێکی تایبەت بۆ مامۆستایانی ئایینی کردووە و بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە و وەکو مامۆستا(معلم) دەستبەکاربووە.

مامۆستا مەلا عەبدوڵلا فەرهادی کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و جوان و بە نرخ و سوودبەخشی بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە و، چەند بەرهەمێکیشی ماون هێشتا چاپ نەکراون، بەرهە چاپکراوەکانی ئەمانەن:

- لمعة البيان في ترتيل و تجويد القرآن، ١٩٥٢.
- إيقاف الخلاف و درء الاعتساف، ١٩٥٦.
- منافع الصوم و مضار الخمر، ١٩٥٧.
- الحج المبرور و الذنب المغفور، ١٩٥٧.
- أحسن الصياغة في حلية البلاغة، ١٩٦٧.
- حديقة الازهار في مولد المختار، بە شیعر، بە زمانی عەرەبی، چاپی یەکەم ساڵی ١٩٨٥ و چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٠.



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، مەلا عەبدوڵلا فەرهادی، مامۆستا مەلا جەمیل

- کەلەپوور بەشکردن، بە شیعر، بە زمانی کوردی، ساڵی ١٩٨٥.
- مێرغوزار، کۆمەڵە شیعر بە زمانی کوردی.
- وجها لوجه حضرة رسول الله، ساڵی ٢٠٠٠.
- الاكليل في محاسن اربيل، ٢٠٠١.
- تبصرة المبتدي و تذكرة المنتهي، بە شیعر، بە زمانی عەرەبی.
- العقيدة الفريدة، شیعر، بە زمانی عەرەبی.

**ئەم بەرهەمانەشی ماون و چاپ نەکراون:**

(مەولودنامە، بە شیعر، موجز تاريخ اربيل، ازاهير من رياض الادب و جواهر من بلاغة العرب، قدسية المسجد، نزاهة القرآن الكريم من قول الشعر، منهال الحكمة، بعض اثار و مزارات و مساجد اربيل و دیوانێکی شیعریش).

مامۆستا مەلا عەبدوڵلا فەرهادی چەندین چالاکیی دیکەی لە بواری کۆمەڵایەتی و کاری خێرخوازی و ڕێکخراوەیی کردووە لەوانە:

- دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە گەڵ چەند کەسانێکی ئایینپەروەر کۆمەڵەی(زانایانی ئایینی)یان لە هەولێر دامەزراندووە و بارەگای



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا مەلا عەبدوڵلا فەرهادی، بەڕێز نەسرەدین پاڵانی



لە لای ڕاستەوە: حاکم عەبدولباست کوڕی مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی، مامۆستا عومەر مەلا محەممەد فەرهادی، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی، ئەوانی دیکە کوڕەکانی مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی


کۆمەڵەکەش هەر لە مزگەوتی مەلا نەبی بووە و تابلۆیەکی گەورەشی بە ناوی کۆمەڵەکە لێداوە.

- بە هەوڵ و تەقەلای تاکە کەسیی خۆی، مزگەوتێکی لە گەڕەکی (زانیاری)ی هەولێر دروست کردووە و وەکو ئیمام و وتارخوێن هەموو خزمەتی خۆی بۆ ئەو مزگەوتە تەرخان کردووە و، کتێبخانەیەکی گەورەشی لێداناوە و فەقێشی هەبووە و لە پشووی هاوینان، ناوە بە ناوە خولێکی فێرکردن و تەفسیر و وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزی بۆ قوتابیان و منداڵانی گەڕەکەکانی شاری هەولێر کردۆتەوە.
- ئەو لەتەک مەلایەتیدا، مرۆڤێکی زۆر چالاک و دەستڕەنگین بووە، دارتاشێکی باش و بەننایەکی(وەستای بیناکردن) وردبین و بە سەلیقە بووە.
- زیاتر لە(١٠)جار حەجی کردووە و جارێکیان لەسەر بانگهێشتی حکومەتی سعودییە بووە، چونکە لە کێبڕکێیەک لەسەر ئاستی زانایانی هەموو جیهان لە سعودیە بەشدار بووە و بە پلەی یەکەم دەرچووە.

مامۆستا مەلا عەبدوڵلا فەرهادی دوو جار هاوسەرگیری کردووە، واتە دوو کۆز ماڵ و منداڵی هەبووە، هاوسەری یەکەمی کە خاتوو(عەتیە حاجی

یاسین)ی ئامۆزای خۆی بووە، کە خاوەنی سێ کوڕ و چوار کچ بوونە بە ناوەکانی(ئەحمەد، محەمەد، عەبدولمەلیک، خاتوو عالیە، خاتوو غالیە، خاتوو کەلسوم و خاتوو سەمیرە)، لە هاوسەری دووەمیشی خاوەنی دوو کوڕ و چوار کچ بووە بە ناوەکانی(حاکم عەبدولباست، دکتۆر عاتیف، خاتوو فەخریە، خاتوو ماجیدە، خاتوو ساجیدە و خاتوو بوشرا)خوای گەورە هەر هەموویان تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بکات.

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی پاش نەخۆشکەوتنی و ماوەیەک لەسەر









مامۆستا مەلا عەبدوڵلا فەرهادی لە چەند کاتێکی جیاوازدا




**بەرهەمەکانی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی**

جێگا مانەوە هەر ئارام و ورە بەرز بووە، تا لە ئێوارەی ڕۆژی ٤ - ١٠ - ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردووە، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی کەس و کارەکەی و جەماوەرێکی زۆری شاری هەولێر، تەرمەکەی لە گۆڕستانی (معمل قیر) لەسەر ڕێگای هەولێر- مەخموور بە خاک سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گلکۆی پڕ نور و ڕەحمەت بێت.

## سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی، کە لەسەر داخوازیی من بەڕێز حاکم عەبدولباست کوڕی مەڵا عەبدوڵڵا فەرهادی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - مامۆستا و نووسەر و لێکۆڵەر حەمە ساڵح فەرهادیش، هەر لەسەر داخوازیی من، ژیاننامە و بەرهەمەکانی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی بۆ ناردووم، زۆر سوپاسی ئەویش دەکەم.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەڵاحی پەرلەمان

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر مامۆستا سەڵاحی پەرلەمان...

ناوی تەواوی(سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵڵا ڕەمەزان)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە سەڵاحی پەرلەمان ناسراوە، ١٩٥٤/١٠/١ لە شاری(کفری) لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری کفری تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی١٩٧٧ – ١٩٧٨ بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، پاشان ڕووی لە شاخ کردووە و ماوەیەک بووتە پێشمەرگەی کوردستان، دواتر گەڕاوەتەوە ناو شار و وەکو مامۆستا لە دواناوەندیی(باوەنور)ی سەر بە قەزای کەلار دەستبەکار بووە، تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە ٤ – ٦ –١٩٩٢ تا وەکو ٤ – ٦ –٢٠٠٥ وەکو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، ئێستاش خانەنشینە و لە شاری کفری دەژیت.

شاعیر سەڵاحی پەرلەمان هەر لە لاوێتیدا حەز و ئارەزووی لە زمان و ئەدەب و شیعری کوردی و عەرەبی بووە، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی و نوێخوازی کوردی و عەرەبی و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی



له لای ڕاستەوە: شاعیر سەڵاحی پەرلەمان، ڕەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر

جیهانی دەستی پێکردووە، پاشخانێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی باشی پەیدا کردووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ دەستی بە نووسینی شیعر و شیعری هایکۆ و هایکۆی تەنزئامێزو بابەتی هەمەجۆری دیکە کردووە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوی کردوونەتەوە.

شاعیر سەڵاحی پەرلەمان، لە بوارەکانی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەڤینی و جوانیی سروشتی کوردستان و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا شیعر و شیعری هایکۆی نووسیوە و ژنان و منداڵانیشی لە نووسینەکانی بێ بەش نەکردووە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و جوانی بە زمانێکی کوردیی پاک و ڕەوان نووسیوە و چاپ و بڵاوکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- دیاری منداڵان (شیعر بۆ منداڵان) ساڵی ١٩٩٦، لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان بڵاوکراوەتەوە.
- دیوانی شیعری (سۆزی گەرمیان) دوو جار چاپکراوەتەوە، ساڵی(٢٠٠٣ و ٢٠٠٧).
- مامۆستای پارتیزانی شەهید (خالید گەرمیانی) ساڵی ٢٠٠٤.

ـ شاری کفری لە تەرازووی ڕەسەنایەتی و شارستانییەتدا دوو جار چاپکراوە(٢٠٠٩ و ٢٠١٢).

ـ کتێبی (مێژووی هۆزی زەنگەنە) ساڵی ٢٠١٨.

ـ دیوانی مامۆستا (صلاح)ی پەرلەمان ساڵی ٢٠٢٠.

ـ دیوانی (سکاڵای داربەڕوویەک) ساڵی ٢٠٢٢.

- مەتەڵە شیعرێکی لە پرۆگرامی کتێبی قوتابخانەکان بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی دەخوێندرێت،

- پارچە شیعری(ئاشتی خوازی)ی ئاوازی بۆ دانراوە و وەکو سروود لە قوتابخانەکان بڵاوکراوەتەوە و دەوترێتەوە.

ئەو هەر شاعیر و نووسەر نییە، بەڵکو وەکو ڕۆژنامەنووسێکی بە توانا و چالاکوانێکی بواری سیاسی دەورێکی بەرچاو و خزمەتێکی زۆری کردووە و ئەم چالاکییانەشی هەبووە و هەیە:

- خاوەنی ئیمتیازی هەفتەنامەی(خۆرنەوەزان)بووە.

- خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری(کرکوک الیوم) بووە.



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شاعیر سەلاحی پەرلەمان، شاعیر و نووسەر سۆران نەدار



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند تەها خەلیل، شاعیر سەلاحی پەرلەمان

- ئەندامی دامەزرێنەری یەکەمین ئۆلۆمپیی کوردستان بووە.
- یەکەمین سەرنووسەری گۆڤاری(ئۆلۆمپیکی) لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بووە.
- ئەندامی کارای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەر و ئەدیبانی عێراقە.
- ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە، لە ١٩٩٢/٦/٤ تا ٢٠٠٥/٦/٤.
- دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی و مێژوویی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردۆتەوە.

بۆ شاعیر و نووسەر سەلاحی پەرلەمان، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

وا چەند نموونەیەکی شیعری شاعیر سەڵاحی پەرلەمان-تان بۆ دەنووسمەوە:

**(١)**

ئێوە..کەی هۆش ئەکەنەوە؟
لە لۆزانا
کاتێ فوو کرا
لە چرام
بڕیاڕی کوشتنیان لێ دام
سەریان لە لاشەم کردەوە
هەموو جەستەیان جنیم و
بەش بەش، لە چوار



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر سەلاحی پەرلەمان، شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت**

پریاسکەیان نام
وەکو دیاری
هەروەکو پۆیلانە برام
بۆ سەر مێزی
ئاخوونەکان
بۆ ئەستانەی
سوڵتانەکان
بەشێک بۆ شام
بەشێکیشم بۆ پایتەختی
(دار السلام)
بۆ شەو چەرە و
بۆ شەوە مەخمەلێکانی
گشت خەلیفەکانی ئیسلام
لەو کاتەوە
جەستەم خوێنی
لێ ئەچۆڕێ
هاوار ئەکەم
فریاد ڕەسێ
بگاتە لام
تا ئێستاکەیش
(لیلی قاسم)
هەڵئەقرچێ
زەماوەندی خۆی نەبینی و
نەیانهێشت
بگاتە مەرام
تا ئێستاکەیش













بەرهەمەکانی
شاعیر و نووسەر
سەلاحی پەرلەمان

(یەڵماز گۆنای)
سەرگەردانە و
کۆڵە پشتێکەی سەرینە و
شەو ئەداتە دەم ڕۆژەوە
لە نێو کووچە و
لەسەر بەردی
شۆستە و شەقام
(جگەر خوێن)یش
هەتا ئێستا
خوێناوی خۆی ئەخواتەوە
هەر چەند..هەر چەند
(شام شەکرە)ی
کردە پەیام
بەڵام ئەفسووس
ئاسۆ بەلێڵی ئەبینێ و
چاوی لێیە
هیواکانی
نغرۆ ئەبن
هەتاکو دێ
لە بینایی
چاو وون ئەبن
ناگەنە کەنارەکانی
هیوا و ئارام
وا (قاسملۆ)یش
ئەتلێتەوە و
ئەشاخێنێ بە ڕووتانا


شاعیر سەلاحی پەرلەمان بە جلی کوردی

سەکردەکان
چیتان کرد چی!
لە تۆڵەی ڕۆحی
پێشەوا
لە نێو مەیدانی
چوار چرام
بەڵێ .. بەڵێ
سەرکردەکان
ئیتر کەی بیر ئەکەنەوە
کەی بە خۆتانا ئەچنەوە
بگەڕێنەوە لای
میللەت
تەنها بەوە
گرەو خۆتان
ئەبەنەوە
ئەگینا مێژوو
بێ ڕەحمە
کەس ناناسێ
نە من نە تۆ
کێ بە گەورە
خۆی بزانێ
لای گەل ئەبێتە
پاشەڕۆ.

**(٢)**

**ئاشتی خوازی**

ـ ئاشتی خوازین ئاشتی خواز
ئاشتی دەکەین بە ڕێباز
ـ ئالآی ئاشتی هەڵدەگرین
دژی شەڕخواز دەوەستین
ـ بۆ سەربەستی و ڕزگاری
بۆ ژینی بەختیاری
ـ بۆ ئاسوودەیی ژیان
تێدەکۆشین بێ وچان
ـ ئەوسا بە بێ جیاوازی
ئەژین بە سەرفرازی

**(٣)**

**دیاری منداڵان**


ـ یەک یەک وەک دارە
وەکو داری چنارە
– دوو دوو کەوانە
کەوانی قارەمانە
ـ سێ سێ سەرە
پێشمەرگە تاجی سەرە
– چوار چوار وەرزە
کوردستان شاخی بەرزە
ـ پێنج خڕە وەک تۆپە
زستان بەسوودە سۆپە
– لە دوای پێنجەمین شەشە
دزی کاری ڕوو ڕەشە

ـ له دوای شەشەمین حەوتە
کەرکووک مەڵبەندی نەوتە
– هەشت دەمبەرە و خوارە
وەرزی خۆشمان بەهارە
– له دوای هەشت نۆهەمینە
کوردستانمان شیرینە
ـ دەیش وەک پەنجەکانم
پێشمەرگەی کوردستانم

**سەرچاوەکان:**

١ – کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمی شاعیر و نووسەر سەلاحی پەرلەمان، شاعیر و نووسەر سۆران نەدار لە کفری بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ناجح گوڵپی

نووسەر و لێکۆڵەری بواری جینۆساید، شارەزای ڕێزمانی شێوەزاری(هەورامانی) و دکتۆری ڤێتێرنەری(الطب البیطري) دکتۆر ناجح گوڵپی....

ناوی تەواوی(ناجح محەمەد ئەحمەد)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە دکتۆر ناجح گوڵپی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی(گوڵپ)ی سەر بە ناحیەی(بیارە)ی پارێزگای هەڵەبجە لە ناوچەی هەورامان لە خێزانێکی کوردپەروەر لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی گوڵپی تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەڵەبجە بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٥- ١٩٨٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی پزیشکی(ڤێتێرنەری- الطب البیطري) لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە و وەکو پزیشکی ڤێتێرنەری دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٨٧ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە ناوچەی قەرەداخ و لە نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درێژەی بە خزمەتکردن داوە و، بەر شالاوەکانی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ کەوتووە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی خۆی، وەکو پزیشکی ڤێتێرنەری بەردەوام بووە لە ژیانی ئاسایی خۆی، ئەو زۆر حەزی لە خوێندنی زمانی ئینگلیزی بووە، بۆیە بەردەوام بووە لە خوێندن و ساڵی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ناجح گوڵپی، نووسەر و ڕۆمانووس مامۆستا ئیبراهیم مەیکە عەلی



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر شوان نوری، نووسەر دکتۆر ناجح گوڵپی، دکتۆر هیدایەت ئەحمەد

خوێندنی ٢٠٢٢- ٢٠٢٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی هەڵەبجە وەرگرتووە، وەکو دکتۆری بەیتەریش هەر بەردەوامە لە خزمەتکردن لە شاری هەڵەبجە.

نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر ناجح گوڵپی، لە ساڵی ٢٠١٢ سایتێکی ئەلیکترۆنی بۆ خۆی داناوە و، چەندین وتاری دەربارەی جینۆسایدی

کوردی و نەخۆشییەکانی ئاژەڵ و نەخۆشییە هاوبەشەکانی مرۆڤ و ئاژەڵی تێدا بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠١٦ەوە ڕووی لە نووسین بە شێوەزاری هەورامی کردووە، بەشی زۆری نووسین و بەرهەمەکانی لە بواری ڕێزمانی شێوەزاری هەورامییە، تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و سوودبەخشی نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ناجح گوڵپی، بەڕێز جەمال سەعید کەسایەتیی هەورامان





نووسەر دکتۆر ناجح گوڵپی بە جلی کوردیی هەورامانی




نووسەر دکتۆر ناجح گوڵپی
لە کاتی دەرچوونی لە زانکۆی هەڵەبجە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ناجح گوڵپی، بەڕێز هیوا ناسح سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێریی کوردۆساید لە بەردەم مۆنۆمێنتی هەڵەبجە

- کتێبی (پانۆرامای بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان) ۲۰۱٦.
- کۆکردنەوە و پێداچوونەوە و چاپکردنی کتێبی کۆنفرانسی هەورامان شناسی،۲۰۱۷.
- ڕێزمانی هەورامی بەرگی یەکەم ۲۰۱۸.
- ڕێزمانی هەورامی بەرگی دووەم ۲۰۱۹.
- ڕێزمانی هەورامی بەرگی سێیەم ۲۰۲۱.
- مانا ئەشناسای و مەبەستئەشناسای، سیمانتیک و پراگماتیک ۲۰۲۲.
- واتسازی (وشەناسی) مورفۆلۆجی ۲۰۲۳.

دوو بەرهەمی دیکەشی ئامادەن بۆ چاپ، کە ئەمانەن:

- دێی گوڵپ، کە باسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە.
- زمانەکانی جیهان، کە باسێکی مێژوویی بوونی زمانەکانە لەجیهاندا.

نووسەر دکتۆر ناجح گوڵپی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە، لەوانە:




بەرهەمەکانی نووسەر دکتۆر ناجح گوڵپی

- بەشداربوونی لە ڕێکخراوی چاودێریی کوردۆساید، چونکە کەس و کارەکانی کە(دایکی و برایەکی بە ژن و منداڵەکانی) لە کیمیابارانی هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨شەهید بووینە، بە بەردەوامیش وتار و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە نووسیوە و دەنووسێت.
- چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

بۆ نووسەر دکتۆر ناجح گوڵپی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و کەلتوور و کەلەپووری ناوچەی هەورامان و کوردیمان.

## سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر دکتۆر ناجح گوڵپی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئیسماعیل بەرزنجی

شاعیر و دیار و ناسراوی کورد عەبدوڵڵا پەشێو، ئامۆژگاریی کردووە و پێی گوتووە:(زۆر زۆر بخوێنەوە، بەڵام کەم بنووسە)، شاعیرێکی کوردپەروەر، شاعیرێکی یاخی، شێخی تەنزنووسان، ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و میدیاکارێکی خاوەن ئەزموون و بە توانا، مامۆستا ئیسماعیل بەرزنجی...

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ ئیسماعیل بەرزنجی لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، ئەو بە ڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر شێخەکانی بەرزنجە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە نیوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی هەر لە هەولێر تەواوکردووە و بووتە مامۆستا لە گوند و شار و شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر، دواتر هاتۆتەوە ناو شاری هەولێر و لە بواری پەروەردە و فێرکردن درێژەی بە خزمەتکردن داوە، پاش ساڵانی ٢٠١٠ەوە، ماوەیەک لێپرسراوی بەشی



**شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی بە جاحێڵی**




**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز مامۆستا سەفین دزەیی، شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی، شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر کەریم دەشتی، شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی لە بەردەم پەیکەری ڕەوانشاد ئیبراهیم ئەمین باڵدار**

ڕاگەیاندن بووە لە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دواتر بووتە بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر تا خانەنشینبوونی، ئێستا لە ناو شاری هەولێر نیشتەجێیە.

شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی هەر لە منداڵییەوە خولیا و عەشقی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بووە، لە سەرەتای حەفتاکانەوە گڕوگاڵی نووسینی شیعری نوێخوازی کردووە، هەر لە سەرەتاش وەکو شاعیرێکی خاوەن

ستایلێکی تایبەت بووە، ئەو هەر بە تەنیا خەون دەبینێت، دەسووتێت بۆ ئەوەی لە بەرانبەر جوانی، جوانیی ئافرەت دەم بکاتەوە، دەسووتێت بۆ ئەوەی لە بەرانبەر ڕابردوو، لە بەرانبەر لە دەستچوونی ئازیزان جگە لە بێدەنگی هیچ بڵێت! ئەو کەسێکە لەگەڵ کتێب و ڕابردوو شەونخوونی دەکات، هەمیشە هەوڵدەدات دوورەپەرێزی و تەنیایی بە هەرای بێدەنگی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی، شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نازم دڵبەند



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی، شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی



له لای ڕاستەوە: خاتوو سامیە شاکر، شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی لە کاتی ڕێزلێنانی لە خاتوو سامیە شاکر

پڕ بکاتەوە! ئەوە تەنیاییە خەونبین و بێدەنگی بە یەکەوە دەلکێنێت... بەم جۆرە ئەو وەکوو شاعیرێکی نۆستالجیا پێیوایە سۆزی شیعر بۆ زۆرێک لە خەونبینان وێنەی دیاری تەنیاییە، خەمی مانا پێش دەخات و لە پشت هەموو شیعرێکی ئەو بونیادێکی حیکایی و خەمی لە دەستچوون و لە دەستچوونی ئازیزانی هەیە!، هەستی خۆی بە ویستی گوتن و خەمی دەروونەوە گرێ دەدات، ویستی گوتن بە خۆشەویستی مانا و چێژەوە دەبەستێتەوە، زۆریش بایەخ بە فەزای شیعری و ماناو و ڕیتمی شیعری دەدات، بە لای ئەو بەهای هونەری شیعر لە ئاوێتە بوونی هەستی گەڕانەوە

بۆ رابردوو و ویستی مانا و ریتمی تێگەیشتندا هەڵدەگرێتەوە، بە تەواویش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەر یەک لە(ئەلبێر کامۆ، جان پۆل سارتەر و بابلۆ نیرۆدا).

ئەو یەکێکە لە پیاوە جوانەکانی شاری هەولێر، کە لە نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا خاوەن هزر و قەڵەمێکی بە بڕشت و جوانە، لە بواری نووسینی چیرۆک و یادەوەری و شیعر و تەنزدا بەرهەمییێکی زۆری لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاو کراوەتەوە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

- وێستگەکانی ژیانم، بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم، گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەگەرییە کە ڕۆژنامەنووس ڕەوانشاد تاریق ئیبراهیم شەریف لە گەڵ بەڕێز موحسین دزەیی ئەنجامی داوە، شاعیر و وەرگێڕ ئیسماعیل بەرزنجی هەر سێ بەشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- دەیان پارچە شیعری لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، لەوانە دەقی پارچە شیعری(من لەوێوە دێم) کە لە کۆمەڵە شیعری(پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان) بڵاوکراوەتەوە.
- دەیان پارچە شیعر و شیعری تەنزئامێز و بیرەوەری جوانی لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی بڵاوکردۆتەوە و هێشتاش بە هەمان گوڕ و تینەوە هەر بەردەوامە.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەباس عەبدوڵلا یوسف، شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز مامۆستا عومەر فەرهادی، شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی

- وەکو میدیکارێکی بە تواناش چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی و سیمینار و کۆڕوکۆبوونەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ئەنجامداوە.
- لە کاتی ڕێزلێنانی(٢٠) شاعیر و ڕۆشنبیری شاری هەولێر، کە شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی یەکێک بووە لەوان وتوویەتی:(کاتی خۆی شاعیر عەبدوڵلا پەشێو ئامۆژگاری کردم و پێی وتم: زۆر زۆر بخوێنەوە، بەڵام کەم بنووسە، منیش ئێستا بە ئێوەی گەنج دەڵێم: زۆر زۆر بخوێننەوە، بەڵام کەم بنووسن).

بۆ شاعیر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بەرزنجی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و شیعری کوردی.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی- تان بۆ دەنووسم


**(١)**


گوڵەکان دەبەمەوە شێخی چۆلی
لە ژوور سەری گۆڕغەریبەکە
پەرداخەکە پڕ دەکەم لە ڕەشەڕێحانە
پێش زەردەپەڕ

تەقسێک بۆ گریان
تەقسێک بۆ ڕەشەڕێحانە سازدەدەم
فریشتەیەکی باریکەلە
کە لە ڕەنگاڵەیەکی باڵشکاو دەکات
دێتە سەر شانی تەپوتۆز لێنشتووم
سەربووردەی مردنێکی ڕانەگەنراوم
بۆ دەگێڕێتەوە و پێم دەڵێ
هەی غەریب خۆت... لە مردن خۆشتر مردنە

**(٢)**

( ئەوها چاوەڕێی پایزم دەکر)
هێشتا دنیا وابەقوڕ نەگیرابوو
جوانی تک تک دەڕژایە
ناو ڕوحمان
کە ئاسمان
هەوری تازەی بەزەوی
دەناساند







**بەرهەمەکانی شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی**

جووت ئەستێرەی
لەیل و مەجرووم
بە شەرمەوە
لێکتر نزیک دەبوونەوە
هێشتا
دنیا زۆری بەبەرەوە مابوو
فرمێسک، زەردەخەنە،
گریان، پێکەنین، رۆژو شەو
تام و بۆی خۆیان هەبوو
لە قولینچکی ماڵەکەمەوە
سەیری دۆڵی بیاوم دەکرد
پووش و پەڵاش
بەر لەخۆرئاوابوون
زێڕاوی رۆژیان بەخۆدادەدا
تەیروتوار
سەرقاڵی هێلانەی تازەبوون
تاریک دادەهات
دەچوومە ژوورەوە
رادیۆی یەریڤان
بە لاوکە سیحراوییەکانی
دەیانبردمە حەفت تەبەقەی
ئاسمان
نیوەشەو، لەگەڵ یەکەم بارانی
سەرپایزدا دادەباریم
دەوروبەرمان

بەبۆنی فریشتە گوڵپڕژێن
دەکرد
وای لە ئێستای سەخیف
جاران ئەوها چاوەڕێی
پایزم دەکرد

**

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی Parwarda kurd، لە ١٥- ٩ - ٢٠٢٠.
٢ - ماڵپەڕی مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر.
٣ - ماڵپەڕی ماڵی کتێب، نووسینیکی هونەرمەند فەرهەنگ غەفور، لە ٢٥ - ٧ - ٢٠١٩.
٤ - ماڵپەڕی Rudaw، نووسینێکی نووسەر هیوا سەلاح، لە ٢ - ١- ٢٠١٤.
٥ - ماڵپەڕی ئەمڕۆ، نووسینێکی نووسەرعەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا،(بە ناونیشانی شاعیری نۆستالجیا، شیعر بە ڕاڤەکردنی سێنتیمنت ئیسماعیل بەرزنجی بە نموونە)، لە ١٣ - ٣ - ٢٠١٩.
٦ - ماڵپەڕی ئەمڕۆ، نووسینێکی نووسەر سەدیق سەعید، بە ناوی(زەمەن و شوێن لە شیعری ئیسماعیل بەرزنجی دا)، لە ٢٨ - ١ - ٢٠١٥.
٧ - کوردیپێدیا.
٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## عەبدولڕەحمان بێلاف

شاعیری شیعری عیشق و گۆرانی، لێکۆڵەر و توێژەری کەسایەتییە ئایینی و مێژووییە ناودارەکان عەبدولڕەحمان بێلاف...

ناوی تەواوی(عەبدولڕەحمان شێخ سەلاحەدین بەرزنجی باقلانی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و هونەری بە عەبدولڕەحمان بێلاف ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری هەولێر لە بنەماڵەیەکی ئایینی و کۆمەلایەتی و شێخانی بەرزنجەی ناسراو لە ناوچەی کەندێناوە و هەولێر و هەموو کوردستان لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دبلۆماسییەت و هەڵگری بڕوانامەی ماستەریشە لە یاسای نێودەوڵەتی، لە ساڵی ١٩٩٦ وەکو قایمقامی(سۆران و ناوەندی هەولێر و مەخموور) دەستبەکاربووە، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری گشتیی ئاوارە و پەناهەندەکانی کوردستان لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و درێژەی بە خزمەتی وەزیفی خۆی داوە، ئێستاش ڕاوێژکاری باڵای کارگێڕییە لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە پلەی بریکاری وەزیر و لە هەولێر دەژیت.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو، شاعیر و لێکۆڵەر عەبدولڕەحمان بێلاف**

شاعیر و لێکۆڵەر عەبدولڕەحمان بێلاف هێشتا قوتابی پۆلەکانی کۆتایی خوێندنی سەرەتایی بووە حەز و ئارەزووی چووەتە سەر شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، زۆر حەزیشی لە هونەری گۆرانی و مۆسیقاش بووە، لە قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بەشداریی دوو خولی مۆسیقای کردووە کە هونەرمەندان(تاریق خۆشناو و لوقمان جەوهەر و ئامانج غازی) سەرپەرشتییان کردووە.

ئەو بەردەوام بووە لە شیعر نووسین بە تایبەتی شیعری گۆرانی، سەرەڕای لێکۆڵینەوە و توێژینەوە پوخت و ئاست بەرزەکانی دەربارەی کەسایەتییە ئایینی و مێژووییەکان، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان نووسیوە و بڵاویشی

کردوونەتـەوە کـە ئەمانـە هەندێکیانـن:


- کڵافەی حەزێکی سەرشێت، شیعر .
- تریفەی یادگار، شیعر.
- گوڵدانی فرمێسک، شیعر.
- هەناسە شووشە ییەکان، شیعر.
- مۆمەکانی ئیشق، شیعر.
- ژووانی ئاو، شیعر.
- شێخ عەبدولقادری گەیلانی، لێکۆڵینەوە.
- مای کوین، شیعر.
- تەریقەتی نە قشبەندی بنەماو ئامانجەکان، لێکۆڵینەوە.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان بێلاف، هونەرمەندی گەورەی کورد مەزهەری خالقی

- کتێبی لێو، شیعر.
- مەولانا جەلالەددینی رۆمی، لێکۆڵینەوە.
- شەمسی تەبریزی، لێکۆڵینەوە.
- عەتاری نیشابووری و بایەزیدی بە ستامی لێکۆڵینەوە.
- شێخی سەنعان، لێکۆڵینەوە.
- ڕابیعەی عەدەویە، لێکۆڵینەوە .

شاعیر عەبدولڕەحمان بێلاف شاعیری عیشق و جوانییە، شاعیری شیعری گۆرانییە، جوانی سروشتی کوردستان و نیشتمانپەروەری و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرەکانی زۆر بە ڕوونی ڕەنگیان داوەتەوە، زیاتر لە(١٠٠١)هەڵبەستی لە لایەن هونەرمەندانی کوردستان ئاوازی بۆ داندراوە و کراوەتە سروود و گۆرانی و لە ڕادیۆ و کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەخش



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەزیز شارۆخی، شاعیر عەبدولڕەحمان بێلاف**



بەڕێز شێروان دزەیی، شاعیر عەبدولڕەحمان بێلاف، هونەرمەند مەزهەری خالقی، بەڕێز ڕزگار دزەیی

و بڵاوکراونەتەوە، لەو هونەرمەندانەی شیعری ئەویان بە گۆرانی وتووە(محەمەدی ماملێ، قادری سەییاحی، عەلای بابە شەهابی، ئیسماعیل سابوور، تەنیا عارەب عوسمان، نیزام شوکر، بەهجەت یەحیا، لەیلا فەریقی، جەلال سەعید، زەکریا عەبدوڵڵا، زیاد ئەسعەد، حسامی کۆرنەژاد و چەندانی دیکەش).

شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان بێلاف، جگە لە بەرهەمەکانی چەندین چالاکیی دیکەی لە بواری هونەری و ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوەیی هەبووە و هەیە لەوانە:

- لە ژمارە(١)ەکەوە تا ژمارە(٤٢)سەرنووسەری ڕۆژنامەی مەخموور بووە، کە یەکەم ڕۆژنامە بووە بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن هاوپەیمانان لە مەخموور دەرچووە.

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.




لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند بێژەن کامکار، شاعیر عەبدولڕەحمان بێلاف





لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری، شاعیر عەبدولڕەحمان بێلاف



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند فارس محەممەد ڕەزا شەجەریان، شاعیر عەبدولڕەحمان



بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان بێلاف

– ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و نێو دەوڵەتییە.

ئێستاش هەر بەردەوامە لە نووسینە جوانەکانی لە بواری شیعر و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ووشەی کوردی.

## سەرچاوەکان:

١ – کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان بێلاف، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کەریم ئاغا وەیسی

شاعیری میللی و مێژوونووس و کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی ناوچەی گەرمیان، کەریم ئاغا وەیسی...

ناوی تەواوی(کەریم محەمەد ئەحمەد نەزەرخان)ە، لە ناوچەی گەرمیان و کوردستان بە کەریم ئاغا وەیسی ناسراوە، یەکێکە لە کەسایەتییەکانی عەشیرەتی جاف، لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندێکی بناری چیای(بەمۆ)لە خانەوادەیەکی دیار و ناسراوی ناوچەکە لە دایکبووە، هێشتا زۆر منداڵ بووە خانەوادەیەکەیان بە هۆی هەڵگیرساندن و بەردەوامبوونی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ ماڵیان هاتۆتە دەربەندی خان، دواتر لە بەر سەختی ژیان لە ساڵی ١٩٧١ چوونەتە شاری بەغدا و تا ساڵی ١٩٧٧ لەوێ نیشتەجێبووینە، دواتر هاتوونەتەوە شاری جەلەولا، لە ساڵی ١٩٧٩ ماوەیەک دوورخراونەتەوە شاری(فلوجە).

لە ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی فەلوجەی ئێواران تەواوکردووە و وەکو(کاتب- نووسەر) لە قوتابخانەی دواناوەندی(المشتل) هەر لە شاری فەلوجە دامەزراوە، بەردەوامیش بووە لە خوێندن، بەڵام لە بەر ئەوەی خێزانێکی کورد بوونە و هەستیان بە مەترسیی لەسەر ژیانیان کردووە، بۆیە وازی لە خوێندن و کارەکەی هێناوە و هاتوونەتەوە کوردستان و لە شاری کەلار نیشتەجێبووینە.




**شاعیر کەریم ئاغا وەیسی**

شاعیر و نووسەر کەریم ئاغا وەیسی شاعیرێکی میللی و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی ناسراوە لە ناوچەی گەرمیان کوردستان، ئەو شیعرەکانی بە شێوازی کلاسیکی و لەسەر کێش و سەروای کوردی(خفیف)نووسیوە و دەنووسێت، خاوەنی چەندین چوارینەی ئاست بەرزە، لە شیعرەکانیدا باسی(نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتی و ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئایینی و جوانیی سروشتی کوردستان و ئازادیی مرۆڤ و بابەتی هەمەجۆری دیکە) ی کردووە، وەکو مێژوونووسیش بەرهەمێکی پوخت و جوانی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار نووسیوە، تا ئێستا ئەم دوو بەرهەمەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:

- دیوانی کەریم ئاغا وەیسی، شیعر، کە (٤٨٦) لاپەڕەیە، لە ساڵی ٢٠٢٢ چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

- کتێبی(تیرەی ئاغا وەیسی و خێڵەکانی) کە بەرهەمێکی تایبەتە بە مێژووی شەجەرەی تیرەی ئاغا وەیسی لە ناو عەشیرەتی گەورەی جاف، لە ساڵی ٢٠١٧ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

با بزانین ئەم شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانەی کورد سەبارەت بە




لە لای ڕاستەوە: شاعیر کەریم ئاغا وەیسی، دکتۆر دارا حەمید محەمەد




شاعیر کەریم ئاغا وەیسی لە ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبیی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکوک- ناوەندی گەرمیان لە

دیوانە شیعرییەکەی شاعیر کەریم ئاغا وەیسی چ دەڵێن:

شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت دەڵێت:(کاک کەریم ئاغا وەیسی شاعیر کەسایەتییەکی دیار و ناسراوی دەڤەری گەرمیانە و باخ و گوڵزاری شیعرەکانی پڕاوپڕن لە دەیان جۆری گوڵی گەشی شیعر وەکو، شیعری نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتی و ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ئایینی و جوانیی سرووشت و دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی کوردستان و ژینگەپارێزی و ئازادیی مرۆڤ..واتا کاک کەریم ئاغا وەیسی وەکو چۆن لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەمیشە هەوڵی بەرپابوونی تەبایی و برایەتی و دۆستایەتی و پێکەوەژیان لە دەڤەری گەرمیاندا دەدات، بەهەمان شێوە شیعرەکانی کردووە بە پەیامی ڕاگەیاندنی بەرپابوونی ئاسوودەیی و ئاشتەوایی لە هەموو کۆمەڵگەکانی باشووری کوردستاندا).

دکتۆر ئاراس محەمەد ساڵح دەڵێت:(شیعرەکانی مامۆستا کەریم سادە و ڕەوانن، بە زمانێکی ڕەسەنی بێ گرێ و گۆڵ نووسراون، بۆنی نیشتمان و هەرد و دەشتی گەرمیانیان لێدێت، بۆنی خۆشی گوڵەگەنم و نێرگز و



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر حسێن جاف، دکتۆر کەیوان ئازاد، شاعیر کەریم ئاغا وەیسی




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس سۆران نەدار، شاعیر و نووسەر کەریم ئاغا وەیسی**

بەهارو بارانی سەرپەڵەی دەشتە کاکی بەکاکییەکەی گەرمەسێر سەرتاپای دیوانەکەی داگیرکردووە).

دکتۆر دارا حەمید محەمەد دەڵێت:(زمانی شیعری بەشێک لە تێکستەکان کوردییەکی تا ڕادەیەکی باش پەتی و سادەن، ئەمەش زیاتر خەسڵەتی شیعری میللی بەشیعرەکان دەبەخشێت، بەشێکی دیکەی شیعرەکانیش سەرباری کێش و سەروا، بە بوونی ڕەگەزەکانی سۆز و خەیاڵ و ئەندێشە و ئازار ئینجا هونەرەکانی جوانکاری و ڕەوانبێژی تێیاندا دەچنە قاڵبی شیعری گۆرانی (لیریکی)یەوە.

شاعیر کەریم ئاغا وەیسی چەندین کار و چالاکیی لە بواری ڕێکخراوەیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی نواندووە لەوانە:

- یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی ڕاوێژکاری گۆڤاری لەتیف هەڵمەت بۆ شیعر و لێکۆڵینەوە.
- ئەندامی سەنتەری عێل بەگی جافە.
- کارگێڕی ناوەندی کۆمەڵایەتی گەرمیانە و بەرپرسی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە.



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز یاسین کەریم، شێخ سەعید شاکەلی، شاعیر کەریم ئاغا وەیسی**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر کەریم ئاغا وەیسی، هونەرمەندی وێنەکێش مامۆستا عەدنان عەبدولقادر**


ئەو لە بەشی زۆری کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی گەرمیان و سلێمانی ئامادە بووە و دەبێت.

- چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان ڕێزی لێندراوە.

بۆ شاعیر و نووسەر کەریم ئاغا وەیسی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.




**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ئاراس محەمەد ساڵح، شاعیر کەریم ئاغا وەیسی**




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر کەریم ئاغا وەیسی، شاعیری دیار و ناسراوی کورد لەتیف هەڵمەت**

وا پارچە شیعرێکی دوو چوارینەی شاعیر کەریم ئاغا وەیسی- تان بۆ دەنووسمەوە:

**پایز**

پایز بەخێر بێیت وەرزی وەرزانم
وەرزی هەڵـــوەرین گەڵای دارانم
ڕەنگی زەردی تۆ خەتای خەزانە
ســاڵی یەک جارە و گـەڵاڕێزانە
لەهەموو لاوە شاخ و دۆڵ و هەرد
فەرشڕێز ئەکەی تۆ بە گەڵای زەرد
بەڵام ڕەنگ زەردی منی بێ چارە
وەک دڵدارێکە کـە دوور لـە یارە
وەرزی خەزانە لەلای من هەردەم
سینە پڕ ئاخ و دڵ موبتەلای خەم
ڕەنگ زەرد و لاواز بە خەم گرفتار
سەرم سەوداسەر دەروون پڕ ئازار
وەکو کۆسکەوتوو لە هەموو لاوە
لای دڵ پایزە و خەم دەورەی داوە
تاســەی جودایی و دووری یارانم
ئەو بارە قورسەش وا لەسەر شانم
مەگەر خواوەند ئەو بەلوتفی خۆی
بارانی ڕەحمـەت ببارێنێت بـۆی
بەگەورەیی خۆی کەرەم بنوێنێت
خەمی ئـەم دونیـای لـێ بتۆرێنێت
ئەوساکە خەم و پەژارەی دەروون
سارێژ بێت لەدڵ ببێت تەفروتوون




بەرهەمەکانی شاعیر کەریم ئاغا وەیسی

*******

دڵ بۆ فیراقت هەزاران تیری لێ درا
ئەستەمە لام کە بڵێم ستەمی لێ کرا
هەردەم لەت لەتە بە تیغی فیراقت
بۆیە وا بەرگی خوێنینی ها لەبەرا

*******

ئەی نەفسی پڕ ئارەزو لە دونیادا هەرخەمت بوو
هەردەم کۆششت بوو بۆ ژیان کەچی هەر کەمت بوو
سینە پڕ ئاخ و دڵ پر ئازار بۆ مەتاعی ئەم دونیا
کە ڕۆیشتی نە گیرفان و نە درا و دەرهەمت بوو

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر کەریم ئاغا وەیسی، شاعیری ئەدەبی منداڵان سۆران نەدار بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدولقادر گیزەڕەشی

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەری کوردپەروەر عەبدولقادر گیزەڕەشی ....

ناوی تەواوی(عەبدولقادر عەبۆ سەعید عەلی ئیسف عەبدولکەریم)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ناوچەکە و کوردستان بە عەبدولقادر گیزەڕەشی یان بە قادرێ کوردی ناسراوە، لە ١٤ - ١ - ١٩٤١ لە گوندی(گیزەڕەش)ی سەر بە پارێزگای هەکاری(جۆلەمێرگ)ی باکووری کوردستان لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایکبووە، دایکی گێزەڕەشییە، باوکیشی لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی(دێریشکێ)ی دەڤەری بەرواریبە لە باشووری کوردستان، بە هۆی ڕووداوەکانی بەرواری ساڵی ١٩٢٤ ماڵیان چووەتە گیزەڕەش و لە وێ نیشتەجێبووینە.

شاعیر و نووسەر عەبدولقادر گیزەڕەشی وەکو هەر منداڵێکی سەردەمی خۆی چووەتە بەر خوێندن ئایینی لای مەلاکانی گوندەکەی و دەوروبەری، لە تەمەنی(٨)ساڵیدا تووشی(چاوکولی-تراخوما)بووە و لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەرمانی خراپ ڕووناکی چاوی لە دەستداوە و(نابینا)بووە، هەر چەندە خێزانەکەی درێغیان نەکردووە لە چارەسەرکردنی هەتا بردوویانەتە عیادەی پزیشکی چاو لە شاری موسڵ.

لە ساڵی ١٩٧٣ ئەو کاتەی تەمەنی(٣٢)ساڵان بووە ماڵیان چووەتە جۆلەمێرگ و لەوێ ژیاون، ئەو هەر لە منداڵییەوە لە کۆڕوکۆبوونەوەی



له لای ڕاستەوە: نوسەرو ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە، شاعیر عەبدولقادر گیزەڕەشی، نووسەر و لێکۆڵەر موسەدەق تۆفی، مامۆستا زوهێر ئامێدی

دیوەخــان و ماڵــی کەســایەتییە خــاوەن بیروهــزری کوردایەتــی و شــارەزای کەلتـوور و کەلەپـووری کـوردی ئامـادە بـووە و گوێـی ڕاگرتـووە و سـوودی لـە زانیـاری و بەسـەرهاتەکان وەرگرتـووە، زیاتریـش زانیارییەکانـی لـە ڕێـگای باپیری لە(دایکییـەوە) حاجـی عەبدولڕەحمـان و هـەردوو براکـەی مـەلا ئەحمـەد و محەمـەد بانـدۆز وەرگرتـووە.

ئەو لـە تەمەنی(٢٠)ساڵیدا هەسـتی کوردایەتی و شۆڕشـی کـوردی چووەتە مێشـک و بـۆ یەکـەم جـار سـاڵی ١٩٦٤ چووەتـە ناوچـەی بـارزان و مـاوەی(٤) مانگێـک میوانی ڕەوانشـادان(مەلا مسـتەفای بارزانی و شـێخ ئەحمەدی بارزان) بووە، لەوێش ئاشـنایەتی و ناسـیاوی لە گەڵ چەندین لێپرسـراو و کەسـایەتی کردووە و زۆریشـیان لـێ فێربـووە، پاش نسـکۆی شـۆڕش لـە ئاداری سـاڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتـەوە جۆلەمێـرگ و ژیانـی ئاسـایی خـۆی بردۆتەسـەر، ئـەو بـە خـۆی و هەر(٧)بـرای خەریکـی خزمەتکردنـی کـوردە ئاوارەکانـی باشـووری کوردسـتان بووینـە، لـە پـاش دەسـتپێکردنەوەی شۆڕشـی گـوڵان لـە ڕێـگای گونـدی (سـیرۆ)ی ڕۆژهـەڵات چووەتـە شـاری ورمـێ و سـەردانی کۆمەڵگای (زێـوە)ی کـردووە و چـاوی بـە ئاوارەکانـی باشـووری کوردسـتان کەوتـووە و پەیوەنـدی لـە گـەڵ سـەرانی شـۆڕش کردۆتـەوە، لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٩٣-

١٩٩٨ سەردانی شاری تاران و کەرەجی کردووە و زانیاری لە کادیر و بەرپرسان وەرگرتووە، سەرەڕای ئەو زانیارییانەی لە باپیری و براکانی وەریگرتوون چەندین زانیاریی گرنگی دیکەشی لە مەلا ناودارەکانی ئەو کات وەرگرتووە لەوانە (مەلا محەمەد سەلیم، مەلا یاسین گیزەڕەشی، مەلا حسێنی گەڤەری- دۆسکی ژووروو، مەلا نەسرەدینی بۆتی، مەلا نەسرەدینی پیرۆزی، مەلا قوتبەدینی گیزەڕەشی، مەلا حەبیبی بای جۆلەمێرگی، نەنگن



لە ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر عەبدولقادر گیزەڕەشی، بەڕێز سدیق وەلی بەرواری



لە ڕاستەوە: مامۆستا زرار سدیق، مامۆستا خالد سادینی، شاعیر عەبدولقادر گیزەڕەشی، نووسەر موسەدەق تۆڤی، نووسەر مەحفوز مائی

خەنانسی و چەندین مەلای دیکەش)، ئەو زۆر حەزی لە سەفەر و گەڕان بووە، لە سەردانێکیشی بۆ ئێران چاوی بە مەلا حسێنی ماریونسی کەوتووە و سوودیشی لێوەرگرتووە.

وەکو شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و مێژوونووس و مرۆڤێکی شارەزا و دنیا دیتە، چەندین بەرهەمی پوخت و جوانی بە زمانی کوردی – شێوەزاری کرمانجی بە پیتی لاتینی و ئارامی(عەربی)نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- دیوانا شەترەنجێ
- بووکا بارانێ
- فەلسەفا هەژدە هزار عالەمی
- سەد و نۆهەت و سێ دەولەت ژ کۆرۆنایێ د ترسن (ULKE KO- 193 RONA KURKUSU) ب زمانێ ترکی.
- بەیتا حەفت تەبەق.. هەلبەست،
- سوحبەتا عەشیرەتان.
- سەفەرا من.. هەلبەست.




لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەبدولقادر گیزەڕەشی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی




**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر عەبدولقادر گیزەڕەشی**

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار سامی بنیامێن ڕێکانی کتێبێکی بە ناوی(قادرێ کوردی) لەسەر ژیان و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر و نووسەر عەبدولقادر گیزەڕەشی نووسیوە و بڵاویشی کردۆتەوە.

ئەو وەکو شاعیر و نووسەر و شارەزای کەلتوور و کەلەپوور و چیرۆک و داستان و ڕووداوەکانی ناوچەکە و شۆڕشەکانی کورد و مێژووی کەسایەتییە ناودارەکان، زۆر لە نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەران و بە تایبەتی قوتابیانی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرای سەردانی دەکەن و سوود لە زانیارییە گرنگەکانی وەردەگرن.

شاعیر و نووسەر عەبدولقادر گیزەڕەشی ئێستا لە گەڕەکی(مەدرەسە) لە شاری جۆلەمەرگ دەژیت و بە خۆی جل و بەرگە ڕەسەنە کوردییەکەی بەردەوامە لە چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمانی و ئەدەبی کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر عەبدولقادر گیزەڕەشی، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر موسەدەق تۆڤی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم



# دکتۆر شێخ حسێن بالیسانی

مامۆستای زانکۆ و شاعیر و نووسەر، لێکۆڵەر و توێژەر و پسپۆری یاسا، دکتۆر شێخ حسێن بالیسانی....

ناوی تەواوی(شێخ حسێن شێخ محەمەد شێخ تەها بالیسانی)یە، بە شێخ حسێن بالیسانی ناسراوە، لە ١٥ - ٩ - ١٩٥١ لە گوندی(بالیسان) کە(ئێستا ناحیە)یە سەر بە قەزای شەقڵاوەی پارێزگای هەولێر لە خانەوادەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایکبووە، شێخ محەمەدی باوکی و شێخ عومەری بالیسانی مامی گەورەی(حوجرە و مەدرەسە)ی خوێندنی ئایینیان هەبووە، چەندین فەقێ لە ناوچەکانی دەوروبەری بالیسان و هەموو کوردستان ڕوویان لەو مەدرەسەیە کردووە بۆ خوێندنی دینی.

نووسەر دکتۆر شێخ حسێن بالیسانی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی(ئیبن مستەوفی، هەولێر، مەولەوی) لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە بەر ئەوەی باوکی، پیاوێکی ئایینی بووە خەتیب و پێشنوێژی کردووە گواستراوەتەوە شاری کۆیە، بۆیە ئەویش خوێندنی ناوەندی لە دواناوەندیی کۆیە خوێندووە، ئەو پۆلی دووەمی ناوەندی بووە، کە جارێکی دیکە باوکی گواستراوەتەوە گوندی (کوبێسە)ی سەر بە قەزای(هیت)ی پارێزگای ڕومادی (الانبار) پۆلی سێیەمی ناوەندی و پۆلی چوارەمی گشتی لەوێ تەواوکردووە و بۆ خوێندنی پۆلی پێنجەم



**دانیشتوان:لە راستەوە: شیخ ئیبراهیم شیخ عەلی بالیسانی،**
**شیخ محمد بالیسانی باوکی دکتۆر شێخ حسێن بالیسانی دکتۆر ئەحمەد بالیسانی برای مامۆستای ناوبراو**
**راوەستاوان: دکتۆر شێخ حسێن بالیسانی ، شیخ عەبدولباست (ئامۆزای مامۆستای ناوبراو)**

و شەشەمیش چووەتە شاری ڕومادی و لە ئامادەیی ڕومادی کوڕان بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، دواتر لە کۆلێژی پۆلیس لە بەغدا وەرگیراوە و لە ١٤ - ٧ - ١٩٧٣ بە پلەی (ملازم) بووەتە ئەفسەری پۆلیس و بۆ ماوەیەکی کەم هەر لە کۆلێژی ئەفسەری لە بەغدا دەستبەکار بووە، لە مانگی(١٠) ی هەمان ساڵ گواستراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، ماوەیەک لە مەرکەزی شورتەی خانەقا و دواتریش تا ١١ -ئاداری ساڵی ١٩٧٤ لە کۆیە وەکو ئەفسەری شورتە دەستبەکار بووە، دواتر بە هۆی ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتی کوردی لە گەڵ رژێمی ئەوسای عێراق بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێکەوتنامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠، ماوەیەکی کورت ڕووی لە شاخ کردووە و بووەتە پێشمەرگە لە ناوچە ئازاکراوەکانی شۆرش وەکو ئەفسەر درێژەی بە خزمەتی خۆیداوە، پاش نسکۆی شۆرش ماوەیەک ئاوارەی ئیران بووە لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٥ هاتۆتەوە و دوورخراوەتە بۆ شاری(دیوانیة)لە باشووری عێراق، لە ١٩٧٥/٧/١٤ لە(سلكي) پۆلیسی دوورخراوەتەوە.

مامۆستا و نووسەر و لێکۆڵەر شێخ حسێن بالیسانی زۆر حەزی لە درێژدان بە خوێندن بووە، چەندین جار هەولی داوە بەڵام هەلی بۆ نەڕخساوە، دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ توانیویەتی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی فیزیا لە زانکۆی(مستەنسریە)وەربگرێت و وەکو بەڕێوەبەری بەرگری شارستانێتی بە(وەکالەت) لە دیوانییە بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، لە ساڵی ١٩٨١ گواستراوەتە بۆ شاری بەغدا و لە مەڵبەندی ئاگرکوژانەوەی(اعظمیة) دەستبەکاربوو، لە ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە بەڕیوەبەرایەتی بەرگری شارستانێتی هەولێر، لە ساڵی ١٩٨٧ دەستی بە خوێندن کردووە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین و ١٩٩٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی یاسا وەرگرتووە، هەر لە هەمان ساڵ لە لایەن حکومەتی عێراقی خانەنشینکراوە، دواتر لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پلەی(مقدم پۆلیس)گەراوەتەوە خزمەتکردن و لە ساڵی ١٩٩٦ بڕوانامەی ماستەری لە یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە و بووەتە مامۆستا لە کۆلێژی یاسا هەر لە هەمان زانکۆ، ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی دکتۆراشی لە هەمان پسپۆری و هەمان زانکۆ وەرگرتووە، ئێستاش وەکو مامۆستا لە زانکۆی تیشک بەردەوامە لە خزمەتکردن، ئەو ئیجازەی مەلایەتیشی لای ڕەحمەتی باوکی وەرگرتووە و لە ساڵی ٢٩٩٤ - ٢٠٠٠ هەموو ڕۆژی(جومعە)



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر شێخ حسێن بالیسانی، جەنابی شێخ سەید تەها کەمالی زادە خاوەنی خانەقاو ڕێبازی نەقشبەندی لە شاری ورمێ**

کان لـە مزگەوتی(گوڵسـتان)لە گەڕەکـی ئەفسـەرانی شـاری هەولێـر وتـاری خوێندۆتـەوە.

ئـەو وەکـو شـاعیر و نووسـەر و لێکۆڵـەر و توێـژەر چەندیـن بەرهەمـی لـە شـیعر و شـیعری(چوارین، پێنـج خشـتەکی،و سـێینە)و لێکۆڵینـەوە و پێداچوونـەوە و سـاغکردنەوەی چەندیـن تێکسـتی شـاعیران بـە تایبەتـی هـی باوکـی ڕەحمەتـی و چەندیـن بابەتـی ئایینـی دیکـە، لـەم بوارانـەدا چەندیـن بەرهەمێکی پوخت و بەنرخی بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە و لە



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند لوقمان جەوهەر، دکتۆر شێخ حسێن بالیسانی، هونەرمەند وریا ئەحمەد



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر شیخ حسێن بالیسانی،
مامۆستا و نووسەر حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی



**لە لای ڕاستەوە: پارێزەر بەختیار حەیدەر، دکتۆر شێخ حسێن بالیسانی، نووسەر و لیوای خانەنشین فاروق ئیبراهیم شەریف، نووسەر و بیرمەندی عەرەبی حەسەن عەلەوی**

چـاپ و بڵاویشـیکردوونەتەوەکە ئەمانـەن:

– النظريـة العامـة لجريمـة الامتنـاع، دراسـة مقارنة،رسـالة ماجسـتير، مطبعـة الثقافـة، اربيـل، ١٩٩٨.

– القضـاء الدولـي الجنائـي، دراسـة قانونيـة تحليليـة أنتقاديـة مقارنـة، رسـالة دكتـوراه، مطبعـة جامعـة صـلاح الديـن اربيـل، ٢٠٠٥.

– کورتـەی شـرۆڤەی یاسـای سـزاکان، بەشـی گشـتی، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات ٢٠١٤،(وەکو کتێبی مەنهەجی بۆ قوتابیانی یاسـا دانـراوە).

– الشـعر الحـلال في التضـرع الـى اللـه المتعـال، کۆمەڵـە شـێعریکی عەرەبیە کە لەکاتـی خـۆی باوکـی (ڕەحمەتـی خـودای لـێ بێـت) دایناوە، کۆیکردۆتـەوەو و پێشـەکی بـۆ نووسـیوە، سـاڵی ٢٠١٤ لـە چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات لـە هەولێـر لـە چاپیداوە.

– دەنگـی جەوانـی، کۆمەڵـە شـیعرێکی کاتـی جەوانـی باوکیەتـی (ڕەحمەتـی خـودای لـێ بێـت ) دایناوە، بە هـاوکاری خوالێخۆشبوو سـەردار میران لە سـەر ئەرکـی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان، سـاڵی ٢٠٠٠ لـە چاپـدراوە.

–حسـن البيـان فـى تفسـير القـران– تأليـف الشـيخ محمـد طـه الباليسـاني، دەسـتنووسـی بەرهەمێکـی باوکیەتـی کە خـۆی ئامـادەو کۆیکردۆتـەوە و لـە (مطبعـة دار إحيـاء التـرات العربـي بيروت)لـە لبنـان، سـاڵی ٢٠١٥ چاپکـراوە.

- کۆمەڵێک توێژینەوەی یاسایی لە گۆڤارە زانستیەکان بڵاوکردۆتەوە .

- دەیان وتار و نووسینی هەمەجۆری لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

- لە دوای ڕاپەرین بەشداری لە چەندین کۆڕو و کۆبوونەوە و وۆرک شۆپی زانستی و ئەکادیمی کردووە.

- بەشداری لە تاوتوێکردنی چەندین نامەی ماجستێر و دکتورا لە زانکۆکانی سەڵاحەدین و سلێمانی ، دهوک کردووە.

- بۆ ماوەی دوو ساڵ وەکو ڕاوێژکار لە(دیوان التدوین القانونی) لە وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان کاریکردووە و بەشداری لە دانانی چەندین پرۆژە یاسا و سیستەم ورێنماییەکان کردووە بۆ دەزگاو رێکخراوە جۆربەجۆرەکانی حکومەتی کوردستان .


نووسەر دکتۆر شێخ حسێن بالیسانی چەندین چالاکی دیکەشی هەبووە لەوانە:


- لە ساڵی ٢٠٠٠ وەکو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر هەڵبژێردراوە.


- لە ساڵی ٢٠٠٥ بووەتە ئەندامی پەرلەمانی عێراقی و هەر هەمان ساڵیش





لە لای ڕاستەوە: نووسەر شێخ حسێن بالیسانی، دکتۆرە تاڤگە عەباس بوستانی












بەرهەمەکانی نووسەر و لێکۆڵەر شێخ حسێن بالیسانی

بەشدار بووە لە لێژنەی نووسینەوەی دەستوور.

- لەساڵی ٢٠٠٤ وەکو چاودێری نێو دەوڵەتی هەڵبژاردن بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی وڵاتی ئەندەنوسیا کردووە، کە بە سەرپەرشتی رێکخراوی (IRI) ئەمریکی بووە.
- لەساڵی ٢٠٠٦ بەشداری لە خۆلێکی نێودەولەتی لە وڵاتی سویسرا دەربارەی سیستەمی فیدراڵی بەهاوکاری ڕێکخراوی دیموکراسی ئەمریکی (NDI) کردووە و بڕوانامەی بەشدار بوونی وەرگرتووە .
- لە ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ چەند ماموستایەکی زانکۆ سەنتەری (مرکز البحوث الجنائية و الاجتماعية)یان دامەزراندووە کە چەندین چالاکیی هەمەجۆریان ئەنجامداوە .
- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨- ٢٠٠٩ لەگەڵ چەند مامۆستایەکی ئەکادیمی پسپۆڕ.

بەشی یاسایان لە زانکۆی نێودەولەتی تیشک دامەزراندووە کە ئێستا بووە بە کۆلێژ و هەر خۆشی ئێستا ڕاگری ئەم کۆلێژەیە .

- بەشداری لە چەندین کۆنفرانسی زانستی و ئەکادیمی دەربارەی کێشەکانی یاسا لە ناو کۆمەڵدا کردووە.
- بۆ ماوەی(٩)مانگ سەرۆکی لێژنەی زانستی کۆنفراسی زانستی کۆلێژی یاسای زانکۆی تیشک بووە.

بۆ شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر شێخ حسێن بالیسانی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و یاسا و ڕۆشنبیری کوردی.

**سەرچاوەکان**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی دکتۆر شێخ حسێن بالیسانی، هاوڕێم هونەرمەند عوسمان پیرداود کاوس لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# پیرداود مەخمووری

شـاعیری گـەورەی کـورد هێمـن موکریانـی ئامـۆژگاری کـردووە و پێـی وتـووە:(واز لـە شـیعر نووسـین بێنـەو ڕوو بکـە کۆکردنـەوە و ئامادەکردنـی فۆلکلـۆری کـوردی، چونکـە گونـد و دێهاتەکانمـان وا قـڕ دەکرێـن)، مامۆسـتا و نووسـەر و لێکۆڵـەر و وەرگێـڕ، ڕۆژنامەنـووس و فۆلکلـۆر و کەلەپـوور و کەلتوورنـاس، مامۆسـتا پیـرداود مەخمـووری...

نـاوی تەواوی(پیـرداود قـادر سـوڵتان بندیـان)ە، لـە ناوەنـدی ئەدەبـی و پەروەردە بە پیرداود مەخمووری ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥١ لە شارە دێرین و لانـە و لانکـەی فۆلکلـۆر و لاوک و حەیرانۆکی کوردی(مەخمـوور) لـە خێزانێکی کوردپـەروەر لـە دایکبـووە، خوێندنـی سـەرەتایی هـەر لـە شـاری مەخمـوور تەواوکـردووە، خوێندنـی ناوەندیشـی تـا پۆلـی دووەم لـە ناوەندیـی ئیسـکان لـە شـاری هەولێـر خوێنـدووە، بـۆ تەواوکردنـی سـێی ناوەنـدی و ئامادەیـی هاتۆتـەوە شـاری مەخمـوور لـەوێ بـە سـەرکەوتوویی تـەواوی کـردووە، لـە ساڵی خوێندنی ١٩٧٥- ١٩٧٦ پەیمانگای مەڵبەندیی مامۆستایانی لە هەولێر تەواوکردووە و، وەکو مامۆسـتای سـەرەتایی لـە گوندەکانی بـەرواری باڵای سـەر بـە پاڕێـزگای دهـۆک دەسـتبەکاربووە، سـاڵی ١٩٨٤ گواسـتراوەتەوە قوتابخانـەی گونـدی (دێمـەکار)ی سـەر بـە ناحیـەی دیبەگـە، دواتـر گونـدی (مەهانـە)ی سـەر بـە قـەزای مەخمـوور، ئـەو لـە سـەرەتای دەسـتبەکاربوونی



له لای ڕاستەوە: نووسەر پیرداود مەخمووری، شاعیری ناوداری کورد عەبدوڵڵا پەشێو



له لای ڕاستەوە: نووسەر فازیل شەوڕۆ، نووسەر پیرداود مەخمووری، نووسەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە

لە ساڵی ١٩٧٦ەوە، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری و پەروەردە و فێرکردن و ڕۆژنامەنووسی، لە چەندین قوتابخانەی ناو شاری مەخموور و هەولێر و گوندەکانی دەوروبەریان و پەروەردەی هەولێر و وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، تا خانەنشینبوونی ساڵی ٢٠١٤.

نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس، پیرداود مەخمووری لە سەرەتای

حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی شیعر نووسینی كردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ نۆبەرەی شیعرەكانی خۆی لە هەفەتنامەی(بیری نوێ) كە لە بەغدا دەردەچوو بڵاوكردۆتەوە، دواتر پارچە شیعرێكی كورتیشی لە ڕۆژنامەی(هاوكاری) بڵاوكردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٧٧ لە سەردانێكیدا بۆ لای نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیار و ناسراوی كورد ڕەوانشاد مەحموود زامدار بە ئامادەبوونی شاعیری گەورەی كورد ڕەوانشاد(هێمن موكریانی)



لە لای ڕاستەوە: نووسەر پیرداود مەخمووری، دكتۆر مارف خەزنەدار، شاعیر خالید جوتیار



لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەبدولڕەحمان فەرهادی، نووسەر پیرداود مەخمووری، نووسەر ڕەهبەر سەید برایم، شاعیر موحسین ئاوارە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر پیرداود مەخمووری، نووسەر و چیرۆکنووس حاکم شاکر ڕۆژبەیانی، شاعیر نازم دڵبەند**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر پیرداود مەخمووری، نووسەر و لێکۆڵەر حەمە ساڵح فەرهادی**

لە بەغدا دەفتەری شیعرەکانی خۆی بە زامدار نیشان داوە، دیارە هێمنی شاعیریش پێی وتووە:(واز لە شیعر نووسین بێنە و ڕوو لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فۆلکلۆری کوردی بکە، وا گوندەکانمان قڕ دەکرێن...)، ئەو ئامۆژگارییەی مامۆستا هێمنی شاعیر زۆر کاری تێکردووە و ئیدی دەستی بە کۆکردنەوە و ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی فۆلکلۆر و لاوک

و حەیران و بەستە و بالۆرە و حیکایەت و داستانەکانی دەشتی (قەراج و مەخموور وکەندێناوە و مرکییە و سەنییە و شەمامک و دەشتی هەولێر) کردووە، خۆ لای هەمووان ئاشکرایە مەخموور و ئەو ناوچانەی باسمان کردن، لانە و لانکەی فۆلکلۆر و لاوک و حەیران و هەقایەتی کوردین، ئەو سەرەڕای ئەوەی وەکو مامۆستا لەو گوندانەی دەوروبەری هەولێر و مەخموور مامۆستا بووە لە تەک کارەکەی خۆی بە دوای نووسینەوە



**لە لای ڕاستەوە: دانیشتووەکان: شاعیر مەسعود پەرێشان، نووسەر پیرداود مەخمووری، شاعیر موحسین ئاوارە، ڕووەستاوەکان لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەباس عەبدوڵڵا یوسف، نووسەر خەسرەو جاف، شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان فەرهادی، شاعیر نەوزاد ڕەفعەت**



**لە لای ڕاستەوە: ڕۆماننووس عوبێد مەجید، نووسەر پیرداود مەخمووری، نووسەر و ڕۆماننووس سابیر ڕەشید**



له لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر پیرداود مەخمووری، شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی

و تۆمارکردنی شیعری فۆلکلۆری و میللی، لاوک، حەیران، بەستە و بالۆرە و ئەفسانە و حیکایەتی کوردەواری) وێڵ بووە، لە زاری پیاو و ژنە بەتەمەنەکانی ئەو ناوچانە، چەندین حیکایەت و سەربردەی نووسیوە و دواتر وەکو لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیان لە چەند بەرهەمێکی پوخت و ناوازە چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- کتێبی(بەرەو ئەفسانە)لە بەر دەستکورتی و نەبوونی بە(ستێنسل)چەند دانەیەکی کەمی لە ساڵی ١٩٨٥ لێ بڵاوکردۆتەوە.
- کتێبی(بەیتی لاس و خەزال) کە لەسەر ئەرکی خۆی چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.
- کتێبی(دوو بێوەژن)چیرۆکێکی وەرگێڕدراوی نووسەر(عەزیز نەسیین)ە.
- کتێبی(پیرە هەولێر)لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە.
- کتێبی(ئەوها هاتمە دنیایێ)سەربردەی ژیانی منداڵیی نووسەر(عەزیز نەسین)ە، بەرگی یەکەم، لە چاپخانەی ئاویەر چاپکراوە.
- کتێبی(سۆرێ چاوشین)لێکۆڵینەوەیەکی ئەفسانەییە، لەسەر ئەرکی ئەکادیمیای کوردی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کتێبی(گەڕان بە دوای ئەفسانەدا) لێکۆڵینەوەیەکی ئەفسانەییە، کە لەسەر

ئەركی یەكێتیی نووسەرانی كورد چاپ و بڵاوكراوەتەوە.
چەند بەرهەمێكی دیكەشی ئامادەیە بۆ چاپ، لەوانە:
- بەیت و باڵۆرەی كوردی.
- كۆڕ و مەجلیسی حەیرانبێژان.

مامۆستا و نووسەر و لێكۆڵەر و فۆلكلۆرناس، پیردواد مەخمووری سەرەڕای نووسینە بە نرخەكانی دەربارەی فۆلكلۆر و كەلەپوور و كەلتووری كوردی، وەكو ڕۆژنامەنووسێكی بەتوانا و ئەندامێكی كارا و چالاكی ڕێكخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەكان، چەندین چالاكیی دیكەشی هەبووە لەوانە:

- لەساڵی ١٩٩١ لە گەڵ نووسەران هەر یەك لە(ئەنوەر مەسیفی و سەلاح عومەر)لە دیوانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان وەكو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(ئاسۆی پەروەردە) دەستبەكاربووە و چەندین بابەتی پەروەردەییان لە زمانەكانی ئینگلیزی و عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی و لەم گۆڤارەدا بڵاویان كردۆتەوە.
- لە پاش ساڵانی ٢٠٠٠وە، ئەو كاتەی لە قوتابخانەی ڕەسەنی بنەڕەتیی تێكەڵاو بووە (تەنسیب)ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی كوردستان كراوە، ئەو كات گۆڤاری(ئاسۆی فۆلكلۆر) كە پاشكۆی گۆڤاری كاروان بوو(٥) ژمارەی لێدەرچووبوو، لە پاش ژمارە(٦ تا ٥٠) وەكو گۆڤارێكی










بەرهەمەكانی نووسەر و لێكۆڵەر و فۆلكلۆرناس پیرداود مەخمووری

سەربەخۆ دەردەچوو، نووسەر پیرداود مەخمووری سەرنووسەر بووە و نووسەر و لێکۆڵەر سابیر ڕەشید بەڕێوەبەری نووسین و هونەرمەند عوسمان پیرداود دیزایینی بۆ کردووە، کە گۆڤارێکی تایبەت بوو بە کەلەپوور و فۆلکلۆر و کەلتووری کوردەواری، خزمەتێکی زۆری بە ئەدەب و ڕۆشنبیری و فۆلکۆری نەنووسراوەی میللەتەکەمان کردووە، ئەم گۆڤارە(٥٠) ژمارەی لێدەرچووە و زیاتر لە (٧٥) نووسەری کورد بەرهەمەکانی خۆیانیان تێدا بڵاوکردۆتەوە.


- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کاروان بووە.
- دەیان بابەتی هەمەجۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، تا نەخۆشکەوتنی لە ٢٩ - ٤ - ٢٠١٨ سکرتێری کارگێڕیی ئەو لقە بووە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانە.

نووسەر و لێکۆڵەر پیرداود مەخمووری ئێستا لە هەولێر دەژیت و باری تەندروستی ناسەقامگیرە و داوا لە خودای گەورە دەکەین کە هەر ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر و کەلەپوور و کەلتووری کوردی.

**سەرچاوەکان:**


١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر و لێکۆڵەر پیرداود مەخمووری، لەسەر داخوازیی من، هاوڕێی دێرینم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار بەهادین جەلال مستەفا لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی هەردووکیان دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# داود شڕۆل

مامۆستا و نووسەر و ڕۆماننووس، شاعیری شیعری میللی و شارەزای فۆلکلۆر و کەلتوور و کەلەپووری ڕەسەنی کوردەواری، مامۆستا داود شڕۆل...

ناوی تەواوی(داود محەمەد داود مەلا خەلیفە عەلی)یە، لە ناوەندی پەروەردە و ئەدەبی بە داود شڕۆل ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی(شۆڕەپەلکە)ی سەر بە قەزای مەخمووری پارێزگای هەولێری(ئەو کات) لە خێزانێکی کورد پەروەر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٥٥ خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی چوارەم لە (بازارگە)ی مەخموور خوێندووە، لە ساڵی ١٩٥٩ماڵیان هاتۆتە هەولێر و ماوەی ساڵێک لە گەڕەکی(تەیراوە) نیشتەجێبووینە، پاشان چوونەتە گەڕەکی(سەیداوە) پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی(مەریوان)ی سەرەتایی لەناو شاری هەولێر تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی لە ناوەندیی(جمهوری- کۆماری) و ئامادەییشی لە دواناوەندی هەولێر کە ئەو کات پۆلی چوارەم و پێنجەم هەبووە بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٧ پۆلێکی(٥٠) قوتابیی بە ناوی(پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان)کراوەتەوە و پاش دوو ساڵ خوێندن بڕوانامەی دبلۆمی بەدەستهێناوە و لە ١٥ - ٣ - ١٩٧٠ وەکو مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی(پونگینە)ی دەوروبەری شاری

هەولێر دامەزراوە، بەڵام لە بەر ڕاگواستنەوەی گوندەکان بۆ کۆمەڵگاکان، ئەو ساڵی خوێندنیان لە بنەسڵاوەی گەورە تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٠- ١٩٧١ گواستراوەتەوە قوتابخانەی گوندی(بیستانەی گەورە)و چوار ساڵ لەوێ بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن، پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ماوەیەک گواستراوەتە بەشی(خۆجێیەتی-الذاتیة) لە پەروەردەی هەولێر، دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٧٩ بۆتەوە مامۆستا لە گوندی(بیرەعارەبانی و سێبەردان)، تا لە ٢٩ - ٧ - ١٩٨٧



،لە لای ڕاستەوە: مامۆستا شامل مەردان ئاغا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس تاریق جامباز
نووسەر داود شڕۆل، هونەرمەند چەتۆ حەسەن



لە لای ڕاستەوە: نووسەر مەولود بێخاڵی،
نووسەر داود شڕۆل



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس
مەحمود زامدار، نووسەر داود شڕۆل




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند، مامۆستا حسێن ڕەشوانی، نووسەری ڕەوانشاد سەعید یەحیا خەتات**

بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (دارەتووی نوێ) لە کۆمەڵگای دارەتووی ئەوسا، لە ٢١ – ٢ – ١٩٩٢ بووەتە سەرپەرشتیار لە پەروەردەی گشتیی هەولێر تا لە ١ – ١٠ – ٢٠٠٩ خانەنشینکراوە و ئێستا لە هەولێر دەژیت.

مامۆستاو و نووسەر و شارەزای فۆلکلۆر و داب و نەریت و کەلتوور و کەلەپووری ڕەسەنی کوردیمان، داود شرۆل هەر لە سەرەتای ژیانی منداڵییەوە خەریکی فێربوون و کۆکردنەوە و کارپێکردنی ئەم کەلتوورە ڕەسەن و جوانەی کوردەواریمان بووە، لە ژیانی مامۆستایی خۆی لەو گوندانەی کە خزمەتی کردووە، بەشی زۆری وردەکارییەکانی ژیانی سادە و ساکاری کۆمەڵی کوردەواریمانی لە بیر و هرزی خۆی کۆکردۆتەوە و، هەندێکیشی هەر تۆمارکردووە، ئەو ژیانی کوردەواری لە ناوچەکانی قەراج و کەندێناوە و مرکییە و شەمامک و بەڕانەتی و دەشتی هەولێر و دەشتی کۆیە و هەتا دۆڵی خۆشناوەتیش و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی کردۆتە کەرەستە و هەوێنی بەرهەمە پوخت و جوان و بە نرخ و سوودبەخشەکانی، کە برتین لە(٤) کتێب هەمووشی بە زمانێکی کوردەوارییی سادە و ساکار و بە تام و چیژی دەشتی قەراج و کەندێناوە و نووسیوە و چاپ و بڵاویشی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:




**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەحمود زامدار، نووسەر تاریق جامباز، نووسەر مەولود بێخاڵی، د.عومەرئیبراهیم عەزیز(عومەر پەتی)، نووسەر ئەسعەد عەدۆ، نووسەر داود شڕۆل، لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: فۆلکلۆریست سەعدوڵڵا شێخانی، نووسەر خالید جوتیار، نووسەر پیرداود مەخمووری، نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەزیز حەریری**






**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەزیز حەریری، نووسەر مەولود بێخالی، هونەرمەند چەتۆ حەسەن، نەناسراوە، د. عومەر ئیبراهیم عەزیز، نووسەر و شاعیر و لێکۆڵەر کەریم شارەزا، نووسەر داود شڕۆل، ئەوانی دیکە نەناسراون**


- گۆلمێک لە ڕەوسەی فۆلکلۆری کوردەواری، ئەم کتێبە کار و کردارە ڕەسەنەکانی باوک و باپیرانمان لە خۆدەگرێت، لە چۆنییەتی کارکردن و هاوکاری و هەرەوەزی و زبارەیی خانەوادە و خێزانەکان بە مەبەستی دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، لە(باراش، دان و دانەوێڵە و بەکارهێنانی کەرەستە سادە و ساکارەکان و ئەو ئامێرانەی کە خۆیان دروستیان کردووە لەوانە (ئامێری کێلان، دروونە، کێشە، جۆخین، جەنجەڕ، شەنە و جیاکردنەوەی ڕەوشە لە تارمەی کا، داس، قەیناغ، داسووکە، سوارە، کوندە، گیشە، گەلاوێژ، سەپان و پارە وسەرپارە هتد)..
- کتێبی خۆشەویستی و ژوان لە کوردەواری، کە باسی کۆمەڵێک بابەتی کۆمەڵایەتی و ئەڤینی و خۆشەویستی و ژیانی تەبایی و نا تەبایی و کێشە و دۆخی ناو کۆمەڵی کوردەواریمان دەکات.
- مامز، کە ڕۆمانێکە باسی داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری دەکات لە بواری کێشە کۆمەڵایەتییەکان.
- ڕۆمانی(جوامێری) ئەم ڕۆمانەش هەموو ڕووداوەکانی باسی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات.


**شاعیر و نووسەر و شارەزای فۆلکلۆر و کەلتووری کوردی مامۆستا داود شڕۆل لە دوو کاتی جیاوازدا**














**بەرهەمەکانی نووسەر داود شرۆل**

مامۆستا و نووسەر داود شرۆل وەکو شارەزای بواری فۆلکلۆر و کەلتووری کوردی لە گەڵ هەر یەک لە نووسەران( مەولود قادر بێخاڵی، مەحمود زامدار، عەزیز حەریری، تاریق جامباز، عومەر ئیبراهیم عەزیز)، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی لێژنەی فۆلکلۆری سەر بە بەرێوەبەرایەتیی رۆشنبیریی جەماوەری لە هەولێر، هەر لەسەر داواکاریی ئەم بەرێوەبەرایەتییە چەندین کۆرو کۆبوونەوەیان دەربارەی فۆلکلۆر و کەلتوور

و کەلەپووری کوردی سازداوە، یەکەمین کۆڕیشیان لە ٣١- ٧ - ١٩٨٨ بۆ نووسەر داود شرۆل سازکردووە و نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەحمود زامدار کۆڕەکەی بەڕێوە بردووە.

لە ساڵی ١٩٨٨ نووسەر داود شرۆل ئەندامی لیژنەی فۆلکلۆریی گۆڤاری کاروانیش بووە کە ڕۆڵێکی زۆر باشی هەبووە لە پاراستنی فۆلکلۆر و کەلتووری کوردیمان.

بۆ مامۆستا و نووسەر داود شرۆل هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی فۆلکلۆر و کەلەپوور و کەلتووری ڕەسەنی کوردەواری.

## هەڵبەستێک لە سەر کەرەستەی جۆت و درەو

کەرەستەی جۆت لای گشتمان دیارە
نەک تۆدەر و لات خەرتە و بەیارە
پەرێز و خەرتە و شۆ و گەرد و وەرد
هەوجاڕ و گاسن دوژمنن لە ئەرد
لە نیوەی ڕەزبەر، گەلاوێژ گشتی
سەرماوەز هەندێ ڕەش ئەبێ دەشتی
کەرەست ڕێک دەخا، کاکی کوردەوار
لە هیرتەو خەپە و مژانە و هەوجاڕ
دەستەند و گاسن نیر و کۆپەران
قرۆمە و زمانە هەم تۆقی مژان
بەرکۆڵەو زەنگوڵە بن مل دارکراوە
لاپووتە و دارجۆت بەیەک خراوە
لەکەو بەردارە، یانی بەفرانبار
ڕێچکە دەکەن، ڕەنجبەر و جووتیار
بەرەوە شارەکان بۆ سەندنی سەلەم

نرخــی جیــاوازە یــەک تــۆ و هــەڕەم
یەقــە دادڕاو گەنمــە ســۆرگوڵ
تــازە بوونەتــە چەقێلــەی ســەرگل
ڕێبەنــدان داهــات ڕەشــەمە و نــەورۆز
کاتــی گوڵانــا ڕەنجبــەران دڵســۆز
کەرەســت ڕێــک دەخــەن بــۆ شەســتەباران
داس و قەرانــگ و قەینــاغ و هەســان
شــەغرە و کەرەشــاخ قــادە و ســەپان
بــەن قــادە و زەنگوڵــە کورتــان و تەپــان
گاز و گیشــەکەر قــاڕە و ســەرپارە
گیشــە و گەلاوێــژ بــاوەش و ســوارە
جۆخیــن و گێــرە و کوتــان و چانــە
قرشــە و هووردەکــوت کونــدە و دۆدانــە
ڕۆخــەو وەرگێــڕان، کــوزر و بــن جۆخیــن
ڕەوســە و بێــرۆک، شــەنەی ئاســنین
دولکــە و شــەنەبا، بێرەبــاو بەرکــوت
تارمــە و ناوتیــرە، لــەودە و هووردەکــوت
شــەڵتە و شــەغرەکێش، جــوار و بــەڕە
هەگبــە و تێلەکێــش، هیــزە و هــەرزارە
دیــزە و هیــزەدان، کەنــدو و مراکــدان
خەلانــە و ئەســتێرک، هــەم تێــڕ و خێــدان
بەردەســێرەی خــۆش، چــرا و چــرادان
ســێ کوچاگــر و بــەردی ئاگــردان
ماشــە و مقــارە و فنجــان و ســێرۆک
گــەور و پەینگــەو، ناوبرێشــک و تیــرۆک

هــۆر و ســەرگین، تەویلــە و کادیــن
ئالیــک و ئاخـــوورِ، فەلاقــە و نانديــن
کاکــی کــوردەوار یــەک جــاران لــە ســاڵ
دەکــرێ کــەل و پــەل بــۆ مــاڵ و منــاڵ
هــەر چــی پێویســتبێ لــە کەرەستەی بــاش
ئامــادەی دەکا هەتاکــوو بــاراش

**دواد شرۆل**
**١٠ – ١٢ – ١٩٦٨.**

**سەرچاوەکان:**

١ – کورتەیـەک لـە ژیاننامـە و بەرهەمەکانـی نووسـەر و شـارەزای فۆلکـۆر مامۆسـتا داود شـرۆل لەسـەر داخوازیـی مـن، هاورێـم دیزاینـەری رۆژنامەنـووس عوسـمان پیرداود بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.
٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ڕەهبەر سەید برایم

نووسـەر و میدیـاکار، لێکۆڵـەر و توێـژەی بـواری مێـژوو و شـوێنەوار و تێکسـتی شـاعیران و کەسـایەتییە ناودارەکانی کۆیـە و هەمـوو کوردسـتان، مامۆسـتا ڕەهبـەر سـەید برایـم...

نـاوی تەواوی(ڕەهبـەر سـەید برایـم حاجـی سـەید سـەعید)ە، لـە ناوەنـدی ڕۆشـنبیری و ئەدەبی و پێشـمەرگایەتی بـە ڕەهبـەری سـەید برایـم ناسـراوە، لـە ٢٧ - ٧ - ١٩٥٧ لـە شـارە جـوان و ڕەنگینەکـەی کۆیـە لـە خانەوادەیەکـی ئایینـی و ڕۆشـنبیری و ئەدەبدۆسـت لـە دایکبـووە، هەمـوو قۆناغەکانی خوێندنی سـەرەتایی و ناوەنـدی هـەر لـە شـاری کۆیـە تەواوکـردووە، دواتـر ئامادەیـی کشتوکاڵیشـی لـە هەولێر تەواوکـردووە، پاشـان بڕوانامـەی دبلۆمـی لـە بەشـی ڕۆژنامەنووسـی لـە پەیمانگای تەکنیکی لـە سـلێمانی وەرگرتـووە، ئـەو درێژەی بـە خوێندنەکانـی داوە و بڕوانامـەی بەکالۆریۆسیشـی لـە بەشـی ڕاگەیانـدن لـە کۆلێـژی زانسـتە مرۆڤایەتییەکانی زانکـۆی سـلێمانی بەدەسـتهێناوە، لـە ٣ - ٧ - ١٩٧٩ بـووەتـە پێشـمەرگەی شـۆڕشـی نوێـی گەلەکەمـان، لـە ژیانـی پێشـمەرگایەتی(٤)جار برینـدار بـووە و چەندیـن لێپرسـراوێتیی سیاسـی و سـەربازی لـە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان هەبـووە و هەیـە، لـە سـاڵی ١٩٩٢ماوەیـەک قایمقامـی شـەقڵاوە بـووە، بـە نیـازی چارەسـەرکردنی برینەکانـی ماوەیـەک چووەتـە وڵاتـی هۆڵەنـدا، لـە سـاڵی ١٩٩٨ گەڕاوەتـەوە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و میدیاکار ڕەهبەر سەید برایم، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس**

باشووری کوردستان، خەباتی سیاسی و سەربازی ئەم نووسەرە شۆڕشگێڕە بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێین.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ڕەهبەر سەید برایم لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست و کوردپەروەر گۆش و پەروەردەکراوە، باوکی خوێندەوار بووە و تێکەڵی ئەدیب و شاعیرانی سەردەمی خۆی بووە و کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیشی لە ماڵەوە هەبووە، بۆیە ئەو هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای کەوتۆتە سەر شیعر و زمان و ئەدەبی کوردی، ئەو ساڵانەی کە لە شاخیش بووە لە تەک تفەنگەکەی هەمیشە کاغەز و قەڵەمیشی پێبووە، بەشی زۆری بیرەوەرییەکانی خۆی و داستانی قارەمانێتیی هاوڕێ پێشمەرگەکانی نووسیوەتەوە، دواتر پەرەی بە نووسینەکانی داوە لە بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و مێژووی شوێنەوار و کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی تێکستی شاعیران و بەسەرهاتی کەسایەتییەکانی شاری کۆیە و هەموو کوردستانی نووسیوەتەوە، ئەو لەم بوارانەدا(٢٣)کتێبی ئاست بەرز و بەنرخ و سوودبەخشی بە زمانێکی کوردی

ساده و ساكار و ڕەوان نووسیوە و هەمووشی لە چاپ و بڵاوكردۆتەوە كە ئەمانەن:

١- گڕدار، ٢٠٠٦.

٢- پەیڤین لەگەڵ ڕۆح، ٢٠٠٧.

٣- سایەی هەیبەسوڵتان، ٢٠٠٨.

٤- مەشخەڵان، ٢٠٠٩.

٥- ڕۆژنامەوانی لە كوورەدا، ٢٠٠٩.

٦- بەبەختی حاجی،٢٠١٠.

٧- ڕزگاری(دەنگی یەكێتی شۆڕشگێرانی كوردستان) ٢٠١١.

٨- شنەی شاخ، ٢٠١٣.

٩- شیشۆق، ٢٠١٤.

١٠- پڕشنگەكانی كەكۆن، ٢٠١٤.

١١- پرچی ئایشە و فاتمان، ٢٠١٧.

١٢- ڕزگاری (دەنگی یەكێتیی شۆڕشگێڕانی كوردستان) بە بەرگێكی گەورەتر و جوانتر، ٢٠١٧.



لە لای ڕاستەوە: شەهید حەمە تاهیر، نووسەر ڕەهبەر سەید برایم، مامۆستا نازم عومەر، بەڕێز پشتیوان هەمزە ڕەسووڵ

١٣- دیلانە و مۆزیک، ٢٠١٨.

١٤- مەڵبەندنامە، ٢٠١٩.

١٥- سێوەکەی دڵ، ٢٠١٩.

١٦- خەندەی خەبات - ٢٠١٩

١٧- حەفت ترینگە، ٢٠٢٠.

١٨- دەستنووسەکانی ووردی، ٢٠٢٠.

١٩- خێوەتی خارا، ٢٠٢١.

٢٠- شا دارستانی ئاڤا و بڵند، ٢٠٢١.

٢١- میدیانامە، ٢٠٢٢.

٢٢- مشتوماهی، ٢٠٢٢.

٢٣- مەلا ڕەئووفی خادم سوجادە (١٨٧٠ - ١٩٤٣) (گەنجینەیەکی شاراوە).


نووسـەر و لێکۆڵـەر ڕەهبـەر سـەید برایـم، وەکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکار
















بەرهەمەکانی نووسەر ڕەهبەر سەید برایم




نووسەر و لێکۆڵەر ڕەهبەر سەید برایم

و کاری ڕێکخراوەیی، چەندین چالاکیی دیکەی نواندووە لەوانە:

- ماوەیەک خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکانی(ڕۆژنامەوان و کەکۆن)بووە.
- ئەندام و سەرپەرشتیاری بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بووە.
- سەرۆکی دەزگای پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بووە.
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و نێودەوڵەتییە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان لەوانە خەڵاتی(کوردستانی نوێ، بەدرخان، وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، مەدالییای زێڕینی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و چەندانی دیکەش).

بۆ نووسەر و میدیاکار و لێکۆڵەر ڕەهبەر سەید برایم، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

## سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ڕەهبەر سەید برایم، بەڕێز سەرمەد سەلاح سابیر لە هەولێرەوە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - کوردیپێدیا.
٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# خالید فاتیحی

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، ساغکەرەوەی تێکستی شاعیران، مامۆستا خالید فاتیحی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

ناوی تەواوی(خالید مەلا عەبدولڕەحمان فاتیحی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە خالید فاتیحی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی(چەکۆ)ی سەر بە شارۆچکەی سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خانەوادەیەکی ئایینی و کوردپەروەر لە دایکبووە، مەلا عەبدولڕەحمان فاتیحی باوکی پیاوێکی ئایینی و کوردپەروەر بووە و لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەبات و چالاکیی هەبووە و ماوەیەک دەستگیر کراوە و دواتر ئازادکراوە، بەڵام هەر لەژێر چاودێریی و هەڕەشدا بووە، بۆیە بە ناچاری ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە و لە گوندی(زێوکە)ی سەر بە ناوچەی پشدەر نیشتەجێبوونە، ئەوان بە بەردەوامی ماڵ بە کۆڵ بوونە و کوێستان و گەرمیانیان کردووە.

نووسەر و وەرگێڕ خالید فاتیحی تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە و قورئانی پیرۆز و گوڵستانی سەعدیشی لای مەلا عەبدولڕەحمانی باوکی خوێندووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر و بابەتی هەمەجۆری دیکە کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوی کردۆتەوە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر خالید فاتیحی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە ئەحمەد جاف، نووسەر ئەسکەندەر زرار، شاعیر و ڕۆژنامەنووس خالید کۆچەر، نووسەر و ڕۆماننووس سابیر ڕەشید**

لە ساڵی ١٩٩٥ەوە، ڕووی لە وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دیوانی شیعری شاعیران کردووە، چەندین شاکاری ئەدیب و شاعیرانی تورکی و فارسی و جیهانییە وەرگێڕدراوەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، جگە لە ئامادەکردن و ساغکردنەوەی دوو بەرگی دیوانی(کڵپەی دەروون)ی مەلا عەبدولڕەحمان فاتیحی باوکی، تا ئێستا(٢٧)کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە و چواری دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپکردن کە ئەمانەن:

- داستانی حەزێکی شێت، شیعر، ٢٠١١.
- دارهەناری سەرگردەکە، ڕۆمان، نووسینی یەشار کەمال، وەرگێڕان، دەزگای موکریانی، ٢٠١١.
- خوازبێنی، کورتە چیرۆکی بیانی، یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی، ٢٠١٢.
- ئەگەر مارەکەیان کوشتبا، ڕۆمان، نووسینی یەشار کەمال، وەرگێڕان، دەزگای وەرگێڕان، ٢٠١٣.
- ئاو، کۆمەڵە چیرۆک، گوڵبژێرێک لە چیرۆکی هاوچەرخی ئێران، کتێبی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان ٢٠١٣.
- باوکان و کوڕان، ڕۆمان، نووسینی ئیڤان تۆرگنیێڤ، وەرگێڕان، دەزگای

موکریانی، ٢٠١٤.

- ئەفسانەی باوە سوبحان، ڕۆمان، نووسینی: مەحمود دەوڵەت ئابادی. خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما. ٢٠١٦
- ماڵئاوا گوڵساری. ڕۆمان. نووسینی: نووسینی چەنگیز ئیتماتۆڤ، وەرگێڕان، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، ٢٠١٦.
- ئاگر لە کتێبخانەی ڕۆڵەکاندا، نۆڤلێت، نووسینی، عەلی ئەشرەفی دەرویشیان، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، ٢٠١٦- کڵپەی دەروون.
- دیوانی مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحی، بەرگی یەکەم. ئامادەکردن و ساغکردنەوە، ٢٠١٦.
- جەمیلە، ڕۆمان، نووسینی چەنگیز ئیتماتۆڤ، وەرگێڕان، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، ٢٠١٧.
- یاخی، ڕۆمان، نووسینی یەشار کەمال، وەرگێڕان، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، ٢٠١٧.
- کڵپەی دەروون، دیوانی مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحی، بەرگی دووەم. ئامادەکردن و ساغکردنەوە ٢٠١٨.
- کێ لە شێتەکان ناترسێ؟ ڕۆمان، نووسینی، مەهدی ڕەزایی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١٨.



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز مستەفا شێخە، نووسەر یونس ڕەزایی، نووسەر ڕەهبەر مەحمود زادە، نووسەر خالید فاتیحی**

- بەرەو کوێستان، دیوانی حەمە پۆلا، ئامادەکردن و ساغکردنەوە، ٢٠١٨.
- یەکەمین مامۆستا، ڕۆمان، نووسینی: چەنگیز ئیتماتۆڤ. خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا. ٢٠١٨
- تاتارخەندان، ڕۆمان، نووسینی غولام حسینی ساعدی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون، ٢٠١٨.
- تۆپ، ڕۆمان، نووسینی غولام حسێنی ساعدی، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین، ٢٠٢٠.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ خالید فاتیحی، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی گەورەی کورد ڕەوانشاد کاکەمەم بۆتانی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولقادر عەزیز، نووسەر خالید فاتیحی، نووسەر حەمە سەعید حەسەن، نووسەر و شاعیر حەمە ئەحمەد جاف



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ خالید فاتیحی، نووسەر و وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل، نووسەر مەحمود هۆمەر**

- غەوارەکەی شار، ڕۆمان، نووسینی غولام حسێنی ساعدی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون، ٢٠٢٠.
- گۆڕو بێشکە و تاهیرە تاهیرەی ئازیزم، سێ نۆڤلێت و نامە عاشقانەکانی غولامحسێن ساعدی، ناوەندی ئاوێر ٢٠٢٠.
- بەفری گەرم، ڕۆمان، نووسینی یوری بۆنداریێف، وەرگێڕان، ناوەندی ئاوێری.
- گەڕانەوە بۆ بەختەوەری، ڕۆمان، نووسینی فەهیمە ڕەحیمی، ناوەندی فێربوون، ٢٠٢١.
- تازیەبارانی بەیەل، ڕۆمان، نووسینی غولامحسێنی ساعدی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون، ٢٠٢٢.
- ئاشقە داوەڵ، ڕۆمان، نووسنی فیلیس هەستینگز، وەرگێڕان لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون، ٢٠٢٢.
- کۆمەڵەی ئاسنین، ڕۆمان، نووسینی ئەلکساندەر دۆما، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی ئەحمەد کۆیی، ٢٠٢٣.
- لەگەڵ باراندا بباریێ، چیرۆک، گوڵبژێرێک لە چیرۆکی هاوچەرخی ئێران، کتێبی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٢٣.




**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ خالید فاتیحی**

ئەو بەرهەمانەشی ئامادەن بۆ چاپ:

- کاکاو، ڕۆمان، نووسینی جۆرج ئەمادۆ.-مەحموودی دەوڵەت ئابادی.
- ژیان و نووسین و بەرهەم.
- مۆتەکە، گوڵبژێرێک لە چیرۆکی هاوچەرخی ئێران، کتێبی سێیەم.
- نامە عاشقانەکانی نیما یوشیج.

دەیان بابەتی هەمەجۆری دیکەشی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە و ئێستاش هەر بەردەوامە لە کاری نووسین و وەرگێڕان، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت و خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

**سەرچاوەکان:**


١ - کورتەیەک ژیاننامەی نووسەر و وەرگێڕ خالید فاتیحی کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شوكرولّلای بابان

شـاعیر و نووسـەر و وەرگێـڕ و میدیـاكاری دیـار و ناسـراوی كـوردی ڕۆژهەڵاتـی كوردسـتان، ڕەوانشـاد شـوكرولّلای بابـان...

نـاوی تەواوی(شـوكرولّلا كـوڕی حاجـی داود خـان)ە، لـە هەمـوو كوردسـتانی گـەورە بـە شـوكرولّلای بابـان ناسـراوە، حاجـی داود خانـی باوكی(كارگـوزار- سـەركار)ی بابانییەكانـی شـاری سـنە بـووە، دایكیشـی ناوی(ئامینـە كچـی فەخرلعولەما)بـووە، لـە سـاڵی ١٩٢٣ لـە شاری(سـنە) لەدایكبووە، قۆناغەكانی خوێندنی سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سنە تەواوكردووە، لە ساڵی ١٩٥٢ بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی حاجی سـەید محەمـەد شێخولئیسلام كە مامۆستای و سـەرۆكی بەشی( مەعقول و مەنقول) بووە لە زانكۆی تاران، بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە تاران لە سێ بەشی(ئیلاهیات و دەروونناسی و یاسا) لە زانكۆی تاران بڕوانامەی بەكالۆریۆسـی بـە دەسـتهێناوە.

نووسـەر و(بێژەر- مذیع)ی ناسـراوی كورد بۆ یەكەم جار ساڵی ١٩٥٨ لـە ڕادیـۆی تـاران دامـەزراوە، ئـەو كات(١٥)دەقیقـە بەرنامـەی بـە زمانـی كـوردی بڵاوكردۆتـەوە، دواتـر ماوەكـە بووەتـە (١)سـەعات بەهـەر دوو شێوەزاری سـۆرانی و كرمانجی بووە، ئەو وەكو بێژەر بەرنامەكانی خۆی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و بێژەری گەورەی کورد شوکرولڵای بابان، شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی

بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کەڵهوڕی ئامادە و پێشکەشکردووە، هەر لە ساڵی ١٩٥٨- تا ١٩٦٣ لە گەڵ هەر یەک لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد(بەدیعولزەمان، عەبدولڕەحمان سەراجەدین، سدیق موفتی زادە و شێخ عابد) ڕۆژنامەی(کوردستان) یان بە زمانی کوردی دەرچوواندووە، بە کردنەوەی ڕادیۆی کرماشان، بەشە کوردییەکەی تاران داخراوە، هەموو بێژەر و کارمەندەکانی گواستراوەتەوە ڕادیۆی کرماشان، شوکرولڵای بابانیش یەکێک بووە لەوانەی کە هاتۆتە ڕادیۆی کرماشان، کە ڕادیۆی و تەلەفزیۆنی کرماشان تێکەڵکراون، ئەو بۆ ماوەیەک بووەتە بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردیی کرماشان و دواتریش ڕادیۆی سنە و ورمێ).

بێژەر و نووسەر شوکرولڵای بابان خاوەن دەنگێکی بە سۆز و سیحراوی بوو، بە تایبەتی لە بەرنامەی(هەوارگەی دڵان)، ئەو لە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆک و غەزەلی کوردی زۆر سەرکەوتوو بوو، لە نێوبەندی گۆرانییەکانی هونەرمەندی گەورەی کورد ڕەوانشاد حەسەن زیرەک شیعری بۆ خوێندۆتەوە، ئەو میدیاکارێکی زۆر بە بەهرە و توانا بوو، هەر چەندە بار و دۆخی سیاسیی ئەو کات ڕێی پێنەداوە هەموو

بەرنامە و کارە ڕاگەیاندنەکانی بە ئارەزووی خۆی بکات، بەڵام ئەو زۆر زیرەک و چالاکانە کاری لە سەر زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، چەندین وشەی کوردی هێناوەتە ناو دنیای میدیا و ڕاگەیاندنەوە.

ئەو تەنها بێژەرێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو بەڕێوەبەر و ئاراستەکارێکی ڕاست و دروستی فەرهەنگی بووە، دەیان کەسیش لەسەر دەستی ئەو فێری کاری ڕاگەیاندن بوونە.

شوکرڕوڵڵای بابان، سەرەڕای کاری میدیایی شاعیر و نووسەرێکی بە توانا و ئەزموون بووە، چەندین بەرهەمی پوخت و بە سوودی لە بوارەکانی مێژوو و جوگرافیا و فەرهەنگ و زمان و کەلتووری و کەلەپووری کوردی نووسیوە و هەندێکیشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- گوڵزاری کوردستان(کورد و کوردستان).
- فەرهەنگی وشەی کوردی و فارسی.
- سەلاحەددین ئەیوبی، قارەمانی کورد.
- کتێبی چوار بەرگی(جوگرافیای کوردستان).
- کۆمەڵێک نامیلکە کە بابەتی هەمەجۆری تێدا بڵاوکردۆتەوە.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند حەسەن زیرەک، خاتوو میدیای زەندی، هونەرمەندی گەورەی کورد عەلی مەردان، نووسەر و میدیاکار شوکرڕوڵڵای بابان، بەڕێز مستەفا محێدین**



**نووسەر و بێژەر شوکرولڵای بابان**

نووسـەر و میدیاکار شـوکرولڵای بابـان لـە ڕۆژی ١٦ - ١١ - ٢٠١٢ لـە ماڵەکـەی خـۆی لـە گەڕەکی(مەیدانـی گـوڵ) لـە شـاری تـاران کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە بەشـی هونەرمەنـدان لـە گۆڕستانی(بەهەشـتی زەهرا)هـەر لـە تـاران بـە خـاک سـپێردراوە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

### سەرچاوەکان:


١ - کوردیپێدیا.

٢ - ویکیپیدیا - ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی شوکرولڵای بابان، فلمێکی دوکیومێنتاری.

٤ - ماڵپەڕی فەیسبووکی شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی.

٥ - kurd land،فلمێکی دوکیومێنتاری.

٦ - wikiwand.

٧ - khaktv، فلمێکی دوکیومێنتاری، لە ١٦ - ١١ - ٢٠١٧.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# ئەحمەد حسێنی

شاعیر و نووسەر ئەحمەد حسێنی لە ڕۆژئاوای کوردستان...

ناوی تەواوی(ئەحمەد شێخ تۆفیق حسێنی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ناو ڕۆشنبیران بە ئەحمەد حسێنی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری(عامودا)ی ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری عامودا تەواوکردووە، دواتر بۆ درێژەپێدان بە خوێندن چووتە دیمەشق لەوێ بەشی فەلسەفەی لە کۆلێژی ئاداب و زانستییە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی دیمەشق تەواوکردووە.

شاعیر ئەحمەد حسێنی یەکێکە لە شاعیرە ناسراو و دیارەکانی سەردەمی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە بەر دەستکورتی و هەژاری لە گەڵ باوکی چووەتە شاری(بەیروت)، شێخ تۆفیقی باوکی تا ئێستاش نەزانراوە چۆن کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکە و کەس نازانێت گۆڕەکەشی لە کوێیە، جارێکیان شاعیری گەورەی کورد(جگەرخوێن) میوانی باوکی بووە، ئەویش پێی ئاشنای بووە و بۆ جاری دووەمیش لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە لە قامشلۆ پێی شاد بۆتەوە، لە هەردوو جار ئامۆژگاری کردووە و هانی داوە بە زمانی کوردی بنووسێت و قسە بکات، ئەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەر یەک لە شاعیران(فەسیح



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز قادر چەلیکی، شاعیر ئەحمەد حسێنی

سـەیدا، کیسـرا عەبدی)، هـەر چەنـدە شـێواز و سـتایلێکی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، بـەڵام هـەر خۆشـی لـە شـوێنێکدا دەڵێت(وا دەزانـم واریسـی ئەوانـم)، دەنگە بە سـۆز و دڵگیرەکەی هونەرمەندی گۆرانیبێژ(سـەعید ڕێزان)یش زۆر کاری تێکردووە.

یەکـەم جـار لـە دوکانـی هاوڕێیەکـی بـە ناوی(محەمـەد ئەسـعەدۆ) فێـری نووسـین و خوێندنـەوەی کوردی بووە، هەمـوو ئێوارەیەک چووەتـە ئەوێ و داسـتانی(مەمی ئاڵان)ی بۆ خوێندۆتـەوە ئەویش پشـتگیری کردووە و هانـی داوە کە بـەردەوام بێت لـە فێربوونـی خوێندنـەوە و نووسـینی کوردی، یەکەم شیعریشـی لـە ماڵـی ئامۆزایەکـی خـۆی بـە ناوی(محەمـەد نور) خوێندۆتـەوە، ئـەو شـیعرەکانی بـە زمانـی کـوردی شـێوەزاری کرمانجـی بـە پیتـی لاتینـی نووسـیوە و دەنووسـێت، هـەر خـۆی لـە شـوێنێکدا دەڵێت(هـۆی نووسـینم بـە زمانـی کـوردی بـۆ ئەوەیـە کـە ژیـان و بوونـم مانـا و قیمەتـی هەبێـت، بـۆ ئـەوەی بوونـم لـەم دنیایـە ون نەبێـت و نەکەومـە تاریکـی.....)، ئـەو زیاتـر لـە بوارەکانی ژیان، نەمـان، لـە دایکبوون و بابەتـی هەمەجۆری دیکە دەنووسـێت، لـەم بوارانـەدا کۆمەڵێک بەرهەمـی پوخـت و جوانـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کە

ئەمانەن:

Mistek ji Şîna Bêcer_

عام ١٩٩٠، منشورات جمعية النساء الكردستانيات.

Bi Xewna we Pênûsê Dilorînim -

عام١٩٩٣، منشورات الحياة الجديدة.

Rono û Sirûda Bêrîkirinê -

عام ١٩٩٤، منشورات الحياة الجديدة.

Bazbend) û kewname ) -

عام ١٩٩٩ ، منشورات آبج.

چەندین پارچە هەڵبەستی کراونەتە شێوازی سۆرانی.

ئەو بەشداری لە کۆڕە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردی لە وڵاتی سوید و ڕۆژئاوای کوردستان کردووە و دەکات.

چەندین جاریش خەڵات و ڕێزلێنانی لە ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی وڵاتی سوید و ڕۆژئاوای کوردستان بۆ کراوە.

ئێستاش لە وڵاتی سوید دەژیت، بۆ شاعیر و نووسەر ئەحمەد حسێنی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر حەلیم یوسف، شاعیر ئەحمەد حسێنی

نموونەی شیعرەکانی بە کرمانجی بە پیتی لاتینی و چەند نموونەیەکیش لەم پارچە شیعرانەی کە کراونە شێوازی سۆرانی:

Gula berbero
Ya ku her ro
Bi pêjna te dilşad dibû
Dilîland
Û çiya bi xwe re dihejand
Ya ku zerekî sosinî
Bi ser hinarkên roavahiyê de
Dirijand
...Ew gul
...Bû kul



شاعیر ئەحمەد حسێنی لە گەڵ هاوڕێیانی ئافات و سەوەر



له لای ڕاستەوە: خاتوو ئێڤار کچی شاعیر ئەحمەد حسێنی، شاعیر ئەحمەد حسێنی،
بازیار کوڕی شاعیر ئەحمەد حسێنی

Ji hesreta hevdîna te
!Pêsîrên mirinê mijand

❊❊❊❊❊❊❊

ئـەم شـیعرانە لەسـەر ڕەزامەندیـی خـۆی بـە کوردیـی ناوەنـد (سـۆرانی) داڕێژراونەتـەوە،

داڕشتنەوەی بە کوردی شێوەزاری سۆرانی: بەڕێز ناویین ژیار هۆمەر ئەڤینت

نەخشەتیان لەبەر چاوم دزی
گڕی ماچتیان لەسەر لێوم دزی
لە هەستم فەرهەنگی زمانتیان دزی
لە بەهارم پەلکەزێڕینەی بزەتیان دزی
لە کازیوەم ئاونگی گزنگتیان دزی
لە زەردەپەڕم سوورەتاوی ئاسۆتیان دزی




**شاعیر ئەحمەد حسێنی لە چەند کاتێکی جیاوازدا**

لە گوێم ئاواز و نەوای ناوتیان دزی
کەچی هەر چەند دەکەن...
ناتوانن ئەڤینت لە دڵم بدزن.

*******

ئەم ئێوارەیە
ئەم ئێوارەیە
لێم مەترسە!
چاوم بۆ بینینی سەرکوڵمە شەرمنەکانت
دەستم بۆ گوشینی دەستە نیانەکانت
هەڵبەستم بۆ هەڵنانی ئەسرینەکانت





بەرهەمەکانی شاعیر ئەحمەد حسێنی

گیانم بۆ پاراستنی خەونەکانت
و یادەکانم بۆ ڕووناککردنەوەی زیندانەکانت دەژین...
لێم مەترسە!
لە ئاڵا برینداره‌کەتدا،
ڕەنگێکی بریندارم،
نابینرێم...
لەسەر سنوورەکانتدا،
پاسەوانێکی کوژراو،
شەڕڤانێکی ئەڤیندارم...
لە پێناو تۆدا دەژیم،
کەچی هەر لە تۆ بێبەشم...
******
ئەم بەیانییە،
لە بەردەم دەرگا داخراوەکانتدا،
لە دۆزەخی سترانە ڕەشپۆشەکانتدا،
لە هەراوزەنای ناوە قەدەغە و کوژراوەکانتدا،

لە ناو شەپۆلە هەڵقرچاوەکانی دڵتدا،
لە پڕیشکە ڕۆحکوژەکانی تاسەکردنتدا،
لە ئاوێنە ڕەشەکانی بندەستیتدا،
بە دوای منداڵیمدا دەگەڕێم،
گەرچی دەزانم لە ناو دەستی تۆدا دەمرم،
کەچی هەر بەرەو دلۆڤانیی گۆڕستانەکانت دەگەڕێمەوە!
ئەم بەیانییە، خەونەکانم یەک لە دوای یەک ڕیز دەکەم،
سنگم لە بەردەم هەڵهاتنت دەکەمەوە،
تیری ڕووناکییت بە مرەکەبی خوێنەوە دەگرمە ئامێزم...
لێوت بە پەپوولەی هەڵبەستێک دەخەملێنم،
کاروانی ئەڤینت لە قیبلەنمای چاوتدا ڕادەتڵەکێنم،
تۆ داپڵۆخانی زمانمیت
تۆ چاوەڕوانیی کەڤریت
تۆ نەوەی وەرزی ئاگریت
تۆ تاجی سەر و هەوێنی ژانی گیانمیت
ئەم بەیانییە،
تۆ قامیشلۆمیت،
تۆ هەولێرمیت،
تۆ مەهاباد و ئامەدمیت،
تۆ زمزم و کەمەندمیت،
تۆ ئایەت و پەندمیت،
لە چاومدا تۆ ئاوێنەیت،
سروودمیت، پاساریی زێڕەوشانیت...
ئەم بەیانییە، تۆ گەشتنامەی ژینمیت...
تۆ پاسەوانی خەونمیت...
گرتووخانەیت، هەم سێدارەیت،

هەم واتای مانەوەمیت.
ئەم بەیانییە،
پەڕتووکی چاوت دەکەمەوە،
بە تیریێژی ڕۆژ دەسووتێم،
پەڕتووکی دڵت دەکەمەوە،
لە سروودی ژاندا باڵ دەگرم...
پەڕتووکی هۆشت دەکەمەوە،
بە چەقۆی تاسەباری بریندار دەبم...
ئەم بەیانییە،
حەز دەکەم کوێراییم دابێت
چەشنی لافاوی کوێر...
بێهۆشانە،
وەک لەشکری بێگۆڕ...
*****
کۆبانی
چیا بانگی دەشتی کرد،
کۆبانی بەرسڤی شەنگالی دایەوە:
لێرەم
لێرەم
لێرەم
ناوکی ئازادی دەبڕم
بە باسکی خوێنینەوە
بەرەو تۆ دەفڕم...!
کۆبانی
دەی وەرە!
سەرت بنێرە

سەر کۆشم
تا من
سترانی دەروێش عەبدییت
بۆ بچڕم
وەرە
تا من
خوێنی دڵم
بەسەر ڕیحانەی ناوتدا
بڕێژم...!
پرچی ڕەش و درێژت
بەرەو کام ئازادییە هەڵدێت؟
دەست لە کوشتنم هەڵبگرە
و جارێکی دیکە
لە ئازادیی پرچتدا
وڵاتێکم بۆ بدۆزەرەوە...

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیر ئەحمەد حسێنی، هاوڕێم نووسەر ئیبراهیم عەباس لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




## عەلی دەرویشیان

ئەو دەڵێت:(چریکێکی چەکداری نەبووم، بەڵام هەموو دەم چریکێکی فەرهەنگی و کەلتووری بووم)، چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ، فەرهەنگساز و لێکۆڵەر و نووسەری بواری منداڵان و لاوان، ڕەوانشاد عەلی دەرویشیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ...

ناوی تەواوی(عەلی ئەشرەف دەرویشیان)ە، بە عەلی دەرویشیان ناسراوە، لە ٢٤ – ٨ – ١٩٤١ لە گەڕەکی(ئابشووران)ی ناو شاری کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خێزانێکی کرێکار و دەستکورت لە دایکبووە، پاش خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، ساڵی ١٩٥٨ پەیمانگای مامۆستایانی تەواوکردووە و بووەتە مامۆستای سەرەتایی لە گوندەکانی دەوروبەری شاری کرماشان و گەیلان غەرب، لە ساڵی ١٩٦٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی تاران بەدەست هێناوە، هەر بەردەوام بووە لە خوێندن تا ماستەری لە دەروونناسی پەروەردەیی بە دەستهێناوە و لە بەشی ڕاوێژکاری و ڕێنمایی بۆ فێرکردن لە خزمەتکردن بەردەوام بووە.

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس عەلی دەرویشیان، وەکو نووسەرێکی(چەپ) ناسراوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧١– ١٩٧٩ بە هۆی بیروباوەڕە نەگۆڕەکانی و




**نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس عەلی دەرویشیان**


نووسینە ڕەخنەییەکانی(٣) جار دەستگیرکراوە، جاری یەکەم لە کرماشان بۆ ماوەی(٨)مانگ حوکم دراوە، بەڵام پاش(٢) مانگ ئازادکراوە، جاری دووەمیش لە تاران بۆ ماوەی(٧) مانگ دەستگیرکراوە و هەر بە هۆی هەڵوێست و نووسینەکانی لە زانکۆ و مامۆستایەتی دەرکراوە، لە ساڵی ١٩٧٤ بۆ جاری سێیەم ماوەی(١١)ساڵ حوکمدراوە هەر لە بەندیخانە بووە تا پەربابوونی شۆڕشی گەلانی ئێران ساڵی ١٩٧٩.

نووسەر عەلی دەرویشیان سەرەتای خولیا و ئاشنا بوونی بە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی منداڵ بووە گوێی لەو چیرۆک و داستانانە گرتووە، کە دایە گەورەی بۆی گێراوەتەوە، بۆیە دەستی بە چیرۆکنووسین کردووە، لە ساڵی ١٩٦٩ ئەو کاتەی نووسەر(سەمەد بیهرەنگی) کۆچی دوایی کردووە، بڕیاری داوە لە نووسینەکانی ڕێباز و ڕێچکەی ئەو

بگرێت و درێژەی پێبدات. ئەو یەکەم چیرۆکی خۆی لە بەندیخانەی(دیزل ئاباد) نووسیوە، بەڵام  بڵاوی نەکردۆتەوە، ئیتر بەردەوام بووە لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە، لە نووسینەکانیشیدا بواری منداڵان و لاوانیشی فەرامۆش نەکردووە، جگە لە نووسینەکانی زیاتر لە(٢٢)ساڵ لە تەمەنی خۆی بۆ فەرهەنگی کەلتووری و ئەفسانەکانی ئێرانی بە تایبەتی ناوچەی کرماشان و دەوروبەری تەرخان کردووە کە لە (٢٠) بەرگدا بووە، هەموو نووسینەکانی بە زمانی فارسی نووسیوە، بەڵام هەمووشی تایبەتە بە خەڵکی کرماشان و دەوروبەری کەلتوور و داب و نەریت و زوڵم و زۆرداری و ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی و نەهامەتیی خۆی و هەژاران، زۆر بە ڕوونی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەو هەڵگری بیروباوەڕی چەپ و نووسەرێکی ڕیالیزمی بووە، بۆیە هەموو کات پشت و پەنای چینی کرێکار و هەژاران بووە، بە هۆی هەڵوێستەکانی و نووسینەکانیشی چەندین ئازار و ئەشکەنجەی بینیوە، لە سەردەمی ڕژێمی شای ئێران و کۆماری ئیسلامیش چەندین جار لە نووسین قەدەغەکراوە، هەر بۆیەش لە لایەن نووسەرانی کوردی و عەرەبیش بایەخ بە نووسینەکانی دراوە و بەشی زۆریش لە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر



**نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس عەلی دەرویشیان**



**نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس عەلی دەرویشیان لە چەند کاتێکی جیاوازدا**

زمانی کوردی و عەرەبی، ئەو لە بواری چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕان و فەرهەنگسازی و منداڵان و لاوان، چەندین بەرهەمی نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانە هەندێکیانن:

**ڕۆمان:**

- ساڵە هەورییەکان، ساڵی ١٩٩١، دوو جار چاپ کراوەتەوە.
- ژووری تاکەکەسی ١٨، ساڵی ١٩٧٩ سێ جار چاپ کراوەتەوە.

کۆمەڵە چیرۆک:

- لەم سەرزەمینە، ١٩٧٣.
- لە نەبووەوە بۆ هەبوو، ١٩٧٩.
- وەرزی نان، ١٩٧٩.
- ئابشووران، ١٩٧٥.
- زوڵم (درشتی)، ١٩٩٤.
- لەگەڵ ئاوازەکانی باوکم، ١٩٧٤.
- شەوی ئاوسە، ١٩٩٨.
- چیرۆکە نوێ گەرمەکان ٢٠٠٤

**وەرگێڕان:**

- کورتە چیرۆک لە نووسەرانی هاوچەرخی کورد- تاران، ٢٠٠٥.

**منداڵان و لاوان:**

- ڕۆژنامە دیواری قوتابخانەکەمان، ١٩٧٩.
- کەی دەگەڕێیتەوە براکەم، ١٩٧٩
- ئاگرکەوتنەوە لە کتێبخانەی منداڵان، ١٩٧٩.
- گوڵ زێڕین و کڵاشی سوور، ١٩٧٩.
- هەوری ڕەشی هەزار چاو، ١٩٧٩.
- ڕەنگینە ، چیرۆک بۆ منداڵان، ١٩٧٤
- چیرۆکی ئەو ساڵانە، ٢٠٠٥.

نووسەر عەلی دەرویشیان جگە لە بواری چیرۆکنووسین، خەریکی کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و حەکایەتەکانی کرماشان و دەورووبەری بوو، باوەڕ و داب و نەریتی دەورووبەری کرماشان کۆکردۆتەوە و هێشتا چاپ نەکراون.




**بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆماننووس عەلی دەرویشیان**

نووسەر عەلی دەرویشیان لە شوێنێکدا دەڵێت:(چریکی چەکداری نەبووم، بەڵام هەموو کات چریکێکی فەرهەنگی و کەلتووری بوومە و قەڵەمەکەم وەک چەکێک بەکارهێناوە بەرانبەر بە ناتەبایی و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەژێر سایەی حوکمە دیکتاتۆرییەکانی ئێران).

ئەو لە ساڵی ١٩٧٣ لە گەڵ خاتوو شاناز دارابیان هاوسەرگیری کردووە، لە ٢٦ - ١٠ - ٢٠١٧ بە نەخۆشی لە نەخۆشخانەیەکی تاران کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام بێت.

**سەرچاوەکان:**


١ - ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات، نووسینێک لە ٢٦ - ١٠ - ٢٠١٧.

٢ - ماڵپەڕی کوردستان و کورد ماڵپەڕی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران، لە ٢٦ - ١٠ - ٢٠١٧.

٣ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٤ - خاک تیڤی، نووسینێک لە ٢٥ - ٤ - ٢٠٢٠.


٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## مەغدید حاجی

مامۆستای پەروەردە و شارەزای مێژووی نوێ و هاوچەرخ، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، مامۆستا مەغدید حاجی...

ناوی تەواوی(مەغدید حاجی ئەمین)ە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە گەڕەکی(عارەبان)ی شاری هەولێر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(مەولەوی) لە هەولێر و ناوەندی لە ناوەندیی(نعمان) لە ئەعزەمییەی بەغدا تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٧٠ خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواکردووە و وەکو مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی(گەرەوانی سەروو) لە قەزای ڕواندوز دامەزراوە، لە ساڵانی ١٩٧١ - ١٩٩١ وەکو مامۆستای سەرەتایی لە چەندین قوتابخانەی سەرەتایی لە پارێزگاکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن بەردەوام بووە.



نووسەر مەغدید حاجی
بە جاحێڵی

لە ساڵی ١٩٩٢ بە نیازی بەردەوام بوون لە خوێندن مۆڵەتی خوێندنی وەرگرتووە و ساڵی ١٩٩٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی



له لای ڕاستەوە: نووسەر مەغدید حاجی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری



له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی ئەکتەر و دەرهێنەر ئەحمەد سالار، نووسەر مەغدید حاجی

مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە و بۆ ماوەی ساڵێک وەکو(معید) خزمەتی خۆی گواستۆتەوە زانکۆی سەلاحەدین، دواتر گەڕاوەتەوە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، تاوەکو ساڵی ٢٠١١ وەکو مامۆستای مێژوو بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی ناو شاری هەولێر.

مامۆستا مەغدید حاجی لە ساڵی ٢٠١١ بڕوانامەی ماستەری لە بواری مێژووی نوێ و هاوچەرخ لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین

وەرگرتووە، نامەی ماستەرەکەشی بە ناونیشانی(عەزیز شەریف ١٩٠٤ – ١٩٩٠ ڕۆڵی سیاسی و هەڵوێستی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد)بووە، پاشان جارێکی دیکە خزمەتی خۆی گواستۆتەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەکو مامۆستای مێژووی نوێ و هاوچەرخ لە زانکۆی سۆران دەستبەکار بووە، دوای(٤٥)ساڵ خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن ساڵی ٢٠١٧ خانەنشیکراوە و ئێستا لە هەولێر دەژیت.

مامۆستا و نووسەر مەغدید حاجی هەڵگری بیروباوەڕی(چەپ)ە، لە ساڵی ١٩٧٠ بووەتە ئەندامێکی چالاک لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق، خەبات و چالاکییەکانی لە ڕیزەکانی ئەو حزبە بۆ پسپۆرانی بواری سیاسی لێدەگەڕێین.

ئەو وەکو نووسەر، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت، دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی و مێژوویی و هونەری و کەسایەتییەکانی کورد لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، تا ئێستا زیاتر لە(١١) کتێبی بە نرخ و سوودبەخشی لە هەمان ئەم بوارانەدا لە چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- ئافرەت لە شانۆی کوردیدا، چاپی یەکەم ١٩٨٩، چاپی دووەمیشی ئامادەیە بۆ چاپکردن.



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا سابیر کەریم، نووسەر مەغدید حاجی، مامۆستا خدر ئیسماعیل مەزن



له لای ڕاستەوە: خاتوو پاکیزە زرار سلێمان، نووسەر و مامۆستا مەغدید حاجی

- جەوهەر باپیر و نەوزاد مستەفا شەهیدانی شانۆی کوردی و شارە دێرینەکەی کوردستان ،١٩٩٢.
- کتێبێک بە زمانی عەرەبی دەربارەی ژیان و شیعرەکانی مەلا محەمەدی کۆیی (مەلای گەورە)، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ٢٠٠٨.
- حیزبی شیوعی عیراق دامەزراندن و سەرەتای ڕەوتی مێژوویی ١٩٣٤ - ١٩٤٠، چاپی یەکەم ١٩٩٧ ، چاپی دووەم ٢٠١٧.
- لە ئۆربیلۆم و ئەربەئیللۆوە بۆ هەولێر ،٢٠٠٩، کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی مێژوویی.
- عەزیز شەریف و کورد ،٢٠١٢ ، نامەی ماستەرەکەیەتی. لە لایەن نووسەر و وەرگێڕ(نەجات خۆشناو)وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و چاپکراوە.
- چەند بابەتێکی مێژوویی، ٢٠١٤.
- دڵزارم وا ناسیوە ، زیاتر لە(٤٠)کورتە وتار و بابەت دەربارەی ئەحمەد دڵزاری شاعیر.

- لـە وێسـتگەکانی ژیـان و خەباتـی کەریـم ئەحمـەد، ٢٠٢٣ ، لـە لایـەن نووسـەر(نەجات خۆشـناو) وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی، بـە کوردی و عەرەبی لەسـەر ئەرکی دکتـۆر عەدنـان محەمـەد مەکی چاپ و بڵاوکراوەتـەوە..
- کەسـایەتیی میـر محەمـەد ڕوانـدزی و دیـاردەی تونـدو تیـژی لـە فەرمانڕەواییـدا، ٢٠٢٣.
- سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی چەپ لە ڕواندز ١٩٣٩ - ١٩٤٩.

نووسـەر مەغدیـد حاجـی چەندیـن چالاکیـی دیکـەی لـە بـواری ڕێکخـراوە ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و پیشـەییەکان هەبـووە لەوانـە:

- لـە سـاڵی ٢٠٢٠ یەکێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی یەکێتیـی خانەنشـینانی کوردسـتان لـە هەولێـر و(٣) سـاڵیش ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی بـووە.
- ئەندامی سکرتاریەت و مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بووە.
- ئەندامـی کارای سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و فیدراسـیۆنی نێـو دەوڵەتییـە.



**نووسەر مەغدید حاجی و هاوسەرەکەی خاتوو پاکیزە زرار سلێمان و منداڵەکانیان(ئاراس، ئارەزوو، ئاشتی و ئاشنا)**



بەرهەمەکانی نووسەر مەغدید حاجی

- ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و مێژوویی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.

مامۆستای پەروەردە و نووسەر مەغدید حاجی لە ساڵی ١٩٧٦ هاوسەرگیری لە گەڵ خاتوو(پاکیزە زرار سلێمان) کردووە و خاوەنی کوڕێک و سێ کچن بە ناوەکانی(ئاراس، ئارەزوو، ئاشتی، ئاشنا) خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی مێژوو و ئەدەب و زمانی کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ – کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر مەغدید حاجی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دکتۆر ئەحمەد باوەڕ

مامۆستای زانکۆ و مێژوونووسی نوێ و هاوچەرخی کورد، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر و توێژەری ئەکادیمی، کۆکەرەوە و ساغکەرەوەی تێکست و ژیان و بەسەرهاتی شاعیران و کەسە ناودارەکانی گەرمیان و هەموو کوردستان، پڕۆفیسۆری یاریدەدەر ئەحمەد باوەڕ...

ناوی تەواوی(ئەحمەد محەمەد ناسر وەیسی) یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە دکتۆر ئەحمەد باوەڕ ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی (غێدان)ی ناوچەی (بنکوورە)ی سەر بە ناحیەی(قۆرەتوو)ی قەزای خانەقین لە دایکبووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە خانەقین و گەرمیان تەواوکردووە، بەشی مێژووی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە و لە ١٦ - ١١ - ١٩٩٣ وەکو مامۆستای ناوەندی و دواناوەندییەکان لە شاری کەلار دەستبەکار بووە، دواتر خزمەتی خۆی گواستۆتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو و توێژینەوەی زانستی، ماوەیەکیش بابەتی(کوردناسی)لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار وتووەتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی کۆیە بەدەستهێناوە و نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی(دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی نێوان



له لای ڕاستەوە: دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، دکتۆر ئەحمەد باوەڕ



له لای ڕاستەوە: دکتۆر خەلیل مراد، دکتۆر ئەحمەد باوەڕ

عێراق و ئێراندا ١٩٣٧- ١٩٤٧) بووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە بووەتە مامۆستای یاریدەدەر لە بواری مێژووی نوێ و هاوچەرخ لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی، لە ٢٠ی ئاداری ٢٠١٤ ناسناوی زانستی بووەتە(مامۆستا)، لە ٢٥- ئاداری ساڵی ٢٠١٧ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەری پێبەخشراوە، بۆ ماوەی(٤)ساڵ سەرۆکی بەشی مێژوو بووە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی گەرمیان، لە ساڵی ٢٠٢٢ بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە، نامەی دکتۆراکەشی

بە ناوی(پەرەسەندنەکانی دۆزی کورد لە عێراق و کاریگەریی لە سەر کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ١٩٥٨- ١٩٧٩) بووە.

نووسەر لێکۆڵەر و توێژەر دکتۆر ئەحمەد باوەڕ، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی هەمەجۆر کردووە، لە ساڵی ١٩٨٦بۆ یەکەمین جار نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی لە گۆڤاری(بەیان) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی کەوتۆتە ناو دنیای نووسین لە بوارەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی و کۆکردنەوە و



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ئەحمەد باوەڕ، دکتۆر کوردستان موکریانی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و زماناس و فەرهەنگناس فەرهاد شاکەلی، دکتۆر ئەحمەد باوەڕ، دکتۆر حەسن جاف

ساغکردنەوەی تێکست و بەسەرهات و سەربردەی شاعیران و کەسایەتییە ناودارەکانی ناوچەی خانەقین و گەرمیان و هەموو کوردستان، هەندێکی لە چەند کتێبێکی بە نرخ و سوودبەخش چاپکردووە و هەندێکی دیکەشی لە گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکانی زانکۆکانی کوردستان بڵاوکردۆتەوە و چەند لێکۆڵینەوە و توێژینەوەشی بە زمانی عەرەبی لە گۆڤارە عەرەبییەکان بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە ساڵانی ئینتیدابی بەریتانیادا ١٩٢٠ – ١٩٣٢، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر یاسین سەردەشتی، دکتۆر ئەحمەد باوەڕ



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ئەحمەد باوەڕ، نووسەر سالار سەمین



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ئەحمەد باوەڕ، دکتۆر کەمال مەزهەر



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کاوس قەفتان، دکتۆر ئەحمەد باوەڕ

- ئۆزدەمیر و کورد، کورتەیەک لە مێژووی ململانێی بەریتانیا و تورک لە باشووری کوردستان ١٩١٨ - ١٩٢٣، وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠.
- جوولەکەکانی کوردستان داب و نەریتیان، هۆی کۆچکردنیان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٠.
- شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین و دەنگی ڕەسەنی شیعر ١٩٥٥-١٩٧٩، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٠.
- گوڵە پەپوولەییەکانی کەناری سیروان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی منداڵانی کوردستان، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠.



له لای ڕاستەوە: دکتۆر ئەحمەد عوسمان، دکتۆر ئەحمەد باوەڕ

- چارەنووسی گەلی کورد لە کۆنگرەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.
- شاعیری شەهید محەمەد پەژار ١٩٥٤- ١٩٩١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- دیاری کوردستان لاپەڕەیەکی پڕشنگدار لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- کۆمەڵەی یانەی سەرکەوتن، وەزارەتی شاروانی- شارەوانی کەلار، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠٠٤.
- دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق و ئێراندا ١٩٣٧- ١٩٤٧(نامەی ماستەرەکەیەتی) دوو جار چاپکراوەتەوە، سلێمانی ٢٠١٠ و ٢٠١٤.
- دیوانی شەهید محەمەد پەژار، ڕۆشنبیری گەرمیان، ٢٠١٤.
- باشووری کوردستان لە بەر ڕۆشنایی دەستنووس و یاداشتەکانی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی دا ١٨٨٦- ١٩٣٨، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، تاران، ٢٠١٧.
- سەربەهوردی ڕۆژبەیانی بە کورتی، ناوەندی توێژینەوەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، ٢٠١٨.

- یانەی سەرکەوتنی کوردان، لێکۆڵینەوەیەکی دوکیومێنتاری مێژوویی ١٩٣٠ - ١٩٦٤، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی ٢٠١٤.
- گەرمیان و ناوچەی خانەقین لە سایەی وڵاتانی گەورە و فەرمانڕەواکانی عێراقدا ١٩١٤- ١٩٧٥، ناوەندی کەلتووری کۆچ، سلێمانی، ٢٠١٩.
- مێژووی عێراقی هاوچەرخ ١٩١٤ - ١٩٦٨، لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی سیاسی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٨.
- ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقین لە هاوکێشە سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕووسیا و بەریتانیا گەورەدا ١٩١٨- ١٩٢١.

چەند کتێبیکی دیکەش.

دەیان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیشی لە گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکان بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی گەرمیان١٩٣٩ - ١٩٧٢،




بەرهەمەکانی دکتۆر ئەحمەد باوەر

گۆڤـاری ئەکادیمـی کـوردی، هەولێـر، ٢٠١٣.

- جـەلال بیـلال مسـتەفا ١٩٢٣ – ١٩٩٣، یەکـەم قائیمامـی قـەزای کـەلار و ڕۆڵـی لـە بـواری کارگێڕیـدا، ژمـارە(٣)ی گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان، ٢٠١٤.
- یانـەی سـەرکەوتنی کـوردان ١٩٣٠ – ١٩٦٤ ڕۆڵـی لـە بـواری سیاسـی و ڕووناکبیریـی کوردیـدا، ژمـارە(٥)ی گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان، ٢٠١٤.
- کێشـەی ویلایەتـی موسـڵ و بارودۆخـی ناوچـە کوردنشـینەکان ١٩١٨–١٩٢٦، ژمـارە(٦)ی گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان، ٢٠١٤.
- خەسـرەوی زوربـە و کوردەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە گەرمیـان ١٩٣٧ – ١٩٥٥، ژمـارە(٢٣)ی گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، هەولێـر، ٢٠١٥.
- ڕۆڵـی مامۆسـتا محەمـەدی مـەلا ئەحمـەدی دەککە، لـە نێوان خەباتی سیاسـی و پەروەردەییدا ١٩٣٤ – ٢٠١٢، ژمارە(٨)ی گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.
- مـەلا عارفـی مـەلا یەحیـای خانەقیـن لەبـەر ڕۆشـنایی دەسـتنووس و یاداشـتەکانیدا ١٩١٢– ١٩٩٨، ژمارە(٦)ی گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیـە، ٢٠١٥.
- یەکەمین قوتابخانـەی سـەرەتایی کـەلار لـە سـەردەمی پاشـایەتیدا ١٩٣١ – ١٩٥٨، ژمـارە(٣٥)ی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی هەولێر، ٢٠١٦.
- باجـەڵان و میرایەتـی باجـەڵان لـە سیاسـەتی دەوڵەتـی عوسـمانی و فەرمانڕەواکانـی ئێرانـدا، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، هەولێـر، ٢٠١٦.

چەندین لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوەی دیکەشـی لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە کوردی و عەرەبییـەکان بڵاوکردۆتـەوە.

مامۆسـتا زانکـۆ و نووسـەر و مێژوونـووس دکتـۆر ئەحمـەد بـاوەڕ وەکـو ڕۆژنامەنـووس و کاری ڕێکخـراوە ئەدەبیی و ڕووناکبیریی و ڕۆشـنبیریی چەندیـن چالاکی دیکـەی هەبـووە و هەیـە لەوانـە:

- وەکـو نووسـەر سـاڵانێک لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ گۆشـەیەکی تایبەتـی هەبـووە بـە ناوی(ناودارانـی کـورد لـە سـەدەی بیسـتەم)، لـە هەفتەنامەی(ڕێـگای کوردسـتان)یش گۆشـەیەکی تایبەتـی هەبـووە بـە ناوی(پەیامـی گەرمیـان).

- وەکو ئەندامی دەستەی نووسەران و نووسەر و سەرنووسەری ئەم گۆڤارانەش(تۆژەر، زانکۆی گەرمیان، کەرکوک، هەشتاو هەشتی تایبەت بە ئەنفال، بانەڕۆژ)کاری کردووە.
- بەشداریی دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەی ئەدەبی و ڕووناکبیری و ڕۆشنبیری لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردووە.
- ئەندامی یەکێتیی مێژووناسانی عێراقە.
- ئەندامی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عێراقە.
- ئەندامی کۆڕی ڕۆشنبیریی کوردییە.
- ئەندامی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆریی کوردە.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری دایۆلۆگی کوردە.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی(امل)ی عێراقییە.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بنکەی ئەدەب و ڕوناکبیری گەلاوێژە.
- لە نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو سەرۆکی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی پارێزگای کەرکووک- لقی گەرمیان بووە.

بۆ نووسەر و مێژوونووس و لێکۆڵەر دکتۆر ئەحمەد باوەڕ هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و کەلتوور و مێژووی کوردیمان.

**سەرچاوەکان:**

١ – کورتەیەک ژیاننامەی دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم
٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شڤان پەروەر

هونەرمەندی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی نەتەوەیی شڤان پەروەر...

ناوی تەواوی(ئیسماعیل ئایگون)ە، لە ٢٣- ٩ - ١٩٥٥ لە گوندی(سۆری)ی سەر بە شاری (رحا)ی پارێزگای(ئورفە) لە باکووری کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخەنەی(تورنا)هەر لە گوندەکەی خۆیان خوێندووە، ئەو لە پۆلی دووەمی سەرەتایی بووە لە گەڵ کوڕی حاجی بەکر ئاغای گوندی لە یەک پۆل بووینە، دیارە ڕۆژێکیان بەیەکەوە یارییان کردووە و بەربۆتەوە و گریاوە و لای باوکی شکایەتی کردووە، بەکر ئاغاش شڤان پەروەری دارکاری کردووە، کە هاتۆتەوە ماڵەوە لای دایکی باسی کردووە، دایکیشی پێی وتووە: بە باوکت مەڵێ، دواتر کە باوکی زانیویەتی بەرەنگاری حاجی بەکر ئاغا بووە، بەڵام خەڵکی گوندەکەیان بە هەر هەموویان باوکیان بەرد بارانکردووە، لەو ڕۆژەوە شڤان پەروەر دژی ئاغا و دەرەبەگ و ستەمکارانە و وێڵی ئازادی و سەربەخۆییە.

ئەو هەر لە تەمەنی گەنجێتیدا دەستی بە گۆرانیی وتن کردووە، بەهۆی هەڵوێستە شۆڕشگێڕی و لە ترسی دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکیا ساڵی



هونەرمەند شڤان پەروەر لە کۆڕێکی هونەریدا

١٩٧٦ ڕووی لە هەندەران کردووە و لە شاری(بۆن)ی وڵاتی ئەڵمانیا وەکو پەنابەر نیشتەجێ بووە.

وەکو گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و ئامێری(طنبور- تەنبور)ژەن بەردەوام بووە لە وتنی گۆرانیی نیشتمانی و نەتەوەیی، لە بەشی زۆری بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە وڵاتانی ئەوروپا و زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان بەشدار بووە و دەیان ئاهەنگ و کۆنسێرتی لە شارەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەوروپا ئەنجامداوە، تا ئێستا خاوەنی زیاتر لە(٢٥) ئەلبۆمی گۆرانی و مۆسیقایە کە بەشێکی زۆری تێکست و ئاوازەکان هی خۆیەتی کە ئەمانەن:

- گۆڤەندا ئازادیخوازان (١٩٧٥)
- هەڤالێ بارگرانم (١٩٧٦)
- هەرنە پێش (١٩٧٧)
- ئەی فەرات (١٩٧٨)
- کینە ئەم؟ (١٩٧٩)

- های دل (١٩٨٠)
- گەلێ من ڕابە (١٩٨١)
- ئاگری (١٩٨٢)
-بلبلۆ/فەرزێ (١٩٨٣)
- دۆتمام (١٩٨٥)
- لێ دیلبەرێ (١٩٨٦)



هونەرمەند شڤان پەروەر لە کارێکی هونەریدا



هونەرمەند شڤان پەروەر لە کارێکی هونەریدا

- هەڵەبجە (١٩٨٨)
- بلبلە دلشادی/هەڵەبجە (١٩٨٨)
- خەونا من / قاسملۆ (١٩٩١)
- زەمبیلفرۆش (١٩٩٢)
- یا ستار (١٩٩٥)
- نازێ (١٩٩٦)
- هێڤیا تە (١٩٩٩)
- ڕۆژ و هەیڤ (٢٠٠٠)
- سارێ (٢٠٠١)
- هەلبەستێن بژارتییێن ١-کریڤێ،٢٠٠٢، ٢ - کلاسیک، ٢٠٠٣.
- هەلبەستێن بژارتییێن ٣، ٢٠٠٤.
- من بیریا تە کریە، ٢٠٠٤.
- دەستانا ڕۆژاڤا، ٢٠١١.
- شڤاننامە-گازند، ٢٠١٣.




له لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئیبراهیم تاتلساز، هونەرمەند شڤان پەروەر



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خاتوو گوڵستان، هونەرمەند شڤان پەروەر**

- کتێبی چیرۆکا نەورۆزێ، لە گەڵ کاسێتی دەنگ و مۆسیقا (شڤان پرۆدێکشن)، چاپخانەی ئاپیک، ١٩٩٠.

ئەو بە دوو قۆڵی گۆرانی لەگەڵ هونەرمەند خاتوو گوڵستان، ئیبراهیم تاتلساز و چەندین هونەرمەندی دیکە وتووە).

ئەو چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ئەڵمانیا ڕێکخراوی کولتووریی نێونەتەوەیی شڤان پەروەر (Şivan Perwer International Culture Foundation)ی دامەزراندووە.
- ئەلبوومی «من بێریا تە کریە» خەڵاتی Grands prix du Disque et Audiovisuels (گرنگترین خەڵاتی مۆسیقای فەڕەنسا)ی لە ساڵی ٢٠٠٤ لە بەشی مۆسیقای جیهاندا پێیبەخشراوە..




**هونەرمەند شڤان پەروەر لە چەند کارێکی هونەریدا**

- لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ لە کاتی کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنیTRT٦ داوای لێکرا بەشداری بکات، بەڵام ئەو ڕازی نەبووە و ئامادەش نەبووە ڕۆژی ٩ - ١ - ٢٠٠٩ کەناڵەکە فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی ئەو پەخش و بڵاوکردۆتەوە.

لە دوای(٣٧) ساڵ ڕۆژی ١٦- ١١ - ٢٠١٣ هونەرمەند شڤان پەروەر بۆ یەکەم جار گەڕاوەتەوە تورکیا و سەردانی دیاربەکری کردووە.

ئیستا ئەو لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژیت، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:
١ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٢ - کوردیپێدیا.
٣- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شەهریبانا کوردی

هونەرمەندی گۆرانی و سرووودی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی شەهریبانا کوردی بەسەر دەکەینەوە...

هونەرمەندی دەنگخۆش شەهریبانا کوردی لە ساڵی ١٩٧٣ لە شاری(ئەزمیر)ی وڵاتی تورکیا لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، هەر لەتەمەنی منداڵییەوە حەز و ئارەزووی لە گۆرانیی کوردی بووە، ئەو لە ساڵی ١٩٨٣ کە تەمەنی(١٠) ساڵ بووە بۆ یەکەم جار لە کێبڕکێیەکی موزیکی گەلانی تورکیا(Turk Halk Müziği)لە شاری ئەزمیر بە گۆرانییەکی تورکی بە ناوی(Ben Dogarken Aglamişim)کە بە مانای(ئەو ڕۆژەی هاتمە دنیا گریام)دێت، بەشدار بووە و پلەی یەکەمی پێبەخشراوە، دیارە لە سەرەتای چوونە ناو دنیای هونەری گۆرانی هەندێ لە ئەندامانی خێزانەکەی ناڕەزاییان هەبووە بە تایبەتی باوکی، دواتر زۆر ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردووە و ڕازی بووە، ئیدی چووەتە ناو دینای گۆرانی و سروود و لاوکی کوردی، لە ساڵی ١٩٩١ یەکەم گۆرانی بە ناوی(ئەز کەچم کەچی کوردانم.....) بڵاوکردەوە کە بەشێوەیەکی زۆر فراوان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بڵاوبووەوە.

هونەرمەند خاتوو شەهریبانا کوردی لە نیوەی دووەمی نۆهەتەکانی



هونەرمەند خاتوو شەهریبانا کوردی



هونەرمەند شەهریبانا کوردی و هاوسەری و یەك لە کچەکانی لە بەرنامەی مەهدی مێڤانە

سەدەی ڕابردوو لەگەڵ هاوسەرەکەی لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژین و خاوەنی دوو کوڕو دوو کچن.

زیاتر لە(٢٠)ساڵێکە کوردستانی باکووری لێ قەدەغەکراوە، بەڵام چەند جارێک سەردانی باشووری کوردستانی کردووە و لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بە تایبەتی بۆ ئاهەنگەکانی(نەورۆز) هاتۆتەوە ئاهەنگی بۆ هەوادارانی گێڕاوە، ئەو تا ئێستا خاوەنی (٥) ئەلبۆمە کە چەندین گۆرانی



هونەرمەند خاتوو شەهریبانا کوردی

و سروود و لاوکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەڤینی لە خۆدەگرێت، کە ئەمانەن:

- ئەز کەچم کەچا کوردانم، ١٩٩١، تورکیا.
- سۆر گولا من، ١٩٩٢، تورکیا.
- یەک، دو، سێ، ١٩٩٣، تورکیا.
- ئەم هاتن، ١٩٩٥، ئەڵمانیا
- ئەڤینا ستranان، ٢٠٠٥، ئەڵمانیا، کە لە ئاواز و دانانی هونەرمەندی گەورەی کورد دڵشاد سەعیدە.

لە گۆرانییە بە ناوبانگەکانی(وەڵاتێ مە کوردستانە، ئەز کەچم کچا کوردانم، غەریبی، ناچێ ژ بیرا من، بێریڤان، گەنج خەلیل، کابۆکێ، ئای دڵ، دلێ من، ئەم هاتن، پێشمەرگە، هەی واخ لە من واخ، یەک-دوو-سێ، من نێرگز و بەیبونم و چەندانی دیکەش).

هونەرمەند خاتوو شەهریبانا کوردی چەندین گۆرانی بە دوو قۆلی لە




**هونەرمەند خاتوو شەهریبانا کوردی لە چەند کاتێکی جیاوازدا**

گەڵ هونەرمەندانی کوردستان ووتووە لەوانە هونەرمەندان(ناسری ڕەزازی، شڤان پەروەر و چەندانی دیکەش).

بۆ هونەرمەند خاتوو شەهریبانا کوردی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٢ - ماڵپەڕی WAAR MIDIA، فلمێکی دوکیومێنتاری، بەرنامەی مەهدی میڤانە.
٣ - چەندین فلمی دوکیومێنتاری لەYOUTUBE.
٤ - ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی ژن JINHA، لە ٢٠ - ٣ - ٢٠٢١.
٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سابات محەمەد ساڵح

مامۆستای شانۆ و بنەماکانی شانۆ لە(شاوشپیل شوولەی هانۆڤەر)، هونەرمەندی شانۆ و دراما و کورتە فلیم و فلیمی سینەمایی، خاتوو سابات محەمەد ساڵح ...

هونەرمەند خاتوو سابات محەمەد ساڵح لە ساڵی ١٩٧٤ لە گەڕەکی(کانێسکان)ی ناو شاری سلێمانی لە خێزانێکی ناسراوی شارەکە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩٠ - ١٩٩٤ بەشی شانۆی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، پاش ساڵی ٢٠٠٥ بە هۆی هاوسەرگیریکردنی چووەتە وڵاتی ئەڵمانیا و لەوێ نیشتەجێبووە، پاش فێربوونی زمانی ئەڵمانی لە ساڵی ٢٠١٧ ماوەی ساڵێک بەشی(پەروەردەی شانۆ)ی لە زانکۆی هانۆڤەر خوێندووە، دواتر بە(ئۆن لاین- ONLINE) بەشداریی کورسی فێربوونی فلیمی بە سەرپەرشتی هونەرمەند(شەهرامی ئەلیدی) کردووە، ماوەیەکیش لە(شاوشپیل شووولەی



هونەرمەند خاتوو سابات محەمەد ساڵح بە منداڵی



**هونەرمەند سابات محەمەد ساڵح لە کارێکی هونەریدا بۆ منداڵان**

هانۆڤەر)وانـەی شـانۆ و بنەماکانـی شـانۆی بـە قوتابیـان وتووەتـەوە.

هونەرمەنـد خاتـوو سـابات محەمـەد سـاڵح هـەر لـە منداڵییـەوە حـەز و ئـارەزووی لـە هونـەری شـانۆ و نوانـدن بـووە، باوکـی و دایکـی یەکەمیـن هانـدەر و پشـتگیری بوونـە، لـە چەندیـن کاری هونـەری لـە گەڵیدا ئامادەبووینە، تیـر و تانـە و توانجـی خەڵکیـان قبووڵکـردووە، ئـەو هێشـتا قوتابـی هونـەرە جوانـەکان بـووە لـە چەندین کاری هونـەری بەشـداریکردووە، بۆ یەکەمین جار بەشـداریی لـە کارێکـی هونـەری بـە زمانـی عەرەبـی بـە ناوی(الجـراد- کوللـە) کـردووە کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد لەتیـف یوسـف بـووە، ئیتـر بـەردەوام بـووە لـە بەشـداربوون لـە شـانۆگەری و درامـا و کورتـە فلیـم و فلیمـی درێـژ بـە زمانـەکانـی کـوردی و عەرەبـی و ڕووسـی و ئەڵمانـی ئەمانـەی خـوارەوە هەنـدێ لـە کارە هونەرییەکانییەتـی:

- لـە سـاڵی ١٩٩٠ بەشـداری لـە شـانۆگەریی(لغة الجبل- زمانـی چیـا)ی بـە زمانـی عەرەبـی کـردووە کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد باکـۆ سـۆرانی بـووە.

- هەر لە هەمان ساڵدا بەشداری لە شانۆگەریی(الملكة و المتمردون - شاژن و یاخیبووان) بە زمانی عەرەبی کردووە کە لە دەرهێنانی هونەرمەند ئیسماعیل هەورامی بووە.
- ئەو کاتەی قوتابی بووە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەشداری لە چەندین کاری هونەری کردووە لەوانە(شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە)کە لە دەرهێنانی هونەرمەند ئاکۆ ڕەئووف بووە کە ساڵی ١٩٩٢ لە سلێمانی نمایشکراوە.
- لە گەڵ هاوڕێیانی(کەشکۆڵ)هەر یەک لە هونەرمەندان سیروان جەمال




هونەرمەند سابات محەممەد سالح لە شانۆگەریی ئاوایی پێکەسە



هونەرمەند سابات محەممەد ساڵح لە کارێکی هونەریدا بۆ ژنان

و کەمال سابیر و چەندانی دیکەش بەشداری لە چەندین کاری هونەری کردووە لەوانە شانۆگەریی(شا ئەمرێت)کە لە دەرهێنانی هونەرمەند دانا کەریم بووە.

- لە ساڵی ١٩٩٧ لە گەڵ تیپی شانۆی(پێشڕەو)بەشداری لە شانۆگەریی(ئاوایی



هونەرمەند سابات محەمەد ساڵح لە فلیمی سورمێ خان- دا



هونەرمەند سابات محەمەد ساڵح لە فلیمی گێژاودا



هونەرمەند سابات محەممەد ساڵح لە کاتی خەڵاتکردنی لە نمایشی ڕاگوزاریدا

بێ کەسـە)کردووە کە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد ئـازادی حەمـە بچکۆل بووە..

- وەکو ئەکتـەر بەشـداری لـە یەکـەم فلیمـی درێـژی کوردی(سـورمە خـان) کـردووە، کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد نەجـم هۆگـر بـووە.
- لـە سـاڵی ١٩٩٨ وەکـو ئەکتـەر و ڕۆڵـی سـەرەکی بینیـوە لـە شـانۆگەریی(کۆبوونەوەیەکی نهێنی)کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد مـەم بورهـان قانـع بـووە.
- وەکو ئەکتـەر بەشـداری لـە فلیمی(گێـژاو) کـردووە کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد هـاوڕێ مسـتەفا بـووە.
- لـە سـاڵی ٢٠٠٤ وەکو ئەکتـەر بەشـداری لـە کورتـە فلیمی(ژنێ لـە هـۆزی تەم)کـردووە کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد ئەشـکان ئەحمـەدی بـووە.
- وەکو ئەکتـەر بەشـداری لـە درامای(گەردەلوول)کـردووە کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد جەلیل زەنگەنـە بـووە.
- لـە سـاڵی ٢٠٠٥ وەکـو ئەکتـەر بەشـداری لـە درامای(گـەڕان بـە دوای سـێبەرەکان)کردووە کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد هـاوڕێ مسـتەفا بـووە.

هونەرمەنـد خاتـوو سـابات محەمـەد سـاڵح ئـەو کاتـەی چووەتـە وڵاتـی

ئەڵمانیا بە هۆی سەرقاڵبوونی بە ماڵ و منداڵ و فێربوونی زمان و کەلتووری ئەڵمانی ماوەیەک لە کاری هونەری دوورکەوتۆتەوە، بەڵام هەموو کات هونەری شانۆ و تەمسیل لە بیر و هۆشیدا بووە، بۆیە لە ساڵی ٢٠١٥ بە هاوکاریی چەند هونەرمەندێک توانیویانە گروپی شانۆی(سکێچ) لە وڵاتی ئەڵمانیا دابمەزرێنن، کە تا ئێستا زیاتر لە (٤٥) کاری شانۆییان لە بەشی زۆری وڵاتانی ئەوروپا و کوردستان پێشکەش کردووە.

لە ساڵی ٢٠١٧ بەشداری لە شانۆگەریی(لە بەردەم ئاوێنەکە)بە زمانی ئەڵمانی کردووە کە لە دەرهێنانی هونەرمەند شوان کەریم بووە.

لە ساڵی ٢٠١٨ وەکو ئەکتەر بەشداری لە شانۆگەریی(گەر بڕیارە بمرین)کردووە کە لە دەرهێنانی هونەرمەند شوان کەریم بووە.

وەکو ئەکتەر بەشداری لە فلیمێکی درێژ بە ناوی(ڕەحمێکمان پێ بکە) کردووە، کە بە زمانەکانی کوردی و ڕووسی و ئەلمانی بووە و لە دەرهێنانی هونەرمەند(ئەلێکسەندەر لۆف)بووە.

وەکو ئەکتەریش بەشداری لە فلیمی(سامورایيە میهرەبانەکە) کردووە کە لە دەرهێنانی هونەرمەند جووی یوۆ بووە.

هونەرمەند خاتوو سابات حمەمەد ساڵح ئێستا لە ئەڵمانیا خەریکی



٩ - هونەرمەند سابات محەمەد ساڵح لە نمایشێکی هونەریدا لە شاری(شتوتگارت)ی ئەڵمانی







خوێندنە لە بواری پەروەردەی منداڵان، بڕیارە ساڵی داهاتوو تەواوی بکات.
چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆکراوە.

بۆ هونەرمەند خاتوو سابات محەمەد ساڵح هەر سەرکەوتن و بەردەوام بیت  بۆ خزمەتی هونەری شانۆ و دراما و فلیمی سینەمایی کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و کارە هونەرییەکانی هونەرمەند خاتوو سابات محەمەد ساڵح، شاعیر خاتوو سروە عوسمان لە هەولێرەوە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# تەها خەلیل

ئـەو هونەرمەنـدە ئەکتـەرەی نوانـدن شـەرمی لێدەکـرد، هـەر خۆشـی وتویەتی(تاکە ئاواتم ئەوەیە لە سەر تەختەی شانۆ یان لە کارێکی هونەریدا کۆتایـی بـە ژیانـم بێت) هونەرمەنـدی ڕەوانشـاد تەهـا خەلیـل...

نـاوی تەواوی(تەهـا خەلیـل حسـێن)ە، لـە ناوەنـدی هونەریشـدا بە(حاجـی ئەکرەم)ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٤٠ لـە گەڕەکی(مەڵکەنـدی)ی شـاری سلێمانی لـە دایکبـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی هـەر لـە شـاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥٨ بەشی شانۆ و دەرهێنانی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانـی لـە بەغـدا بـە سـەرکەوتوویی تەواوکـردووە و بووتـە مامۆسـتای هونـەر و دواتریـش لـە سـاڵی ١٩٧٧ وەکـو سەرپەرشـتیاری هونـەری لـە بەڕێوەبەرایەتیی پـەروەردەی سلێمانی بـەردەوام بـووە لـە خزمەتکردن، ئەو پیاوێکی خاوەن بیروباوەڕی(چەپ) بـووە زۆریش کوردپـەروەر بـووە، بۆیـە هـەر لـە بـەر هەڵوێستە سیاسییەکانی چەندین جار لێپێچینەوە و لێپرسینەوەی لـە گـەڵ کـراوە و لـە کـەرتی پـەروەردەش دوور خراوەتـەوە.

هونەرمەندی تەمسیلییە و شانۆ و زنخیرە درامای تەلەفزیۆنی تەها خەلیل هێشـتا قوتابیـی ناوەنـدی بـووە زۆر عەشـقی نوانـدن بـووە، لـە سـاڵی ١٩٤٩ یەکەمین کاری هونەریی بەشداریکردنی بووە لە شانۆگەریی(قوربانییەک) لە







هونەرمەند تەها خەلیل لە  چەندکارێکی هونەریدا

شارۆچکەی (چوارتا)،هەندێ سەرچاوەش دەڵێن: یەکەمین کاری هونەریی بەشداریکردنی بووە لە شانۆگەریی(کەرەلۆتی مەنوچەهر) کە لە نووسینی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بووە، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردووو، لە بەر کەمیی ئەکتەری ژن، ئەو چەندین دەوری ژنانی بە سەرکەوتوویی بینیوە لەوانە(باجی ئایشێ، باجی خونچە، باجی ڕەحمە و چەندانی دیکەش)، بەشداریی زیاتر لە(٨٠) تەمسیلییەی ڕادیۆیی و(٢٠) تەمسیلییەی تەلەفزیۆنی کردووە، لەوانەش(شانۆگەریی لالۆ کەریم ساڵی ١٩٧٧، شانۆگەریی تەنەکە ساڵی ١٩٧٧، شانۆگەریی میرات ساڵی ١٩٨٣، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١یش،

بەشداریی بەشی زۆری کارە هونەرییە جوانەکانی دەرهێنەر حسێن میسری و دەرهێنەرەکانی دیکەشی کردووە لەوانە(ڕەشەی پۆلیس، حەسەنە فەنی، نامەکانی ئەشرەف، درامای جەمعە، درامای گەڕان بە دوای سێبەرەکان و چەندانی دیکەش).

هونەرمەند تەها خەلیل زۆر عەشقی شانۆ و نواندن بووە، هەموو



هونەرمەند تەها خەلیل و
هاوسەرەکەی و منداڵێکیان



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند تەها خەلیل،
خاتوو هاوسەرەکەی





هونەرمەند تەها خەلیل

ژیانی خۆی بۆ خزمەتی هونەری تەرخان کردبوو، لە شوێنێکدا دەڵێت:(تاکە ئاواتم ئەوەیە لەسەر تەختەی شانۆ یان لە کارێکی هونەردا کۆتایی بە ژیانم بێت)، ئەو لە هەموو کارە هونەرییەکانی دەق و تێکستەکانی بە شێوەیەک جێبەجێ کردووە وەکو ئەوەی ژیانی ڕاستەقینەی خۆی بێت، لە ڕۆژی ١٧ - ١١ - ٢٠١٠ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی سەیوان بە خاک سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.



پەیکەری هونەرمەند تەها خەلیل

لە شاری سلێمانی باخچەیەک بە ناوی هونەرمەند تەها خەلیل کراوە، هەر لە شاری سلێمانیش پەیکەرێک بۆ ئەو هونەرمەندە دیار و ناسراوە داندراوە.

**سەرچاوەکان:**


١ - کوردیپیدیا.

٢ - فلمێکی دوکیومێنتاری لە کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردسات، بەرنامەی کوردبین.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Roj,فلمێکی دوکیومێنتاری لە ١٥ - ٧ - ٢٠٢١.

٤ - چەند وێنەیەک لە ماڵپەڕی مەڵبەندی گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی، وەرگیراوە.

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# جەلیل عەباسی

شاعیر و نووسەر و میدیاکار و ڕۆژنامەنووس، لێکۆڵەر و توێژەر و وەرگێڕ، ئاڤێستاناس و شارەزای ئایینە کەڤنارەکان، مامۆستا جەلیل عەباسی....

ناوی تەواوی(جەلیل عەباسی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە(ج. قەقنەس) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی(کێمنە)ی ناوچەی( هەورامانی لهۆن)ی سەر بە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایکبووە، پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، ساڵی ١٩٨٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمان و ئەدەبی فارسی لە زانکۆی(ئەرەک) بەدەستهێناوە، لە دام و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو میدیاکار و ڕۆژنامەنووس بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، لە ساڵانی ١٩٨٢، ١٩٩٣، ١٩٩٧ بە هۆی زەردەشتبوونی و هەڵوێستە سیاسییەکانی چەندین جار دەستگیرکراوە و دواتر ئازادکراوە، لە ساڵی ١٩٩٨ەوە، لە باشووری کوردستان نیشتەجێبووە و ئێستا فەرمانبەرە بە پلەی(شارەزا – خبیر) لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان.

شاعیر و نووسەر جەلیل عەباسی هەر لە منداڵییەوە خولیای شیعر و



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو، نووسەر جەلیل عەباسی**

زمانـی و ئەدەبـی کـوردی و فارسـی بـووە، لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٨ەوە، گرۆگاڵی شیعر نووسینی کردووە و لـە سـاڵی ١٩٨١ەوە، دەسـتیکردووە بـە بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکانـی لـە ڕۆژنامـەو گۆڤـارە فارسـی و کوردییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەوانە(سـروە، ئاوێنـە، ئاویـەر، ئابـان، کەیهـان، ایـران فردا، جامعـە، سـوبح امروز، ئەندێشـە، زرێبار، گـەردوون، میراجی و چەندانی دیکـەش)، لـە پـاش سـاڵی ١٩٩٨چەندیـن بابەتـی هەمەجـۆری لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییەکانـی باشـووری کوردسـتان لەوانە(ڕامـان، کاروان، گـوڵان، نووسـەری نـوێ، خـازر، جەمـاوەر، میدیـا، برایەتـی، برایەتیـی ئـەدەب و هونـەر، هەڵەبجـە، بـارزان، پەرلەمانتـار، چـلاوز، هەڵبـوون، قـەڵای کەرکـووک، کوردنـاس، سـتایل، دیدی نوێ، ئیسـرائیلکورد، شاوشـکا، مـان، بەیداخ، پەیامی ئاشـتی، نمـا، ڕێگای کوردسـتان، ڕزگاری، پڕشـنگ، هەولێر، بەدرخـان، ئاسـۆی فۆلکلـۆر و چەندانـی دیکەش)بڵاوکردۆتـەوە، دواتـر ڕووی لـە نووسـینی وتـار و لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوە و وەرگێرانـی بابەتـی ئـەدەبـی و ڕۆشـنبیری و مێژوویی و ئایینی کردووە، لەم بوارانەدا(٣٥)کتێبی پوخت و ئاست بـەرزی بـە زمانێکـی کـوردی سـادە و سـاکار و بـە تـام و چێـژی ناوچـەی هەورامـان

نووسیوە، چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە، چەندین بەرهەمی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ، بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن:

- ئاڤێستا مێژینەترین سرووودی کورد، بەرگی یەکەم گاتاکان، کۆکردنەوە، وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەلیل عەباسی، هونەرمەند مەزهەری خالقی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەدنان کەریم، نووسەر جەلیل عەباسی



لەلای ڕاستەوە: نووسەر جەلیل عەباسی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەلەکەدین کاکەیی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەحمود زامدار، نووسەر جەلیل عەباسی، ڕۆمانووس شێرزاد حەسەن

- ئاڤێستا مێژینەترین سروودی کورد، بەرگی دووەم، یەسنا
- ئاڤێستا مێژینەترین سروودی کورد، بەرگی سێیەم، یەشتەکان
- ژوانی یەسنا، بەشی یەکەم، هەنگاوێک بۆ دۆزینەوەی بەشێک لە جوگرافیای ونبووی ئاڤێستا.
- ژوانی یەسنا، بەشی دووەم، هەنگاوێک بۆ دەرخستنی بەشە شاراوەکانی مێژوو.
- ئامۆژگارینامەی ئەشو زەردەشت


- ئێستا لە نێوان دوو هیچدا، وەرگێڕان و ڕاڤەی شیعرەکانی نیچە.
- دوایین ژێردەستە (کێشەی باکووری کوردستان لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ) هەڵبژاردن، وەرگێڕان و پێشەکی و پەراوێز.
- نامە بۆ باوک، وەرگێڕان.
- هەورامان و هونەر، گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەندانی هەورامان.
- ئاهووورامان، کۆمەڵە بابەت، نووسین.




لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەلیل عەباسی، نووسەر عەزیزی مەلای ڕەش



لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەلیل عەباسی، بەڕێز کاروان حەسەن، بەڕێز ناسح خار گێلانی



نووسەر جەلیل عەباسی
لە بەردەم مۆنۆمێنتی هەڵەبجە



نووسەر
جەلیل عەباسی

- کاروانی ئەندێشە، هەڵبژاردن و وەرگێڕان (لە پێنج بەرگدا).

مەنزڵی یەکەم، ڕووباری هێمن - کۆنفۆشیۆس.

مەنزڵی دووەم، شۆکەرانی شیرین - ئەرەستۆ و سوکرات.

مەنزڵی سییەم، خاک و مەلەکووت - ئەفلاتوون.

مەنزڵی چوارەم، فەلسەفە و بیرکردنەوە - کانت و دیکارت.

مەنزڵی پێنجەم، هەنگاوێک تا مانگەشەو - یونگ.

- گەمژە، گوڵبژێری چیرۆکی چیخۆف، هەڵبژاردن و وەرگێڕان.
- دەلاقەی نوێ بۆ بینینی مێژووی کۆن، کۆمەڵە بابەت، نووسین.
- نامە عاشقانەکانی پەیامبەرێک، وەرگێڕان
- دیالۆگ، کلیلی هەموو دەرگایەک، هەڵبژاردن و ئامادەکردن و وەرگێڕانی کۆمەڵێک گفتوگۆ لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا.
- مەرگی مووچەخۆرێک، هەڵبژاردن و وەرگێڕانی گوڵبژێرێک لە چیرۆکەکانی عەزیز نەسین.
- خەونەکانی پەیامبەرێک، دەفتەری یەکەم: ئاوازەکانی دڵی پێغەمبەر، وەرگێڕان.

- باڵندە ئاوارەکان، هەڵبژاردن و وەرگێڕان.
- ژیان، عەشق، ڕاپەڕین، هەڵبژاردن، ئامادەکردن، وەرگێڕان.
- نامە ناخوێنرێتەوە، کۆمەڵێک نامەی نووسراو و وەرگێڕدراو.
- لە پشت پەردەکانی شۆڕشەوە، دانپێدانانەکانی جەعفەری شەفیعزادەی سەرۆکی زێرەڤانەکانی خومەینی،وەرگێڕان.
- حەوت دەفتەرە شیعر بە ناونیشانەکانی:

١ - یەلدای شووم.

٢ - هەنسکی کۆچ.

٣ - دەردە دڵو پیرەوەتی.

٤ - شیلەو شیعریٚ.

٥ - شیعرە هەناسیٚ.

٦ - چنوورو کویسانو باڵایت...

٧ - چۆڕاوگەی حەسرەت.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و وەرگێڕ و توێژەر جەلیل عەباسی وەکو ڕۆژنامەنووس و میدیارێکی بە توانا و ئەندامێکی چالاکی ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پیشەییەکان، چەندین چالاکیی دیکەی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان هەبووە و هەیە، لەوانە:


- لەساڵی ١٩٨٠ بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیریی بنیاد امور مهاجرین بووە لە مەریوان.
- لە ساڵی ١٩٨١ ماوەیەک ئەندامی حزبی سوپای ڕزگاریی هەورامان بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٤ ئەندامی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنستی ئێران (کۆمەڵە)بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٤ نووسەر و پێشکەشکار و دەرهێنەری بەرنامەکانی ڕادیۆی مەریوان و سنە بووە.
- یەکەمین ڕچەشکێنی شیعری نوێی هەورامییە لە هەورامانی دیوی ڕۆژهەڵات.

- خاوەنی یەکەمین چیرۆکە بە هەورامی (وەرەبان) لە بەرنامەی هەورامی، ڕادیۆی سنە ساڵی ١٩٨٥.
- خاوەنی یەکەمین پەخشانی هەورامی (شەنیەر)ە، لە بەرنامەی هەورامی، ڕادیۆی سنە، ساڵی ١٩٨٥.
- خاوەنی یەکەمین شانۆ بە هەورامی (ونەو گاوەکێما)لە بەرنامەی هەورامی، ڕادیۆی سنە، ساڵی ١٩٨٥.
- لە ساڵی ١٩٨٦ ئەندامی پەیوەندیی ئەنجومەنی زەردەشتیانی تاران و ڕێکخراوی فرەوەهەر بووە.
- دامەزرێنەر و خاوەنی کتێبخانە و بڵاوگە (انتشارات) مەولەوی بووە لە مەریوان، ساڵی ١٩٨٧.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوان بووە، ساڵی ١٩٨٧.
- پەیامنێر و بەرپرسی نووسینگەی مەریوانی ڕۆژنامەی کەیهان بووە، ساڵی ١٩٩٠.
- ئەندامی کتێبخانەی نیشتمانی (میللی ) ئێران- تاران بووە، ساڵی١٩٩٢.
- سەرۆکی کۆمسیۆنی فەرهەنگی شۆرای شاری مەریوان بووە، ساڵی ١٩٩٠.










بەرهەمەکانی نووسەر جەلیل عەباسی




بەرهەمەکانی نووسەر جەلیل عەباسی

- ماوەیەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی تیشک بووە، ساڵی ١٩٩٦.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زرێبار بووە، ساڵی ١٩٩٧.
- دامەزرێنەر و گوتەبێژی جەبهەی پارێزەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان (جمجمک)بووە، ساڵی ١٩٩٨.

لە باشووری کوردستانی عێراقیش ئەم چالاکییانەی هەبووە:

- لە ساڵی ١٩٩٨ەوە، ئەندامی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردییە.
- لە ساڵی ١٩٩٩ ئەندامی دەستەی نووسەران و بەرپرسی دۆسیەی دەق بووە لە گۆڤاری کاروان.
- نووسەر و ئامادەکار و پێشکەشکاری دوو بەرنامەی (تیرۆژ- کتێب و نووسەر) و بەرپرسی بەرنامەکانی ڕادیۆ بووە لە تەلەفزیۆنی گوڵان، ساڵی ٢٠٠٠.
- لە ساڵی ٢٠٠١ەوە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانییە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، ئەندامی ناوەندی ئاڤێستا- کەرکووکە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.

- ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنەوەی پاسۆک بووە ساڵی ٢٠٠٩.
- ساڵی ٢٠١٤ ئەندامی لێژنەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان (رسک)بووە.
- ماوەیەک سەرنووسەری رۆژنامەی شارۆ- هەولێر بووە.
- ماوەیەکیش سەرنووسەری گۆڤاری پەیژە-هەولێر بووە.
- یەکێکە لە دەمەزرێنەران و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری قەقنەس- کەرکووک.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەلیکترۆنیی هەورامان بووە.
- بەرپرسی بەشی ئەدەبی بووە لە هەفتەنامەی نویَ.
- نوێنەری کۆمپانیای زاگرۆس گڵۆباڵی ئەڵمانییە لە هەرێمی کوردستان.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری رێکخراوی یەسنایە بۆ گەشەی فەلسەفە و ئایینی زەردەشت.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نووسەرانی کورد لە نەرویژ و بەرپرسی بەشی باشووری کوردستان بووە..
- نووسەری ستوونی: شارۆ لە هەفتەنامەی گوڵان، فەلسەفەی ئەشا لە ڕۆژنامەی بەدرخان، پەندی پیر لە ئاسۆی فۆلکلۆر، لە هەفتەنامەی هەولێر، لە هەفتەنامەی نویَ، لە ستایل.

بۆ شاعیر و نووسەر و توێژەر و وەرگێڕ جەلیل عەباسی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی شیعر و زمان و ئەدەبی کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر جەلیل عەباسی، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر چۆمان هەردی

مامۆستای زانکۆ و شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، وەرگێڕ و لێکۆڵەر و توێژەر و ڕەخنەگر، چالاکوانی بواری جێندەری ژنان و مافی مرۆڤ، دکتۆر چۆمان هەردی...

شاعیر و وەرگێڕ خاتوو چۆمان هەردی لە ساڵی ١٩٧٤ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست لە دایکبووە، ئەو کچی شاعیری ناوداری کورد(ئەحمەد هەردی)یە، پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، ساڵی ١٩٧٥ لە گەڵ خێزانەکەی ئاوارەی ئێران بووینە، لە ساڵی ١٩٧٩ هاتوونەتەوە سلێمانی، لە کیمیابارانەکەی ساڵی ١٩٨٨ دووبارە جارێکی دیکە ئاوارەی وڵاتی ئێران بوونەتەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ەوە، ڕووی لە وڵاتی بەریتانیا کردووە و وەکو پەنابەر لەوێ نیشتەجێبووە، هەر زۆر زوو فێری زمانی ئینگلیزی بووە و دەستی بە خوێندنی کارناسیی و دەروونناسی لە زانکۆی (ئۆکسفۆرد) کردووە، پاشان بڕوانامەی ماستەری لە فەلسەفە لە کۆلێژی (لەندەن) بەدەستهێناوە، ئەو هەر بەردەوام بووە لە خوێندن و بڕوانامەی دکتۆراشی لە زانکۆی (کێنت) وەرگرتووە، نامەی دکتۆراکەی (تیشک خستنەسەر کاریگەریی کۆچی ناچاری لە ژیانی ژنانی کوردی عێراق و ئێراندا) بووە.





مامۆستای زانکۆ و شاعیر و وەرگێڕ و توێژەر دکتۆر چۆمان هەردی لە دوو سیمیناردا

دکتـۆر چۆمـان هـەردی لـە سـاڵی ٢٠٠٥ بەشـداری لـە خولێکی(پۆسـتی دکتـۆرا) لـە زانکـۆی (ئۆپسـالا)ی سـویدی کـردووە و توێژینەوەیەکـی لەسـەر بـاری دەروونیـی بێوەژنانـی قوربانـی کۆمەڵکوژی ئەنجامـداوە، دواتـر بەشـێک لـە توێژینەوەکـەی لـە کتێبێکدا بـە ناوی(ئەزموونـە جێندێرییەکانی کۆمەڵکوژی-پاشـماوەی ئەنفـال لـە کوردسـتانی عێـراق) چاپکـردووە، لـە سـاڵی ٢٠٢٢ەوە هاتۆتـەوە باشـووری کوردسـتان و ئێسـتا مامۆسـتایە لـە زانکـۆی ئەمەریکـی لـە سـلێمانی، دامەزرێنـەری سـەنتەری جێنـدەر و گەشـەپێدانی ژنانـە).

شاعیر و نووسـەر دکتۆر چۆمان هەردی لە سەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی ڕابـردوو دەسـتی بـە نووسـینی شـیعر بـە زمانـی کـوردی کـردووە، بـەڵام دواتـر هەسـتی بـەوە کـردووە کـە ناتوانێـت ناوەڕۆکـی شـیعرە کوردییەکانـی بـۆ هاوڕێکانـی بـە جوانـی ڕوون بکاتـەوە، بۆیـە دەسـتی بـە نووسـینی شـیعر و چیـرۆک و ڕۆمـان نووسـین بـە زمانـی ئینگلیـزی کـردووە، ژیانـی منداڵـی و دواتـر ئاوارەیـی و ڕووداوە سیاسـی و دڵتەزێنەکانـی کـە بەسـەر کـورددا هاتـوون، هەمـووی کاریگەرییەکـی زۆریـان لێکـردووە و بەشـی زۆری ئـەم ڕووداوانـە لـە شـیعر و بەرهەمەکانی دیکـەی ڕەنگی داوەتـەوە، ئەو کۆمەڵێک بەرهەمـی پوخـی و ئاسـت بـەرزی بە زمانـی ئینگلکیزی نووسـیوە کـە ئەمانـە:

Gendered Experiences of Genocide: Anfal Survivors in Kurdistan -Iraq, ٢٠١١.

- Return with no Memory, ١٩٩٦، گەڕانەوەی بێ یادەوەری.
- Light of the Shadows, ١٩٩٨، ڕووناکیی سێبەرەکان.
- Light Mirrors and Shadows, ٢٠٠٠، ئاوێنە ڕۆشناکان و سێبەرەکان.
- Life for Us. Bloodaxe Books United Kingdom, ٢٠٠٤، ژیـان بـۆ ئێمـە.
- Kajal Ahmad, Poems. Enitharmon Press, ٢٠٠٨، شـاعیر کـەژاڵ ئەحمـەد و شـیعرەکانی.
- In the Mix. Cambridge University Press, ٢٠٠٨، کتێبی تێکەڵاوی.
- Women's Work: Modern Women Poets Writing in English. Seren ، شـیعری ژنانـی هاوچـەرخ بـە ئینگلیـزی. ٢٠٠٨.
- New Poems on The Underground. Cassell Reference, ٢٠٠٦، شـیعرە تـازەکان لـە میتـرۆدا.
- Modern Kurdish Poetry: An Anthology and Introduction. Uppsala - University, ٢٠٠٦، شیعری مۆدێرنی کوردی، هەڵبژاردن و ناسـاندن.
- Dance the Guns to Silence: ١٠٠ Poems for Ken Saro-Wiwa. Flipped Eye Publishing, ٢٠٠٥، چەکـەکان بـۆ بێدەنگـی بهێنـە، سـەما: سـەد شـیعری نۆکـن سـارو-ویوا.
- The Silver Throat of the Moon. Five Leaves Publications, ٢٠٠٥، گـەرووی زیوینـی مانـگ.
- Velocity: The Best of Apples and Snakes. Black Spring Press Lt

٢٠٠٣، خێرایی: باشترین سێو و مارەکان.

چـوار پارچـە شـیعری شـاعیر دکتـۆر چۆمـان هـەردی لـە قۆناغـە جۆربەجۆرەکانـی خوێنـدن لـە قوتابخانەکانـی بەریتانیـا دەخوێندرێـن کـە ئەمانـەن:

- شیعری(لە سەر سنوور).

- شیعری(پەلاماردان یان داگیرکردن).
- شیعری(موبەقەکەی دایکم).
- شیعری(پەتەلۆپەکانی وڵاتی من).
- لە ساڵی ٢٠٠٦ شیعری(منداڵەکانم)ی کراوەتە پۆستەر و بڵاوکراوەتەوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٢ لە گەڵ(٩)شاعیری گەنجی دیکە هەڵبژێردراوە بۆ شیعر خوێندنەوە و سوود وەرگرتن لە شیعری شاعیری گەورە(جۆرج سێرتیز)لە بەریتانیا.

شیعری(هاوینە سەربان- Summer Roof)ی شاعیر چۆمان هەردی کە بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی لە ٨ - ٧ - ٢٠١٤ لە لایەن(ساوث بانک- South bank) لە لەندەن بە یەکێک لە (٥٠)شیعری بەرزی ئەڤیندار ی جیهان لە(٥٠)ساڵی ڕابردوودا هەڵبژێردراوە.

ئەو لە ساڵی ٢٠١٧ بە وەرگێڕانی دیوانە شیعری(دەربەندی پەپوولە) ی شاعیری گەورەی کورد (شێرکۆ بێکەس)بۆ زمانی ئینگلیزی بووەتە براوەی خەڵاتی(قەڵەمی بەریتانیا)، سەبارەت بەم وەرگێڕانەوە، خاتوو چۆمان هەردی دەڵێت: «ڕەنگە ئەگەر ئەم شیعرەم بە کوردی بنووسیایە، بەم شێوەی ئێستا شوێنی خۆی نەکردباوە» بە بۆچوونی من پرۆسەی وەرگێڕان کاریگەری دەبێت لەسەر ماهییەت و مۆسیقای دەقێک کە هەر زمانە و ڕیتم و شێوازێکی مۆسیقی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەگەر وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی دیکە بەشێکی زۆری ئەم ڕیتم و مۆسیقایە لەدەستدەدات.

لەبارەی ناساندنی ئەدەبی کوردی و پرۆسەی وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکان بۆ زمانی گەلانی دیکە، چۆمان هەردی دوو هۆکار دەخاتە ڕوو، یەکەم: پێیوایە بەبۆنەی هەلومەرجی سیاسییەوە کورد میللەتێکی دابڕاو بووە و نەیتوانیوە جێگەی خۆی بکاتەوە و زمانە ئەوروپییەکان فێر ببێت و بەو زمانانە بنووسێت. دووەم هۆکار ئەوەیە کە ئەدەبی کوردی وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانانی دیکە بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە، ئەگەر نا ئەدەبی کوردی لەچاو ئەدەبی گەلانی دیکە ئەدەبێکی لاواز نییە).


ئەو خاوەن پێگەیەکی دیارە لە بواری شیعر و چیرۆک و ڕۆمان لە



**مامۆستای زانکۆ و شاعیر و وەرگێڕ و توێژەر دکتۆر چۆمان هەردی لە چەند کاتێکی جیاوازدا**

وڵاتی بەریتانیا، وەکو لێکۆڵەر و توێژەر لە بواری جێندەر و ژنان کارێکی زۆری کردووە، خاوەن لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی تێر و تەسەلی مەیدانییە لە بواری قوربانیانی ئەنفال، چەند مانگێک لە گوند و شار و شارۆچکەکانی

گەرمیان ماوەتەوە، سەربردە و بەسەرهات و حیکایەتی لە زاری بە جێماوانی تاوانی ئەنفال نووسیوە و، دواتر وەکو نامەی دکتۆراش چاپ و بڵاویکردۆتەوە، ئەو وەکو کچە کوردێکی ئازا و بوێر و ڕێچکەشکێن بەردەوامە لە داکۆکیکردن لە مافی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، هەر لە سەر ئەم هەڵوێستانەی چەندین جار لێپێچنەوە و لێپرسینەوە و هەتا هەرەشەشی لێکراوە، بەڵام ئەو هەر سوورە لە سەر هەڵویستەکانی.




وەرگێڕانی دیوانە شیعری(دەربەندی پەپوولە) ی شاعیر(شێرکۆ بێکەس)بۆ زمانی ئینگلیزی

شاعیر و توێژەر چۆمان هەردی چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی و ناوەوەی وڵاتی پێبەخشراوە لەوانە:

- لە ١١ - ١٢ - ٢٠٢٣ خەڵاتی فەرنسی- ئەلمانی بۆ مافی مرۆڤ بە(١٢)کەسایەتیی بەخشراوە یەکێک لەوانە شاعیر و نووسەر چۆمان هەردی بووە.
- خەڵاتی (قەڵەمی وەرگێرانی بەریتانیا)ی لە ساڵی ٢٠١٧ پێبەخشراوە.
- خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان وماڵی وەفایی و دەزگای لڤین-ی لە ساڵی ٢٠١٩ پێبەخشراوە و چەندین خەڵاتی دیکەش.

بۆ شاعیر و لێکۆڵەر و توێژەر و وەرگێڕ دکتۆر چۆمان هەردی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی.

وا شیعری(هاوینە سەربان)ی شاعیر دکتۆر چۆمان هەردی-تان بۆ دەنووسمەوە:

گشت شەوێکی ئەو هاوینە
کە دەچووینە ناو جێگاوە لەسەر سەربان
من بێدار بووم، بە تاسەوە

دەمڕوانییە سەربانەکەی بەرامبەرمان،
دەمڕوانییە تارمایی ئەو.
پەیتا پەیتا، لەگەڵ مژی جگەرەکەی،
ڕووناکییەکی بچکۆلە دادەگیرسا.
ڕۆژێک تابلۆکانی ئەویان پێ نیشاندام
کە گەیشتمەوە ژوورەکەی خۆم
لە دووتوێی پەڕتووکەکانما
یەک لە دوای یەک، ناوی ئەوم نووسییەوە.
هەر خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە ئاخۆ چیم پێ بڵێت و
چۆن وەڵامی بدەمەوە.
وێنام دەکرد هاوسەریم و
کە نەخۆش کەوت خەمی دەخۆم،
خواردنی بۆ دروستدەکەم، قژی دەشۆم.
خەیاڵم دەکرد لەگەڵ ئەو لەسەر هەمان سەربان دەنووم.
ساڵێکی تەواو تێپەڕی و یەک وشەمان نەگۆڕییەوە.
لەپڕێکدا بەرامبەرمان ماڵێکی چۆڵ،
بانێکی چۆڵ، کەس سەیری نەدەکردمەوە.
ئەوەی بۆ منیش مایەوە بێخەوی بوو.
چەند ساڵ دواتر دووبارە یەکمان دییەوە
هەر هەمان پیاو، چەند پەنجەیەکی قرتابوو،
تاڵ و تووڕە، نەیدەتوانی فڵچە بگرێت.
ئێمە هەرگیز پێکەوە قسەمان نەکرد،
هەر یەکەمان لەسەر بانی خۆی مایەوە.

سەرچاوەکان:


١ - کوردیپیدیا.
٢ - Wikiwand.
٣ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی وشە، لە ١١ - ١٢ - ٢٠٢٣.
٥ - ماڵپەڕی تۆڕی میدیایی ئێستا، لە ١١ - ١٢ - ٢٠٢٣.
٦ - VoA kurdish.
٧ - ماڵپەڕی تۆڕی٩٦٤ kurdi، لە ١٤ - ٦ - ٢٠٢٣.
٨ - ماڵپەڕی(شفق نیوز)، ١١ - ١٢ - ٢٠٢٣.
٩ -ماڵپەڕی ڕووداو، لە ١٠ - ٧ - ٢٠١٤.
١٠ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# جەمیل مەلا قەرە

نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر، شارەزای کەلتوور و کەلەپوور و کەسایەتییە ئەدەبی و مێژوویی و ناودارە کوردەکانی وڵاتانی(پشت قەوقاز-ما وراء القوقاز) مامۆستا جەمیل مەلا قەرە...

ناوی تەواوی(جەمیل مەجید سادق ساڵەیی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە جەمیلی مەلا قەرە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە یەکێ لە گوندەکانی دەشتی قەراجی کاکی بە کاکی لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایکبووە، هێشتا زۆر منداڵ بووە ماڵیان چووەتە شارۆچکەی (دوبز)ی سەر بە پارێزگای کەرکوک، لە باوەشی باوک و دایکێکی خاوەن هەڵوێست و کوردپەروەر گۆش و پەروەردە کراوە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (الزاب) بە زمانی عەرەبی هەر لە دوبز تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٨ باوکی لەبەر هەڵوێستە سیاسی و کوردپەروەرانەکەی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ڕووی لە شاخ کردووە و بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و ماڵەکەشیان چووەتە گوندی(مەلاقەرە)ی سەر بە ناحیەی(دیبەگە)ی پارێزگای هەولێر، خوێندنی ناوەندی تا پۆلی دووەم لە دیبەگە



نووسەر جەمیل مەلاقەرە
بە جاحێڵی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەمیل مەلاقەرە، شاعیری دیار و ناسراوی کورد خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، میدیاکار نەجمەدین عەزیز سمایل**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕەهبەر سەید برایم، نووسەر جەمیل مەلاقەرە، شاعیری ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە**

خوێندووە، دواتر چوونەتە ناو شاری هەولێر، پۆلی سێیەمی ناوەندی و ئامادەیی بازرگانی لە شاری هەولێر بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ وەکو فەرمانبەر لە بەشی(ژمێریاری- محاسبة) لە یەکێ لە فەرمانگەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دامەزراوە، ئەو بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی، لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی بازرگانی زانکۆی سلێمانی بە پلەیەکی زۆر باش بەدەستهێناوە، و بەردەوام بووە لە خزمەتکردن تا خانەنشینبوونی لە ساڵی ٢٠٢٠، ئێستا لە شاری سلێمانی دەژیت.

نووسەر و وەرگێر جەمیل مەلاقەرە هەر لە منداڵییەوە لە تەک خوێندنی قوتابخانە، خەریکی خوێندنەوەی(خارجـي) بووە، ئەو بەخوێندنەوەی چیرۆک و داستانەکانی وەکو(ئەمیر ئەرسەلان و شیرین و فەرهاد و چەندانی دیکەش)دەستی پێکردووە، زیاتر بەکتێبە کوردی و عەرەبییەکان لە کتێبخانەی(عەسری)لە کەرکووک ئاشنا بووە، بەردەوام بووە لە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و شاکارە جیهانییە وەرگێڕدراوەکان.

نووسەر جەمیل مەلاقەرە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو وەکو هەر گەنجێکی کوردپەروەر، خۆشی بە بیروباوەڕی (چەپ) پەروەردەکردووە



**لە لای ڕاستەوە: وێنەگر بەڕێز عەبدولعەزیز، هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی، نووسەر جەمیل مەلاقەرە، شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەمیل مەلاقەرە، میدیاکار نازم کەریم سەرحەد**

و بەشی زۆری چاپەمەنییەکانی (مارکسیزم و لینینزم و ماوتسی تۆنگ... هتد) خوێندۆتەوە و لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خۆی کاری پێکردوون و خاوەن بیروڕایەکی نەگۆڕ و تایبەت بە خۆیەتی.

ئەو لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گرۆگاڵی نووسینی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کردووە، دیارە لەبەر هەر هۆیەکی تایبەت بە خۆی بڵاوی نەکردوونەتەوە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەیان بابەتی هەمەجۆری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی و مێژوویی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، بە تایبەتی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، وەکو نووسەر و ڕۆشنبیرێکی نەتەوەیی زۆر شارەزای کەلتوور و کەلەپوور و کەسایەتییە



لە لای ڕستەوە: مامۆستا ئەنوەر عەبدوڵڵا، نووسەر جەمیل مەلاقەرە، مامۆستا جەمال مەولود بڵباس



لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەمیل مەلاقەرە، مامۆستای پەروەردە عەبدولهادی خضر



یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی
لە گوندی مەلا قەرە




نووسەر جەمیل مەلاقەرە

ئەدەبی و مێژوویی و سیاسی و ئەکادیمی و میدیاکارانی کوردانی(پشت قەوقاز- ما وراء القوقاز)ە، ناوە بە ناوە لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی هەوادارانی بە نووسێنیکی پوخت و سوودبەخش بەسەردەکاتەوە، هەموو ئەم نووسینانەشی بە زمانێکی کوردی پاک و بێگەرد و ڕەوان و پوخت و دوور لە وشەی نامۆ، بەتام و چێژی دەشتی قەراج و کەندێناوە و هەولێر و ئاوێتەکردنیان بە تام و بۆی ناوچەی ساڵەیی نووسیوە، تا ئێستا دوو کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کتێبی(یار و دیار) کە(٣٥) بابەتی هەمەجۆرە، دەربارەی فەرهەنگی کوردستان هەر لە ئێرانەوە تا دەگاتە خانەقین و لاچین، لە ساڵی ٢٠١٩ لە چاپخانەی کارۆ لە سلێمانی چاپکراوە.
- کتێبی(المعابد الميترائية في إيطاليا و مقارنته بالمعابد الميترائية في كردستان) کە کتێبێکی مێژوونووس و شوێنەوارناسی گەورەی کورد مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسفە وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی عەرەبی و ساڵی ٢٠١٣ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ جەمیل مەلا قەرە، لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری زۆر چالاکیی دیکەی نواندووە لەوانە:




بەرهەمەکانی
نووسەر و وەرگێڕ
جەمیل مەلاقەرە


- یەکێک بووە لە کادیرە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.
- لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری ئامادە بووە و دەبێت.
- وەکو خەمخۆری ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەر لە بەرگی یەکەمی کتێبی( خۆم و ئەستێرە گەشەکان)ی بەندە، تا بەرگی هەشتەم، خۆبەخشانە لەسەر خەرجیی خۆی، ئەرکی دابەشکردن و بە دیاری بردنی بۆ شوێنە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری سلێمانی گرتۆتە ئەستۆی خۆی.
- بە هۆی هەڵوێستە سیاسی و کوردپەروەرانەکەی و کاری سیاسی و شۆڕشگێڕییەوە لە ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن ڕژێمی بەعس لە(ئەمنی هەولێر) دەستگیرکراوە و ماوەی ساڵێک لەژێر ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیدا بووە، دواتر لە دادگای (الثورة) بە حوکمی(مؤبد- هەتا هەتایی) دراوە، پاش چەند ساڵێک بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە و ئازادکراوە.

بۆ نووسەر و وەرگێڕ مامۆستا جەمیل مەلاقەرە هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینە پوخت و سوودبەخشەکانت بۆ خزمەتی ئەدەب و کەلتوور و کەلەپووری کوردیمان.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر جەمیل مەلاقەرە کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی

خاوەنی ئەسلی گۆرانی(دەردی هیجران):

**دڵ نەخۆشی دەردی هیجران**

**جانی جانانم وەرە**

**لەت لەتە جەرگ و هەناوم**

**مانگی تابانم وەرە**

گۆرانیبێژ و مەقامبێژی ڕەسەنی کوردی ڕەوانشاد سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

ناوی تەواوی(سەید عەلی ئەسغەری کوڕی سەید نیزامەدینی کوڕی سەید جامی کوڕی سەید محەمد جەوادی کوڕی سەید ئیبراهیم)ە، بە پێی نەسەبنامە(شەجەرەنامە)دەگەڕێنەوە سەر سەید عەلی هەمەدانی برای شاعیری ناوداری کورد بابا تاهیری هەمەدانی، سەبارەت بە ساڵی لە دایکبوونی بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڕێز مامۆستا غەفور ڕەشید دارا ئاغا ساڵی لە دایکبوون و کۆچکردنی دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵانی(١٨٧٦- ١٩٣٨) زایینی، هونەرمەندی گەورەی کورد عەباسی کەمەندی دەڵێت:(ساڵی لە دایکبوون و کۆچکردنی سەید عەلی



ئەوەی گۆچان بە دەستە هونەرمەند سەید عەلی ئەسغەری کوردستانییە، ئەوانی دیکە نە ناسراون

ئەسـغەری کوردسـتانی سـاڵانی(١٨٨١ - ١٩٣٤)ە، هەنـدێ سـەرچاوەی دیکـەش سـاڵی لـە دایکبـوون و دەگەڕێننـەوە بۆ سـاڵی(١٨٨٢) و سـاڵی کۆچکردنیشـی بـۆ ٤ - ٢ - ١٩٣٧.

هونەرمەنـدی گـۆرانـی و مەقامـی ڕەسـەنی کـوردی سـەید عەلـی ئەسـغەری کوردسـتانی لـە سـاڵی ١٨٨٢ لـە گوندی(سـەڵواتئاوا)ی دەوروبـەری شاری(سـنە)ی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە دایکبـووە، لەبـەر خۆشەویسـتیی زۆری بـۆ شـاری سـنە ناسناوی(کوردسـتانی) هەڵبـژاردووە، هەنـدێ سـەرچاوەش دەڵێن:(لـە بـەر خۆشەویسـتیی کوردسـتان)ئەو ناسـناوەی بـۆ خـۆی دانـاوە.


ئـەو لـە منداڵییـەوە لـە مزگەوتی(هاجەرەخاتوون و دارلئیحسان)لەسـەر دەسـتی شـێخ عەبدولموئمیـن مەردۆخـی دەرسـی ئایینی خوێندووە، لای مەلا ئیبراهیمی کانی مشـکانیش دەرسـی ئایینی خوێندووە، بەشـی زۆری ژیانـی خـۆی بـە عیبـادەت و خـوا پەرسـتی و خوێندنـەوەی ئەدەبیاتـی کوردی بردۆتـە سـەر،هیچ کار و کاسـبی و بایەخی بە ماڵی دنیا نەداوە و لـە سـەر دەرامەتـی کشـتوکاڵی ژیاوە و زۆربـەی کاتەکانی تەمەنیشـی لـە شـاری سنە بردۆتـە سـەر، پاش ماوەیـەک لـە خوێندنی ئایینی بووەتە قورئانخوێنێکی دەنگخۆش، بە پێی هەندێ گێڕانەوە جارێک بانگهێشتی وڵاتـی میسـر کراوە بـۆ خوێندنـی قورئـان، بـەڵام لەبـەر ڕازی نەبوونـی

باوکـی نەچـووە، ئـەو دەنگێکـی زۆر خۆشـی هەبـووە، بەشـداریی لـە خوێندنـەوەی مەولودنامـە، میعراجنامـە، شـەوانی ڕەمـەزان و سـرووود و سـتایش و موناجاتـی ئایینـی کـردووە، نـاو و ناودەنگـی لـە هەمـوو کوردسـتان بڵاوبۆتـەوە، لەسـەر دەسـتی شـێخ حسـامەدین تەریقەتـی نەقشـبەندی وەرگرتـووە، چـوار جـار سـەردانی باشـووری کوردسـتانی کـردووە، سـێ جـار بـۆ زیارەتـی شـێخانی(بیارە) و جـاری چوارەمیـش کـە لـە سـاڵی ١٩٣٥ لـە ڕێی(قەسـری شـیرین) خـۆی گەیاندۆتـە بەغـدا و لـەوێ بـە دیداری(شـێخ مەحمـودی حەفید)شـاد بـووە، لـە گەڕانەوەشـیدا ماوەیـەک لـە کەرکـووک و ماوەیەکیـش لـە سلێمانی ماوەتـەوە.

دوای کۆتایـی هاتنـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی پـەرەی بـە دەنگـە سـیحراوییەکەی خـۆی داوە و لـە کۆمپانیای(پۆلیفۆن) چواردە گۆرانـی و مەقامـی ڕەسـەنی کوردی لەسـەر قـەوان تۆمـار کـردووە، لەوانـە (دەردی هیجـران، غەمگیـن و دڵ پەشـێوم) کـە زۆر لـە گۆرانیبێژانـی کـوردی ڕۆژهـەڵات ئـەم دوو گۆرانییەیـان وتووەتـەوە لەوانە(عەزیـز شـارۆخی، بێـژەن کامـکار، پەیـام عەزیـزی، زارا خـان، دڵنیـا خـان، محەمـەد ڕەزا




**نووسەر محەمەد حەمە باقی لە سەر گۆڕی هونەرمەند سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی لە گۆڕستانی گوندی(سەڵواتئاوا)ی نزیک شاری سنە**



شـەجەریان، عەلـی ڕەزا قوربانـی و چەندانـی دیکـەش).

هونەرمەنـد سـەید عەلـی ئەسـغەری کوردسـتانی بەشـی زۆری دامـەزراو و مۆسـیقا و ئاوازدانەرانـی ئێرانـی ناسـیوە، سـەید عەبدوئەحـەد بابـا شـەهابی کـوڕی گـەورەی سـەید عەلـی ئەسـغەر وتوویەتی:(سـەرەڕای ئـەوەی باوکـی کۆچکـردووم هەرگیـز لـە لایـەن مامۆسـتاکەیەوە وانـەی نەخوێنـدووە، زۆربـەی دامـەزرا و و دەسـەڵاتدارانی مۆسـیقای ئێرانـی دەناسـی، ئـەوەی دەیگـوت یـان مۆسـیقای ڕەسـەنی کـوردی بـوو، یـان خـۆی لەسـەر بنەمـای مۆسـیقای کـوردی ڕەسـەن ئـاوازی بـۆ دانـا بـوو).

نووسـەر محەمـەد حەمـە باقـی کتێبێکـی بـە ناوی(سـەید عەلـی





**هونەرمەند سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی**






ئەسغەری کوردستانی) چاپ و بڵاوکردۆتەوە، چاپی یەکەمی لە ئێران ساڵی ١٩٩٦، چاپی دووەمیشی لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٢.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و هونەرمەندانی کورد تیشکیان خستۆتە سەر ژیان و بەرهەمە هونەرییەکانی لە گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی کوردی، بە شیعریش ستایشیان کردووە، لەوانە(عەلائەدین سوجادی، محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئەنوەر قادر

محەمـەد، حەسـیب قەرەداغـی، محێدیـن حەقنـاس، حاجـی سـەید کازمـی سـەید جـواد، ئـازاد عەبدولواحیـد، موکـەڕەم ڕەشـید تاڵەبانـی، باکووری و چەندانـی دیکـەش).

هونەرمەند سـەید عەلی ئەسغەری کوردستانی لە تەمەنی(٢٠)ساڵیدا هاوسـەرگیری لە گەڵ خاتوو(ماهشـەرەف خانم)کردووە و خاوەنی سێ کوڕ و دوو کچ بوونـە بە ناوەکانی(سـەید عەبدولئەحەد، سـەید مەسـیح، سـەید عەلی ئەشرەف، خاتوو زارا، خاتووشـەرافەت).

ئـەو لـە ڕۆژی ٤ – ٢ – ١٩٣٧ کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە زێـدی خۆی لە گۆڕستانی گوندی(سـەڵواتئاوا) بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

**سەرچاوەکان:**


١ – ویکیپیدیا– ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٢ – کوردیپیدیا.

٣ – کتێبی(سـەید عەلـی ئەسـغەری کوردسـتانی)، لـە نووسـینی نووسـەر محەمـەد حەمـە باقـی، چاپـی دووەم ٢٠٠٢.

٤ – ماڵپەری BMC، فلمێکی دوکیومێنتاری.

٥ – ماڵپەڕی پەیسەر. فلمێکی دوکیومێنتاری.

٦ – ماڵپەڕیVVIDIO. فلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢٨ – ٩ – ٢٠٢٣.

٧ – ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر و هونەرمەند نەژاد سامان.

٨ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# فەرید مەخمووری

شاعیر و نووسەر فەرید مەخمووری ...

شاعیر و نووسەر فەرید مەخمووری لە ١٩ - ١١ - ١٩٧٦ لە شاری مەخمووری(ئەو کات) سەر بە پارێزگای هەولێر بووە، لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە مەخموور تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٧ماڵیان هاتۆتە ناو شاری هەولێر، خوێندنی ناوەندیشی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە، ڕووی لە هەندەران کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتی ئوستراليا گیرساوەتەوە و ئێستا لە شاری(گۆسفۆرد)نیشتەجێیە.

شاعیر و نووسەر فەرید مەخمووری لە ساڵی ١٩٨٩ ئەو کاتەی تەمەنی(١٣)ساڵان بووە گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٣ دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، ئیتر بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای شیعر نووسین، شیعرەکانی تام و بۆی کوردایەتی و شۆڕشگێڕییان لێدێت،، جوانیی سروشتی کوردستان و ئەڤینی و کێشەی کۆمەڵایەتیشی فەرامۆش نەکردووە، تا ئێسا سێ بەرهەمی پوخت و ئاستبەرزی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- سەفەر، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ١٩٩٦.



لە لای ڕاستەوە: نووسەری گەورە ئیسماعیل بێشکچی، شاعیر فەرید مەخمووری



لە لای ڕاستەوە: شاعیری نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕەوانشاد مەحموود زامدار، شاعیر فەرید مەخمووری

- بڕوخێ بێدەنگی، ساڵی ٢٠٠٠.
- ئازارێک لە گەڵمدا پیاسە دەکات، ٢٠٠٧.
- کتێبێکیشی بە ناوی(حەیران مانیفێستی عاشقان)کە تایبەتە بە تێکستی حەیران ئامادەیە بۆ چاپ.

دەیان پارچە شیعری لە لایەن گۆرانیبێژانی کورد کراونەتە گۆرانی.

بەشداریی دەیان کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوەی

کردووە، لەوانە لە ١٢ - ٤ - ٢٠١٢ سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەریی قەرەچووغ کۆڕێکیان بۆ شاعیر فەرید مەخمووری سازکردووە، کە شاعیر و نووسەر فەرەیدون سامان تیشکی خستۆتە سەر ناوەڕۆکی شیعرەکان.

لە ساڵی ٢٠١٢ەوە، وەکو شاعیرێکی ئوسترالی بە ڕەگەز کورد، ئەندامە لە ڕێکخراوی ئاشتیی جیهانی(UPF)، پلەی بالوێزی ئاشتی لە لایەن ئەو ڕێکخراوە پێبەخشراوە.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر فەرید مەخمووری، شاعیر نازم دڵبەند




بەڕێز سەرۆکی ڕێکخراوی ئاشتیی جیهانی(UPF)لە کاتی ڕێزلێنانی بۆ شاعیر فەرید مەخمووری،
شاعیر فەرید مەخمووری

ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.

بۆ شاعیر فەرید مەخمووری هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر فەرید مەخمووری-تان بۆ دەنووسمەوە:

(١)

**وانەی خەجاڵەتی..**

مامۆستاکەمان پێی گوتین:
هەستن لەناو چوارچێوەی ئەم نەخشەیەدا
هەر یەکێکتان
وڵاتی خۆیمان نیشاندا!.
ئەوەی هەڵساوە بە چوستی
مەفتەنی خۆی
پێ نیشانداین, بە سەربەستی!،
چین و ڤێتنام و ئۆکرانیا
عێراق و چاد و ئیسپانیا
چیچان، ئەفریقیا، پۆڵەندا
ئەندەنوسیا و نیوزلەندا!،
ئەمیان گوتی
من کرواتییم
ئەمەش سنووری وڵاتم،
ئەویان گوتی
منیش سودانە ڕووگەم و
ئای کە چەندە بۆ چوونەوەی بە ئاواتم!
منیش بەوپەڕی دڵتەنگی
لە سوچێکی پۆلەکەدا، هەڵکورمابووم



له لای ڕاستەوە: شاعیر فەرید مەخمووری، هونەرمەند خەلیل یابە



له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی،
ڕۆشنبیر بەڕێز شۆڕش ئاکۆ، شاعیر فەرید مەخمووری

بە پەشۆکاوی و بێدەنگی
لەپڕ مامۆستای نیازپاک، هەڵیدایێ:
ئادەی هۆ کاکی قوتابی
بێ بەڵابی
تۆ دەمێکە, دەستپێکی هەموو پەیڤێکت
تەنیاو تەنیا نیشتمانە!
دەڵێی خاکم



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دەرهێنەر عەدنان عوسمان، شاعیر فەرید مەخمووری**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر فەرەیدون سامان، شاعیر فەرید مەخمووری**

بەهەشتێکی پڕ لەگوڵە
ئاتەشگەدەی دڵدارانە،
فەرموو وەرە
لەسەر ئەم نەخشەی بەردەممان
وڵاتی خۆتمان نیشاندە و
کەمێک پێمان بناسێنە
بە هەندێک باس و زانیاری
هۆش و بیرمان بتاسێنە!
شڵەژام و مەلول وەستام

گوتم بەڵێ ئازیزانم
نیشتمانم
جێگای کۆنترین شوێنەوار
لانەی عەشق و هۆنراوەیە
نیگای سۆزی پڕ لەبەهار
وەک گوڵ هەردەم گەشاوەیە
بەڵام چیبکەم نەگبەتییە
ئەم بەهەشتەیان لە خاچدا
بۆیە ئێستا
لەسەر نەخشە شوێنی نیە
هەموویان ڕوویان تێکردم
تا ماندوو بوون
تێرتێر گاڵتەیان پێ کردم!،
گوتیان کە تۆ
لە خۆشەویستی وڵاتدا
وانەبێژی هەموومانی



بەرهەمی
شاعیر فەرید مەخمووری


٥ - لە لای ڕاستەوە: شاعیر فەرید مەخمووری، هونەرمەندی ڕەوانشاد جەلال بەیار



له لای ڕاستەوە: شاعیر فەرید مەخمووری، هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی



شاعیر فەرید مەخمووری، شاعیر محەممەد عومەر(جەنەڕالی پایز)

نەمانزانی درۆ دەکەی
خۆت بێ خاک و نیشتمانی!،
منیش نەمزانی چی بڵێم
خەجاڵەت بووم، سەرم شۆڕکرد
کەسایەتیم
لەبەر چاویان، بە جارێ مرد
لەو ڕۆژەوە،
ئومێد دەکەم،

کەسێک ئەگەر بێ وڵات بێ
وێنەی من، وەکو گاڵتەجاڕ
مردنی خۆی بە ئاوات بێ!

ئوستراليا
١٢ – ٧– ٢٠٠٤.

*******

**(٢)**

**قەڵای ئازار ...**

**هۆنراوەی: فەرید مەخمووری**

**گوتنی: سانا بەرزنجی**

تۆ شیعرێکی
لە ناخمدا هەڵقوڵاوی
هەر دەتلێم و نابرێیەوە
ئەفسونێکی لە دڵمدای
بە هیچ هێزێک، بەهیچ کەسێک، ناکرێیەوە
هەر فرمێسکێک
لە چاوانم بێتە خوارێ
بێگومان بە، لە تاو دووری باڵای تۆیە
چونکە ئازیز، بێ ئامێزت
هەنگاوەکانم نامۆیە
لەو ڕۆژەوەی
کە لێم تۆرای و ڕۆیشتی
وشەکانم هەمووی ئاخە

دڵی وێڵم
وڵاتێکی بێ بەیداخە
ئەو کاتانەی کە دڵدار بووین
شیعرەکانم قەڵایەکی پۆڵایین بوون
بەرگەی ئازاریان دەگرتی
لە بیرتە
لە باوەشی من نەبوایە، نەدەسرەوتی؟
دە پێم بڵێ
لەپاش ئەوەی
تەمەنێکی پڕ جوانیمان
لەگەڵ یەکتردا بەسەربرد
بە گوتەی کێ، بوویە دوژمنی ئەو عەشقە و
هەموو شتێکت لە بیرکرد؟..

هەولێر
٢٥ - ٢ - ١٩٩٦.

ئەم هۆنراوەیەیەی لە لایەن هونەرمەندی گۆرانیبێژ خاتوو سانا بەرزنجی بە گۆرانی وتراوە.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیر فەرید مەخمووری کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ماڵپەڕی فەیسبووکی Dangi Maxmur، لە ١٢ - ٤ - ٢٠١٢.
٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



**سێوە**

**دادە گـوڕێ لــە باخانـم نەمــای**
**خۆشـی لـە سـارانم دەسـت لێکبەردانـە**

ئەو لـەم تۆنەیدا ئاوازی بۆ مەقامەکەی داناوە، کەم لەگۆرانیبێژانی دنیا ئەم کارەیەیان کردووە.

گۆرانیبێژ و مەقامبێژی ڕەسەنی کورد ڕەوانشاد سێوە...

ناوی تەواوی(سێوە یەڵدا سلێوە)یە، سەبارەت بە ساڵی لە دایکبوون و کۆچکردنی بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێ سەرچاوە ساڵی لە دایکبوون و کۆچکردنی دەگێڕنەوە بۆ ساڵی(١٨٨٢- ١٩٦٣)هەندێ سەرچاوەی دیکەش بۆ ساڵی(١٨٩٠- ١٩٦٣)ی دەگەڕێننەوە، لەسەر کێلی قەبرەکەشی نووسراوە(١٨٨٢- ١٩٦٢) مامۆستای ڕەوانشاد شاعیر و نووسەر کەریم شارەزاش ساڵی لە دایکبوونی دەگەڕێنێتەوە بۆ ١٨٩١ و ساڵی کۆچکردنیشی بۆ ساڵی ١٩٦٤، ئەو لە گەڕەکی(بەفریقەند)ی شارە جوان و ڕەنگینەکەی کۆیە لە خێزانێکی(مەسیحی- کریستیان)لە دایکبووە، سەرەتا لای(قەشە سوورە عەجمانە)بە زمانی سریانی ئەلف و بێی کلدانی خوێندووە، هەروەها

زمانی عەرەبی و سەرەتایەکی زمانی فەرەنسیشی خوێندووە، دواتر فێری زمانی فارسی و تورکیش بووە.

هونەرمەندی مەقامبێژ سێوە وەکو(شەماشە بە زمانی سریانی، شماس بە زمانی عەرەبی) لە کنێسەی کۆیە کاری کردووە، لە هەمان کاتیشدا لای ڕەوانشاد(کاکە زیادی کۆیە)وەکو(محاسب- ژمێریار)دەستبەکار بووە، هەر ئەویش هانیداوە و هاوکاریی کردووە بچێتە بەغدا و ڕادیۆی کوردی.

ئەو میراتگری مەقامبێژانی سەدەی نۆزدەمی شاری کۆیەیە، کە ئەمین ئاغای حەوێزی ناسراو بە(ئەختەر)ی شاعیر و مەقامناس بووە و مەقامە کۆنەکانی پێش خۆی نوێ کردۆتەوە، مەقامبێژانی وەک(مەربین، نەشئەتی ڕەشید ئاغا) لە دیوەخانەکەی ئەو بوونەتە مەقامبێژی ناودار، دوای ئەوانیش هەر یەک لە مەقامبێژان(پووتێ، حاجیە گەورە، عەبەی چایچی، حەنبل)جێگەی ئەوانیان گرتۆتەوە، سێوەی مەقامبێژیش لەسەر دەستی ئەوان فێری هونەری مەقامی ڕەسەنی کوردی بووە، بەڵام ئەو مەقامەکانی



هونەرمەند سێوە لە کاتی گۆرانیی وتندا

ئەوانی لاسایی نەکردۆتەوە، بەڵکو بە بەرگێکی نوێ تازەی کردوونەتەوە و شێواز و ستایلێکی تایبەت بە خۆیەوە هەبووە، مەقامەکانی(سۆز و تام و بۆ)یەکی گۆرانی و سروود و ستایش و موناجاتی ئایینی مەسیحیەتی تێدا بەدی دەکرێت.

هونەرمەندی گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی کوردی سێوە لە منداڵیدا عەشقی کچە کریستیانێک بووە بە ناوی(وارێ) کە کچی پیاوێکی ناو یوسف بووە، دیارە یەکتریان خوشویستووە، باوکی کچەکە ڕازی نەبووە بیداتە سێوە و



گڵکۆی هونەرمەند سێوە



هونەرمەند سێوە لە کاتی گۆرانیی وتندا



هونەرمەند سێوە لە کاتی گۆرانیی وتندا

بە مێردی داوە، عەشقی(واریێ) وای لێکردووە کە زیاتر حەزی لە گۆرانی و مەقامی کوردی بێت و دەنگیشی زۆر خۆش بووە، ئیتر زیاتر بایەخی بە مەقام داوە.

ئەو لە ساڵی ١٩٥٢ بۆ یەکەم جار چووەتە شاری بەغدا و لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا(٥)گۆرانی تۆمارکردووە کە ئەمانە:

- ئەوەل سەحەرە، مەقامی عەجەمە و لە سەر چوارگاە لێدەدرێ.
- ئەرێ گورێ، مەقامی حیجازە، بە شێوەیەکی زۆر تایبەت بە خۆی وتوویەتی و مۆری مولکی خۆی پێوەیە.
- بەهار، مەقامی حیجازە.
- ئایشە گوڵ، مەقامی بەیاتە.
- کراسی شەنگ مێرەم.

جگە لەو (٥) مەقامەی، گەلێ مەقامی ڕەسەنی دیکەشی بەتۆمارنەکراوی ماونەتەوە، لەوانە مەقامی "پاییز" کە کەم کەس گوێی لەم مەقامە بووە، کە دەڵێت:

گەلی برادەرینە



**هونەرمەند سێوە لە کاتی گۆرانیی وتندا**









**هونەرمەند سێوە لە کاتی گۆرانیی وتندا**

ئەمن پاییزەکم گەییەتێ

چ پاییزەکێ فەقیرە!

کە دارە بەنی ماڵ وێران

سێبەری خۆی لەمن دەکاتە

سەرە تیرە

ئەگەر دری خەرکی ئەو عەیامەی

بریندارە بەشیران، بەتیران

بەماری دە دنیایێ

بەڵام دری منی غەریبە مارێ

بریندارە لۆ کیژۆرەکی چاردە

ساران


تازە لە مەمکۆڵانی گەڕاینەوە


شیرە!!

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر مامۆستای ڕەوانشاد کەریم شارەزا لە کتێبی(مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی





ڕەسەنایەتیدا)،(٢٨) گۆرانی و مەقامی سێوەی تۆمار کردووە کە هەندێکیان جارێک وتراوە و تۆمار نەکراوە، ئەوانی دیکەش هەر بەم جۆرە، لە ساڵی ١٩٣٥ لە کاتی نۆژەنکردنەوە و جوان کردن و دانانی فانۆس و لۆکس بۆ مزگەوتی گەورەی کۆیە، ڕەوانشاد مەلای گەورەی کۆیە، وەکو بەشداربوونی برا کریستییانەکانی کۆیە، بانگهێشتی هونەرمەند سێوەی کردووە، ئەویش قەسیدەیەکی ئایینی زۆر جوانی خوێندووە، بەڵام هەر ئەو جار بووە و تۆمار نەکراوە، ئەوەش نیشانەی برایەتی و پێکەوە ژیانی موسڵمانان و مەسیحییەکان بووە لە شاری کۆیە.

بە پێی هەندێ گێڕانەوە مەقامی(ئەوەل سەحەرە) یەک لە فەقێیەکانی مزگەوتی(مەلا ئەسعەد) لە کۆیە نووسیویەتی، گوایە عەشقی کچێک بووە بە ناوی(سەحەر)بەڵام عیشقی یەکلایەنی، دەقەکەی داوەتە سێوە، ئەویش بە مەقام وتوویەتی، دیسان کۆمەڵێک وشەی ئایینی ئیسلام و مەسیحی تێدایە، کە ئەمەش هەر نیشانەی برایەتی و پێکەوە ژیانیان بووە لە شاری کۆیە.

زۆر لە نووسەر و لێکۆڵەر و هونەرمەندانی کوردستان باسی ژیان و مەقامەکانی سێوەیان کردووە، زۆر لە هونەرمەندانیش گۆرانیی ئەویان وتووە لەوانە مەقامی(ئەوەل سەحەرە)کە هەریەک لەم هونەرمەندانە وتوویانە(سەلاح محەمەد کۆیی، ئەلیاس جۆلا، دڵنیا خان، سلێمان قەرەچووغی، شەمال بابەکر).

لە شەوی ٩ - ١٢ - ١٩٦٣ کە شەوێکی زۆر سارد بووە، هونەرمەندی گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی کوردی سێوە کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی بە دارەبازە لەسەر شانی موسڵمان و مەسیحییەکانی شاری کۆیە گواستراوەتەوە گۆڕستانی(هەرمۆتە)، کە نزیکەی(٣) کیلۆمەتر لە کۆیە دوورە و لەوێ بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆشی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

**سەرچاوەکان:**

١ - هەندێ زانیاریی گرنگ لە نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر هاوژین سلێوە وەرگیراوە.

٢ - کوردیپیێدیا.

٣ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٤ - کتێبی(مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا)، لە نووسینی نووسەر کەریم شارەزا.

٥ - ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر و هونەرمەند نەژاد سامان.

٦ - فلمێکی دوکیومێنتاری، کەناڵی PRODUCTION ٢٤ KURDISTAN.

٧ - ماڵپەری KASHAM KURDA، SAMAL BABAKR.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەلام مستەفا

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر، نووسەری فلیم و زنجیرە درامای کوردی، مامۆستا سەلام مستەفا...

ناوی تەواوی(سەلام مستەفا ساڵح)ە، بە شاعیری(نان)ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی(کانی ئاسکان)ی ناو شاری سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە.

شاعیر و نووسەر سەلام مستەفا لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، سەرەتا بە شیعر نووسین دەستی پێکردووە، دواتر ڕووی لە نووسین و لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن و کۆکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی هەمەجۆر کردووە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەکو (هاوکاری) بڵاوی کردوونەتەوە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە شیعر و بابەتەکانی دیکە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، وەکو ڕۆژنامەنووسیش کاری تێداکردوون لەوانە:(هاوڵاتی،



شاعیر
سەلام مستەفا بە منداڵی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس، شاعیر سەلام مستەفا**

هەرێمی کوردستان، ڕێبازی ئازادی، ئاڵای ئازادی، چاودێر، بەدرخان، ئاوێنەکان، ئایندە، مرۆڤایەتی، گەلاوێژی نوێ، کەشکۆڵ و چەندانی دیکەش).

شاعیر سەلام مستەفا بە شاعیری(نان)ناسراوە بەشی زۆری شیعرەکانی بۆ چینی هەژار و کەم دەرامەتان نووسیوە، تا ڕادەیەکی زۆر کەمتر خۆی لە نووسینی شیعری عیشق و ئەڤینی داوە، لە نووسینەکانی دیکەشی بایەخێکی تەواوی بە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی کوردستان داوە، وەکو کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و بۆردومانی قەڵادزێ و کارەساتەکانی دیکەی کە بەسەر میللەتەکەماندا هاتووە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و جوانی نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- پەڕەسێلکەی سپی، کۆمەڵە شیعر، ١٩٩٠.
- کۆماری نان، کۆمەڵە شیعر، چاپی یەکەم ١٩٩١، بۆ جاری دووەمیش چاپکراوەتەوە.
- تەنوورەکانی دۆزەخ، کۆمەڵە شیعر، ١٩٩٢.
- وێنەیەک پڕ پڕ لە کزەی جەرگ، نووسین و ئامادەکردن، ١٩٩٩.
- شانزەی سێ، ئامادە و کۆکردنەوە و نووسین، بەرگی یەکەم، ٢٠٠١.

- شانزەی سێ، ئامادەکردن و کۆکردنەوە و نووسین، بەرگی دووەم، ٢٠٠٢.
- بارانی ڕەنگاو ڕەنگ، ئامادەکردن و کۆکردنەوە، ٢٠٠٦.
- چاپی سێیەمی مەراقێک، ئامادەکردن و کۆکردنەوە، ٢٠٠٣.
- دیوانی نەورۆزی ڕاپەڕین، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، ٢٠١٤.
- قامەتی پایز، کۆمەڵە شیعر.

دەیان پارچەی شیعری وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و فارسی و سویدی.

زیاتر لە(٧٠) پارچە شیعری لە لایەن هونەمەندانی کورد ئاوازی بۆ دانراون و لە لایەن هەر یەک لە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ(بورهان مەجید، نەجم محەمەد، جەمال شەریف، شیلان عوسمان، کەمال محەمەد، سامان عومەر، کیژان ئیبراهیم خەیات، سەفین خەراجیانی، ئیسماعیل سابووری، دانا عەبدولجەبار، حەمید عوسمان، ئەحمەد خەلیل، فەرەیدون وەلی، لالۆ ڕەنجدەر و چەندانی دیکەش)وەکو سروود و گۆرانی وتراون.




لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەمین محەمەد، نووسەر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی، شاعیر و نووسەر سەلام مستەفا

ئـەو وەکو نووسـەرێکی دەست و خـەت خۆش ناسـراوە و بـە دەسـت و پەنجە ڕەنگینەکانی چەندین کتێب و نامیلکەی نووسیوەتەوە، دواتر چاپ و بڵاوکراونەتـەوە.

چەند سیناریۆیەکی بۆ زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی نووسیوە لەوانە(درامای گوڵەکانـی ماڵئاوایـی) کـە (٥) ئەڵقەیـە و لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد مەریـوان ئیبراهیـم بـووە و لـە تەلەفزیۆنـی گەلـی کوردسـتان پەخـش و بڵاوکراوەتـەوە، هەروەهـای سـیناریۆی بـۆ زنجیـرە درامـای (پەپوولـە ماندووەکان) نووسـیوە کـە (١٥) ئەڵقەیـە و لـە دەرهێنانی هونەرمەنـد نەجـم هۆگـر بـووە، ئەویـش هـەر لـە تەلەفزیۆنـی گەلـی کوردسـتان پەخشـکراوە.

وەکـو ئەکتەریـش بەشـداریی لـە فلیمێکـی سـینەمایی بـە ناوی(خـۆر و شـانۆگەریی غۆرێـلا) کـردووە.

شـاعیر سـەلام مسـتەفا وەکـو ڕۆژنامەنووسـێکی بـە توانـا چەندیـن بڵاوکـراوەی لەسـەر ئەرکـی خـۆی بڵاوکردۆتـەوە لەوانـە:



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەباسی کەمەندی، شاعیر سەلام مستەفا




له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ئەمین محەممەد، شاعیر شەهاب عوسمان، شاعیر سەلام مستەفا، شاعیری دیاری کورد خاتوو کەژال ئەحمەد، شاعیر دڵشاد عومەر، شاعیر خەیام


- بڵاوکراوەکانی شانزەی سێ کە تایبەت بووە بۆ هەڵەبجە و دوانزە ژمارەی لێ بڵاوکردۆتەوە.
- بڵاوکراوەی(٢٤ - ٤ - ١٩٩٥) بۆ کارەساتی قەڵادزێ.
- بڵاوکراوەی(مین) بۆ ڕێکخراوی(MAG).
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی کارگێڕی و بەڕێوەبەری ژمێریاریی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە.
- بەشداریی دەیان کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوەی لە سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان کردووە و دەکات.
- دەیان جار لە لایەن لایەنە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکان خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

بۆ شاعیر و نووسەر سەلام مستەفا هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی شیعر و زمان و ئەدەبی کوردی.


نموونەی شیعری شاعیر سەلام مستەفا:












**بەرهەمەکانی شاعیر سەلام مستەفا**

**(١)**

**(کتێب)**

ئەو ڕۆژەی قفڵی دوکانی
کتێبخانەکانیان شکاند
ئەورۆژەبوو، کەکتێبێ نانی کڕی و
کتێبێکیش..
بەسەر سەری کورسییەکاندا ئاسۆی بڕی.

(٢)

**(پشکۆ)**

دارێک سووتا..
پێش ئەوەی بێت بەخۆڵەمێش
پشکۆیەک خۆی ..
گەیاندە سەرکانییەک خۆی کوژاندەوە
کانی وتی:
چۆن ئەبێ دایکت بسووتێ و
تۆش هەڵبێیت و بەجێی بێڵیت؟
پشکۆ وتی: هەڵنەهاتووم
ئەوەندەی چۆتەهەستمەوە
ئەڕوم مێژووی ..
مردنی پیرە دایکەکەم ئەنووسمەوە

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیر سەلام مستەفا، هاوڕێم شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەدیب عەبدوڵلا

شـاعیر و نووسـەر چیرۆكنـووس، ڕۆژنامەنـووس و میدیـاكار، ئەدیـب عەبدوڵـلا..

شاعیر و چیرۆكنووس ئەدیب عەبدوڵلا لە ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی(ڕەشاڤە) لـە داوێنـی چیـای (مەتیـن)ی سـەر بـە دەڤەری(نهێلـی)ی پارێزگای دهـۆك لـە دایكبـووە، خوێندنـی سـەرەتایی تـا پۆلـی چوارەمـی هـەر لـە گونـدی ڕەشـاڤە خوێنـدووە، لـە سـاڵی ١٩٧٩ گوندەكەیـان بـەر شـاڵاوی ڕژێمـی بەعـس كەوتـووە و وێرانكـراوە و چوونەتـە ئۆردوگای زۆرەملێی(دێرەلـوك)و لـەوێ نیشـتەجێبوونە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە كۆمەڵـگای ناڤێـری تەواوكـردووە، بـۆ درێـژەدان بـە خوێنـدن چووەتـە دهـۆك و سـاڵی ١٩٨٦ ئامادەیـی پیشەسـازی لـە دهـۆك بـە سـەركەوتوویی تەواوكـردووە.

شاعیر و چیرۆكنووس ئەدیب عەبدوڵـلا هـەر لـە منداڵییـەوە خولیای زمـان و ئـەدەب و شـیعری كـوردی بـووە، هێشـتا قوتابیی ناوەنـدی بـووە دەسـتی بـە شـیعر و چیرۆكنووسـین كـردووە و ئاشـنای چیـرۆك و حیكایـەت و داسـتان وسـەربردەی فۆلكلـۆری بـووە، سـاڵی ١٩٨٧ وردە وردە بەرهەمەكانـی خـۆی لـە ڕۆژنامـەی هـاوكاری بڵاوكردۆتـەوە، ئیـدی كەوتۆتـە نـاو دنیـای نووسـینی شـیعر و كورتـە چیـرۆك، لـەم بوارەدا چەندیـن بەرهەمـی پوخـت و بـە نرخـی



**له لای ڕاستەوە: شاعیر ئەدیب عەبدوڵڵا، نووسەر وەرگێڕ و لێکۆڵەر حەسەن سلێڤانی، نووسەر عەبدولڕەحمان بامەڕنی، نووسەر ئەنوەر محەمەد تاهیر**



**له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی، هونەرمەند زوهێر ئامێدی، نووسەر تەحسین ناڤشکی، شاعیر ئەدیب عەبدوڵڵا، شاعیرو نووسەر موسەدەق تۆڤی، نە ناسراوە**

چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەن:

- کەنگی تە دیت؟هەلبەستێن هوزانڤان محمد محمود رەشاڤەیی، بەرهەفکرن، سالا ٢٠٠٢.
- هەرو سترانەک، هەلبەست، سالا ٢٠٠٤.
- حەیرانۆک، نامەیێن ئەڤینداران، فولکلور،سالا ٢٠٠٦.
- رۆژانێن شێتەکێ، تێکستێن ئەدەبی، سالا ٢٠٠٨.

- چه پا گلێشی، کورته چیرۆک، سالا ٢٠٢١.

ئەم بەرهەمانەشی ئامادەیە بۆ چاپ:

- پرا مژێ، کورتە چێرۆک.
- کومەلەکا هەلبەستان.
- ژیان و هەلبەستێن شورەشگێڕی هوزانڤان ئیبراهیم رەشاڤەیی.
- ژمارەکا پەرتوکێن فولکلوری.



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز یوسف سەبری، بەڕێز ئەیوب ڕەزوان، شاعیر ئەدیب عەبدوڵڵا، نووسەر ئیسماعیل هاجانی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر بڵند محەممەد، نووسەر تەحسین ناڤشکی، نووسەر دڵبرین هالو، نووسەر ئاشتی گەرماڤی، شاعیر ئەدیب عەبدوڵڵا



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەدیب عەبدوڵڵا، نەناسراوە**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر موئەیەد تەیب، ئاڤێستا کچی شاعیر موئەیەد تەیب، شاعیر ئەدیب عەبدوڵڵا**

- کتێبی(چەپا گلێشی) لە لایەن نووسەر ماجد حەیدەری وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

چەندین شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگرانی کورد تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی شاعیر ئەدیب عەبدوڵلا.

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس ئەدیب عەبدوڵڵا وەکو میدیاکار و ڕۆژنامەنووس چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- سـاڵی ١٩٩٥ پێشکەشـکاری بەرنامەی(سـترانبێژێن کەڤن)بـووە کـە لـە ئامادەکردنـی نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و لێکۆڵـەر ئیسـماعیل بـادی بـووە.
- لە ساڵی ١٩٩٦ ماوەیەک پەیامنێری دەزگای گوڵان بووە.
- چەند ساڵێک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(پەیڤ)بووە.
- بۆ مـاوەی زیاتـر لە(١٠)سـاڵ ئەندامـی لقی(مانگـی سـووری عێراقی)بـووە، چەندیـن چالاکـی لـە بـواری مرۆڤایەتـی پێشـکەش کـردووە.



**شاعیر ئەدیب عەبدوڵڵا خۆی و دایکی و هەموو خێزانەکەی**



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو هاوسەری شاعیر قوبادی جەلیزادە، شاعیر قوبادی جەلیزادە، شاعیر ئەدیب عەبدوڵلا**

- بەشداریی دەیان کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفرانس و فیستیڤاڵی شیعر و چیرۆک خوێندنەوەی لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی و ئاکرێ و سووریا کردووە.
- دەیان دیمانە و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لە کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانی کوردیدا ئەنجامدراوە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی دهۆکە.

بۆ نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس ئەدیب عەبدوڵلا هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر ئەدیب عەبدوڵڵا- تان بۆ دەنووسمەوە:

**پشتی ؟؟**

پشتی
هەرتشتێ بوی
ئەز ژناخێ خوە دە کەلی
دنێڤ شەقامێن باژێرکێن
وێ خانما
ئەز ژێرا مەست و بویمە دەلی
من هەولدا دلێ ئەشقێ
د سینگێ خوەد بینم دەرێ
داژ هیلاکا برس و ترسێ بهێم دەرێ
ب ئارامی
ژ بالگە هەک بێهن ڤەدەم
لێ نە هرێ
ئەشق (پاتریا ژیانێ یە)
حەز رەنگڤەدانا بەرخوەدانێ یە



بەرهەمەکانی شاعیر ئەدیب عەبدوڵلا

ئەڤان پەرا چەند ب خوینم
ب هزرینم
پەریا بوکەک هەژی ب ژڤانێ یە
دێ هەلینم ؟

***

پشتی
هەرتشتێ دبیت
من بێژەریا حەزێن تەکری
حەزو نەخشێن من بوتەکری
یاسا ژ دلێریا خو لێڤەبوو
ئایندە ژ سەرداڤەکا تاری دە
پورا سەرێ من
دکرە خلف و سێدار

دا تە ب فهێتیڤة
پێ قنار کەت
ئەو پەریا هێشتا نەبووی
رنگێ من لێ , ناڤێ من ل سەر
یا دکەتە بوک , بومن کار دکەت
دا من و تە ژێک جوداکەت

**سەرچاوەکان:**

١ – کورتەیەک ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر و چیرۆکنووس ئەدیب عەبدوڵلا، لە سەر داخوازیی من هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## شاخەوان سدیق

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و میدیـاکار و لیکۆڵـەر و توێـژەر، لێپرسـراوی دەزگای ڕۆشـنبیریی (کەریمی عەلەکە) مامۆسـتا شاخەوان سـدیق...

نـاوی تەواوی(شـاخەوان سـدیق شـەفیع)ە، لـە سـاڵی ١٩٨٣ لـە شـاری هەڵەبجـەی شـەهید لـە دایکبـووە، پـاش کیمیابارانەکـەی هەڵەبجە سـاڵی ١٩٨٨هاتوونەتـە شـاری سـلێمانی، قۆناغـی سـەرەتایی تـا پۆلـی سـێیەم لـە شـاری سـلێمانی خوێنـدووە، لـە سـاڵی ١٩٩٤ چوونەتـەوە شـاری هەڵەبجـە و خوێندنـی سـەرەتایی هـەر لـەوێ تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ٢٠٠٠ بەشـی شـێوەکاری لـە پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانـی هەڵەبجـە تەواوکـردووە، لـە نێوان سـاڵانی ١٩٨٨ - ١٩٩٩- ٢٠٠٠چەند پێشـانگایەکی شـێوەکاری هـەر لە هەڵەبجـە کردۆتـەوە و چەندیـن چالاکیـی هونەریـی دیکەشـی نوانـدووە.

نووسـەر و میدیـاکار شـاخەوان سـدیق ئـەو کاتـەی قوتابیـی پەیمانـگای هونـەرە جوانـەکان بـووە، دەسـتی بـە خوێندنـەوەی ئەدەبیاتـی کـوردی کـردووە، پـاش پەیداکردنـی پاشـخانێکی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیریی بـاش دەسـتی بـە نووسـینی بابەتـی هەمەجۆر کـردووە، یەکەمیـن نووسـینی خـۆی بەناوی(کاکـەی کۆمپیوتـەر ناکرێتـە نـاو پرۆگرامـی خوێندنـەوە) لـە یەکـێ لـە ڕۆژنامـە کوردییەکان بە شـێوەی سـتون بڵاوکردۆتەوە، دواتر گڕوگاڵی شیعر



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و چیرۆکنووس ڕەئوف بێگەرد، نووسەر شاخەوان سدیق، نووسەر و ڕۆماننووسی دیار و ناسراوی کورد شێرزاد حەسەن**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر شاخەوان سدیق، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس**

نووسینی کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوی کردۆتەوە، پاشان چووەتە ناو دنیای ڕۆژنامەگەری و میدیاییەوە، لەم بوارانەدا چەندین دیدار و دیمانە و چاوپێکەوتن و هەڤپەیڤینی لە گەڵ ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووسە ناسراو و دیارەکانی کوردی و کۆمەڵێک ئەدیبی عەرەبی کردووە و، هەمووشی بە شێوەی چەند کتێبێکی پوخت و جوان چاپ و بڵاوکردوونەتەوە، ئەمانە هەندێکیانن:

- چێژی خوێندنەوە، ئامادەکردن.

- شیعر و ئازادی، هەڤپەیڤین لە گەڵ نووسەر و لێکۆڵەر ڕێبوار سیوەیلی، ساڵی ٢٠٢١.
- چێژی گێڕانەوە، ئامادەکردن، گفتوگۆ لە گەڵ کۆمەڵێک ئەدیبانی کورددا.
- ئەدەب و گێڕانەوە.
- ڕۆمان و ناساندن، ڕانان و خوێندنەوەی چەند ڕۆمانێکی کوردی و بیانی.
- ڕۆمان و دونیابینی، دیدار لە گەڵ چەند ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوی عەربی، لە لایەن ڕەنجدەر جەبار وەرگێڕدراوە.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر شاخەوان سدیق، دکتۆر محەمەد کەمال مامۆستای فەلسەفە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر شاخەوان سدیق، نووسەر و ڕۆماننووسی دیار و ناسراوی کورد بەختیار عەلی



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز دکتۆر تەها ڕەسووڵ، مامۆستا کامل ژیر، نووسەر شاخەوان سدیق**




**نووسەر و میدیاکار شاخەوان سدیق**

- تێگەیشتن لە ڕۆمان، گفتوگۆ لە گەڵ نووسەر عەلی عوسمان یاقوب دەربارەی پرسە ئاڵۆز و تەکنیکە جیاوازەکانی ڕۆمان، ساڵی ٢٠٢٠.
- ڕۆمان لە تاکدەنەگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆ لە گەڵ نووسەر کاروان عومەر کاکەسوور، ساڵی ٢٠٢١.
- ئەدەبیاتی هەورامی و چەند باسێک، ئامادەکردن.
- چێژی نووسین، ئامادەکردن.

- چیرۆکەکانی ئەدیبێک، دیدار لە گەڵ چیرۆکنووس و ڕۆماننووس حسێن عارف، ٢٠٢٣.
- دانپیانانەکانی ئەدیبێک، دیدار لە گەڵ نووسەر و ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن، ٢٠٢٢.
- هونەری چیرۆک، چنین لە پێناو گێڕانەوەدا، نووسینی ئامادەکردن، ٢٠٢٢.
- شیعری نائومێدی، خوێندنەوەی دەقی چەند شیعرێک.

چەندین بەرهەمی دیکەش.




**بەرهەمەکانی نووسەر شاخەوان سدیق**

نووسـەر و لێکۆڵـەر شـاخەوان سـدیق، سـەرەڕای نووسـین و ئامادەکردن و لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوە دەربارەی نووسین و گێڕانـەوە و چێژ وەرگرتن لە ڕۆمـان و نووسـینی ئەدەبیاتـی دیکـەش، لـە بـواری ڕۆژنامەگەریش ماوەیـەک وەکو دەسـتەی نووسـەرانی ڕۆژنامـەی(دادگا) دەسـتبەکاربووە، دواتـر وەکو نووسـەر و بەڕێوەبەری نووسـین و سەرنووسـەر چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کـوردی کاری کـردووە، ئێسـتاش سەرنووسـەری گۆڤاری(وانـەر)ە، کـە هـەر سـێ مانـگ جارێـک دەردەچێـت و لێپرسـراوی دەزگای ڕۆشـنبیریی(کەریمی عەلەکە)یـە لـە شـاری سـلێمانی.

بۆ نووسـەر و میدیـاکا ر و لێکۆڵـەر شـاخەوان سـدیق هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمـان و ئەدەبی کـوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیـەک ژیاننامـەی نووسـەر شـاخەوان سـدیق کـە لـە سـەر داخوازیی مـن بـۆی ناردووم، سوپاسـی دەکـەم

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەمەد کەساس


مامۆستای پەروەردە و شاعیری شیعری کلاسیکی و نوێ و منداڵان، لێکۆڵەر و وەرگێڕ و نووسەری بواری ئەدەبی و ڕەخنەیی، مامۆستا محەمەد کەساس ...

ناوی تەواوی(محەمەد نەجمەدین فەرەج)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە محەمەد کەساس ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ وەکو مامۆستای سەرەتایی لە گوندو شار و شارۆچکەکانی شاری سلێمانی و دواتریش ناو شاری سلیمانی دەستبەکار بووە، ئەو خزمەتێکی زۆری لە بواری پەروەردە و فێرکردنی کردووە و تا خانەنشین بوونی لە ساڵی ٢٠٢٠، ئێستا لە شاری سلێمانی دەژیت.

شاعیر و نووسەر محەمەد کەساس هەر لە تافی لاوێتیدا حەز و ئارەزووی چووەتە سەر شیعر و زمان و ئەدەبیاتی کوردی، لە ساڵی ١٩٧٠ەوە دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، ساڵی ١٩٧٧ بۆ یەکەم جار نۆبەرەی بەرهەمە شیعرییەکانی لە ڕۆژنامەی هاوکاری لە بەغدا بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی شیعر و بەرهەمە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و چیرۆکنووس و لێکۆڵەر مامۆستا محەممەد ئەمین پێنجوێنی، شاعیر محەممەد کەساس**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، نووسەر و ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن، شاعیر محەممەد کەساس**

ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری و ڕەخنەییەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەوانە:(بەیان، ڕۆژی کوردستان، ڕەنگین، ڕەنجی کرێکار، پاشکۆی عیراق و چەندانی دیکەش).

شاعیر محەمد کەساس بەردەوام بووە لە شیعرنووسین بۆ گەوران و منداڵان، ئەو شیعری کلاسیکی لەسەر کێش و سەروای کوردی (خفیف-

سووک)و شیعری ئازاد (الحر)ی نوێ دەنووسێت، بەشی زۆری شیعرەکانی تام و بۆی بەرگری (المقاومة)ی لێدێت، دواتر ڕووی لە نووسینی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن و توێژینەوەی پەروەردەیی و ئەدەبی و هونەری و ڕەخنەیی کردووە، لەم بوارانەدا تا ئێستا (٢٩) کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەن:

- کتێبی(مامڵێی هونەرمەند)، ١٩٧٩.
- تروسکە، دیوانی شیعر، ساڵی ١٩٨٠ .



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد، شاعیر و نووسەر محەمەد کەساس



لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەمەد کەساس، شاعیر و نووسەر شێخ ساڵح بازرگان، نووسەر و شاعیر و باڵوێزی ئاشتی شوان مەندی




لەلای ڕاستەوە: بەڕێز ڕەشاد حوسێن، شاعیر محەممەد کەساس



لەلای ڕاستەوە: شاعیر محەممەد کەساس، ڕوانشاد فاروق ڕەفیق

- کەوی کوێستان، شیعر بۆ منالان، سالی ١٩٨٤ .
- مەرگی هەلۆ، دیوانی شیعری بەرگری، سالی ١٩٨٦ دوو جار لە شاخ چاپکراوە.
- کارزان و هاوڕێکانی، (بە وێنەوە ) چاپی یەکەم، سالی ١٩٨٧.
- کارزان و هاوڕێکانی (بە وێنەوە ) چاپی دووەم، سالی ٢٠٠٣.
- هەوێن، دیوانی شیعری بەرگری، سالی ١٩٩١.
- سەرهەلدان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەقابی لە جیهاندا، وەرگێڕان سالی ١٩٩٢ .

- خۆر، شیعر بۆ منالآن، سالّی ١٩٩٥.
- له ئەدەبی گەلانەوە، وەرگێڕان و ئامادەکردن، چاپی یەکەم، سالّی ١٩٩٩ .
- له ئەدەبی گەلانەوە، وەرگێڕان و ئامادەکردن،چاپی دووەم، سالّی ٢٠٠٠ .
- مندالّ و شیعر، شیعری زانستی و ئۆپەرێتی شیعری بۆ منالآن، سالّی ٢٠٠٠.
- مندالّ و سایکۆلۆژیەتیی پەروەردەکردن، وەرگێڕان و ئامادەکردن، چاپی یەکەم، سالّی ٢٠٠٠ .
- مندالّ و سایکۆلۆژیەتیی پەروەردەکردن، وەرگێڕان و ئامادەکردن، چاپی دووەم ، سالّی ٢٠٠٥.
- بەفربارین، شیعر بۆ منالآن، چاپی یەکەم، سالّی ٢٠٠٣.
- کەروێشکە پیاو، چیرۆک بۆ نەوجەوانان، وەرگێڕان، سالّی، ٢٠٠٥.
- بارانی موحیببەت، دیوانی شیعر، چاپی یەکەم، سالّی ٢٠٠٤.




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر محەمەد کەساس

- چەند ئەفسانەیەک لە کاریبیەوە، چیرۆک، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٧.
- بوونگەرایی لەنێوان ئەدەب و فەلسەفەدا، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٧.
- پەپوولە، شیعر بۆ منالان، چاپی یەکەم و دووەم و سێیەم، ساڵی ٢٠٠٩ .
- بەلزاک، ژیان و ئەدەبەکەی، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٠ .
- سەفەرێک لەگەڵ با، دیوانی شیعر، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١.
- وێستگەکان، کۆمەڵە وتارێکی سیاسی و فیکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییە، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١.
- چۆلەکەو ڕاوکەر، چیرۆک بۆ منالان، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٢.
- ئەستێرەی ئاڵتوونی، چیرۆک بۆ منالان، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣.
- پۆستەچی ژێرئاو، چیرۆک بۆ منالان، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣.
- هەناسە تیوارەکان، دیوانی شیعر، چاپی یەکەم، بەغداد، ساڵی ٢٠١٨.
- هەناسە تیوارەکان، دیوانی شیعر، چاپی دووەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٩.
- دوورگەی جنۆکە، کۆمەڵە چیرۆکێکی نایابن لە چیرۆکە نایابەکانی ئەدەبی جیهانییە.

بۆ شاعیر و نووسەر مامۆستا محەمەد کەساس هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی.

وا پارچە شیعرێکی کلاسیکی شاعیر محەمەد کەساس-تان بۆ دەنووسمەوە:

(١)

**شیعری کلاسیکی:**

**تەبیبی دڵ**

ئەی تەبیبی دڵ کەئێستا بێ ئاگای تۆ لە حاڵی من
وەرەو کەشفێکی ڕۆحم کە چ کارەساتە ماڵی من
ئەگەر جارێ بەڕێبواری بێیتە کاولاشی ئەم دڵە
دەزانی چەن گرفتارە ڕۆحم بەدەست خەزاڵی من
سەراپا پڕ نائومێدی ڕۆحم ئەنجن ئەنجن بووە
باخی ژیانم ئێستاکە بۆ پاییزی تەمەن چووە
تانوپۆم بە گەڵای وەریو داپۆشراوە تابەری پێم
بووەتە سارا دەشتی دڵم بێ کانیاو و چەمەن بووە
دەسا چارەیە دەرمانێ بۆ ئەم دڵە بێ چارەیە
بەدڵ ڕەحمێ ببەخشە بە
ئەم عاشقە پەتیارەیە
گەرتۆ خودا لەدڵتابێ ، ئەویش چاوی سۆزی لێتە
تەیری دڵ لە هەرجێیە بێ
هەر عاشقی ئەو دارەیە

********

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیر محەمەد کەساس، هاوڕێم شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر ڕۆژان نووری

مامۆستای زانکۆ و لێکۆڵەر و توێژەر، پسپۆر و شارەزای زمان و شێوەزار و ئیدیۆم و وشە و واتاسازای، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ڕۆژان نووری..

ناوی تەواوی(ڕۆژان نووری عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا)یە، بەڕەچەڵەک خەڵکی گوندی(ئیلنجاغی گەورەی)دەوروبەری شارە جوان و ڕەنگینەکەی کۆیەن، لە ڕۆژی ٢٠ - ٦ - ١٩٧٦ لە داوێنی چیای سەفینی سەرکەش لە شارە خنجیلانەکەی(شەقڵاوە) لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٠ هاتوونەتەوە شاری کۆیە و نیشتەجێبووینە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری کۆیە بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٩- ٢٠٠٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە و، یەکێک بووە لە (١٠)قوتابییە یەکەمەکانی خولی خۆی، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠- ٢٠٠١ هەر لەگەڵ کردنەوەی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی لە شاری کۆیە، وەکو(یاریدەدەری توێژەر) لە بەشی زمانی کوردیی ئەو کۆلێژە دەستبەکار بووە، دواتر بووەتە بەرپرسی کتێبخانەی پەروەردە لە هەمان کۆلێژ.




لەلای ڕاستەوە: دکتۆر مزگین عەبدولڕەحمان، دکتۆر عاتف عەبدوڵڵا فەرهادی،
دکتۆر شەهاب تەیب تاهیر، مامۆستا فارس عەلی، دکتۆر ڕۆژان نووری



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر سەلاح حەویز، دکتۆرە هێمن عەبدولحەمید، دکتۆر وریا عومەر ئەمین، دکتۆر ڕۆژان نووری، دکتۆر نەریمان خۆشناو، دکتۆر بابا ڕەسووڵ، لە زانکۆی کۆیە ساڵی ٢٠١٠ گیراوە

مامۆستا و نووسەر لێکۆلەر و توێژەر دکتۆر ڕۆژان نووری زۆر حەزی لە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، هەر بەردەوام بووە لە خوێندن لە ساڵی ٢٠٠٤ لە خوێندنی باڵا وەکو قوتابییەکی ماستەر لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی کۆیە وەرگیراوە و لە ٥ - ١٢ - ٢٠٠٦ بڕوانامەی ماستەری بە پلەی(زۆر باش- جیدجدا)بەدەستهێناوە و نامەی ماستەرەکەی بەناونیشانی(فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی)بووە، کە دوو جار لە لایەن خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا چاپکراوە و، دواتریش لە

کتێبێکی قەشەنگ و جوان هەر لە لایەن هەمان چاپخانە چاپکراوە، وەکو مامۆستای زمانی کوردی لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی کۆیە بەردەوام بووە لە خزمەتکردن.

ئەو دیارە زۆر سوور بووە لەسەر خوێندن، بۆیە هەر بەردەوام بووە لە خوێندنی لە بواری پسپۆریی خۆی، ساڵی ٢٠٠٩ لە خوێندنی دکتۆرا لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە وەرگیراوە




لە لای ڕاستەوە: میدیاکار خاتوو نەجیبە مەحمود، دکتۆر ڕۆژان نووری



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ڕۆژان نووری، نووسەر مامۆستا ئاراس ئیلنجاغی



لە لای ڕاستەوە:
دکتۆر شادان شوکر سابیر، دکتۆر ڕۆژان نووری




لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ڕەفیق شوانی، نووسەر ئاراس ئیلنجاغی، دکتۆر ڕۆژان نووری، لە قاوەخانەی قشڵە لە کۆیە ساڵی ٢٠٢٣ گیراوە

و لـە سـاڵی ٢٠١٤ بڕوانامـەی دکتۆراشـی بـە سـەرکەوتوویی و بـە پلـەی (نایاب) بەدەسـتهێناوە، نامـەی دکتۆراکەشـی بەنـاو نیشـانی(ڕۆڵی میتافـۆر لـە دەوڵەمەندکردنـی زمـان)دا بـووە، ئێسـتاش بـە پلـەی زانسـتی (پرۆفیسـۆری یاریدەدەر) وەکو مامۆستا بەردەوامە لە خزمەتکردن لە کۆلێژی پەروەردەی زانکـۆی کۆیـە.

دکتـۆر ڕۆژان نـووری تـا ئێسـتا دوو کتێـب و زیاتـر لـە(١٠) لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوەی ئەکادیمـی و زانسـتی لـە بـواری زمـان و شـێوەزار و ئیدیـۆم و وشـە و واتاسـازی و بابەتـی دیکـەی زمانەوانـی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی وەک (کەکـۆن، قـەڵای زانسـتی، گۆڤـاری زانکـۆی کۆیـە، گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان و چەندانـی دیکەش)بڵاوکردۆتـەوە.

ئەمەش کتێبە چاپکراوەکان و هەندێ لە لیکۆڵینەوە توێژینەوەکانین:

- کتێبی(فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی)، ساڵی ٢٠٠٦.
- کتێبی(میتافۆر لە شیعردا).
- میتافـۆڕ لـە شـیعرەکانی دکتـۆر هاوژیـن سـلێوەدا، لـە گۆڤـاری زانکـۆی کۆیـە سـاڵی (٢٠١٦) بڵاوکراوەتـەوە.

- پێکهاتەی زاراوەی پیشە لە شێوەزاری کۆیەدا، بەهاوبەشی لەگەڵ مامۆستا(شادان شکور سابیر).
- فەرهەنگی بەساڵاچوان لە شێوەزاری کۆیەدا، بەهاوبەشی لەگەڵ مامۆستا(شادان شکور سابیر).
- هێمای بازرگانی و ناولێنان لە تابلۆی شوێنکاردا، لە گۆڤاری زانکۆی کۆیە کە تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بەرگی( ٣) ژمارە (٢)، لە ڕێکەوتی (٣٠)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٠)دا بڵاوکراوەتەوە.
- شیکردنەوەی پڕاگماتیکی چەند دەقێکی(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان، بەهاوبەشی لەگەڵ (دکتۆر دەریا سابیر حەمەد) لە گۆڤاری زانکۆی گەرمیان لە ساڵی (٢٠٢٠)دا بڵاو کراوەتەوە.
- وەرگرتنی وشە لە زمانی تورکییەوە بۆ ناو زمانی کوردی، بە هاوبەشی لەگەڵ مامۆستای یاریدەدەر (فیراس تەحسین سابیر)، لە بەرگی (٧) ی ژمارە(٤)، زستانی (٢٠٢٢)ی گۆڤاری قەڵای زانستدا بڵاوکراوەتەوە.
- شێوازە جیاوازەکانی ئاخاوتن و ڕەنگدانەوەیان لەسەر باری دەروونیی



**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر خاتوو ڕۆژان نووری**

خوێندکارانی ئامادەیی، خوێندکارانی پۆلی (١٠ ـ ١١)ی ئامادەییەکانی ناو ڕانیە بە نموونە، بە هاوبەشی لەگەڵ (م. عەلی قادرحەمە ڕەش) لە ڕێکەوتی (٢٩ - ٣ -٣ - ٢٠٢٣دا لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕیندا پەسەندکراوە و بڵاوکراوەتەوە.

- بنەماکانی داڕشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا، بە هاوبەشی لەگەڵ ( د.شادان شوکر سابیر)، لە ڕێکەوتی ١٨ - ٥ - ٢٠٢٣ دا، لە گۆڤاری زانکۆی کۆیەدا پەسند و بڵاوکراوەتەوە.
- زیاتر لە(٨٥) بابەتی زمانەوانیشی لە ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا بڵاوکردۆتەوە.
- دکتۆر ڕۆژان نووری بەشداری لە گفتوگۆ و وتووێژکردنی دەیان نامەی ماستەر و دکتۆرای بۆ قوتابیانی زانکۆی کۆیە کردووە.
- بەشداری لە چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفرانفراسی ئەدەبی و زانستی و لە بواری زمان و زمانەوانی لە کوردستاندا کردووە.







بەرهەمەکانی
دکتۆر ڕۆژان نووری

بۆ نووسەر و زمانناس و لێکۆڵەر و توێژەر دکتۆر ڕۆژان نووری هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و وشەی کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەمەکانی دکتۆر ڕۆژان نووری، هاوڕێم نووسەر ئاراس ئیلنجاغی لە کۆیە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## زریان سەرچناری

نووسەر و وەرگێڕ و کارمەندی ڕێکخراوی کوردیپیدیا، مامۆستا زریان سەرچناری...

ناوی تەواوی(زریان عەزیز حەمە)یە، بە زریان سەرچناری ناسراوە، لە ١٧ - ١٢ - ١٩٧٥ لە گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە سەرچنار تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٩٥- ١٩٩٦ بڕوانامەی دبلۆمی لە بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی سلێمانی وەرگرتووە، دیارە هیچ هەلی بۆ نەڕەخساوە وەکو مامۆستا دابمەزرێت، ئەو ماوەی(٦)ساڵ وەکو پەنابەری سیاسی لە ئەوروپا ژیاوە و ئێستاش لە شاری سلێمانی دەژیت.

نووسەر و وەرگێڕ زریان سەرچناری زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی دەزانێت، هەر لە تەمەنی لاوێتیدا دەستی بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و فارسی کردووە و چەندین وتار و بابەتی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، بەردەوام بووە لە نووسینە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی تا ئێستا چەند کتێبێکی لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و شیکردنەوە و ساغکردنەوەی شیعری




لە لای ڕاستەوە: نووسەر هاوڕێ باخەوان و خاتوو بەناز سابیر و بەڕێزان هاوکارانی کوردیپیدیا



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز عەلی پێنجوێنی، بەڕێز ڕاپەڕ عوێزی، نووسەر زریان سەرچناری، بەڕێز ڕێبوار سەگرمە

شاعیرانی کلاسیکی و بابەتی ئایینی و هەمەجۆری دیکە نووسیوە و چاپ و بڵاویکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- ڕاڤەی چوارینەکانی بابا هەژاری موکریان، ساڵی ٢٠٢٢.
- لێکدانەوەیەکی هەژارانە بۆ ناڵەی جودایی هێمن.

- پوختەی چۆنێتیی نوێژی پێغەمبەر(د. خ).
- سەروای چ بکەم؟ چی بکەم؟ چ بکا؟ لە شیعری شاعیراندا، ٢٠١٨.
- غەزەلی (ألا یا أیّها السّاقي)ی حافزی شیرازی لای شاعیرانی کورد، ٢٠٢٢.

نووسەر و وەرگێر زریان سەرچناری لە ٢٥ - ٥ - ٢٠١٨ەوە، وەکو




لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، نووسەر ئەرسەلان حەسەن، شاعیر فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، نووسەر زریان سەرچناری



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز حاکم هیمداد، نووسەر زریان سەرچناری



لە لای ڕاستەوە: نووسەر زریان سەرچناری، نووسەر هاوڕێ باخەوان خاوەنی ڕێکخراوی کوردیپیدیا



بەرهەمەکانی نووسەر زریان سەرچناری

کارمەندێکی خۆبەخشانە لە ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی هەمەجۆر بڵاودەکاتەوە.

بۆ نووسەر و وەرگێر زریان سەرچناری هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت و لە نووسین و وەرگێران و چالاکییەکانت لە ڕێکخراوی کوردیپیدیا.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر زریان سەرچناری، هاوڕێم نووسەر ئاراس ئیلنجاغی لە کۆیە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# مزگین حەسکۆ

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، خاتوو مزگین حەسکۆ ...

ناوی تەواوی(مزگین مەحمود حەسکۆ)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە مزگین حەسکۆ ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی(شەلهۆمی)سەر بە ناحیەی(ترپاسپی-Tirbe Sipî) شاری قامشلۆ لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە قوتابخانەکانی ناحیەی ترپاسپی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٦ ڕووی لە وڵاتی ئەڵمانیا کردووە و وەکو پەنابەر لەوێ نیشتەجێیە، پاش فێربوونی زمانی ئەڵمانی دەستی بەخوێندنی(Florîstîk)کردووە و لە ساڵی٢٠٠٤بڕوانامەی دبلۆمی لە وەرگێڕان وەرگرتووە.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ خاتوو مزگین حەسکۆ سەرەتا بە زمانی عەرەبی دەستی بە نووسینی وتار و شیعر کردووە، دواتر کە فێری زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی و پیتی لاتینی بووە، وازی لە نووسین بە زمانی عەرەبی هێناوەو ڕووی لە نووسینی کوردی کردووە، یەکەمین بەرهەمی خۆی کە هەڵبەستێک بووە لە ساڵی ١٩٨٨ لە گۆڤاری(گەلاوێژ) بڵاوکردۆتەوە، بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و بابەتی هەمەجۆری دیکە تائێستا(١٢)بەرهەمی پوخت و جوانی بە زمانی کوردی شێوەزاری



بەشداریکردنی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ مزگین حەسکۆ
لە فیستیڤاڵی هونەرو ڕۆشنبیریی کوردی لە بەرلین



ئامادەبوونی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ مزگین حەسکۆ لە چالاکییەکی ڕۆشنبیریدا

کرمانجی بە پیتی لاتینی لە بواری شیعر و وەرگێڕان و بیرەوەریی بابەتی دیکەش نووسیوە و چاپ و بڵاویکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- Tîpên evînê شیعر، ساڵی٢٠٠٧.
- Asoyeke Tijî Endeko شیعر، ساڵی ٢٠٠٨.
- Di nav henaseyên kovanan de شیعر، ساڵی ٢٠١٠.
- Li ber Pala welatekî birîndar diherikîm شیعر، چاپی یەکەم،

سـاڵی ٢٠١٢، چاپـی دووەم، سـاڵی ٢٠٢٠.

- Ristek lal e شیعر ، ساڵی٢٠١٣.

- Ber bi werzên hezkirinê شیعر، ساڵی ٢٠١٥.

- Rêgehên keskînشیعر، ساڵی ٢٠١٩.

- Ji Bexçika jiyanê بیرەوەری و بیروڕا و چەند چیرۆکێکی ڕاستەقینە، ساڵی ٢٠٢٠.


-Nexşeya rewanê bêdengiyê شـیعر، چاپـی یەکـەم، سـاڵی ٢٠٢١ و چاپـی دووەم، سـاڵی ٢٠٢٢

-Surperiya zîvê sihirdar شـیعر، چاپـی یەکـەم، سـاڵی ٢٠٢٢، چاپـی دووەم، سـاڵی ٢٠٢٣.





شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ مزگین حەسکۆ لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی کوردستانیدا



شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ مزگین حەسکۆ لە چەند کاتێکی جیاوازدا















**بەرهەمی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ مزگین حەسکۆ**

- Ji Ferhenga lêgeriyanê، بیرەوەری و بۆچوونی ڕۆژانە.
- Bişkojên bi roniyê mest شیعر، ساڵی ٢٠٢٣.

چەندین بەرهەمی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

لە ساڵی ٢٠٢٠ یەکێک لە هەڵبەستەکانی لە لایەن کتێبخانەی(فرانکفۆرت) بە جوانترین هەڵبەست هەڵبژێردراوە.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ مزگین حەسکۆ چەندین چالاکی دیکەشی هەبووە و هەیە لەوانە:

- لە ساڵی ٢٠١٥ وەکو ئەندامی دەستەی نووسەرانی بەشی کوردی لە ڕۆژنامەی(پینوسا نو.... Pênûsa Nû)هەڵبژێردراوە.
- بەشداری لە چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوەی لە ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و باشووری کوردستان کردووە.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە:
- خەڵاتی شاعیری گەورەی کورد جگەرخوێن ساڵی ٢٠١٢.
- خەڵاتی شیعری کوردی لە دەرەوەی وڵات ساڵی ٢٠١٣.

- خەڵاتی(ڕودۆز Rûdoz).
- خەڵاتی شاعیر سەیدایی تیریج لە لایەن یەکێتیی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد لە سووریا، ساڵی ٢٠٢٢.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کوردیی سووریایە.

بۆ شاعیر و نووسەر خاتوو مزگین حەسکۆ هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

**سەرچاوەکان:**


١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر مزگین حەسکۆ، هاوڕێم نووسەر و ڕۆشنبیر ئیبراهیم عەباس لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕی بواری ئەدەبی منداڵان، مامۆستا فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی ...

ناوی تەواوی(فەرهاد ئەحمەد سەعید محەمەد)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٥ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(پیرەمێرد) و ناوەندیشی لە ناوەندیی ئازادیی کوڕان هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩٥ بڕوانامەی دبلۆمی لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە سلێمانی بەدەستهێناوە، بووەتە مامۆستای بنەڕەتی لە گوندی(گێڵدەر)ی سەر بە شارۆچکەی(بەرزنجە)، لە ساڵی ٢٠١٧ پەیمانگای ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی تەواوکردووە و پلەی مامۆستای پەروەردەیی پێبەخشراوە.



شاعیر فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی بە جاحێڵی

شاعیر و نووسەر فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، لە ساڵی ١٩٨٨ دەستی بە نووسینی



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا ڕزگارخدر، نووسەر خاتوو فەوزییە مەنمی، وێنەگر مامۆستا زمناکۆ ئیسماعیل، نووسەر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی، مامۆستا عباس ئەحمەد داودی، نووسەر مامۆستا فوئاد محەمەد ئەمین سەراج، نووسەر مەحمود باجەلان، شاعیر و نووسەر فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی، شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد، شاعیر و نووسەر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی، نووسەر بەکر پشدەری

شیعری کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەری و ئەڤینی کردووە. پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەرهەمەکانی خۆی لە گۆڤارە و ڕۆژنامە کوردییەکانی لەوانە (پەیامی ڕاستی) بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ دەستبەکاربوونی وەکو مامۆستا و تێکەڵبوونی بە منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان، ڕووی لە نووسینی شیعر و چیرۆک و وەرگێڕان بۆ منداڵان کردووە و، بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی تایبەت بە ئەدەبی منداڵان لەوانە (پەپوولە، حاجیلە، جگەرگۆشەکان، سڤۆرە، نەهری،

کۆلارە، کەناری، گوڵەکان، تۆم و جێری، جۆلانێ، دیلانێ، کورد جینیەس، سلێمانی، شارباژێڕ، ئاری، دیاربەکر، ژیار، ئایندە، ئامانج ساڵنامەی گڕی نەورۆز و چەندانی دیکەش).

تا ئێستا چەند بەرهەمێکی لە بواری ئەدەبی منداڵان لە شیعر و چیرۆک و وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- بووکە بچکۆلانەکە، کۆمەڵێک هۆنراوە بۆمنداڵان، ساڵی ٢٠٠٢ چاپکراوە.
- ڕاستگۆیی، کۆمەڵێک هۆنراوە بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٠٣.
- ژینی چۆلەکە، هۆنراوە بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٠٤ چاپکراوە.
- گەشتەکەی لانە بۆ سەر مانگ، کۆمەڵێک چیرۆک و هۆنراوە بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠١٠.
- خەیاڵی کۆترەکان، کۆمەڵێک هۆنراوە بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٢١ چاپکراوە.

دەیان پارچە هەڵبەستی لە لایەن هەر یەک لە هونەرمەندان(ئەنوەر قەرەداغی، سەلاح ڕەئوف، بەختیار عەبدوڵڵا، زانا مەحمود هەژار، محەمەد



لە لای ڕاستەوە: شاعیر فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی، یاسین قادر زڕگوێزی سەرنووسەری گۆڤاری پەپوولە


عەبدوڵڵا، هەژار عوسمان، نەوژین محەمەد، هەڤال ئەنوەر، محەمەد عەتا بەرزنجی، یاسین ژاژڵەیی، موەفەق عارف لهۆنی، شۆڕش قادر، و چەندانی دیکەش) ئاوازیان بۆ داندراون و کراونەتە گۆرانی و لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان پەخش و بڵاوکراونەتەوە.

چەند نووسینێکی لە پرۆگرامی خوێندنەوەی کوردی لەوانە (سوری ئاو) بۆ پۆلی دووەم و چیرۆکی(هێشوەترێ) بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی دانراون و دەخوێندرێن.

چەندین جار خەڵات و رێزلێنانی لە لایەن رێکخراوە ئەدەبی و



لە لای ڕاستەوە:خاتوو شەن، خاتوو لێوان، کچەکانی شاعیر و نووسەر فەرهاد بەرزنجی، شاعیر فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی، خاتوو پەیام ڕەفیق، ڕەهەند و لاوەند کوڕەکانی شاعیر فەرهاد بەرزنجی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی،
خاتوو پەیام ڕەفیق هاوسەری، شاعیر و نووسەر فەرهاد بەرزنجی




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

ڕۆشنبیرییە کوردییەکان بۆ کراوە لەوانە:(خەڵاتی زێڕینی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی، گۆڤاری پەروەردەیی ژیار، کۆمەڵگەی کورد جینیەس، ڕێکخراوی باهۆز، گۆڤاری گوڵەکان و چەندانی دیکەش).لە ساڵی ٢٠١١ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی لە ساڵی ١٩٩٧ هاوسەرگیری لە گەڵ خاتوو(پەیام ڕەفیق)کردووە و خاوەنی سێ کچ و دوو کوڕن بە ناوەکانی(لانە، شەن، لێوان، ڕەهەند و لاوەند) خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەدەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ئەدەبی منداڵانی کورد.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی- تان بۆ دەنووسمەوە:

(١)

بە بۆنەی ڕۆژی منداڵان
وا ڕۆژی یەکی شەشە
لێمان پڕلە خەندەیە
جەژنە ، جەژنی منداڵە
دڵمان پێی ئاسوودەیە
ئەمڕۆ هەموو دڵخۆشین
بەبەرگی ئاڵ و واڵا
ئاهەنگ بۆ جوانترینی
ڕۆژ دەگێڕین لە ساڵا
بەخولیا و بەهرەی جوانمان
سەرگەرمی فیستیڤاڵین
بەسەما و گۆرانیی خۆش
هەروەکو بای شەماڵین
ئەرک و مافمان دەزانین
بۆ ژیان بەپەرۆشین
بەنرخین لای گەورەکان
چونکە نەوەی دواڕۆژین...

(٢)

خاوەن پێداویستین
خاوەن پێداویستین و

هیوامان بەژین هەیە
ئەمڕۆ ڕۆژی ئێمەیە
دڵمان زۆر ئاسودەیە
هەروەکو هاوڕێکانمان
لە هەوڵ و تێکۆشانین
بۆ ژینی بەختەوەری
خاوەن بیرۆکەی جوانین
دایە و بابە و مامۆستا
لەگەڵمان میهرەبانن
خۆشەویستن لای ئێمە
چونکە زۆر هاوکارمانن
هاوڕێکانمان دڵسۆزن
بەجوانی دەماندوێنن
ئاهەنگمان بۆ سازدەکەن
دیاری جوانمان بۆ دێنن

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی کە لە سەر داخوازیی من لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دێرین جەمال

نووسـەر و چیرۆکنـووس و ڕۆژنامەنـووس، چالاکوانـی بـواری ئەدەبی و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتـی، خاتـوو دێریـن جەمـال ...

نـاوی تەواوی(دێریـن جەمـال محەمـەد)ە، لـە ٢٧ - ٧ - ١٩٨١ لـە گەڕەکی(سـەرچنار)ی شـاری سلێمانی شـاری ڕۆشـنبیری و هەڵمـەت و قوربانـی لـە خێزانێکـی ڕۆشـنبیر و ئەدەبدۆسـت لەدایکبـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە قوتابخانەی(سـەرچناری کچـان) تەواوکـردووە، خوێندنـی ناوەندیشی لە ناوەندی(نەغەدە) خوێندووە، بەڵام لە بەر دووریی قوتابخانە لـەماڵەکەیـان و چەنـد هۆیەکـی تایبـەت بـە ئـەوکات نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بدات، ئـەو هـەر بـەردەوام بـووە لـە خوێندنـەوە و بەشـداربوون لـە چالاکیـی قوتابخانـەکان بـە هۆنـراوە و دەقـی شـانۆیی، هەمیشـە و هەرگیـز بـەردەوام بووە لـە خوێندنـەوەی دەرەکـی، ئەویش بـە خوێندنـەوەی شـیعری شـاعیرانی کلاسـیک و نوێخـوازی کـوردی و عەرەبـی، لـە سـاڵی ٢٠٠٦ەوە، دەسـتی بە نووسـینی وتـاری ئەدەبی و ڕۆشـنبیری کردووە و بۆ یەکەم جار وتارێکـی ئەدەبی لـە ڕۆژنامەیەکـی کـوردی بڵاوکردۆتـەوە، ئیدی بـەردەوام بـووە لـە نووسـینەکانی لـە بـواری ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و کورتـە چیـرۆک و بابەتـی فیکـری و کێشـەی کۆمەڵایەتـی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـار و پەیجـە



له لای ڕاستەوە: نووسەر دێرین جەمال، نووسەر بورهان جاف، نووسەر عومەر حاجی



له لای ڕاستەوە: نووسەر بورهان جاف، دکتۆر کەریم قەرەچەتانی، نووسەر دێرین جەمال

کوردییەکان لەوانە(ڕاسان، چاودێر، نێوەند، تروسکە، پەیجی KNA، پەیجی میدیا، ئاوێنە، پەیجی هەرێم نیوز، گروپی خانمانی سلێمانی و چەندانی دیکەش)بڵاوی کردوونەتەوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس خاتوو دێرین جەمال تا ئێستا بەرهەمێکی پوخت و جوانی لە کتێبێکی قەشەنگ و خنجیلانە بە ناوی نیشانی(شەوێک


ڕێکخراوی گەشبیری وەلی دێوانە
منظمة ولی دیوانة الثقافية
Wali Dewana Cultural Organization
گەشبیری پەروەردە ڕێکخراوبوون
GOOD
WALI Dewana Cultural Organization

شکۆنامە

ئەم شکۆنامەیە بەخشرایە بەڕێز :
( دێرین جەمال )
لە پای هەوڵ و ئەزموونە ڕۆشنبیرییەکانی ، بە تایبەت دواهەمین هەوڵی بۆ چاپ کردن و ناساندن و بەخشینی کتێبی ( شەوێک بووم بە فریشتە ) ، کە ڕێکخراوەکەمان مەراسیمی ناساندنی بۆ ئەنجام دا لە بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٣ لە هۆڵی خاک .

بە ئومێدی بەردەوامی .. پیرۆزە

ڕێکخراوی گەشبیری وەلی دێوانە

بووم بە فریشتە) چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە(١٢) کورتە چیرۆک لە خۆ دەگرێت.

چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە و هەیە لەوانە:

- بە بەردەوامی بەشداریی هەموو کۆڕو کۆبوونەوە و فیستیڤاڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانی و دەوروبەری کردووە و دەکات.
- چەندین دیمانە و چاوپێکەوتنی لە لایەن ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە لۆکاڵی و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە گەڵدا


لە لای ڕاستەوە: نووسەر دێرین جەماڵ، نووسەر بابەکر دڕەی


لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند دارا هەورامی، نووسەر دێرین جەماڵ


لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەمین سەپان، نووسەر دێرین جەماڵ


لە لای ڕاستەوە: شاعیری ناسراوی کورد خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، نووسەر جەواد حەیدەری بۆکانی، نووسەر دێرین جەماڵ



نووسەر خاتوو دێرین جەمال و هاوسەرەکەی نووسەر بورهان جاف و منداڵەکانیان
(کۆشەن، ڕۆمان، ڕوین و نۆژەن)

ئەنجامدراوە، کە تێیدا بیروڕای خۆی زۆر بەڕاشکاوانە دەربڕیوە.

- چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی هەرێمی کوردستان خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە(ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی وەلی دیوانە)و چەندانی دیکەش.




نووسەر و چیرۆکنووس خاتوو دێرین جەمال لە ساڵی ١٩٩٩ هاوسەرگیری لەگەڵ بەڕێز بورهان جاف کردووە و خاوەنی سێ کوڕ و کچێکن بە ناوەکانی(کۆشەن، ڕۆمان، ڕوین و نۆژەن)خوا تەمەن درێژیان بکات.

بۆ نووسەر و چیرۆکنووس خاتوو دێرین



له لای ڕاستەوە: مامۆستا میدیا سەرپەرشتیاری پەروەردە، نووسەر دێرین جەمال



له لای ڕاستەوە: نووسەر مامۆستا مەحمود باجەلان، نووسەر دێرین جەمال



له لای ڕاستەوە: نووسەر دێرین جەمال، مامۆستا خاتوو بەهار محەمەد

جەمال هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

وا کورته چیرۆکێکی خاتوو دێرین جەمال- تان بۆ دەنووسمەوە:

سەدەی بیست و یەک...

ڕۆژی هەینی بوو ، لەناو ڕێرەوەکەدا دانیشت، قاچە قڵیشاوەکانی درێژکرد، بەدەستە تەزیوەکانی دەستەسڕێکی لەناو گیرفانی پانتۆڵە دڕاوەکەیدا دەرهێنا، لەبەر دەم خۆیدا لەسەر زەوییەکە ڕایخست، بەدیار دەستە سڕەکەیەوە وەنەوز دەیبردەوە، کاتێکی زانی نووکە شەقێکیان

کێشـا بەقاچیدا، بەشـێوەیەک ڕاچڵەکـی دەتـووت لەئاسـمان بەریـان داوەتـە خـوارەوە ! لێـی تـووڕە بـوون، چونکـە بەدرێژکردنـی قاچەکانـی ڕێرەوەکـەی لـەو خەڵکانـەی بـۆ نوێـژی هەینـی دەچـوون، بچـووک کردبـووەوە!؟

ئەمیـش بەدڵـە شـکاوەکەیەوە سـەیرێکی دەستەسـڕەکەی بەردەمـی کـرد، تەنهـا یـەک دوو سـەدو پەنجـای لەسـەر بـوو، دەسـتە سـڕەکەی کـردەوە گیرفانـی و بـەدوو سـەدو پەنجـا دینارەکـە کولێرەیەکـی کـڕی . لەبەرتیشـکی خۆرەکە، لای دیوارێکی کۆنـی داڕوخـاودا دانیشت ، دەسـتی کـرد بەخواردنـی کولێرەکـە، تەماشـایەکی لای ڕاسـتی کـرد، سـەگێک لەبرسـا زمانـی درێـژ کـردووە و سـەیری کولێرەکـەی دەسـتی دەکات، ئەویـش بـە زەردە خەنـەوە وتـی :چـاو لـە کولێرەکـەی دەسـتم مەبـڕە، لـەم شـارەدا ئـاوڕ لـە مناڵانـی وەک مـن نادرێتـەوە !؟

**سەرچاوەکان:**

١ – کورتەیـەک لـە ژیاننامـە و بەرهەمەکانی نووسـەر و چیرۆکنووس خاتـوو دێریـن جەمـال، هاوڕێـم شـاعیر و نووسـەر ئەمیـن محەمـەد لـە سـلێمانی بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## فەوزیە مەنمی

نووسـەر و چیرۆک و ڕۆماننووس و وەرگێڕی بواری ئەدەبی منداڵان و مێرد منداڵان، شارەزای کتێب و کتێبخانەی کوردیی، خاتوو فەوزیە مەنمی...

ناوی تەواوی(فەوزیە ساڵح مەنمی)یە، لە ساڵی ١٩٧١ لە گەڕەکی(شێخ محێدین)ی ناو شاری سلێمانی لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٤ بەشی کارگێڕی لە پەیمانگەی تەکنیکی هەر لە شاری سلێمانی بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، وەکو ئەمینداری کتێبخانەی ناوەندیی(نەورۆز) لە کتێبخانەکەدا دەستبەکار بووە، دواتر گواستراوەتەوە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و نزیکەی(٢٣) ساڵە لەوێ خزمەت دەکات و ئێستاش بەڕێوەبەری دەوامی ئێوارانی ئەو کتێبخانەیە.

نووسەر و وەرگێڕ فەوزیە مەنمی هەر لە منداڵییەوە ئارەزوو و حەز و خولیای چووتە سەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی، ئەو جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و فارسی زۆر باش دەزانێت، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە شیعر نووسین دەستی پێکردووە، بەڵام دیارە لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ هەمووی لێفەوتاوە، ئەو هەر بەردەوام بووە لە نووسین، لە ساڵی ١٩٩٥ دەستی بە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان کردووە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس نەریمان عوسمان، نووسەر و وەرگێڕ فەوزیە مەنمی، شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد، نووسەر یاسین قادر زڕگوێزی، نووسەر خاتوو ڕێزان حەسەن هاوسەری نووسەر یاسین قادر زڕگوێزی**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و وەرگێڕ فەوزیە مەنمی، شاعیری دیار و ناسراوی کورد لەتیف هەڵمەت**

بە تایبەتی بۆ منداڵان و مێرمنداڵان، لە بواری دەروونناسیی منداڵان و مێرمنداڵانیش کۆمەڵێک بەرهەمی جوانی لە زمانی فارسی وەرگێڕاوە، جگە لە وەرگێڕانی زنجیرەیەک ئینسکلۆپیدیای زانستیی بەنرخ هەر لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی، تا ئێستا(٥٢) کتێب و نامیلکەی لەم بوارانەدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی جوان و ڕەوان نووسیوە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

- خودناسی، ڕۆمان بۆ گەنجان و مێرمنداڵانە.

- نهێنیی ئەشکەوتی کونەبا، ڕۆمان بۆ منداڵان و مێرمنداڵان.
- بەرنامەکەی شەمیران، ڕۆمان بۆ منداڵان و مێرمنداڵان چاپی یەکەم ٢٠١٦، دووەم ٢٠٢٣.
- هاوڕێگا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە فارسییەوە.
- فریشتە ئاواز دەگێڕێتەوە، چیرۆک، وەرگێڕان لە فارسییەوە.
- ڕەوی جنۆکە- ئاسکە ڕەشەبا، چیرۆک.



نووسەر فەوزیە مەنمی لە گەڵ شاعیر و نووسەران لە بۆنەیەکی ئەدەبیدا لە بەردەم کتێبخانەی گشتی سلێمانی




لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر خاتوو نیشتمان عەبدولقادر، نووسەر و وەرگێڕ خاتوو فەوزیە مەنمی، نووسەر یاسین قادر زرگوێزی، شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد



نووسەر فەوزیە مەنمی لە گەڵ مامۆستای پەروەردە و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان ڕەوانشاد عوسمان هەورامی، لە فیستیڤاڵێکی منداڵاندا

- داستانی ئاشتی و هاوکاری، چیرۆک بۆ منداڵان.
- ماڵی منداڵان، چیرۆک بۆ منداڵان، بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم.
- چەردەیەک ژن لە مێژوودا.
- ئاواتی هەڵەبجە، چیرۆک بۆ منداڵان.
- زنجیرەیەک لە ئینسکلۆپیدیا زانستی لە بوارەکانی مێژوو، جیهان، ڕووەکەکان، بیابانەکان، ڕۆمی کۆن، مێرووڵەکان، دەریا و ئۆقیانووسەکان، داهێنانەکان و چەندین بابەتی زانستیی دیکەش لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- چیرۆکەکانی کارۆ، چیرۆک بۆ منداڵان.
- هوو هوو، چیرۆک، وەرگێڕان لە فارسییەوە.
- وەرگێڕانی کۆرسێکی دەروونناسی بەناوی ئەمەوێت قسەبکەم کە لە(٨) ناميلكە پێكهاتووە بە ناوەکانی(من شەرم دەکەم، من دەترسم، من

خەمگینم، من تووڕەم، من و هاوڕێکانم، من لەگەڵ تۆ جیاوازیم هەیە، من ئیرەیی دەبەم،من درۆناکەم).

- دەپرسم تا فێربم ١٢ چیرۆکی پەروەردەییە.
- دەیان وتار و چیرۆک و بابەتی هەمەجۆری دیکەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەوانە(کوردستانی نوێ، ئاوێنە، ژیانەوە، گەلاوێژ، ڕێوان، پەپوولە، گوڵەکان و چەندانی دیکەش) بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر و وەرگێڕ فەوزیە مەنمی لە بواری کتێب و کتێبخانە و چالاکیی منداڵان و ڕۆژنامەگەری چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- زیاتر لە(١٠)فیستیڤاڵی ساڵانەی لە نێو کتێبخانەکان ئەنجامداوە، هاوکاریی خولەکانی ڕاهێنان و پێشبڕکێی و گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵان و خولی فێرکردنی نووسین و خوێندنەوەی شیعر و چیرۆک و وێنەکێشان کردۆتەوە، چەندین منداڵی چالاک ئێستا وێنەی بەرگی بەرهەمەکانی ئەو بە دەست و پەنجە ڕەنگینەکانیان دەنەخشێنن.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ فەوزیە مەنمی،**
**بەڕێز ئاکۆ جەلال هاوسەری نووسەر خاتوو فەوزیە مەنمی**

- دوو پێشانگای پۆستەری چیرۆکی کردۆتەوە.
- ماوەی(٢)ساڵ بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەب و هونەر بووە لە بڵاوکراوەی(ڕێوان)دا.
- بەشداریی لە(٢) کۆنفراسی ئەدەبی منداڵان لەوانە(کۆنفراسی ئەدەبی منداڵان لە خانەی سمۆرە، ساڵی ٢٠١٣ەش لە کۆنفراسی ئەدەبی زارۆکان لە دهۆک)کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٢ بەشداریی لە پێشبڕکێی نووسینی چیرۆک لە ڕێکخراوی ئازادیی لاواندا کردووە و خەڵاتی دووەمی پێبەخشراوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٩ بە چیرۆکی(فەرموو ئەمە ئامارەکەیە) بەشداریی لە فیستیڤاڵی گەلاوێژی لە ڕانیە کردووە، و خەڵاتی سێیەمی پێدراوە.
- ماوەی(١٠)ساڵ بەرپرسی چالاکیی منداڵان بووە و چەندین چالاکیی نواندووە، لەوانە (٦٠)چیرۆکی بۆ تەلەفزیۆنی پەروەردەیی تۆمارکردووە و سیدییەکیCD یشی بۆ باخچەی منداڵان تۆمار کردووە.
- کورتە چیرۆکێکی کراوەتە فلیمێکی دوکیومێنتاری بە ناوی(کتێبخانەی کارۆ).




٤ - لە لای ڕاستەوە: نووسەر فەوزیە مەنمی، خاتوو منیرە کارمەندی کتێبخانەی گشتی سلێمانی.




بەرهەمەكانی نووسەر و وەرگێڕ خاتوو فەوزیە مەنمی

نووسەر و وەرگێر خاتوو فەوزیە مەنمی ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن لە ڕۆژی ١٣ - ١١ - ٢٠٢٣ لە هۆڵی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی ناساندن و واژۆکردنی بۆ دوو کتێبی خۆی بە ناوەکانی(خودناسی، بەرنامەکانی شەمیران) کردووە، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

**سەرچاوەکان:**


١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ خاتوو فەوزیە مەنمی، هاوڕێم نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی

شاعیر و چیرۆکنووسی بواری زارۆکان، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر و کۆکەرەوە و ساغکەرەوەی بابەتی کەلتووری و مێژوویی و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد، مامۆستا محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی...

ناوی تەواوی(محەمەد عەبدوڵڵا جبرائیل)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و پەروەردە بە محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی ناسراوە، لە ٢٢ - ١ - ١٩٦٦ لە گەڕەکی(مەیدان)ی شاری ئامێدیی سەر بە پارێزگای دهۆک لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(قوباد)ی سەرەتایی و ناوەندیشی لە ناوەندی(مەتین) تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٤ بەشی ڕووەکی لە ئامادەیی کشتوکاڵی زاخۆ بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٧ ماوەیەک لە بەشی ڕووەکی پەیمانگای(نمرود)ی لە موسڵ خوێندووە، بەڵام لە بەر هەر هۆیەک بووبێت تەواوی نەکردووە، لە ساڵی ١٩٨٨ ماوەیەک بووەتە سەرباز لە سوپای عێراقی لە ساڵی ١٩٩١ ماوەیەکیش ئاوارەی باکووری کوردستان بووە، لە ساڵی ٢٠١٦ بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی بنیاتی زانکۆی دهۆک تەواوکردووە، لە ١٧ - ١٢ - ٢٠٠٣ خولێکی ئامادەکردنی مامۆستایانی تەواوکردووە و بووەتە مامۆستای بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی(مێرستەگ، قوباد، شەهید سمکۆ)، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامێدیی بنەڕەتی و لە ساڵی ٢٠٠٤ بووەتە بەرپرسی ڕاگەیاندنی



له لای ڕاستەوە دانیشتووەکان شەشەمین کەس لەسەر کورسی نووسەر محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی، ئەوانی دیکە نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووسانی دهۆک



له لای ڕاستەوە: نووسەر سەردار هێتوتی، نووسەر محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی، نووسەر هێرش کەمال

پەروەردەی ئامێدی، ئێستاش لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە هەر بەردەوامە.

مامۆستا و نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی لە ساڵی ١٩٨٤ دەستپێکی نووسینەکانی بە نووسینێک بە ناوی(هۆزانەکا نەبەلاڤکری یا ئەحمەدێ ناڵبەند)بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینەکانی، شیعر و چیرۆک بۆ زارۆکان، زمان و فۆلکلۆر و بابەتی کەلتووری و شوێنەواری و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی تێکست و بەسەرهاتی شاعیران و کەسایەتییەکانی ناوچەی ئامێدی و کوردستان لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و جوانی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- ئەدەبێ زارۆکان ٢٠٠٥.
- فەرهەنگا پەیڤێت هەڤبێژ دزمانێ کوردی دا، ٢٠١٧ دگەل د.شێرزاد صەبری عەلی چاپ کریە.
- دیدارا دیرۆکێ ل دوور ئامێدیێ، دگەل چەند نڤیسەران، ساڵی ٢٠٠٨.
- سەرهاتیێن عیسێ دەلا، ٢٠١٨.
- گوریکا مالا کەلێ ٢٠١٩.
- دیرۆکا میرگەها بەهدینان ٢٠٢٠.
- شاهینۆ.
- قەلەم.
- ئەڤە یا بوویی.
- خان.
- گێرەستوین.

ئەو وەکو مامۆستای پەروەردە و ڕۆژنامەنووس چەندین کاری جوانی دیکەی کردووە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٩٢، (٣٢) ژمارەی لە ڕۆژنامەی(ئینسات- إنصات)دەرکردووە.
- ڕاگەیاندنی ئامێدیی بۆ پەیام دامەزراندووە و هونەرمەند ئیبراهیم عیسا



لە لای ڕاستەوە: نووسەر محەمەد عەبدوڵلا ئامێدی، ڕەوانشاد دکتۆر مەسعود کەتانی




**بەرهەمەکانی نووسەر محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی**

دۆبلاژ و مۆنتاژی بۆ کردووە.

- لە ١ - ٧ - ٢٠٠٠ بووەتە سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیری ئامێدی و بەرپرسی نووسینگەی خانی هەر لە ئامێدی.
- لە ساڵی ٢٠٠٦ یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزراندنی گۆڤاری(سیلاڤ) و ئەندامی دەستەی نووسینیش بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٩ یەکەم گۆڤاری پەروەردەی لە قەزای ئامێدی بە ناوی(ریبار)بڵاوکردۆتەوە.


چەندین چالاکیی دیکەش.

بۆ مامۆستا نووسەر و لێکۆڵەر محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

### سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی، هاوڕێم نووسەر سامی بنیامین ڕێکانی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دیار لەتیف

شـاعیر و چیرۆکنـووس و ڕۆژنامەنـووس، لێکۆڵـەر و ڕەخنەگـر، دیـار لەتیـف...

نووسـەر و لێکۆڵـەر دیـار لەتیـف لـە ١ - ٥ - ١٩٨٩ لـە شـاری کفـری لەدایکبـووە، هەمـوو قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی هـەر لـە شـاری کفـری تەواوکـردووە، سـاڵی خوێندنـی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ لـە بەشـی زمانـی کوردیـی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی سلێمانی وەرگیـراوە و سـاڵی ٢٠١٠ بـە سـەرکەوتوویی تـەواوی کـردووە.

شـاعیر و نووسـەر دیـار لەتیـف لـە سـاڵی ٢٠٠٧ دەسـتی بـە نووسـینی شـیعر و چیـرۆک و بابەتـی هەمەجـۆر کـردووە، لـە هەمـان سـاڵدا یەکـەم بەرهەمـی خـۆی لـە گۆڤـاری(بانەڕۆژ)بڵاوکـردۆتـەوە، ئیـدی بـەردەوام بـووە لـە بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکانـی لـە سـایت و ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییەکان لەوانە(چاودێـر، خەنـدان، کلتـور مەگەزیـن، سـەردەم، بـاران، داهێنـان، گزنـگ، هەسـارە، قەڵـەم، دەنگـەکان، بانـەڕۆژ، ئایینـدە، پاشـکۆی ڕووداو، هەڵمـەت و چەندانـی دیکـەش).

شـاعیر و نووسـەر دیـار لەتیـف تـا ئێسـتا چەنـد بەرهەمێکـی لـە بـواری شـیعر و چیـرۆک و لێکۆڵینـەوە و ڕەخنەگرتـن نووسـیوە و چـاپ و بڵاویشـی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دیار لەتیف، نووسەر مامۆستا سالار سامان**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دیار لەتیف، نووسەر و ڕۆژنامەنووس سۆران نەدار**

کردوونەتـەوە کـە ئەمانـەن:

- زەویی پلاستیک ـ شیعر، ٢٠١٩.
- ناونیشان و دەق، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ٢٠٢٠.
- ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی ـ تیۆر و دیداری ئەدەبی، ٢٠٢١.
- شیعری هاوچەرخ و چەند پەراوێزێک ـ دیداری ئەدەبی ٢٠٢١.

دیوانـی شـیعری(زەویی پلاسـتیک)، لـە بەشـی ناوەنـدی ڕووناکبیـری ئەدەبیاتی کوردیدا و لە بەشی ئەکادیمیشدا لە کۆلیجەکان بووەتە ژێدەری

سێ سیمینار و توێژینەوەیەکی بەکالۆریۆس، کتێبێکی توێژینەوەشی دەربارەی نووسراوە بەناونیشانی(زەویی پلاستیک ـ وەک دەرخەری کێشەکانی مۆدێرنە)، لە نووسینی شاعیر و نووسەر(پێشەوا کاکەیی)، دەیان نووسەر تێشکیان خستۆتە سەر ناوەڕۆکەکەی.

کتێبی(ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی) دووجار چاپکراوەتەوە و چاپی دووەمی لەلایەن وەشانخانەی (٤٩کتێب)ـەوە لە وڵاتی سوید چاپکراوەتەوە. ئەم کتێبە پێکهاتووە لە دووبەش، بەشی یەکەم: وەستانە لەسەر پرسی مێژوویی دیداری ئەدەبی و هونەری و ڕاڤەسازیی دیدارە ئەدەبییەکانی شاعیران و نووسەران. بەشی دووەمیش (٧)دیداری ئەدەبییە لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری بەتوانا و گرنگی بوارەکە، لەسەر پرسی شیعر و ڕۆمان و چیرۆک و وەرگێڕان.

کتێبی(ناونیشان و دەق) توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی ـ پەسنی ـ شیکارییە، لەسەر ناونیشان لە ڕەگەزی ڕۆمان و چیرۆک و شیعردا.



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز شەماڵ نامیق قایمقامی کفری، مامۆستا بازیان بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی کفری، نووسەر دیار لەتیف

کتێبی(شیعری هاوچەرخ و چەند پەراوێزێک) دیدارێکی ئەدەبییە و جەختکردنەوەیەکی گرنگە لەسەر شیعری هاوچەرخی کوردی ، بەها نوێگەرییەکان.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر دیار لەتیف سەرەڕای نووسینە پوخت و سوودبەخشەکانی ڕۆژنامەنووسێکی بە توانا و چالاکوانێکی بواری ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانیشە، چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە و هەیە لەوانە:

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراقییە.
- بەرپرسی ڕێکخراوی هەناسەکانی نیشتمانە.
- بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(هەڵمەت)ە،کە گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە لە دەڤەری گەرمیان دەردەچێت.
- ماوەی ساڵێک لە بەشی فەرهەنگی و ڕۆژنامەنووسی لە ماڵپەڕی(پۆلتیک پریس)کاری کردووە.
- دامەزرێنەر و سەرپەرشتیاری ناوەندی(کیماش)ە، بۆ فەرهەنگی ئەدەبی




**نووسەر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگر دیار لەتیف**




بەرهەمەکانی نووسەر دیار لەتیف

لە شاری کفری.

- لە ساڵی ٢٠٢١ەوە، زیاتر لە(٢٠)چالاکی ئەدەبیی و هونەریی و فیکری ئەنجامداوە.
- دوو جار لە فیستیڤاڵی گەلاوێژ خەڵاتی سێیەمی پێبەخشراوە.
- لە گەرمیانیش دوو جار خەڵاتی یەکەمی شیعری پێبەخشراوە.

بۆ شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر دیار لەتیف هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و شیعری کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر دیار لەتیف، هاوڕێم شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس سۆران نەدار لە(کفری)یەوە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# مەلەك ڕۆژهات

ئەو دەڵێت: (ئەز نکارم ل سەر شانۆ سترانا بێژم و ڕەوشا گەلێ خۆ پشتگۆە پاڤێم)، خانمە هونەرمەند و گۆرانیبێژی نەتەوەیی خاتوو مەلەک ڕۆژهات لە باکووری کوردستان..

خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ مەلەک کایە ناسراو بە(مەلەک ڕۆژهات) ساڵی ١٩٩١ لە شارۆچکەی(ئەلباک)ی سەر بە پارێزگای(وان)ی باکووری کوردستان لە دایکبووە، ئەو هەشتەمین منداڵی خانەوادەکەیەتی، هەر لە منداڵییەوە هەستی بە دەنگە خۆشەکەی خۆی کردووە، بە خوێندنی قورئانی پیرۆز دەستی پێکردووە و دواتر ڕووی لە گۆرانیی وتن کردووە و بەشداریی لە شایی و گۆڤەندەکانی شارە بچکۆلانەکەی(ئەلباک) کردووە و ناو و ناوبانگی دەرکردووە، پاشان دەستی بە وتنی گۆرانیی نیشتمانی و نەتەوەیی کردووە، ئەو بە هونەرمەندێکی نەتەوەیی ناسراوە، بە هۆی هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکەیەوە تووشی گیروگرفت و لێپرسینەوە و چاودێری بووە هەتا دادگاییشکراوە، بەڵام هەر لەسەر هەڵوێستەکانی سوور بووە و لە شوێنێکدا دەڵێت:( ئەز نکارم ل سەر شانۆ سترانا بێژم و ڕەوشا گەلێ خۆ پشتگۆهپاڤێم)، هەروەها لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت:(من هەرگیز بە زمانی تورکی گۆرانی ناڵێم، چونکە نامەوێت بە زمانی دوژمنی کورد گۆرانی بڵێم، ئەوان هەرگیز زمان و کەلتووری ئێمەیان قبووڵ نییە،



هونەرمەند مەلەك ڕۆژهات لە چەند کاتێکی جیاوازدا

بۆیە ئەگەر ناچار نەبم بە زمانی تورکیش قسە ناکەم).

چەندین کۆنسێرت و گۆرانیی سیاسیی هەیە، گۆرانی بۆ پێشمەرگە و یەپەکە وتووە، تا ئێستا ئەم ئەلبۆمانەی بڵاوکردۆتەوە:

- ئەشقا دلا، ساڵی ٢٠٠٢.
- ژانا ئەڤینی، ساڵی ٢٠٠٦.

- دووریا ئەڤین، ساڵی ٢٠١١.
- چیرۆکاوا من، ساڵی ٢٠١٨، لە شاری ئەستەنبووڵ ئامادە و تۆمار کراوە و لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

لە گۆرانییەکانی(دبێژن هۆن چنە، خەملێ زۆزان، من خەم داریا، گولا زەر، لاوکی باوکی محەمەد ساڵح، دل کەڤیرێ و چەندانی دیکەش).

هونەرمەند خاتوو مەلەک ڕۆژهات گۆرانیی دوێتی لە گەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژ بڵند ئیبراهیم و هونەرمەندانی دیکەش وتووە، بەشداریی لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان کردووە.



هونەرمەند مەلەك ڕۆژهات لە چەند کاتێکی جیاوازدا

له ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یەکەمین جار سەردانی باشووری کوردستانی کردووە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دیمانە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردووە، ئەو هەڵوێستێکی زۆر کوردانەی هەیە لە یەکێ لە چاوپێکەوتنەکان دەڵێت:(هونەرمەندان پێویستە بە دەنگ و ڕەنگی خۆیان پشتگیری لە ماف و داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بکەن).

بۆ هونەرمەند خاتوو مەلەک ڕۆژهات هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

**سەرچاوەکان:**


١ - ماڵپەڕی kurdistanV، نووسینێک لە ١١ - ٨ - ٢٠١٧.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی وشە، نووسینێکی نووسەر هەژار مەموزینی، لە ١١ - ١٢ - ٢٠١٦.

٣ - ماڵپەڕی تیلیگرامی سپی MIDIA، لە ٣٠- ٥ - ٢٠١٧.

٤ - کوردستان تیڤی، فلمێکی دوکیومێنتاری ١ - ١ - ٢٠١٩.

٥ - ماڵپەڕی(شبکة لالش الاعلامیة)نووسینێک لە ٨ - ١ - ٢٠١٧.

٦ - ماڵپەڕی فەیسبووکی هونەرمەند خاتوو مەلەک ڕۆژهات.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر کنیازی ئیبراهیم

مامۆستای ئەکادیمی و زمانناس و مێژوونووسی کوردپەروەر لە کوردانی کازاخستان، ڕەوانشاد پرۆفیسۆر دکتۆر کنیازی ئیبراهیم...

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە لای بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد، کوردانی باکووری کوردستان بە تایبەتی ناوچەی(قارس) لە ئەنجامی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بە زۆرەملێیی و ناچاری ڕاگواستراونە وڵاتانی(ئاسیای ناوەڕاست- اسیا الوسطی)ئەم ڕاگواستنەش بە سێ قۆناغ بووە، قۆناغی یەکەم و دووەم ساڵی ١٩٣٧ و ١٩٤٤ بووە، بۆ وڵاتانی(ئۆکرانیا، مۆلدافیا، ئۆزبەکستان، تورکمانستان، کازاخستان، تاجیکستان، جۆرجیا، ئەرمینیا)، قوناغی سێیەمیش لە ساڵی ١٩٨٩ بە هۆی شەڕی نێوان ئەرمینیا و ئازەربێجان لەسەر هەرێمی(کاراباخ- قەرەباخ) خۆبەخشانە بووە، ئەم ڕاگواستنانەش زۆر نامرۆڤانە بووە لە سەرما و سۆڵی زستان بە شەمەندەفەر بە ماڵ و ژن و منداڵەوە ڕەوانەی بیابانی کازاخستان و ئۆزبکستان کراون، بەشێکی زۆریان لە ڕێگا لە سەرمان و لە برسان مردوون، مامۆستای ئەکادیمی دکتۆر نادر کریمۆفیچ نادرۆف لە نووسینێکیدا کە کراوەتە زمانی عەرەبی دەڵێت:(أن أول هجرة كردية بدأت في عام ١٩٣٧م، وقد شحنونا في عربات القطار المخصصة



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کنیاز ئیبراهیم، بەڕێز نور سوڵتان نزاریۆف سەرۆک کۆماری کازاخستان لە کاتی خەڵاتکردنی دکتۆر کنیاز ئیبراهیم**

للمواشي والحيوانات، وقد هجروانا في فصل الشتاء القارس، حيث الثلوج والصقيع القاتل، والجوع يأكل بطون الصغار، ولم نجد من يمدّ لنا يد العون، سار بنا القطار أكثر من عشرين يوماً، ومات الكثير من الأطفال والشيوخ والنساء بيننا خلال عملية الشحن، وكنا ندفنهم في محطات القطار، ولم يبلغوا السلطات الروسية عن مواتهم، لأنها ستلقي بجثثهم في الأنهار أو في العراء على الثلوج لتكون طعاماً للوحوش والذئاب، وكانوا يدفنونهم تحت الثلج، لافتقارنا إلى ما نحفر به الأرض، وتصوروا كيف يرى الإنسان عزيزا عليه وجثته أمامه ولا يستطيع دفنه بما يليق به، والأسوأ من ذلك أن ترى جثته تتفسخ ورائحتها تزكم الأنوف، إنها بحق مأساة لا يتصورها بني البشر، وبعد وصولهم إلى صحراء آسيا الوسطى، وتحديداً في منطقة مقفرة تغطيها الثلوج وخالية من الحياة والبشر تدعى (كاسكه بولاك)، أعطوهم الخيام التي لا تقي من البرد والثلج، فكانت كل خيمة تتسع لعشرة أشخاص، وكان الأطفال والنساء يسكنون معاً، بينما الرجال في خيم منفصلة، بهدف تشتيت العائلة الواحدة عن بعضها البعض، وعندما حل فصل الربيع بدأوا يبنون بيوتاً من الطين، ويسكنون فيها، وعندها شعروا بدفء الحرارة، وصارت الأحزان تتلاشى عن ملامح وجوههم).

باوکـی دکتـۆر کنیـازی ئیبراهیـم یەکێـک بـووە لەوانـەی بـەر ئـەم ڕاگواسـتنە زۆرەملێیـە کەوتـوون لـە باکـووری کوردسـتان، ئیبراهیمـی باوکـی لـە سـاڵی ١٩٠٧ لـە گونـدی (قـۆرت ئومـەر) لـە ناوچـەی (قـارس) ی باکووری کوردسـتان لـە دایکبـووە و لـە سـاڵی ١٩٨٤ کۆچـی دوایـی کردووە،(بـاڵا خانمـی محەمـەد نـادری)ی دایکیشـی لـە سـاڵی ١٩٢٠ لـە هەمـان ئـەو گوندەی باوکـی لـە دایکبـووە و دراوسـێی یەکتـری بووینـە و لـە سـاڵی ١٩٩٤ لـە شـاری (ئەلماتـا) ی وڵاتـی کازاخسـتان کۆچـی دوایـی کـردووە.

نـاوی تەواوی(کنیـازی ئیبراهیـم میرزایۆییـف)ە، لـە(١ ی گـوڵان- ٢١ نیسانی)سـاڵی ١٩٤٧ لـە وڵاتـی ئەرمینیـا لـە دایکبـووە، ئـەوان دوو خوشـک و حـەوت بـرا بووینـە، پـاش تەواوکردنـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی، لـە سـاڵی ١٩٦٣ بـە هاندانـی خاڵـی (بـاڵا) کـە بـرای



دانیشتووەکە: دکتۆر کنیاز ئیبراهیم، ئەوانی دیکە نەناسراون

ڕۆشنبیر و ئەکادیمی وەزیری نادر بووە، بەردەوام بووە لە خوێندن لە زانکۆی (خاچەتۆر) بەشی (فسیۆلۆجی) ی تەواو کردووە، بەشی زۆری ڕۆشنبیرانی کوردی ئەرمنستان لەوانە (وەزیری نادری، جاسمی جەلیل، ئەمینی حەڤدال، حەجێی جندی) لەم زانکۆیە خوێندوویانە و کاریان کردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٧٨ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی فەرمیی وڵاتی ئەرمنستان لە یێریڤان وەرگرتووە، تێزی دکتۆراکەی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی بووە، لە ساڵی ١٩٨٩ ماڵیان چووەتە کازاخستان و لە شاری (ئالماتا) نیشتەجێبوونە، ماوەیەک لە زانکۆی(ئابایی)وەکو مامۆستا و سەرۆکی بەشی زمانی (ئازەر) ی دەستبەکار بووە، پاشان بووەتە لێپرسراو و سەرپەرستیاری (فیلۆلۆژی) بەشی زمانەکانی ڕۆژهەڵات و دواتریش سەرۆکی بەشی زمانەکانی جیهانی.

ئەو زمانەکانی(کوردی، تورکی، ئازەری، فارسی، ڕووسی،



٣ - لە لای ڕاستەوە: بەڕێز وەزیریٚ کنیاز ئیبراهیم کوڕی دکتۆر کنیاز ئیبراهیم، دکتۆر کنیاز ئیبراهیم




دکتۆر کنیاز ئیبراهیم و دایکی

ئەرمەنی) زانیوە، بۆیە نووسینەکانی بەم زمانانە نووسیوە، لە هەموو نووسینەکانیدا باسی دەرد و خەم و بەسەرهاتوو و ماڵوێرانی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستانی کردووە، جگە لە بەرهەمەکانی دیکەی لە بواری ئەدەب و مێژوو و هونەر و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و کەلتوورو کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی و ئازەری و وڵاتانی دەوروبەری کردووە، لەم بوارانەدا(٣٠) کتێب و لە نێوان(٦٠٠- ٧٠٠) وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی بڵاوکردۆتەوە.

دکتۆر کنیازی ئیبراهیم، سەرەڕای نووسینە ئەکادیمییەکانی وەکو مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی و کوردپەروەر نزیکەی(٢٥) ساڵ لە کازاخستان خزمەتی زمان و ئەدەب و کوردی کردووە، چەند

چالاکییەکـی دیکـەی هەبـووە لەوانـە:

- سـەدان قوتابی کورد لە سـەر دەسـتی ئەو فێری خوێندن و نووسـینی زمانـی کوردی بوونە.
- ماوەیـەک سـەرۆکی فیدراسـۆنی نێونەتەوەیی(دیاسـپۆرای FNDK) ) کـوردی بـووە.
- ماوەیەکی کەمیش وەکو نوێنـەری کوردانی کازاخستان یاریدەدەری بەڕێز(نورسـوڵتان نزاریێییف) سـەرۆک کۆمـاری کازاخسـتان بووە.
- لـە سـاڵی ١٩٩٣ کـە کۆمەڵەی(یەکبـوون) دامـەزراوە و چەندیـن لقـی هەبـووە لـە شـارە کوردییەکانـی وەکو(ئەلماتـا، شـمکنیت، تاکـی کورغـان، کەلمنـدی، جامبـو، جمکنـد، کسـکیلین، ئایسـک، جاناترمـز، زریا فاستوکە)، ئـەم کۆمەڵەیە زیاتر لـە(٢٠) ناوەنـد و لقی هەبووە و ماوەیـەک سـەرۆکی ئـەو کۆمەڵەیـە بـووە، سـەرۆکی ئەنجومەنـی کۆمەڵەی(بەربانـگ)ی کوردیـش بـووە لـە شـاری ئالماتـا.
- بەشـدار بووە لە دەرچوواندنی ڕۆژنامـەی( ژینا کورد) و بەرپرسـی



دکتۆر کنیاز ئیبراهیم خۆی و هاوسەر و منداڵەکانی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کنیاز ئیبراهیم، خاتوو گۆگەرچینا تاهیری تەیمور هاوسەری دکتۆر کنیاز ئیبراهیم**

گشتیی گۆڤاری(نۆبار) بووە کە بە زمانی کوردی و ڕووسی دەردەچوو.

- لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفال، لەگەڵ هاوڕێکانی دیکەی کورد چەندین هەڵوێستی کوردانەی هەبووە و داوای لە لێپرسراوانی سۆڤییەتی جاران کردووە کە ئاگاداری دۆخی کورد ببن.
- وەکو پیاوێکی وڵاتپارێز بە بەردەوامی سەرپەرشتی و ڕێنمایی کوردانی هەموو کازاخستانی کردووە و هانیداون کە پارێزگاری لە زمان و کەلتووری کوردی بکەن.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کازاخستان بووە.

ئەو چەندین جار لە لایەن دام و دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتی کازاخستان و لە هەرێمی کوردستانیش خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە:


- وەکو سەرۆکی کۆمەڵەی(بەربانگ)خەڵاتی مەدالیای زێڕینی لە سەرۆک نور سوڵتان نزارباییێف پێبەخشراوە.





کوردانی باکووری کوردستان لە ئاسیای ناوەڕاست لە کاتی ڕاگواستنیان بۆ بیابانی کازاخستان و ئۆزبەکستان




پەیکەری دکتۆر کنیاز لە شاری ئەلماتا دانراوە






بەرهەمەکانی دکتۆر کنیاز ئیبراهیم

- خەڵاتی یەکێتیی جیهانی(دیاسپۆرا)ی کوردی لە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران وەرگرتووە.
- خەڵاتی هورمز و مەدالیای زێڕینی (لۆمۆنۆسۆ)ی پێبەخشراوە و چەندین خەڵاتی دیکەش.

دکتۆر کنیازی ئیبراهیم، لە ساڵی ١٩٧٢ لە گەڵ خاتوو(گۆگەرچینا تاهیر تەیمور) هاوسەرگیری کردووە، خاوەنی (دوو کوڕ و سێ کچن) هەمووشیانی زۆر جوان پەروەردە کردووە و ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردوون کە لە ماڵەوە بە زمانی کوردی قسە بکەن و جل و



پەیکەری قوربانیانی کورد لە شاری ئەلماتای وڵاتی کازاخستان لەساڵی ١٩٩٦ دروستکراوە و داندراوە

بـەرگ و کەڵەپـوور و کەلتـووری کوردیـش بپارێـزن.

پەیکەرێـک بـۆ دکتـۆر کنیـازی ئیبراهیـم دروسـتکراوە و لـە شـاری ئەلماتـای وڵاتـی کازاخسـتان دانـدراوە.

دکتۆر کنیـازی ئیبراهیـم لـە ڕۆژی ٨ – ٨ – ٢٠٢١ لـە نەخۆشـخانەی شـاری ئەلماتـای وڵاتـی کازاخسـتان بـە نەخۆشـیی کۆرۆنـا کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

**سەرچاوەکان:**

١ – ماڵپەڕی شەفەق نیوز، لە ٨ – ٨ – ٢٠٢١.

٢ – ماڵپەڕی پەیاما کورد، کوردستان، لە ٨ – ٨ – ٢٠٢١.

٣ – ڕووداو تیڤی، فلمێکی دوکیومێنتاری، بەلگە فلیم بەرنامـەی بەرنامـەکان، لە دەرهێنانی هونەرمەند سـاڵح کفربـڕی لـە سـاڵی ٢٠١٥.

٤ –ماڵپەڕی فەیسبووکی(شخصیات من الذاكرة الكردية) نووسینێکی نووسـەر لورانس حاجی بە زمانی عەرەبی لـە ١٥ – ٢ – ٢٠١٩.

–٥ – ماڵپـەڕی فەیسـبووکی بەڕێـز وەزیـرێ کنیـاز ئیبراهیـم، کوڕی کنیاز، لـە ٢٣ – ٩ – ٢٠٢٣.

٦ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# نەوزاد حاجی شوشە

هونەرمەندی ئەکتەر و دەرهێنەر و گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر، میدیاکار و نووسەری بواری منداڵان، مامۆستا نەوزاد حاجی شوشە...

ناوی تەواوی(نەوزاد ئازاد عەلی)یە، لە ناوەندی هونەری بە نەوزادی حاجی شوشە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٥ لە گەڕەکی(سەیداوە)ی ناو شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(ئاسۆ)ی لە گەڕەکی(بەلاشاوە) تەواوکردووە و خوێندنی ناوەندیشی لە ناوەندیی(دیاری بنەڕەتی و حەوتی نیسان)هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٨- ١٩٩٩ بەشی شانۆ و نواندنی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر تەواوکردووە، وەکو مامۆستای هونەری لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر دەستبەکار بووە، ساڵی ٢٠١٦ بەشی زمان و ئەدەبی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنیاتی زانکۆی سەلاحەدینی تەواوکردووە، ئێستاش وەکو سەرپەرشتیاری هونەری و سەرۆکی بەشی شانۆ لە چالاکییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بەردەوامە لە خزمەتکردن.

هونەرمەندی نووسەر شانۆنامە و دەرهێنەری تەلەفزیۆنی بەرنامەی منداڵان، نەوزاد حاجی شوشە لە نیوەی دووەمی نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای هونەری نواندن و دەرهێنان و



له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دەرهێنەر جەلیل زەنگەنە، هونەرمەند نەوزاد حاجی شوشە



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند نەوزاد حاجی شوشە، هونەرمەندی دەرهێنەر ناسر حەسەن

نووسین و ئامادەکردنی شانۆگەری و بەرنامەی تەلەفزیۆنی بۆ منداڵان، ئەو وەکو ئەکتەر و دەرهێنەر بەشداریی لە چەندین شانۆگەری و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی فلیمی سینەماییی کردووە لەوانە:


- شانۆگەریی(میوە خۆشەکە) کە شانۆگەرییەکی منداڵانە، لە دەرهێنانی هونەرمەندی دەرهێنەر هیوا سعاد بووە.
- وەکو ئەکتەر بەشداریی لە شانۆگەریی(بەرەو خۆر)کردووە.



له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دەرهێنەر ڕەوانشاد تەڵعەت سامان، هونەرمەند نەوزاد حاجی شوشە



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند نەوزاد حاجی شوشە، هونەرمەندی کاریکاتێریست جەبار قادر سابیر



له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دەرهێنەر کەریم بایز، هونەرمەند نەوزاد حاجی شوشە

- وەکو ئەکتەر بەشداریی لە چەندین درامای کردووە لەوانە(ترس و ئەڤین، ڕۆژی حەوتەم، گەمەی خەونێکی ئازاد، مەرگ و وەسیەتنامە، دەهۆڵ، ئۆمەر دەگەڕێتەوە بەشی یەکەم و دووەم، ونبووەکان، بێسەرپەرشتان.
- بەشداریی لە فلیمی(گوڵی سوور)کردووە کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی دەرهێنەر هانا کاوە بووە.
- بەشداریی لە فلیمی(زینە) کردووە کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی دەرهێنەر عەبدولخالق جەودەت بووە.




هونەرمەند نەوزاد حاجی شوشە لە گەڵ مامۆستایانی چالاکیی قوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر





هونەرمەند نەوزاد حاجی شوشە لە دوو چالاکیی لە گەڵ منداڵاندا



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند نەوزاد حاجی شوشە، هونەرمەندی ڕەوانشاد کاروان شەمسەدین، هونەرمەند هەدار ئەنوەر



ڕەوانشاد خاتوو حاجی شوشەی ئەحمەد مستەفا کەری باشتەپەیی داپیری هونەرمەند نەوزاد حاجی شوشە.



هونەرمەند نەوزاد حاجی شوشە و هاوسەری و دوو لە کوڕەکانی

- وەکو ئەکتەر بەشداریی لە فلیمی(کۆڕۆنا کردووە).
- ساڵی ٢٠٢٢ دەرهێنانی هونەری بۆ فلیمی دوکیومێنتاری(پەنجا ساڵەی کۆمەڵە) کردووە.
- ساڵی ٢٠٢٢ دەرهێنانی هونەری بۆ فلیمی دوکیومێنتاری لەسەر هونەرمەندی کۆچکردوو(خدر خۆشناو)کردووە.
- دەرهێنانی هونەری بۆ فلمێکی دوکیومێنتاری لەسەر ژیان و بەرهەم و خزمەتەکانی هونەرمەندی شێوەکار خاتوو ساماڵ ئیسماعیل بە بۆنەی خانەنشینبوونی کردووە.
- نووسەری(١٠)ئەڵقەی درامای(بەسەرهاتەکانی جیهان)ە و، وەکو ئەکتەریش بەشداریی لە(٣) ئەڵقە کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٢٣ بەشداریی لە درامای(ئاوێنە) کردووە کە لە دەرهێنان و مۆنتاژی هونەرمەند کەریم بایز بووە.
- زیاتر لە(٦٠)دەقی شانۆیی بۆ منداڵان نووسیوە و دەرهێنانیشی بۆ کردوون




و لـە تەلەفزیۆنـە کوردییـەکان پەخـش و بڵاوکراونەتـەوە لەوانە(سـندوقی ئەفسـاناوی، سـکاڵا، منداڵ و کار، سـۆزی هیـوا، مـاف، هەڵوەسـتە، دادوەر، ئاڵا، ژینگـە، گوڵچاندن، پاشـا و شـەتری، کوڕی پێشـمەرگە، بیسـتی یازدە، تروسـکایی، پاداشـت دوای خانەنشـینی، دەرچـوون، منداڵـی ژیـر، پەرتووک، یەکتـر ناسـین و چەندانـی دیکـەش.

- ماوەیەک وەکو ڕۆژنامەنووس لە تەلەفزیۆنی نەورۆز کاری کردووە.
- ئەندامی کۆمەڵ و هونەر و وێژەی کوردی- لقی هەولێرە.
- ئاوازی بۆ چەندین سروود و گۆرانیی منداڵان داناوە.

بـۆ نووسـەر و هونەرمەنـد و میدیـاکار، نـەوزاد شوشـە هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیـت بـۆ خزمـەتی هونـەری کـوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیـەک لـە ژیاننامـەی هونەرمەنـد نـەوزاد حاجـی شوشـە، کـە لـە سـەر داخوازیـی مـن بـۆی ناردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو

مامۆستای زانکۆ و لیکۆڵەر و توێژەر، شارەزای دەستنووس و بەڵگەنامە و کۆکەرەوە و ساغکەرەوەی تێکستی شاعیرانی کلاسیکی و کەسایەتییە ئایینییەکان و بە ئەرشیفکردنیان، دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو ...

دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو لە ساڵی ١٩٨٣ لە گوندی(کونە فلووسە)ی سەر بە ناحیەی(هیران)ی قەزای شەقڵاوەی پارێزگای هەولێر لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، بەهۆی شەڕی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان گوندەکەیان وێرانکراوە و هاتوونەتە شاری شەقڵاوە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شەقڵاوە تەواوکردووە، ساڵی ٢٠٠٦ بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین تەواوکردووە، هەر هەمان ساڵ لە خوێندنی باڵا وەرگیراوە و ساڵی ٢٠٠٩ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردی بە پلەیەکی باش لە هەمان زانکۆ بەدەستهێناوە، نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی(شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی تەواو دەکات) بووە، بووەتە مامۆستا لە زانکۆی سۆران، لە ساڵی ٢٠١٤ بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی هەر لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، نامەی دکتۆراکەشی بە ناوی (هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی) بووە، لە ساڵی ٢٠١٨ ناسناوی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەری) پێبەخشراوە، لە زانکۆکانی(سەلاحەدین



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ئیسماعیل شەمسەدین، شاعیر و نووسەر زماناس فەرهاد شاکەلی، نووسەر دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو، دکتۆر محەمەد عەبدوڵڵا پێنجوێنی

و سۆران و ڕاپەڕین و پەیمانگای ناوەندیی مامۆستایانی شەقڵاوە و پەیمانگای تەکنیکیی شەقڵاوە) دەرسی وتووەتەوە، لەم ماوەیەدا ماوەیەکیش بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی دەستنووس و بەڵگەنامە مێژووییەکان چووەتە وڵاتی تورکیا، لەوێش ماوەیەک وەکو وانەبێژ لە زانکۆی(بینگۆل) دەستبەکار بووە، ماوەی(١٤)ساڵ مامۆستا بووە لە زانکۆی سۆران و لە ساڵی ٢٠١٥ دەستنووسخانەی زانکۆی سۆرانی دامەزراندووە، ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوەی سەر بە زانکۆی سەلاحەدین و بەردەوامە لە خزمەتکردن لە بوارەکانی مێژوو و وەرگێڕان و ساغکردنەوە و کۆکردنەوەی دەستنووس و تێکست و بەڵگەنامە لەسەر شاعیران و کەسایەتییە ئایینییەکانی کوردستان لەم بوارانەدا(٣١) کتێبی بە نرخ و سوودبەخش و زیاتر لە(٢٠) لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، چەندانی دیکەشی لە گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکانی لە زانکۆکانی کوردستان و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانە هەندێکیانن:

-شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی- لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەرایی پراکتیکییە- بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر ٢٠١٠، ٣٨١ لاپەڕە. (لە بنەڕەتدا ماستەرنامەکەیەتی).

- هیرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی، ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦. (لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆراکەیەتی).
- پیرەمێردی بەر تریفەی مانگەشەو، وەرگێڕانی سەد هەقایەتی چینی و مەسەلەکانی، چاپخانەی رۆشنبیری-هەولێر، ٢٠١١، ٢٨٠ لاپەڕە.
- بەیتی سیسەبان، بابەت: فۆلکلۆر، ساغکردنەوە و بەراورد و پێشەکی و پەراوێز، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری: بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەت، هەولێر، ٢٠١٢، ١٥٢ لاپەڕە.
- کانیی خۆمان، هەقایەت و ئەفسانەی کوردی (ناوچەی خۆشناوەتی)، کۆکردنەوە و پەراوێزنووسین، چاپکراوەکانی ئەنستیتۆی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣.
- چەند لایەنێکی ژیانی مەحوی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٨.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر فەرهاد خۆشناو، دکتۆر محەممەد نوری عارف، دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو**

- منطق الطيری عەتتاری نیشابووری، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مەلا خەلیل مشەختی، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بەلاتینیکردنی: هێمن عومەر خۆشناو، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٨.
- مەولوودنامە، دانراوی مەلا خەلیل مشەختی، لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن و لاتینیکردنی: هێمن عومەر خۆشناو، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٨.
- دیوانا مەحوی Dîwana Mehwî: بەلاتینیکردن و فەرهەنگا سۆرانی – کرمانجی، بە هاوبەش لەگەڵ: محمد زاهیر ئەرتەکن، چاپی یەکەم، وەشانخانەی لیس، دیاربەکر ٢٠١٨.
- دەستێکی سپی بۆ کیشوەری ڕەش، ژیان و بیرەوەرییەکانی دکتۆر عەبدولڕەحمان سمێت، بڵاوکراوەکانی ئاونگ، هەولێر ٢٠١٦.
- گاڵە و ڕێزمانی کوردی، مەلا عەلی مامەجەلکەیی، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن، بە هاوبەشی لەگەڵ: د. خەسرۆ ئەحمەد



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و چیرۆکنووس سابیر ڕەشید، دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو





نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو.

خۆشناو.، چاپکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠١٥.


- نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، چاپکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، چاپی یەکەم، قەیسەری تورکیا ٢٠١٧.
- دیوانی عاجز، لێکۆلینەوە و ساغکردنەوە، چاپکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٨.
- بیرەوەری و ڕوانینەکانی مەلای گەورە، کۆکردنەوە و ڕێکخستن و پەراوێز، چاپکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئا گرافیک، دیاربەکر ٢٠١٧، چاپی دووەم، وەشانی تەفسیر، هەولێر ٢٠٢٢.
- مرواریيەکانی رۆح، چاپکراوەکانی ئاونگ، چاپی یەکەم، ئیستەنبوڵ، تورکیا ٢٠١٥.
- رەئسولغۆل(فەتحی یەمەن)، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بەراورد و فەرهەنگۆک، چاپکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، چاپی

یەکـەم، چاپخانـەی ئـا گرافیـک، دیاربەکـر ٢٠١٧.
- بەهنەسـا ( ئەهنـاس و بەهنـاس)، سـاغکردنەوە و لێکۆڵینـەوە و بـەراورد و پەراوێـز و فەرهەنگـۆک و پاشـکۆ، چاپکراوەکانـی دەستنووسـخانەی زانکـۆی سـۆران، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ئـا گرافیـک، دیاربەکـر ٢٠١٧.
- دیوانـا باقوسـتانی، مـەلا عەلیـێ باقوسـتانی، مەتـن و لێکۆڵیـن محمـد زاهیـر ئەرتەکـن، ڤەگەهواسـتن ژ تیپـێ لاتینـی: هێمـن عومـەر خۆشـناو، بڵاوکراوەکانـی دەستنووسـخانەی زانکـۆی سـۆران، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی کارۆ، سـلێمانی ٢٠١٨.
- مەولـوودا مـەلا عەلیـێ باقوسـتانی، مەتـن و لێکۆڵیـن محمـد زاهیـر ئەرتەکـن، ڤەگەهواسـتن ژ تیپـێ لاتینـی: هێمـن عومـەر خۆشـناو، بڵاوکراوەکانـی دەستنووسـخانەی زانکـۆی سـۆران، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی کارۆ، سـلێمانی ٢٠١٨.
- سـولتان شـێخمووس، بیۆگرافییەکـە مەنزووم یـا مـەلا عەلیێـی باقوسـتانی، مەتـن و لێکۆڵیـن محەمـەد زاهیـر ئەرتەکـن، ڤەگەهواسـتن ژ تیپـێ لاتینـی: هێمـن عومـەر خۆشـناو، بڵاوکراوەکانـی دەستنووسـخانەی زانکـۆی سـۆران، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ئـا گرافیـک، دیاربەکـر، ٢٠١٨.
- شـەقڵاوە و خۆشـناو لـە بەڵگەنامەکانـی عوسـمانیدا، بڵاوکراوەکانـی ئینسـتیتیۆی کەلەپـووری خۆشـناوەتی، چاپـی یەکـەم چاپخانـەی کارۆ، سـلێمانی ٢٠١٨.
- قەواعیـدی زمانـی کـوردی، دانـراوی مـەلا کاکـە حەمـەی حاجـی سـەیفوڵڵا، ئامادەکـردن و لێکۆڵینـەوەی هێمـن عومـەر خۆشـناو، بڵاوکراوەکانـی دەستنووسـخانەی زانکـۆ، ٢٠١٩.
- تحفـة الخـلان فـی زمانـی کوردان-یەکەمیـن کتێبـی ڕێزمانـی کـوردی لـە مێـژووی پەخشـانی کوردیـدا، دانـراوی مـەلا مەحمـوودێ بایەزیـدی، لێکۆڵینـەوە و سـاغکردنەوەی هێمـن عومـەر خۆشـناو، بڵاوکراوەکانـی دەستنووسـخانەی زانکـۆ، ٢٠١٩.
- در المجالـس - یەکەمیـن کۆمەڵـە چیـرۆک لـە مێـژووی پەخشـانی کـوردی وەرگێـڕان دا، وەرگێڕانـی مـەلا مووسـایێ هـەکاری، لێکۆڵینـەوە و























**بەرهەمەکانی نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو.**




ساغکردنەوەی هێمن عومەر خۆشناو، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆ، ٢٠١٩.

- دەرد و دەرمانی زانایان لەبەر ڕۆشنایی تەفسیرەکەی مەلای گەورەی کۆیی، بڵاوکراوەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٢٠.
- لەیلاومەجنوون بە پەخشان (١٨٥٧- ١٨٥٨ز)، نووسینی مەلا مەحموودی بایەزیدی، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە هێمن عومەر، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠٢٠.
- سەفەرنامەی جۆن گۆردن لۆریمەر بۆ باشووری کوردستان (نیسان و مایسی ١٩١٠)، و: ڕەوەند سەباح، پێشەکی و پێداچوونەوە و پەراوێزی هێمن عومەر خۆشناو، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠٢٠.

- دیوانا ڕووحی (شێخ عەبدولرەحمانی ئاقتەپی ١٨٥٤- ١٩١٠)، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هێمن عومەر خۆشناو، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠٢٠
- نووسینەوەی مەرگ (لەسەر زاری شایەتحاڵەکانی قەتلوعامی دوای ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران)، ئا: محمد باران، لە کورمانجییەوە و پێشەکی و پەراوێز و پاشکۆ: هێمن عومەر خۆشناو، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠٢٠، چاپی دووەم وەشانا بانگا حەق، دیاربەکر ٢٠٢٢.
- فەقێ قادری هەمەوەند لە بەڵگەنامەی عوسمانی و قاجاری، بڵاوکراوەی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠٢١.
- فەقێ تەیران و میراسا وی ، کتێبی هاوبەش، وەشانا پەیوەند، وان، ٢٠٢٢.
Durrul-Mecalîsa Mela Musayê Hekaerî. Metin û Lêkolîn.- İstanbul .٢٠٢٢ .Weşana Peywend.

یەکەم توێژینەوەی لە گۆڤارە ئەکادیمییەکانی (ناوخۆ و دەرەوە)، بە زمانەکانی: کوردی شێوەزاری(سۆرانی و کرمانجی ژوورو)، تورکی و فارسی، بڵاوبۆتەوە، کە ئەمانە هەندێکییانن:
- ئیشکالییەتی خوێندنەوە ڕەخنەییەکانی شیعری گۆران، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە ٦، ٢٠١٥.
- نوور و شێوەکانی لە شیعری جزیری دا، بە هاوبەشی لەگەڵ (دکتۆر یادگار رەسوول باڵەکی)، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە ٣٦، هەولێر ٢٠١٦.
- مەی وەک میراتێکی سۆفییانە لە شیعری مەحوی دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ساڵی ٢٠١٦.
- نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، گۆڤاری زانکۆی بینگۆل، ژمارە ٦، ٢٠١٧.
- زولف لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا، گۆڤاری نووبەهاری ئەکادیمی (تورکیا)، ژمارە ٨، ٢٠١٨.
- مەحوی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، گۆڤاری کادم ئەکادیمی (تورکیا)،

تورکیا، ژماره، ٣، ٢٠١٨.

- توێژینەوەیەکی شیکارانەی دەستخەتی توحفەتولخوللان فی زمانیٚ کوردانی مەلا مەحمموودی بایەزیدی، گۆڤاری پژوهشنامەی ادبیاتی کوردی، زانکۆی کوردستان سنە (ئێران). ژمارە، ٦، ٢٠١٩.
- تایبەتییێن سەبکا عێراقی د هەلبەستێن ئیبن ئادەم (واجم) دا، توێژینەوەی هاوبەش لەگەڵ نورەدین ئەرتەکن، گۆڤارا ئەنستیوتی زمانە زیندووەکانی زانکۆی بینگۆل (تورکیا)، ژمارە ١١.
- لەیل و مەجنوونی مەلا مەحمموودی بایەزیدی (مەتن، لێکۆڵینەوە و بەراورد)، گۆڤاری ئەکادیمی (فۆلکلۆر و زمان)، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٢٠، تورکیا.
- ڕەسوول مەستی (١٨٢٣ -١٩٠٩)، گۆڤاری (the journal of Mesopotamian studies) بەرگی پێنج، ژمارە ٢، ٢٠٢٠.
- لەبارەی(کاتب) و (خاکی) چەند زانیاریی نویٚ لە ئەرشیڤی عوسمانیدا KERKÜKLÜ ŞEYH MUHAMMED SALİH EFENDİ’NİN SULTAN ABDÜ
- فەقیٚ قادری هەمەوەند لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، گۆڤاری نووبەهار ئەکادیمی، ٢٠٢١.
- فەقیٚ قادری هەمەوەند لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، گۆڤاری نێودەوڵەتیی شەرقییات، ٢٠٢١، Şarkiyat, Cilt ١٣, Sayı ٢, ٢٠٢١, ٩٢٧ – ٩٦٣
- ڕێبەری دۆسیەی کارگێڕیی زانایانی کورد لە ئەرشیڤی مەشیخەتی تورکیادا.

Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Dergisi, Cilt ٧, Sayı ١٣, ٢٠٢١, ٣٧ – ٨٠.

- بنەماڵەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، گۆڤاری ئەنستیۆتی زمانە زیندووەکانی زانکۆی بنگۆل ژمارە ١٤.
- نامەی ١٢٣ نفر از درویشان و منسوبان شیخ علی خالص طالبانی در شهر سنندج بە دولت عثمانی.گۆڤاری ئەنستیۆتی زمانە زیندووەکانی

زانكـۆی بنگـۆل، ژمــاره ١٥. (2022), Bingl -Ya niversitesi؛ayan
Diller Enstitüsü Dergisi, Cilt 8, Sayı 15, 2022, 73 – 78.

Estetîk û- Cizîrî ya Melayê Hunerî ya Nêrîna di Wê avkaniya
de. Nevzat EMİNOĞLU Hemin Omar AHMAD. (2022), Bingl -Ya niversitesi؛ayan Diller Enstitüsü Dergisi, Cilt 8, Sayı 15, 2022,

- نالی لـه ئاوێنـەی بەڵگەنامـە و دەسـتخەتاندا، گۆڤاری پژوهشـنامەی ادبیات كـردی، زانكـۆی سـنە. هاوینـی ٢٠٢٣.

بە چەندین توێژینەوەش بەشداری لە كۆنفرانسە زانستییەكانكردووە لەوانە:

- شـەو لای مەحـوی، ڕوانینێكـی ئیسـتێتیكییانە، كۆنفرانسـی زانسـتی زانكـۆی بنگـۆل (توركیـا) لـە بـارەی كـورد لـە سـەردەمی عوسـمانییەكاندا، ئەیلوولـی ٢٠١٢، چاپكـراو بـە شـێوەی كتێـب لەگـەڵ توێژینەوەكانـی تـری نـاو كۆنفرانسـەكە.
- پێگـەی نالـی لـە ئەدەبیاتـی كلاسـیكیی كوردیـدا، كۆنفرانسـی ئەدەبیاتـی كلاسـیک لـە زانكـۆی ماردیـن ئارتوكلـو (توركیـا)، مایسـی ٢٠١٧. چاپكـراو بـە شـێوەی كتێـب لەگـەڵ توێژینەوەكانـی تـری نـاو كۆنفرانسـەكە.
- حمـد زاهیـر ئەرتەكـن و د. بدرالدیـن باشـوغی)، كۆنفرانسـی زانسـتی مەولاناخالیدی نەقشـبەندی لـە زانكـۆی بینگـۆل، مایسـی ٢٠١٧ و چاپكـراو بـە شـێوەی كتێـب لەگـەڵ توێژینەوەكانـی تـری نـاو كۆنفرانسـەكە.
- شـیعری دیداكتیكـی لـە نێـوان مـەلا خەلیلـی سـێرتی و مەلاعەبدولكەریمـی مودەڕیسـدا، كۆنفرانسـی زانسـتی زانكـۆی سـێرت (توركیـا)، مایسـی ٢٠١٨. چاپكـراو بـە شـێوەی كتێـب لەگـەڵ توێژینەوەكانـی تـری نـاو كۆنفرانسـەكە.
- درالمجالـس ی مـەلا موسـایێ هـەكاری (مەتـن و لێكۆڵیـن)، كۆتفرانسـی زانسـتیی زانكـۆی هـەكاری (توركیـا)، نیسـانی ٢٠١٨. چاپكـراو بـە شـێوەی كتێـب لەگـەڵ توێژینەوەكانـی تـری نـاو كۆنفرانسـەكە.
- توێژینەوەیەكـی شـیكاریی دەسـتخەتی «تحفة الخلان فی زمانی كوردان»ی مـەلا مەحمـوودی بایەزیـدی، كۆنفڕانسـی زانكـۆی كوردسـتان-سـنە (ئێـران)، ٩ - ١٠ - ٦ - ٢٠١٩.

-شێوازی شیعری تێکستی سترانەکانی کاوێس ئاغا، کۆنفرانسی زانکۆی شرناخ (تورکیا) لەبارەی دەنگبێژییەوە، نیسانی ٢٠١٩.
- شەقڵاوە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، کۆنفرانسی سەنتەری هەندرێنی زانکۆی سۆران و ئەنستیۆتی کەلەپووری خۆشناوەتی، شەقڵاوە. ٧ - ٨ ی ئاداری ٢٠١٨.
- مەولانا خالیدی نەقشبەندی و بنەماڵەکەی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، کۆنفرانسی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، زانکۆی کوردستان -سنە (ئێران)، ئاداری ٢٠١٩، سنە.
- پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستاندا-شەقڵاوە وەک نموونە-، کۆنفرانسی ڕێکخراوی باڵیۆز لە شەقلاوە ٨ - ١١ - ٢٠١٣. و توێژینەوەکان لە کتێبی «کوردستان وڵاتی پێکەوەژیان» چاپکرا.
- زمانی کوردی لەنێو کەلەپووری ئیسلامیدا، کۆنفرانسی کوردۆلۆجی زانکۆی دیجلە (تورکیا)، ٢١ - ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١٦، دیاربەکر/ تورکیا.
- ڕەنگدانەوەی مەنتیق و کەلام لە شیعرەکانی مەحوی دا، بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر یادگار باڵەکی، کۆنفرانسی زانکۆی کوردستان- سنە (ئێران)، ئەیلولی ٢٠١٥.
- خوتبە د کوردی دا، بەهاوبەشی لەگەڵ جەودەت قارەمان، کۆنفرانسی کوردییاتی زانکۆی وان یوزونجیل، ٢٧ -٢٨ - ١٢ - ٢٠٢٠..
-لەبارەی مەلا ڕەشیدبەگی بابانەوە، چەند زانیارییەک لە ئەرشیڤی عوسمانیدا، زانکۆی فەرموودەناسی و ئەحمەدنەعیم بابانزادە، زانکۆی دیجلە، دیاربەکر، ١٢ - ٩ ٢٠٢١..
- پەیوەندیی خزمایەتیی بنەماڵەی خادم السجادە و نالیی شاعیر، دیداری زەینەبخانی خادم سوجادە، زانکۆی کۆیە، ١٢ - ١٢ - ٢٠٢١.
- سەفەر لە بەرهەمەکانی فەقێ تەیران لە ڕوانگەی تیۆری (گەشتی پاڵەوان) ی جۆزیف کەمبل، بە هاوبەشی لەگەڵ د.یادگار باڵەکی، سەمپۆزیۆمی فەقێ تەیران، زانکۆی وان یوزونجیل، ٢٨ - ٢٩ - ٥ - ٢٠٢٢.
- بونیادی ڕیتم و مۆسیقای کلاسیکی لە شیعرەکانی فەقێ تەیراندا، بەهاوبەشی لەگەڵ د.یادگار رەسوول، سەمپۆزیۆمی فەقێ تەیران و میراسا وی، زانکۆی وان یوزونجیل، ٢٨ - ٢٩ -٥ - ٢٠٢٢.

- بنەماڵەی مەولاناخالیدی نەقشبەندی لە بەڵگەنامەی عوسمانی، کۆنگرەی مەولانا خالید، ناوەندی دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، سلێمانی ١٠ - ١٢ - ٣ -٢٠٢٣.

دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو چەندین چالاکیی زانستیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- سەرپەرشتیاری دیداری بیرمەندی کورد مەسعوود محەمەد، زانکۆی سۆران، ١٢ - ١٣ - ٥ - ٢٠١٤.
- سەرپەرشتیاری زانستیی دیداری مەلا عەلی مامەجەلکەیی، زانکۆی سۆران ٤ - ٥ ٢٠١٦.
- سەرپەرشتیاری کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی عەللامە مەلا عەبدولرەحمانی پێنجوێن ٤ ٠ ٥ - ٦ - ٢٠١٩.
- سەرپەرشتیار و سەرۆکی لیژنەی زانستیی کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی عەللامە ئیبن ئادەمی باڵەک، زانکۆی سۆران، ٢٢ - ٢٣ - ٨ - ٢٠١٩..
- سەرپەرشتیار و سەرۆکی لیژنەی زانستیی کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی فەقێ قادری هەمەوەند لە زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ، ١٥ ٠ ٥ - ٢٠٢١.
- ئەندامی لیژنەی زانستیی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ڕەسەنایەتیمان ڕەگی ناسنامەبوونمانە، سەنتەری هەندرێن، زانکۆی سۆران. مایسی ٢٠١٨.
- ئەندامی لیژنەی دەستنووس و بەڵگەنامەکان لە ئەکادیمیای کوردی، ساڵی ٢٠٢٢.
- ئەندامی لیژنەی وەرگێڕان لە ئەکادیمیای کوردی، ساڵی ٢٠٢٣..
- ئەندامی لیژنەی زانستی حەفتەمین کۆنفڕانسی زانستی زانکۆی زاخۆ (دەولەت و میرگەهێن کوردی ل سەردەمێن ناڤین و نوودا)، ٢٠٢٣.
- ئەندامی ناوەندی بەڵگەنامە و دەستنووسی زانکۆی کوردستان- سنە، ساڵی ٢٠٢٢.
-سەپەرشتیاری سەمپۆزیۆمی دکتۆر عەبدوڵلا نەقشبەندیی، زانکۆی سەلاحەدین، ١٥ - ٢ - ٢٠٢٣.
- سەرۆکی لیژنەی زانستیی کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی صافی هیرانی ٢٠٢٣.

ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە ئەکادیمییانە بووە:

- سەرنووسەری بەشی سۆرانی ئەدەبی کلاسیک گۆڤاری نێودەوڵەتیی (نووبهار ئەکادیمی).
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەکادیمی (ئەنستیتۆی زمانە زیندووەکانی زانکۆی بنگۆل).
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەکادیمی (کوردینامە).
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەکادیمی (فۆلکلۆر و زمان).
- سەرپەرشتیاری دیداری بیرمەندی کورد مەسعوود محەمەد، زانکۆی سۆران، ١٢ - ١٣ - ٥ - ٢٠١٤.
- سەرپەرشتیاری زانستیی دیداری مەلا عەلی مامەجەلکەیی، زانکۆی سۆران ٤ - ٥ - ٢٠١٦..
- سەرپەرشتیاری کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی عەللامە مەلا عەبدولرەحمانی پێنجوێن، چەندین چالاکیی دیکەش.
- لە نێوان ساڵانی: ٢٠٠٥-٢٠٠٧ سەرنووسەری گۆڤاری سابات بووە، کە گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیری بووە لە زانکۆی سەلاحەدین و پێنج ژمارەی لێدەرچووە.

لە ساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتی دووەمی فێستیڤاڵی چیرۆکی لاوانی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێری، بە نووسینی چیرۆکی (نائومێدی لە غوربەتی تۆڵەدا)وەرگرتووە.

بۆ دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# نیشتمان عەبدولقادر

شـاعیر و نووسـەر و چالاکوانـی گروپـی هاوڕێیانـی خوێنـەر، خاتـوو نیشـتمان عەبدولقـادر...

ناوی تەواوی(نیشتمان عەبدولقادر ئەحمەد)ە، لە ١٤ - ٧ - ١٩٦٧ لە گەڕەکی (چواربـاخ)ی شـاری سلێمانی لـە دایکبـووە، هەمـوو قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هـەر لـە شـاری سلێمانی تەواوکردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٩بەشـی فەلسـەفەی لـە کۆلێژی ئادابـی زانکـۆی بەغـدا تەواوکـردووە، سـاڵانێک لـە دام و دەزگاکانـی حکومـی و ڕێکخراوەکانـی نـاوەوە و نێودەوڵەتییـەکان کاری کـردووە، دواتـر لەسـەر داخوازیـی خـۆی خانەنشـین بـووە.



شاعیر و نووسەر
نیشتمان عەبدولقادر بە منداڵی

شاعیر و نووسـەر خاتـوو نیشـتمان عەبدولقادر هـەر لـە تەمەنـی لاوێتیدا حـەزی لـە زمان و ئەدەبی کوردی و عـەرەبی بـووە، زۆریش حـەزی لە(یۆگا) و سـەفەریش بـووە، ئـەو لـە سـاڵی ٢٠٢٠ەوە، دەسـتی بـە نووسـینی شـیعر و وتـاری ئەدەبـی و ڕۆشـنبیریی فیکـری کـردووە و لـە ڕۆژنامـە و



له لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: خاتوو هانا، خاتوو تانیا، خاتوو نیشتمان عەبدولقادر، خاتوو دالیا، خاتوو نعیمە، نەناسراوە. له لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: مامۆستا عەلی، مامۆستا ڕەنج، نووسەر شاخەوان سدیق، خاتوو بەهرە، خاتوو سارا، مامۆستا بەختیار، مامۆستا چۆمان، شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی گروپی هاوڕێیانی خوێنەر له سلێمانی




له لای ڕاستەوە: شاعیر و میدیاکار خاتوو گولاڵە عوسمان، شاعیر و میدیاکار تەڵعەت تاهیر، شاعیر و نووسەر نیشتمان عەبدولقادر

گۆڤـاره کوردییـەکان وەکو(هەولێـر، کوردسـتانی نوێ)بـڵاوی کردوونەتـەوه، قەسـیدەی شـیعری و کورتیلـە شـیعر لەسـەر شـێوازی چوارینـه دەنووسـێت، شـیعرەکانی زیاتـر ڕۆمانسـین و باسـی جوانیـی سروشـتی کوردسـتان و عیرفان و فەلسـەفە و کێشـەی کۆمەڵایەتی و ژنان و منداڵان دەکات، تا ئێسـتا

دوو دیوانی شیعری نووسیوە کە ئەمانەن:

- دیوانی نیشتمان، کە(١٨٧) کورتیلە شیعر و قەسیدەی درێژ لە خۆدەگرێت، ساڵی ٢٠٢٢ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- دیوانی پڕوشەی پەپوولە پەیام، کە(٢٠٤) کورتیلە شیعری بە هەناسەی چوارینە لە خۆدەگرێت، ساڵی ٢٠٢٣ چاپ و بڵایکردۆتەوە.
- پێداچوونەوەی بۆ ژمارەیەک کتێبی بە زمانی کوردی و عەرەبی بۆ چەندین نووسەر کردووە.
- سەرەڕای دیوانە شیعرەکانی وەکو نووسەرێک و چالاکوانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، ئەم چالاکییانەشی هەبووە و هەیە:








**شاعیر و نووسەر نیشتمان عەبدولقادر**
**لە چەند کاتێکی جیاوازدا**
















**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر نیشتمان عەبدولقادر**

- دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و پارچە هەڵبەستی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی لەوانە(هەولێر، کوردستانی نوێ و چەندانی دیکە) بڵاوکردۆتەوە.
- دەیان دیمانە و چاوپێکەوتنی لە گەڵ کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانی کوردستان لەوانە(کوردسات، گەلی کوردستان) کردووە.
- وەکو ئەندامێکی چالاکی گروپی هاوڕێیانی خوێنەر، تا وەکو ئێستا دەیان

کۆڕوکۆبوونـەوەی ئەدەبی و ڕۆشـنبیرییان ڕێکخسـتووە و میواندارێتیی شاعیر و نووسـەرانییان کـردووە.

- لـە ٢١ – ٦ – ٢٠٢٣ میوانـی کەناڵی تەلەفزیۆنـی گەلـی کوردسـتان بـووە، باسـی سـوودەکانی(یۆگا)ی بـۆ ئاسـوودەیی مـرۆڤ کـردووە.
- زۆر چالاکـە و لـە لاپـەڕەی فەیسـبووکی خـۆی بـە بەردەوامـی پارچـە شـیعر و چالاکییەکانـی خـۆی بـۆ هەوادارانـی بڵاودەکاتـەوە.

بـۆ شـاعیر و نووسـەر خاتـوو نیشـتمان عەبدولقـادر هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیـت بـۆ خزمەتـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی.

سەرچاوەکان:

١ – کورتەیـەک لـە ژیاننامـە و بەرهەمەکانـی شـاعیر خاتـوو نیشـتمان عەبدولقـادر کـە لەسـەر داخوازیـی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ساڵح هەرکی

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر، ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، مامۆستا ساڵح هەرکی... ناوی تەواوی(ساڵح مەحمود عەلی هەرکی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بە ساڵح هەرکی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە(سیدەکان)ی سەر بە قەزای سۆران لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایکبووە، لە تەمەنی(٧)ساڵیدا چووەتە بەر خوێندنی ئایینی، لە تەمەنی(١٠) ساڵیشدا قورئانی پیرۆزی تەواوکردووە و بووەتە (فەقێ)، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم وازی لە خوێندنی ئایینی هێناوە، لە ساڵی ١٩٧٥ لە گەڵ خانەوادەکەی ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە، لە ساڵی ١٩٨٠ تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین خەبات و چالاکیی و پلە و بەرپرسێتیی لەم حزبەدا هەبووە، زیاتر خەباتی سیاسیی ئەو بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێم.



نووسەر ساڵح هەرکی
بە جاحێڵی

شاعیر و نووسەر ساڵح هەرکی لە ئێران چووەتە قوتابخانە و فێری زمانی فارسیش بووە، لە ساڵی ١٩٨١دەستی بە نووسینی



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند عومەر دزەیی، شاعیر و نووسەر ساڵح هەرکی



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند ناسری ڕەزازی، نووسەر ساڵح هەرکی

شیعر و وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و بابەتی هەمەجۆری دیکە کردووە و بڵاویشیکردوونەتەوە، بە هەردوو شێوەزاری کرمانی ژوورو(بەهدینان) ی و کرمانجی خواروو(سۆرانی) بەرهەمەکانی نووسیوە و دەنووسێت، تا ئێستا چەند بەرهەمێکی پوخت و جوانی لە بواری ئەدەبی منداڵان و شیعر و لێکۆڵینەوەدا نووسیوە چاپ و بڵاویشیکردوونەتەوە، کە ئەمانەن:

- بۆ زارۆکا، نامیلکەی شیعرییە بۆ منداڵان، لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئێران بڵاوی کردۆتەوە.
- کتێبی(کینە ئەم)کۆمەڵە وتار، ساڵی ١٩٩١.

- کتێبی(وەڵامنامە)، کە بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنانەی دەربارەی کتێبی(هەمبانە بۆرینە)ی شاعیر هەژار موکریانی نووسراوە، ساڵی ١٩٩٥.
- یەکەم ساڵنامەی گیرفانی کوردی لە ئاوارەیی ساڵی ١٩٩٦ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.
- کتێبی(ڕاگەیاندن)، ساڵی ٢٠٠٣.



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر فەرهاد پیرباڵ، شاعیر و نووسەر ساڵح هەرکی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خاتوو سارا تەڵایی، نووسەر و ڕۆشنبیر خاتوو سینەم بەدرخان، نووسەر ساڵح هەرکی



له لای ڕاستەوە: نووسەر ساڵح هەرکی، هونەرمەند خاتوو گوڵستان پەروەر




لەلای ڕاستەوە: بەڕێزان، هێمن، هەژار، حەسەن، نووسەر ساڵح هەرکی، ئیحسان، هێدی، ناڵی،
لەڕیزی پێشەوە لە لای ڕاستەوە: مەحوی، خانی، هەموویان کوڕکانی ساڵح هەرکی - نە

- کتێبی(لە دکتاتۆری تا دەموکراسی)، لە نووسین جین شارپ، وەرگێڕان
- کتێبی(پەیمانەکانی دژی کورد)، ساڵی ۲۰۰۹.

دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
ساڵح هەرکی هەر شاعیر و نووسەر نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس و



له لای ڕاستەوە: نووسەر ساڵح هەرکی، شاعیر خاتوو مامز ساڵح هەرکی، کچی نووسەر ساڵح هەرکی




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ساڵح هەرکی



له لای ڕاستەوە: نووسەر ساڵح هەرکی، هونەرمەند هەژار ساڵح هەرکی، کوڕی نووسەر ساڵح هەرکی

میدیاکارێکی بە تواناشە، لە بواری کاری سیاسی و ڕێکخراوەییدا خاوەن ئەزموونێکی زۆر باشە، لەم بوارانەدا چەندین چالاکیی هەبووە و هەیە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- لە نێوان سالانی ١٩٩٣ - ١٩٩٨ سەرنووسەری گۆڤاری(گزنگ)بووە، لە وڵاتی ئێران.
- لە ساڵی ١٩٩٩ ڕادیۆی(پێشکەوتن)ی لە هەولێر دامەزراندووە و ماوەی ساڵ و نیوێک بەڕێوەبەری ئەو ڕادیۆیە بووە.
- ساڵی ٢٠٠٥ ماوەیەک بەرپرسی ڕاگەیاندنی دەزگای هەڵبژاردن و سەرنووسەری گۆڤار و ماڵپەڕی هەڵبژاردن بووە و جێگری سەرۆکی ئەو دەزگایەش بووە.
- ئەو یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزراندنی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان.
- چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری ئامادە و پێشکەش کردووە.
- بەشداریی لە چەندین خولی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان کردووە و

بڕوانامەشـی وەرگرتـووە.

- ئەندامـی کارای کۆنگـرەی یەکـەم و دووەمـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان بـووە.
- خـاوەن ئەزموونێکـی زۆر باشـە لـە بـواری وتـاردان و شـارەزاییەکی باشیشـی لـە بـواری کۆمپیوتـەر هەیـە.
- لـە سـاڵی ٢٠٠٠ لـە لایـەن یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد-لقـی هەولێـر خـەڵات و ڕێزلێنانـی بـۆ کـراوە.



نووسەر ساڵح هەرکی لە لای گڵکۆی هونەرمەند محەممەدی ماملێ

بـۆ شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس سـاڵح هەرکـی، هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیـت بـۆ خزمەتـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیـەک لـە ژیاننامـەی شـاعیر و نووسـەر ساڵح هەرکی کـە لـە سـەر داخوازیـی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## هێرش کەمال ڕێکانی

مامۆستا و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر، شارەزای مێژووی نوێ و هاوچەرخ، مامۆستا هێرش کەمال ڕێکانی ...

نووسەر و لێکۆڵەر هێرش کەمال ڕێکانی لە ٢٠ - ٨ - ١٩٨٦ لە شارۆچکەی(شیلادزێ)ی سەر بە قەزای ئامێدیی پارێزگای دهۆک لە دایکبووە، قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شیلادزێ تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨- ٢٠٠٩ بەشی کۆمەڵایەتی لە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان لە ئاکرێ تەواوکردووە و بووەتە مامۆستا، لە ساڵی ٢٠١٥- ٢٠١٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی زاخۆ وەرگرتووە، ساڵی ٢٠٢٣ش بڕوانامەی ماستەری لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی دهۆک بەدەستهێناوە، نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی( میرگەها بەهدینان ل سەردەمێ میر سوڵتان حسێن وەلی١٥٣٣- ١٥٧٣) بووە، ئێستاش مامۆستایە لە ئامادەیی (سیارەتیکا) لە ئامێدی.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر هێرش کەمال ڕێکانی هەر لە منداڵییەوە خولیای زمان و ئەدەبی کوردی بووە، لە سەرەتای ساڵی٢٠٠٠ەوە، گڕوگاڵی شیعر نووسین و بابەتی هەمەجۆری دیکەی



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر زرار سدیق تەوفیق، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا ئیسماعیل بادی، نووسەر و لێکۆڵەر هێرش کەمال ڕێکانی




لە لای ڕاستەوە: نووسەر هێرش کەمال ڕێکانی، میدیاکار سەربەست برجینی

کردووە، دواتر بەرهەمەکانی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردۆتەوە لەوانە((ڕەسەن، ئەڤرۆ، چاودێر، بەهدینان، ئاسۆی فێرخوازان، وار، ئایندە، ئاسۆی منداڵان، ئاسۆی پەروەردیی، سیلاڤ، نوژین، نیژەن، دەنگی کلدان، سڤۆرە، زەنگ و بەنگ، کەپر، زریمۆک، بلێ - بارزان، تلۆڤە، ژینامە، شەیدا، خازر، ئاییندەسازي، دیرۆک، برِیار، رووگە، کەشکول(مهاباد)، بەیان (مهاباد)، ڕامان، نووبار (ئیستانبول)، متین و چەندانی دیکەش).

دواتر دەستی بە نووسینی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی مێژوویی و ساغکردنەوە و پێداچوونەوەی تێکستی شاعیرانی کلاسیکی و سەربردە و

بەسەرهاتی کەسایەتییەکانی دەڤەری بادینان و هەموو کوردستان کردووە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ناوازەی بە زمانی کوردیی شێوەزاری کرمانجی ژوورو و بە پیتی لاتینی کوردی نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە، کە ئەمانەن:



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر هێرش کەمال ڕێکانی، نووسەر مامۆستا فەنەر ڕۆژبەیانی**




**بەرهەمەکانی نووسەر و لێکۆڵەر هێرش کەمال ڕێکانی**



له لای ڕاستەوە: بەڕێز محەمەد دۆسکی، نووسەر هێرش کەمال ڕێکانی

- باغچێ پێزانینان، دهۆک، ٢٠٠٣.
- گازیا من، دیوانا مەلا یاسین ریکاني ١٩٣٤ – ٢٠٠٥، دهۆک، ٢٠٠٩.
- ٢٠٠ پەند ژ گۆتنیێن د. ئیبراهیم فەقی، دهۆک، ٢٠١٣.
- عەشیرەتێن بەهدینان ١٥١٤ – ١٩١٩، ڤەکۆلینەکا دیرۆکی بەڵگەنامەیی، دهۆک، ٢٠١٩.
- ژ دیرۆکا میرگەها بەهدینان، کمەکا ڤەکۆلینان ل دووڤ بەڵگەنامە و دەستنڤیسان، دهۆک، ٢٠١٩، بەرهەڤکرنەکا هەڤپشک.
- گەنجینەیا بەهدینان، ژ دەستنڤیسێن زانا و میر و هۆزانڤانان ل سەدەیێ( ٩– ١٥، ١٥ – ٢٠ز). بەرگێ ئێیکێ، دهۆک، ٢٠٢٢.
- شاکر فتاح ، عقرة في سنة ١٩٥١ ، بنکەی ژین ، سلێمانی ، ٢٠٢٠، پێداچوونەوە.
- مەلا مەحموودێ بایەزیدی ، حیکایەتێن کرمانجی، ئیستانبول، ٢٠٢١، ب پیتێن لاتینی.

- ژ گۆلێـن باغـێ موخلصـی مـلا ئەحمـەدێ نالبەنـد ١٨٩٠- ١٩٦٣ز، دهـۆک، ٢٠٢٢.
- دیوانـا بازەلـی (مـەلا عەبدولخالقـێ بیێزەلیـێ رێکانـی ١٩٠٢- _١٩٨٢ز) زاخـۆ، ٢٠٢٢.

چەندین بەرهەمی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

نووسـەر هێـرش کەمـال ڕێکانـی وەکـو مامۆسـتا و ڕۆژنامەنووسـێکی بـە توانـا چەنديـن چالاکيـی دیکـەی هەبـووە، لەوانـە:

- ل سـالا ٢٠١٤ بووەتـە خـودان ئیمتیـاز و سـەرنڤیسـەرێ گۆڤـارا (نیـژەن)، کـو ئێکـەم گۆڤـار بوویـە ل ناحیـا شـیلادزێ درکەفتیـە، (٦) ژمـارە هاتینـە وەشـاندن، ئـەڤ گۆڤـارە ل سـەر مزاختنـا خـۆ دەریخسـتیيە.
- ب چـار ڤەکۆلینـان پشـکداري د ( ئینسـکلۆپیدیا پارێزگەهـا دهۆکـێ سـالا ٢٠١٧ ) دا کریـە.
- ل ٢٥- ٧ – / ٢٠١٨ بوویـە بەرپرسـیێ سـەنتەرێ قوبەهـان بـۆ ڤەکۆلینێـن بەڵگەنامـە و دەستنڤیسـان ل بەهدینـان.




لە لای ڕاستەوە: نووسەر هێرش کەمال ڕێکانی، شادی هێرش کەمال ڕێکانی کوڕی نووسەر هێرش کەمال ڕێکانی



نووسەر
هێرش کەمال ڕێکانی




**بەرهەمەکانی نووسەر هێرش کەمال ڕێکانی**

- وەرگرتنا خەلاتێ ئێکێ د بوارێ ڤەکۆلینێ دا د ئێکەم بەریکانا ژلایێ ڕێکخراوا کوردراوم ل ٢٥ – ٨ – ٢٠٢٢ ل هەولێرێ.
- بەشداری لە چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی و ئەکادیمی کردووە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، لەوانە:
- کونفرانسێ زانستی یێ جینوساید و ڕەنگدانەوە لە ئەدەب و هونەر دا ١١، ١٢ – ١٢ – ٢٠٢٣، ل سلێمانیێ کو ژلایێ وەزارەتا ڕەوشەنبیری و لاوان ڤەهاتبوو ڕێکخستن.
- کۆنگرێ زانکۆیا هکاری ل جولمێرگێ، ٢٧- ٢٩ – ٤ – ٢٠١٨.
- کۆنگرێ زانکۆیا بەدلیس ل بەدلیسێ، ١١ – ١٣ – ١٠ – ٢٠١٨.
- کۆنگرێ زانکۆیا سلێمانی ، زانکۆیا جیهان (سلێمانی) ( ١٥- ١٦ – ٢ – ٢٠٢١.

- كۆنگرێ زانكۆیا هەكاری ل جولەمێرگێ، ٢١ - ٢٣- ١٠ - ٢٠٢٢.
- كۆنگرێ زانكۆیا زاخۆ ( ٣ - ٤ - ٦ - ٢٠٢٣، چەندانی دیكەش.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆكراوە.

بۆ نووسەر هێرش كەمال ڕێكانی هەر سەركەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و مێژووی كوردی.

**سەرچاوەكان:**


١ - كورتەیەك ژیاننامەی نووسەر هێرش كەمال ڕێكانی، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێكۆڵەر ئیسماعیل بادی لە دهۆك لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەكەم.

٢ - ئامادەكردن و نووسینی خۆم.



# مەحموود باجەلان

مامۆستای پەروەردەکار و نووسەر، چالاکوانی پەروەردەی منداڵان، مامۆستا مەحموود باجەلان...

ناوی تەواوی(مەحموود عەبدولکەریم قادر ناوخاس)ە، لە ناوەندی پەروەردە بە مەحموود باجەلان ناسراوە، لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی (تازەدێ)ی سنووری شاری خانەقین لە دایکبووە، بە هۆی بارودۆخی ئەوسای کوردستان و دەستپێکردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگارخوازی کورد، ئەو تەمەنی تەنیا (٩)مانگ بووە کە خێزانەکەیان بە ناچاری چوونەتە چەندین شار و شارۆچکەی کوردستان، لەدواییدا لە ناحیەی(عەربەت)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی گیرساونەتەوە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخەنەی (هەڵمەت) و ناوەندیشی لە دواناوەندیی عەربەت تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٩٧ پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە شاری سلێمانی بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە و، بووەتە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی(هەڵمەت) هەر لە شارۆچکەی عەربەت، ماوەی زیاتر لە (١٢)ساڵ بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن، دواتر لە ساڵی ٢٠١٠ بووەتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە سنووری پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی و، ئێستاش هەر لە خزمەتکردن بەردەوامە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ئەمین سەپان، نووسەر مەحموود باجەلان،**
**شاعیر و نووسەر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی**



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر محەمەد مەحوی، نووسەر مەحموود باجەلان**

مامۆستای پەروەردە و نووسەر مەحموود باجەلان هەر لە سەرەتای لاوێتیدا حەز و خولیای لە نووسینی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی بووە، لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ یەکەمین جار بابەتێکی پەروەردەیی لە ڕۆژنامەی(ڕێبازی خوێندکاران) بڵاوکردۆتەوە و، دواتر بابەتێکی دیکەی بە ناوی(قۆناغی منداڵی و هۆکارە کارتێکەرەکانی) لە ژمارە(٣٠) ی گۆڤاری (پەیامی ڕاستی) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینە جوان و سوودبەخشەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردن و، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەوانە (زانستی سەردەم، ژیار) بڵاویکردوونەتەوە، تا ئێستا دوو کتێبی لەم بوارەدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- كتێبی (لە پێناو پەروەردەیەکی باشتر)، ساڵی ١٩٩٧ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کتێبی (لەپەنجەرەی پەروەردەوە)، ساڵی ٢٠٢٣، بڵاوکراوەتەوە.

مامۆستا نووسەر مەحموود باجەلان وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەندامێکی چالاکی بواری پەروەردە و پەروەردەی منداڵان چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- ئەندامی دەستەی نووسەران و دیزایینەری گۆڤاری(ئاراستەی پەروەردەیی)




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی، مامۆستا عەلی، مامۆستا ڕزگار حەسەن، مامۆستا سەعید، مامۆستا خدر، نەناسراوە، نەناسراوە، هونەرمەندی دیزایینەر ڕێزان خاتوو ڕێزان حەمەڕەشید، مامۆستا خاتوو چیمەن**



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز خاتوو هاژان سەردار، نووسەر مەحموود باجەلان، بەڕێز خاتوو سۆزان ئەبوبەکر مەولود**

بووە، کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردن لە پەروەردەی سلێمانی دەردەچوو.

- لە ساڵانی ٢٠٢١ - ٢٠٢٣ بە بەردەوامی ستوونی(لە پەنجەرەی پەروەردە) بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسیوە.
- بۆ ماوەی(١٤) ساڵ ئەندامی لێژنەی دانانی کتێبی کوردی بووە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.



لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیاری کورد لەتیف هەڵمەت، نووسەر مەحموود باجەلان




لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد، نووسەر مەحموود باجەلان




نووسەر مەحموود باجەلان، مامۆستا باخەوان مەجید بەقاڵ







- ماوەیەک ئەندامی لیژنەی دانانی کتێبەکانی(خوێندنەوەی کوردی) بۆ پۆلی یەکەم و سێیەم سەرەتایی بووە.
- چەندین دیمانە و چاوپێکەوتنی تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆیی دەربارەی کێشە و گرفتە پەروەردەییەکان ئەنجامداوە.
- چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەربارەی پرۆگرام و شێوازەکانی وانە وتنەوە و پەروەردە و فێرکردن و چالاکیی جۆربەجۆر لە بواری ژن و منداڵان ئەنجامداوە.
- بەشداریی لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفراسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی لە شاری سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانی کردووە.

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی سلێمانییە.
- سەرۆکی لقی سەندیکای گشتیی ڕاهێنەرانی عێراقییە لە سلێمانی و نوێنەری سەندیکاکانی ڕاهێنەرانی عەرەبیشە لە شاری سلێمانی.

بۆ مامۆستا و نووسەر مەحموود باجەلان هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە کاری پیرۆزی پەروەردە فێرکردن.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی مامۆستا و نووسەر مەحموود باجەلان، هاوڕێم شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# بەکر کۆڤلی

مامۆستای پەروەردە و نووسەر و وەرگێڕ، میدیاکار و شارەزای بواری کەلتوور و کەلەپووری کوردی، ڕەوانشاد بەکر کۆڤلی...

ناوی تەواوی(بەکر عەبدولکەریم حەسەن)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و پەروەردەیی بە بەکر کۆڤلی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری دهۆک لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە دهۆک تەواوکردووە، خوێندنی دواناوەندیشی لە دواناوەندیی ئێواران لە شاری موسڵ تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥٨- ١٩٥٩ خولێکی فێرکردن و پێگەیاندنی مامۆستایانی بینیوە و بووەتە مامۆستای سەرەتایی لە گوندی(شۆشی)، دواتر لە گوندەکانی(گۆولی، شنگالێ، حەزەرە لە ناوچەی(حضر)، باریمای نزیک شاری موسڵ)، پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی بەهدینان لە شاری دهۆک، لە بەر بە توانایی لە بواری پەروەردە و هونەری فێرکردن و پێگەیاندن و بەڕێوەبردن پاش ساڵێک(تەنسیب)ی بەشی فێرکردن و بەڕێوەبردن کراوە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی دهۆک، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە تا ساڵی ١٩٩٠ خانەنشین کراوە.

مامۆستا و نووسەر بەکر کۆڤلی، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەکو



لە لای چەپەوە: نووسەر و وەرگێڕ بەکر کۆڤلی، ئەوانی دیکە پۆلێك نووسەر و شاعیرانی دهۆك



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ بەکر کۆڤلی، نووسەر زێرەڤان نێروەی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس موسەدەق تۆڤی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی

ڕاگەیاندنکارێک لە دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان کاری کردووە، ماوەیەک بەرپرسی بەشی(ئینسات- إنصات) بووە لە نووسینگەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان، دواتر وەکو ئەندامی دەزگای ناوەندی خانی بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و بەرپرسی کارگێڕی

بەردەوام بووە لە خزمەتکردن تا شنگ و تاقەتی هەبووە، ئەو کاتەی نەخۆشی پەکی خستووە دەستی لە کارکردن هەڵگرتووە.

مامۆستای پەروەردە و نووسەر بەکر کۆڤلی سەرەتا بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی دەست پێکردووە، دواتر دەستی بە نووسین کردووە لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و کەلتوور و فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی و وەرگێڕانیش، دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و پەروەردەیی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەوانە(التآخي، خەبات، برایەتی، پەیمان، مەتین، ئەڤرۆ و چەندانی دیکەش) بڵاوکردۆتەوە.

ئەو دوو بەرهەمی پوخت و جوان و بە



مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ
بەکر کۆڤلی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس موسەدەق تۆڤی، نووسەر و وەرگێڕ بەکر کۆڤلی

سوودی نووسیوە کە ئەمانەن:

- کارسازیا کوردی، ل دۆر فۆلکلۆر و کولتووری کوردی، دهۆک، ٢٠٠٤.
- الجواد الاغر، وەرگێڕانی چیرۆکا(کمێتا گەور)یا نڤیسەر سەدیق حامد بۆ سەر زمانی عەرەبی، ساڵی ٢٠١٤.

نووسەر و وەرگێڕ مامۆستا بەکر کۆڤلی لە بواری هونەری و تەکنیکی و پەروەردە و فێرکردن زۆر بە توانا بووە، چەندین قوتابی و مامۆستا لەسەر دەستی ئەو مەشق و ڕاهێنانیان پێکراوە و چەندین خولی پێگەیاندیشی بۆ کردوونەتەوە.


ئەو وەکو زمانزانێکی باشی کوردیی و عەرەبی و شارەزا و پسپۆری بواری کەلتوور و کەلەپووریش زۆر لە نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد بە تایبەتی لە دەڤەری بەهدینان پرس و ڕاو و ئامۆژگاری و ڕێنماییان لێ وەرگرتووە.

ئەو خزمەتێکی زۆری لە بواری پەروەردە و فێرکردن و کەلتووری کوردی کردووە ، لە ڕۆژی ٤ - ٧ - ٢٠٢٣ لە شاری دهۆک کۆچی دوایی کردووە، ڕەونی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر بەکر کۆڤلی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا موسەدەق تۆڤی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# بەهجەت یەحیا

خاوەن دەنگێکی ئارام و عیرفانی، خاوەنی شێواز و ستایلێکی تایبەت بە خۆی، هونەرمەندی گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و مۆسیقاژەن، بەهجەت یەحیا ....

هونەرمەند بەهجەت یەحیا  لە ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەکی(کانی ئاسکان)ی ناو شاری سلێمانی لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٦ بەشی کارەبای لە ئامادەیی پیشەسازی تەواوکردووە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕووی لە وڵاتی ئەڵمانیا کردووە، لە ساڵی ٢٠٠١ بەشی بەڕێوەبردنی سیستەمی خوێندنی بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە.

هونەرمەند بەهجەت یەحیا هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزی لە مۆسیقا و ئاواز و گۆرانیی کوردی بووە و بەهرە و توانای خۆی پەرەپێداوە و بۆ یەکەمین جار ساڵێ ١٩٨٥ گۆرانییەکی تۆمارکردووە، ئیتر بەردەوام بووە لە کارە هونەرییە ئاست بەرز و جوانەکانی لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و بەوە ناسراوە کە ژانرێکی نوێ و جیاوازی هێناوەتە ناو مۆسیقا و ئاوازی کوردی، ئەو هەر گۆرانیبێژ نییە، بەڵکو ئاوازدانەر و مۆسیقاژەنیشە و شارەزاییەکی زۆر باشی لە ئامێرەکانی(تار و ساز) هەیە.




ڕێزلێنانی هونەرمەند لە لایەن زانكۆی ڕاپەڕین

هونەرمەند بەهجەت یەحیا هونەرمەندێكی چالاكە لە بواری خێرخوازی، بەشی زۆری داهاتەكانی لە كار و چالاكییە هونەرییەكانی بەخشیوەتە ڕێكخراوە خێرخوازییەكان منداڵان و نەخۆشانی شێرپەنجەی نەخۆشخانەی(هیوا)ی سلێمانی.

ئەو تا ئێستا(٨) ئەلبۆمی تۆماركردووە و بڵاوی كردوونەتەوە كە ئەمانەن:

- چەنێ دوورم، ساڵی ١٩٩١.
- هاواری ویژدان، ساڵی ١٩٩٨.
- نەی لە گەڵ دڵم ئەدوێت، ساڵی ٢٠٠٢.
- فەنابوون، ساڵی ٢٠٠٤.
- سپێدەی سۆزێكی مەستانە، ساڵی ٢٠٠٧.
- من كوڕی ڕۆژهەڵاتم، ساڵی ٢٠١١.

- ئەوینستان، ساڵی ٢٠١٣.
- گەڵایەکم با هێناومی، ساڵی ٢٠١٥.

لە گۆرانییە ناسراو و بە ناوبانگەکانی(بەدوای ئەشقا، دڵێکی سپی، دایە گیان، گوێم بۆ ڕادێرە، پێشمەرگە، شەکرە بەفرە، ئاگریش بم ناتسووتێنم، پرچی بەهار، ساقی ئەمانان، ئەی لای لایە، ویزۆ ویزۆ، ئەشقێکی خودایی، ئەوینستان، کوردستان گەر تۆ نەبی، کۆنسێرتی ساڵی ١٩٩٢).

ئەو لە گەڵ گرووپی مەحوی گۆرانی وتووە، ناوە بە ناوەش شیعر و پەخشانی ئەدەبیش دەنووسێت و لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی بڵاویان دەکاتەوە، لە دوایین کاری و چالاکیدا نوێترین ئەلبۆمی خۆی لە گەڵ





هونەرمەند بەهجەت یەحیا لە کارێکی هونەریدا



٤- هونەرمەند بەهجەت یەحیا لە گەڵ تیپی مۆسیقای مەحوی










هونەرمەند بەهجەت یەحیا لە چەند کاتێکی جیاوازدا



هونەرمەند بەهجەت یەحیا لە کاتی نمایشکردنی کتێبێک وئەلبۆمێك



هونەرمەند بەهجەت یەحیا لەپێش قاوەخانەی مەچکۆ

کتێبێک لە شاری هەڵەبجە و قەڵادزێ واژۆ و نمایش کردووە.

بۆ هونەرمەند بەهجەت یەحیا هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە کارە هونەرییە جوانەکانت.

**سەرچاوەکان:**

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی زانیاری، نووسینێکی نووسەر بەڵێن سامان، لە ٢٨ - ٨ - ٢٠٢٢.

٢ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# تاهیری خەلیلی

**لە قەندیلی سەربەرزەوە وەڵامت بۆ دەنێرمەوە**
**شەهیدبوونمان شانازییە هاوڕێ ڕەنگە نەتبینمەوە**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ و ئاوازدانەری کوردپەروەر و هونەرمەندی شۆڕشگێڕی و بەرگری، ڕەوانشاد تاهیری خەلیلی...

ناوی تەواوی(تاهیر حسێن عەبدوڵڵا)یە، لە ناوەندی هونەری بە تاهیری خەلیلی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری(بۆکان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، باوکی دەنگێکی خۆشی هەبووە، بەڵام گۆرانی نەوتووە و هاوڕێی نزیکی هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەک بووە، هەر لە منداڵییەوە خولیا و عەشقی گۆرانی و ئاوازی کوردی بووە، کەوتۆتە ژێر کاریگەری و زۆریش سەرسام بووە بە دەنگ و گۆرانییەکانی هەر یەک لە هونەرمەندان (محەمەدی ماملێ، حەسەن زیرەک، عەلی مەردان، حەمە ساڵح دیلان، بە تایبەتیش تایەر تۆفیق)، هەر ئەم کاریگەری و سەرسامییەش وای لێکردووە لە تەمەنی(١٥) ساڵیدا بەرهەمەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوبکاتەوە، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردیی ڕۆژهەڵات زۆر بایەخیان پێداوە و لە تەمەنی(١٨)ساڵیدا یەکەم کۆنسێرتی خۆی ئەنجامداوە، چەندین گۆرانی بە دەنگ و ڕەنگ لە



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند تاهیری خەلیلی، بەڕێز دکتۆر تەها ڕەسووڵ



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند قادری عەبدوڵڵا زادە ناسراو بە قالە مەڕەی شمشاڵژەن، هونەرمەند تاهیری خەلیلی

تەلەفزیۆنی مهاباد و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سنە و تارانیش تۆمارکردووە، لەوانە گۆرانییەکانی(شەوی تاریک و بێ دەنگ، گوڵی مهاباد، کیژۆڵەی کوردستان و چەندانی دیکەش).

لە کاتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ وەکو کوردپەروەرێک و بە هۆی هەست و سۆزە نیشتمانپەروەری و نەتەوەییەکەیەوە چووەتە مەیدانی خەباتی کوردایەتی و، لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتێشانی کوردستانی

ڕۆژهەڵات درێژەی بە خەباتی چەکداری و هونەریی خۆی داوە، لە ساڵی ١٩٨٠ ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە و لە شاری قەڵادزی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس بۆ ماوەی(٤)مانگ دەستگیرکراوە و دواتر ئازادکراوە، ئەو لە باشووری کوردستان لە ناوچە ئازادکراوەکان ژیاوە و لەگەڵ تیپی مۆسیقای(چەوساوەکان) کە تیپێکی هونەریی گەڕۆک بووە بە سەرپەرشتیی هونەرمەند مەجید خۆشناو بۆ یەکەمین جار سروودی (لە قەندیلی سەر بەرزەوە) کە لە نووسین و ئاوازی خۆیەتی تۆمارکردووە، ئەم سروودەی زۆر بە خێرایی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بڵاوبووەوە و، بووە وێردی سەر زمانی گەورەو بچووک و لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەدەغەکرا، بەڵام بە قاچاغی هەر لێدەدرا.

هونەرمەند تاهیری خەلیلی زیاتر لە(٥٠) گۆرانیی تۆمارکراوی هەیە، هەندێ لە گۆرانییەکانی لە نووسین و ئاوازی خۆیەتی، هونەرمەند




**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ناسری ڕەزازی، هونەرمەند تاهیری خەلیلی**

ئـازاد هەورامیـش هەنـدێ دەقـی گۆرانـی و ئـاوازی بـۆ دانـاوە، سـەرەڕای هونەرمەندانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، لەوانە(لـە قەندیلـی سـەربەرزەوە، شیرین شیرین، شەوی تاریک و بێ دەنگی. سەوزە سەوزە، گوڵی مهاباد، هێـزی پێشـمەرگە نابـەزن، ئـەوڕۆ ئـەوڕۆ، هـۆ کاکـەی شـوان، هـەر دێمـەوە، ئـای چ سـەربەرز بوویـن، بـە بیـرت دێـت، چەنـد دڵخـۆش بـووی، ڕاپەڕیـن، گوڵـم هـەی گوڵـم، وەتـەن دێوانەکـەی خـۆم، چـی بـوو تاوانـی ئەوانـەی لـە سـێدارەدران، ئەگـەر سـبەی وەفدێـک-مەقـام- لـە شـیعری شـاعیر عەبدوڵـڵا پەشـێو، قۆچـی قوربانـی وڵاتـم و چەندانـی دیکـەش). بـە زمانـی فارسـی و شـێوەزاری لوڕیـش گۆرانـی وتـوە لەوانە(زیندەگـی، بـازەڕان).

لـە سـاڵی ١٩٩٥ بـە هاوکاریـی تیپـی باواجـی کۆیـە و بەسەرپەرشـتیی هونەرمەنـد سـەردار ئەحمەد(بـاب سـەردار) گۆرانیی(خەسـەکەو)ی تۆمارکـردووە.

هونەرمەنـد تاهیـری خەلیلـی لـە کۆتایـی نۆهەتەکانـی سـەدەی ڕابـردوو بـە یارمەتیـی نەتـەوە یەکگرتـوەکان وەکـو پەنابـەر گەیشـتۆتە وڵاتـی نەرویـج



لە لای ڕاستەوە: هێمن موکریانیی شاعیر، هونەرمەند تاهیری خەلیلی



هونەرمەند تاهیری خەلیلی لە کاتی پێشمەرگایەتیدا

و لەوێ نیشتەجێبووە، ئەو ماوەی لە ئەوروپا ژیاوە بەشداریی لە بەشی زۆری ئاهەنگەکانی بۆنە سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییەکان کردووە، پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ چۆتەوە باشووری کوردستان و لە شاری سلێمانی نیشتەجێبووە.

ئەو هونەرمەندە کوردپەروەر لە شەوی٢٦ - ١١ - ٢٠٢٣ لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، لەسەر وەسییەتی خۆی بە ئامادەبوونی هاوسەر و منداڵەکانی و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی و هەموو کوردستان لە گۆڕستانی(بەکرەجۆ)



خێزان و منداڵەکانی هونەرمەند تاهیری خەلیلی لە سەر گڵکۆکەی

لە شاری سلێمانی بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەبارەت بە هونەرمەندی گۆرانیبێژ تاهیری خەلیلی، هەر یەک لە هونەرمەندان(حەمە ڕەئووف کەرکووکی و نیاز نوری سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان - لقی سلێمانی و هاوسەرەکەی خاتوو شیرین حەسەنپوور)، بەم جۆرە باسیان کردووە.

هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەمە ڕەئووف کەرکووکی دەڵێت:(ئەگەر باسی کەسایەتیی کاک تاهیر بکەین، ئەو کەسێکی زۆر هێمن و لە سەرخۆ بوو، چەند دانیشتنێکم لە گەڵیدا کردووە، هەموو دەم باسی کورد و کوردایەتی لەسەر زمان بوو، ئەو زۆر کوردپەروەر بوو).

هونەرمەند نیاز نوری سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی کورد - لقی سلێمانی دەڵێت:(بێ گومان ئەو هونەرمەندێکی گەورە و دەنگێکی باڵا و بوێر و بەرگری بوو لەناو هەموو کوردستانی گەورە، خەباتی چەکداری و هونەریی ئاوێتەی یەکتری کردبوو).

خاتوو شیرین حەسەنپوور هاوسەری هونەرمەند تاهیری خەلیلی دەڵێت:(لەگەڵ ئەو هونەرمەندە شاخ بە شاخ و کێو بە کێومان کردووە،

بەشی زۆری بەرهەمەکانی، خۆم بە خەتی خۆم بۆم نووسیوەتەوە لە گەڵی وتوومەتەوە، کە من هاتمەوە ئەم وڵاتە، وەسییەتی بۆ من ئەوە بوو وتی: ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان گیانم سپارد....تازیەم بۆ دامەنێن بەڵکو گۆرانییەکانم بڵێنەوە، بە منیشی وت؛ مەگری ).

ئەو خاوەنی دوو هاوسەر و(٥) منداڵە بوو.. خوا تەمەن درێژیان بکات.



**هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی لە کاتی ناشتنی هونەرمەند تاهیری خەلیلی**




**تەرمی هونەرمەند تاهیری خەلیلی**

کورتە بیرەوەرییەکم لە گەڵ ئەم هونەرمەندە شۆڕشگێڕە: ئەگەر سەهوو نەبم لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بوو، هاتە لام کاسێتێکی پێبووە کە گۆرانیی(لە قەندیلی سەربەرزەوە) و چەند گۆرانییەکی دیکەی تێدابوو، کاغەزێکیشی لە ڕەوانشاد(شێخ لەتیف شێخ سادقی هەشەزینی) کە لە قەتەوی دادەنیشت پێبووە، داوای لە بەندە کردبوو کە ڕەزامەندیی بڵاوکردنەوەی بدەینێ، دیار بوو لە پێشتر لە بەڕیوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی جەماوەریی هەولێر(دائیرەی ئەمن) قەدەغەیان کردبوو، بۆیە هاتە دیوانی ئەمینداریێتیی ڕۆشنبیری و لاوان، کە ئەو کات بەندە سەرۆکی بەشی ڕۆشنبیری و(تعضید و نشر) بووم، منیش بە ئەمین عامەکەی خۆمان وت کە(محەمەد ئەمین محەمەد ئەحمەد)بوو، ماجەراکەم بۆ باسکردو وتم فلانیش کاغەزی داوەتێ و داوای شتێکی ئەوهام لێدەکات، ئەویش لە مێزەکەی خۆی چەکمەچەیەکی ڕاکێشا و کیتابێکی(سري و شخصي) پێشاندام، پێشی وتم چەند منداڵت هەیە، وتم: چوار منداڵی وردم هەیە، وتی خۆت و خێزان و هەر چوار منداڵت ئیعدام دەکەن، ئیتر لەگەڵ ئەمین عامەکەم پێکهاتین کە(مکافئة- پاداشت)ێکی(٣٠) دیناریمان بۆ خەرج کرد، هەر چەندە بە دڵشکاوی ڕەوانمان کردووە، بەڵام ئەو کات هەر ئەوەندە لە دەسەڵاتی ئێمەدابوو، لەو کاتەوە جارێکی دیکە بە دیداری شاد نەبوومەوە، هەی ڕەوانی شاد و ئارام بێت.

### سەرچاوەکان:


١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی، VOA، فلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢٦ - ١١ - ٢٠٢٣.

٤ - ماڵپەڕی زانیاری، نووسینێکی نووسەر ڕێزدار ئەحمەد لە ٧ - ٥ - ٢٠٢٢.

٥ - ڕاپۆرتێکی پەیامنێری دەنگی ئەمەریکا لە سلێمانی میدیاکار خاتوو هونەر کەریم.

٦ - ماڵپەڕی ڕووداو، نووسینێکی نووسەر سۆران حسێن لە ٢٥ - ١١ - ٢٠٢٣.

٧ - چەند فلمێکی دوکیومێنتاری لە Youtube.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەلی بەختەوەر

شاعیر و چیرۆکنووسی بواری شیعر و چیرۆکی منداڵان، مامۆستا عەلی بەختەوەر...

ناوی تەواوی(عەلی محەمەد ئەمین)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە عەلی بەختەوەر ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی(دووگردکانی ئەحمەد)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٥٩ ماڵیان هاتۆتە شاری هەولێر و لە گەڕەکی(کوران) نیشتەجێبووینە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی ئازادیی کوڕان تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ ئامادەیی کشتوکاڵی لە (ئاسکی کەلەک) بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ وەکو فەرمانبەر لە کارگەی ڕستن و چنینی هەولێر دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠٠١ خزمەتی خۆی گواستۆتەوە بەڕێوەبەرایەتیی دارستانی هەولێر و وەکو بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پێشکەوتوو بەردەوام بووە لە خزمەتکردن تا خانەنشینبوونی.



شاعیر عەلی بەختەوەر بە جاحێڵی

شاعیر عەلی بەختەوەر هەر لە تافی لاوێتیدا حەزو خولیای کەوتۆتە سەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند عومەر دزەیی، شاعیر عەلی بەختەوەر

گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، یەکەمین نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی کە پارچە هەڵبەستێک بووە بە ناوی(ئەو ساتەی کە خۆشەویستی گڕدەگرێ)لە گۆڤاری کاروانی ژمارە(٢٤)بڵاوکردۆتەوە، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕووی لە نووسینی شیعر و چیرۆک بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان کردووە، لە بواری شیعر بۆ گەوران و گەنجان و منداڵان کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ئاست بەرزی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، لە بەر نەبوونی و دەستکورتی، کاتی خۆی هەندێکیشی بە فۆتۆکۆپی و بە تیراژێکی زۆر کەم بڵاوکردۆتەوە، تا ئێستا(٣) بەرهەمی لە چاپداوە کە ئەمانەن:

- نامیلکەی(ماچی خۆر و سەمای لالەزار). شیعر بۆ گەوران، بەشی زۆری ئەو هەڵبەستانەی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوی کردوونەتەوە لە خۆدەگرێت، ساڵی ٢٠٠٤.
- نامیلکەی(سیما و باران) چیرۆکی پەروەردەییە بۆ منداڵان، لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان چاپکراوە، ساڵی ٢٠١٤.
- نامیلکەی(گوڵ و خاک) لە سەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپکراوە، ساڵی ٢٠٢١.

ئەم نامیلکە شیعرانەشی بە فۆتۆکۆپی و تیراژەیەکی کەم بڵاوکردۆتەوە:

- گمەی کۆتر، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٩١.
- ڕەنگاڵە، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٠٠.
- قاسپەی کەو، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٠٢.
- گەشتی فریشتەکان، شیعر و چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٥.
- خەندەی هەتاو، شیعری پەروەردەیی بۆ منداڵان.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی کورد لەوانە(کەریم شارەزا،



لە لای ڕاستەوە: شاعیر کەریم دەشتی، مامۆستا جەعفەر حەسەن، ڕەوانشاد هونەرمەندی دەرهێنەر سەلاح حەسەن، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕەوانشاد مەحمود زامدار، شاعیر عەلی بەختەوەر



لە لای ڕاستەوە:شاعیر عەلی بەختەوەر، نووسەر و شاعیر حەمە ئەحمەد جاف، نووسەرو شاعیر غەریب پشدەری، ڕۆژنامەنووس شوان سەرابی، ڕۆژنامەنووس و نووسەر حەمە ساڵح فەرهادی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، هونەرمەندی ڕەوانشاد سەردار کۆیی، هونەرمەند وریا ئەحمەد

حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی، حەمە ساڵح فەرهادی، ئیسماعیل بادی، نەوزاد کەلهوڕی، ئاری ئاغۆک) تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی شاعیر عەلی بەختەوەر و لە نووسینی بەرهەمەکانی خۆیاندا ڕاو و سەرنجی خۆیان نووسیوە.

- چەند هۆنراوەیەکی لە لایەن هونەرمەندان ئاوازی بۆ داندراوە و وەکو سروود و گۆرانی لە تەلەفزیۆنی بەشی منداڵان پەخشکراوە و دەکرێت.
- هۆنراوەیەکی بە ناوی(سەدەی زانست) لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی خراوەتە ناو پرۆگرام و دەخوێندرێت.

شاعیر عەلی بەختەوەر چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٩١ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.
- لە ساڵانی ٢٠٠٣ - ٢٠١١ وەکو نووسەر لە گۆڤاری(هەنگ) کاری کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشداریی لە پێشبڕکێی شیعر و چیرۆکی منداڵان کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان ڕێکیخستبوو، کردووە و پلەی دووەمی پێبەخشراوە.
- چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان خەڵات



لە لای ڕاستەوە: خاتوو خەجیجە هاوسەری شاعیر عەلی بەختەوەر، شاعیر عەلی بەختەوەر




یەکێتیی نووسەرانی کورد
لقی هەولێر

رێزلێنان

بەڕێز: ........ عەلی بەختەوەر ........

مایەی شانازیی لقەکەمانە، کە لە ڕۆژی نووسەری کورد- دا ۲۰۱۰/۲/۱۰، خەباتی بێ
وچانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریتان بەرز بنرخێنین و خەڵاتی ڕێزلێنانتـان بـەو بۆنەیـەوە
پێشکەش بکەین. تەمەن درێژی و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین.



سکاڵای منداڵێکی هەژار
منداڵێکی هەژارم
دەروون پڕلەئازارم
چۆن بچمە شاری یاری
بۆساتێ بەختیاری...
یا بۆگەشت وسەیرانگە
وەرزش و مەلەوانگە
بۆ هەرشوێنێکا دەچم
دەلەرزێ هەردوو قاچم !!
من وگیرفانی بەتاڵ
کۆڵێ یادەوەری تاڵ!!
باوکی داماو کرێچی
مووچەکەی بدات بەچی ؟!
جا بەدڵێکی ناکام
ناچار دەچمەسەرشەقام !!
(بنێشت) (کلێنس)دەفرۆشم
ئەم تاڵاوە دەنۆشم !!



[ساڵرۆژی جاڕنامەی جیهانی منداڵانی کەمەندام ]
( منداڵێکی کەمەندام )
ئەورۆژەی لە دایکبووم
خۆزسک کەمەندام بووم !
چاوم هەڵێنا بۆژین
پڕبوو لەخەم وگرین !
وەک منداڵێکی ناکام
تا هێزم تیابوو گریام !!
بۆنەوانەی (جەنگ ) و(مین)
شادی لێ کردن بەشین !
گوڵی ژینی ژاکاندن !
دەست و قاچی پەڕاندن !!
کە بیستم موژدەی هەواڵ
جاڕنامەی (مافی منداڵ )
سارێژبوون خە م و ژامم
هەستناکەم کەمەندامم !!
فرمێسکی چاوم سڕی
دەنگم بەرز هەڵبڕی....
تاکو ماوە ژیانم
بەگەشبینی دەڕوانم !!




**بەرهەمەکانی شاعیر عەلی بەختەوەر**


و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

- بەشداریی لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە سیمینارە ئەدەبییەکانی شاری هەولێر و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان کردووە و دەکات.
- ئەو هێشتا لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی چالاکە و ناوە بە ناوە هەوادارانی بە پارچە هەڵبەستێک بە سەردەکاتەوە.

بۆ شاعیر و نووسەر عەلی بەختەوەر هەر سەرکەوتوو بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

## سەرچاوەکان:

۱ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر عەلی بەختەوەر، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
۲ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ڕزگار فەقێ عەولا

مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر و هونەرمەندی شێوەکار و خۆشنووس، ڕەوانشاد ڕزگار فەقێ عەولا...

هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی(فەقێیان)ی دۆڵی ئاکۆیانی سەر بە قەزای ڕواندزی پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری ڕواندز تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٨٤- ١٩٨٥ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە، دوا کاریشی مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بووە.

ئەو هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی هونەری هەبووە، بە هونەری شێوەکاری دەستی پێکردووە، سەرەتا شێوازی(تجريدي) گرتۆتەبەر و دواتریش شێوازی(تعبيري)، تابلۆکانی هەمووی پڕ ڕەنگن، سەرەتا ڕەنگی زەیتی بەکارهێناوە و دواتر پاستیل و کۆتا کارە هونەرییەکانیشی بە ئەکریلیک بووە، هەر خۆی لە شوێنێکدا دەڵێت:( ئەکریلیک ڕەنگەکانی زیاتر و جوانتر و گەشترن لە ڕووی خاوێنیشەوە پاکترن لە ڕەنگەکانی دیکە، چونکە بە ئاو دەگیرێنەوە و بۆنی نییە، زۆر زووش وشک دەبنەوە).

هونەرمەندی شێوەکار ڕزگار فەقێ عەولا لە کێشانی تابلۆکانی زیاتر قەبارەی(٧٠×١٠٠)ی بەکارهێناوە، لەم بوارەشدا دەڵێت:(من بە هەموو



هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا لە کاتی وانە وتنەوە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا، خانمە پێشکەشکاری بەرنامەیەک بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک

قەبارەیەک کاری هونەریم کردووە، بەڵام زیاتر حەزم لە قەبارەی(١٠٠×٧٠)ـە، چونکە قەبارەیەکی زۆر جوانە و لە دنیای هونەریشدا بە قەبارەی(زێڕین) ناسراوە).

یەکەمین پیشانگای تایبەتیی خۆی ساڵی ١٩٨١ لە شاری ڕواندز کردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٨٢ پیشانگایەکی هاوبەشی لە گەڵ هونەرمەندی

شێوەکار سەلام نەورۆز کردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ دووەم پیشانگای تایبەتیی خۆی لە شاری هەولێر کردۆتەوە، بە تێکڕایی خاوەنی(١٠) پیشانگای تایبەتە و بەشداریی لە زیاتر لە(٨٠) پیشانگای هاوبەشی لە گەڵ هونەرمەندانی دیکە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە لە(هەولێر،



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەدنان کەریم، هونەرمەندی شێوەکار ڕزگار فەقێ عەولا



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا، هونەرمەندی کاریکاتێریست مامۆستا جەبار سابیر قادر



هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا لە کاتی کێشانی تابلۆیەکدا




پەیکەری هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا

سلێمانی، دهۆک، ڕواندز، کۆیە، بەغدا، مووسڵ، بەسرا، ئێران، تورکیا، سووریا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا و جۆرجیا).

ئەو هەر هونەرمەندی نیگارکێش نەبوو، بەڵکو ژەنیارێکی باشی ئامێری(عود) بووە و هەر بە ژەنینی ئەو ئامێرەش بەشداریی چەندین ئاهەنگ و بۆنەکانی کردووە، شارەزاییەکی باشیشی لە خۆشنووسین هەبووە بە تایبەتی خەتی(رقعة) و جۆرە خەتەکانی دیکەش و چەندین بەرهەمی نووسراوی هەیە، هەر ئەم شارەزاییەشی

بـووه کـه توانیویەتـی لـە ڕۆژنامــە و گۆڤـارە کوردییــەکان کار بـکات.

ئەو چەندین کاری هونەری دیکەشی کردووە لەوانە:

- چەندین تابلۆی کۆمپیوتەری هەیە.
- ســاڵانە پیشــانگای پۆســتەری بـۆ یـادی کیمیابارانــی هەڵەبجـەی شــەهید کـردووە.
- بە پۆستەریش بەشداریی یادی ئەنفالکراوانی کردووە.
- چەندین بابەتی هونەری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- ساڵانێکی زۆر بەڕێوەبەری گۆڤاری(گەپ)ی کاریکاتێری بووە.
- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بووە.
- ئەندامی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردستان- لقی هەولێر بووە.











بەرهەمەکانی هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا

هونەرمەندی شێوەکار و خۆشنووس ڕزگار فەقێ عەولا لە ڕۆژی ١٧ - ١١ - ٢٠٢١ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

لە ١٧ - ١١ - ٢٠٢٢ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، پەردە لە سەر پەیکەری هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا لادراوە.

**سەرچاوەکان:**


١ - ماڵپەڕی کوردستانی نوێ، نووسینێکی نووسەر بەختیار سەعید، لە ٥ - ١ - ٢٠٢٢.

٢ - ماڵپەڕی NRT ٢، لە ١٧ - ١١ - ٢٠٢٢.

٣ - ماڵپەڕی کوردستان تیڤی، لە ١٧ - ١١ - ٢٠٢٢.

٤ - ماڵپەڕی ڕووداو دیجیتاڵ، لە ١٧ - ١١ - ٢٠٢١.

٥ - AVA media، فلیمێکی دوکیومێنتاری، لە ١٧ - ١١ - ٢٠٢١.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## سامی بنیامێن

ماموستای پەروەردە و نووسەر و لێکۆڵەر، ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، سامی بنیامێن ڕێکانی...

ناوی تەواوی(سامی بنیامێن عەباس عەبدولڕەحمان)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە سامی بنیامێن ڕێکانی ناسراوە، لە ٢٠ - ٦ - ١٩٧٤ لە گوندی(بەنستان)ی دەڤەری ڕێکانی سەر بە پارێزگای دهۆک لە دایکبووە، پاش دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵان و تێکچوونی بارودۆخی سیاسی، گوندەکانی دەڤەری ڕێکانی تووشی سووتان و تاڵانکردن هاتوون، ئەوانیش ڕوویان لە کۆمەڵگای(شێلادزێ)کردووە و لەوێ نیشتەجێبووینە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی یەکەمی ناوەندی لە شێلادزی خوێندووە، پۆلی دووەم و سێیەمیشی لە دواناوەندیی(دێرەلوک)تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩٦ پەیمانگای ئامادەکردنی ماموستایانی لە دهۆک تەواوکردووە، لە ١١ - ١ - ١٩٩٧ وەکو ماموستای سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی(سپیندار خەلفو) لە بناری چیای گارە دەستبەکار بووە، لە ١٧ - ٣ - ١٩٩٧ بووەتە بەڕێوەبەری هەمان قوتابخانە ، لە ١٠ - ٢ - ١٩٩٨ گواستراوەتەوە قوتابخانەی سیریێی بنەڕەتی لە شێلادزێ ئێستاش هەر بەردەوامە لە خزمەتکردن.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سامی بنیامێن ڕێکانی وەکو نووسەر و لێکۆڵەر



له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس موسەدەق تۆڤی، نووسەر عەبدولقادر گیزەڕەشی، نووسەر سامی بنیامێن



له لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ بەدەل ڕەفۆ، نووسەر سامی بنیامێن

و توێـژەر، چەندیـن بەرهەمـی لـە بوارەکانـی مێـژوو، جوگرافیـا، شـوێنەوار، ژیـان و بەرهەمـی شـاعیر و کەسـایەتییەکانی دەڤـەری ڕێکانـی بـە تایبەتـی و دەڤـەری بادینـان بـە گشـتی نووسـیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتـەوە کـە ئەمانـەن:

- پەرتوکا چرایێن گەش، سالا ٢٠١١.
- مێرگا زانایان، ٢٠١٣ .
- دەڤەرا شێلادزێ، ٢٠١٥ .
- مەلا سەعید ریکانی، زانا و مفتیێ ئامێدیێ، ٢٠١٩.

- د شوینەوارێن ناحیا شێلادزێ، ٢٠٢٠.
- شاهین ریکانی، ژیان و ستران، ٢٠٢٠.
- ئەنفالکرنا دەڤەرا بەهدینان، ٢٠٢٢.
- بەرڤەرەک د دیرۆکا شێلادزێ، ٢٠٢٣.
- سەفەرا من ٢٠٢٣.

ئەو وەکو پەیامنێر و ڕۆژنامەنووسیش لە ٢٨ - ٥ - ٢٠٠٦ یەکەمین ڕیپۆرتاژی خۆی لە(کوردستان ڕاپۆرت) لە هەولێر بڵاوکردۆتەوە، ئیتر بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا، هەر لە نێوان سالانی ٢٠٠٦- ٢٠٢٠ وەکو پەیامنێر لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کوردی کاری کردووە لەوانە(گۆڤاری سیلاڤ، ماڵپەڕی ئامێدیی ئەلیکترۆنی سەر بە لقی(١٨) پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی هەولێر، ڕادیۆی نەورۆز لە هەولێر، ڕۆژنامەی وار، ڕادیۆی دهۆک، تەلەفزیۆنی پەروەردەیی دهۆک، ماڵپەڕی خانی نیوز و چەندانی دیکەش).

نووسەر و لێکۆڵەر سامی بنیامێن ڕێکانی ئەندامە لەم ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییانەش:

- ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانە.





لە لای ڕاستەوە: مامۆستا و نووسەر محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی، نووسەر سامی بنیامێن






نووسەر و ڕۆژنامەنووس سامی بنیامێن










بەرهەمەکانی نووسەر سامی بنیامێن ڕێکانی



له لای ڕاستەوە: نووسەر سامی بنیامێن، مامۆستا و نووسەر هشیار مرادخان ڕێکانی

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستانە.
- ئەندامی سەنتەری شێلادزێی ڕۆشنبیرییە.
- ئەندامی گرووپی ڕاوێژکارانی جینۆسایدی کوردستانە.

بۆ نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس سامی بنیامێن ڕێکانی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر و لێکۆڵەر سامی بنیامێن ڕێکانی، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس موسەدەق تۆڤی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سمكۆ بەهرۆز

نووسەر و مێژوونووس و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس، مامۆستا سمکۆ بەهرۆز...

ناوی تەواوی(سمکۆ بەهرۆز محەمەد)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە(ئەژی) ناسراوە، لە ٢٠ - ٧ - ١٩٦٣ لە شاری کەرکووک لە دایکبووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری کەرکووک تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٦ بەشی مێژووی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە، ماوەیەک فەرمانبەر بووە لە کتێبخانەی(قەرەهەنجیر)، ئێستاش هەر بەردەوامە لە خزمەتکردن لە بواری کتێبخانە و ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکان لە کتێبخانەی(بەکرەجۆ)لە سلێمانی.

نووسەر و مێژوونووس سمکۆ بەهرۆز دەیان وتار و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژوویی و کەلتووری بە زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە (کوردستانی نوێ، کەرکووک، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، باسەرە، نەوشەفەق، منالآنی باوەگورگور، ڕەنگین، کەرکووکی ئەمڕۆ، بانەڕۆژ و چەندانی دیکە).

سەرپەرشتیاری گشتیی نووسین و پێداچوونەوەی ئینسکلۆپیدیای





لە لای ڕاستەوە: نووسەر سمكۆ بەهرۆز، میدیاكار محەمەد تاهیر

کەرکووکە کە بە(١٠)بەرگ و قەبارەی(٦)هەزار لاپەڕەیە، کە بەرهەمەمێکی مێژوویی و ئەدەبی و فەرهەنگی و کەلتوورییە دەربارەی شاری کەرکووک، کە ئەمانەن:

- ئەراپخای وڵاتی کوردەواری.
- سەردەمە کارگێڕی و بەڕێوەبەرییەکانی پارێزگای کەرکووک.
- ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوە حیزبانەی کە لە کەرکووک سەریانهەڵداوە.
- بیبلۆگرافیای ناوداران و ڕۆشنبیرانی کەرکووک.
- سەردەمە ئابوورییەکانی پارێزگای کەرکووک.
- سەردەمە ڕۆشنبیرییەکانی پارێزگای کەرکووک.
- مێژووی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە پارێزگای کەرکووک.
- مێژووی کەرکووک لە نێوان شێواندن و دووبارە نووسینەوەدا.
- دەوازەیەکی مێژووییانە بۆ ڕووداوەکەی ساڵی ١٩٥٩ی کەرکووک.
- مێژووی هونەری تەلارسازی و نەخش و نیگار لە ڕوانگەی سەردەمە مێژووییەکانەوە.

نووسەر سمكۆ بەهرۆز، وەكو ڕۆژنامەنووس و میدیاكار و شارەزای بواری ئەرشیفكردنی بەڵگەنامەكان چەندین چالاكیی دیكەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤- ٢٠٢١ لە كەناڵی تەلەفزیۆنی كەركووك وەكو ئامادەكاری كۆمەڵێك بەرنامەی ئەدەبی و مێژوویی لەوانە(سەكۆی ئازاد بە زمانی كوردی، دیرۆك بە زمانی كوردی، گەشتی ژیانم بە زمانی كوردی، كەڤنار هەر بە زمانی كوردی)و كاری كردووە و بە تێكڕایی زیاتر لە(٤٠٠)ئەڵقەی لەسەر شاری كەركووك ئامادەكردووە و پێشكەشكراوە، بەرپرسی بەشی ئەرشیفكردن و بەڵگەنامەكانیش بووە.
- بۆ ماوەی(١٠) ساڵ بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری كەركووك بووە.
- ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری(بانەڕۆژ) بووە.
- بۆ ماوەیەكیش سەرنووسەری ڕۆژنامەی(كەركوكی ئەمرۆ)بووە.
- ماوەیەكیش سەرپەرشتیاری چاپخانەی(ڕۆژ) بووە لە كۆمەڵەی ڕووناكبیر و كۆمەڵایەتیی كەركووك.




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر زاهیر شوكر، هونەرمەند خاتوو هەوار فارس، نووسەر و مێژوونووس سمكۆ بەهرۆز**



له لای ڕاستەوە: نووسەر سمکۆ بەهرۆز،
نووسەر هاشم کاکەیی



نووسەر سمکۆ بەهرۆز
له کۆڕێکدا










بەرهەمەکانی نووسەر و مێژوونووس سمکۆ بەهرۆز

بۆ نووسەر و مێژوونووس و ڕۆژنامەنووس سمکۆ بەهرۆز هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و مێژوو و فەرهەنگی کوردی.

## سەرچاوەکان:


١ – کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر سمکۆ بەهرۆز کە بەڕێز نووسەر تاریق کارێزی لە ڕێگای هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەهادین جەلال مستەفا بۆی ناردووم، سوپاسیان دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# فایەق شێخ لەنگەری

مامۆستای پەروەردە و نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس و پەخشاننووس، مامۆستا فایەق شێخ لەنگەری...

ناوی تەواوی(فائق نامق محەمەد عەلی زەنگەنە)یە، لە ناوەندی پەروەردە و ئەدەبی بە فایەق شێخ لەنگەری ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی(شێخ لەنگەر)ی سەر بە قەزای(کفری) لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی شێخ لەنگەر تەواوکردووە، قۆناغی ناوەندیشی لە ناوەندیی کەلاری کوڕان تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ بە نیازی بەردەوامبوون لە خوێندنی چووتە ئامادەیی کشتوکاڵی(بەکرەجۆ) لە سلێمانی، بەڵام لە بەر ئەوەی قوتابییەکی زیرەک و بە توانا بووە، ناوی لە پەیمانگای کشتوکاڵی حەویجە هاتۆتەوە، ئیتر لەوێ بەردەوام بووە لە خوێندن و ساڵی ١٩٨٤ بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، دیارە لە بەر چەند هۆیەکی تایبەت بە خۆی کاری حکومی وەرنەگرتووە، لە ساڵی ١٩٩٧ وەکو مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی (شێروانە)ی سەرەتایی کەلاری کۆن دەستبەکار بووە، دواتر لە ساڵانی ٢٠٠٠ەوە تاوەکو ٢٠١٢ وەکو یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە قوتابخانەکانی(خاکی، بڵند، ئاشنای بنەڕەتی، ڕەنگین، قەڵای بنەڕەتی) بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە



شاعیر فایەق شێخ لەنگەری لە گەڵ شاعیری میللی(ئەحەنۆکە) لە کۆڕێکی شیعریدا, ئەوانەی دیکە خانمەکان هەموویان مامۆستای قوتابخانەی(خۆری) ناحکومین



لە لای ڕاستەوە: خاتوو بێژەری کۆڕەکە، شاعیر سەلاح پەرلەمان، شاعیر فایەق شێخ لەنگەری، شاعیر حەمەی براحەمەی

و فێرکردن، ئەو ئەزموونێکی زۆر باشی لەم بوارەدا هەیە و تا ئێستاش لە خزمەتکردن هەر بەردەوامە.

شاعیر و نووسەر فایەق شێخ لەنگەری هەر لە سەرەتای لاوێتیدا حەز و ئارەزووی لە خوێندنەوەی زمان و ئەدەب و شیعری کوردی و عەرەبی بووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی شیعر و چیرۆک و پەخشان نووسینی کردووە، ئەو نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی کە پارچە

شـیعرێک بـووە لـە گۆڤاری(بەیان)بڵاوکردۆتـەوە، ئیتـر چووەتـە نـاو دنیـای شـیعر و ئەدەبیاتـەوە، تـا ئێسـتا کۆمەڵێک بەرهەمـی پوخـت و جوانـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـەن:


- شنەی بەیان. کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٠٨



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا سیروان سلێمان، شاعیر فایەق شێخ لەنگەری**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر فایەق شێخ لەنگەری، شاعیر و ڕۆژنامەنووس سۆران نەدار**




لە لای ڕاستەوە: شاعیر فایەق شێخ لەنگەری، شاعیر کەریم ئاغاوەیسی

- گەشتی پەپوولە، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠١٠.
- داهۆڵ، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠١٣.
-ناڵەی دڵ، کۆمەڵە شیعر، ٢٠١٤.
- تابلۆ ڕەنگاڵەکان، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠١٩.

- هەروەها( سی دی)یەکی شیعری بە دەنگ بڵاوکردۆتەوە بەناوی (دایک) لە ساڵی ٢٠١٩.
- لە ساڵی ٢٠٢٣ کتێبێکی شیعر و کورتە چیرۆکی منداڵانی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.
- پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەیان وتار و پارچە شیعر و پەخشان و بابەتی پەروەردەیی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە،



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر فایەق شێخ لەنگەری، میدیاکار خاتوو لەیلا لە بەرنامەی کەلەپووردا**



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو ڕەونەق هاوسەری شاعیر فایەق شێخ لەنگەری، شاعیر فایەق شێخ لەنگەری**

لەوانە ڕۆژنامەکانی(خانەقین، کەنار، شێخ لەنگەر، خەڵک، گەرمیانی ئەمڕۆ، ئامانج) و گۆڤارەکانی(وریـزە، ڕازی گەنج، هەڵمەت).





بەرهەمەکانی شاعیر فایەق شێخ لەنگەری

- لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە، بەشداری و ئامادەی بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری کەلار و دەوروبەری کردووە و دەکات.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی(شێخ لەنگەر) بووە.
- ئەندامی دەستەی ڕاوێژکارانی گۆڤاری لەتیف هەڵمەتە.

بۆ شاعیر و نووسەر فایەق شێخ لەنگەر، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

## سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر فایەق شێخ لەنگەری، شاعیر و ڕۆژنامەنووس سۆران نەدار لە کەلار بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کامەران حاجی

مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر و هونەرمەندی ئەکتەر و دەرهێنەر و نووسەر، مامۆستا کامەران حاجی....

ناوی تەواوی(کامەران حاجی ئەلیاس)ە، لە ساڵی ١٩٦٥ لە شارە جوان و ڕەنگینەکەی ڕواندز لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە ڕواندز تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٣ بەشی شانۆی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٥ وەکو مامۆستای هونەری لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر دەستبەکار بووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ کۆلێژی هونەری لە زانکۆی موسڵ تەواوکردووە و بەردەوام بووە لە خزمەتکردن دواتر بووتە بڕیاردەر و سەرۆکی بەشی شانۆ هەر لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، ئێستاش سەرپەرشتیاری هونەرییە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر.

هونەرمەند و نووسەر کامەران حاجی یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٨ لە سەردەستی مامۆستای هونەرمەند ڕەوانشاد(زرار مستەفا) دەستی بەکاری هونەری کردووە و وەکو ئەکتەر لە شانۆگەریی(خۆڕاگرتن تا سەرکەوتن) بەشداری کردووە، ئیتر چووەتە ناو دنیای هونەری نواندن و شانۆ و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و فلیمی سینەمایی، بەشداریی لە چەندین کاری



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند چەتۆ نەورۆز، هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد سالار، هونەرمەند کامەران حاجی



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند خەلیل یابە، هونەرمەند کامەران حاجی

هونـەری کـردووە لەوانە(خۆڕاگرتـن تـا سـەرکەوتن، هاوارێـک لـە فەلەسـتین، کە زۆر هـات قەواڵـە بـە تاڵـە، نهێنی پیشـە، بانێکـە و دوو هـەوا، ئـەو پیاوەی مـەرگ لێـێ سـەڵمییەوە، شـاری ئەویـن، نەفرەت لێکراو، مەرگی بەختـەوەری، ئۆدیب پاشـا، زەمبیل فرۆش، ڕۆژانـی گوڵ ڕەنگ، تابلۆ، یارییەکی شکسـبیری، ژەنـەڕاڵ، پانۆرامـای شـارەکەم، لـە دایکبـوون، خەنـدەی گـورگ، خـۆر، ژوان،

فێربوون، یۆتۆلیۆ دەگەڕێتەوە، مقام ابراهیم و صفییە، خطوة خارج المکان، هێما سەرەتاکانی دۆزەخ، هەموو عترەکانی عەرەبستان، هێڵە سپییەکان، فرمێسکی بێخاڵ، و چەندانی دیکەش)، بەشی زۆری کارە هونەرییەکانی لە(ڕواندز، سۆران، هەولێر، دهۆک، بەغدا و دەرەوەی وولاتیش) نمایشکراوە.

هونەرمەند و نووسەر کامەران حاجی وەکو نووسەریش دەیان وتار



لە لای ڕاستەوە: هونەمەند عەقیل مەهدی، هونەرمەند کامەران حاجی، هونەرمەندی گەورەی عێراقی یوسف ئەلعانی، نە ناسراوە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەحمود زامدار، هونەرمەند کامەران حاجی



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند و نووسەر کامەران حاجی، هونەرمەندی دیار و ناسراو زرار مستەفا**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند کامەران حاجی، هونەرمەندی عێراقی خاتوو ئاسیا کەمال**

و لێکۆڵینـەوەی هونـەری لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان بڵاوکردۆتـەوە. چەند بەرهەمێکی پوخت و جوانی دەربارەی شانۆ و نووسیوە و لە چاپ و بڵاویشـیکردوونەتەوە کـە ئەمانـەن:

- تەختەی شانۆ.
- شانۆی قوتابخانەیی.
- لە گەڵ شانۆدا.

- قەیرانی شانۆ لە نێوان وەزارەتی ڕۆشنبیری و شانۆکاران، ساڵی ٢٠١٤.
- گرنگی دەق لە پرۆسەی نمایشی شانۆ و چەند بابەتێکی دیکە.
- دوو کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپ.

هونەرمەند کامەران حاجی لە بواری هونەری و میدیایی بە تایبەتی بەرنامە بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و تۆمارکردن لە تەلەفزیۆنی(زاگرۆس)کاری دەرهێنان و دۆبلاژی بۆ سەرجەم بەرنامەکانی منداڵان کردووە، چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە و هەیە لەوانە:

- سەرپەرشتیی زیاتر لە(٤٠) تێزی قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێری کردووە.
- بەشداریی چەندین فیستیڤاڵی هونەری و شانۆیی کردووە لەوانە(فیستیڤاڵی شانۆی لاوان لە دهۆک ساڵی ١٩٨٨، فیستیڤاڵی شانۆ لە هەولێر ساڵی ١٩٨٧. فیستیڤاڵی نۆیەمی هونەرمەند(حقي الشبلي) لە بەغدا ساڵی ١٩٩٢، فیستیڤاڵی هونەری شانۆی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان ساڵی ١٩٩٨)، هەروەها بەشداریی سەرجەم فیستیڤاڵەکانی پەیمانگای



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند کامەران حاجی، هونەرمەندی عێراقی مەحمود ئەلعەباس



هونەرمەند کامەران حاجی لە چەند کارێکی هونەریدا




بەرهەمەکانی هونەرمەند کامەران حاجی

هونەرە جوانەکانی بەغدای لە نێوان ساڵانی(١٩٨٩- ١٩٩٣)کردووە.

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(هونەری نوێ) بووە کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان دەردەچوو.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی هونەریی ڕواندز بووە.

- ئەندامی دامەزرێنەری تیپی شانۆڤان بووە.
- ئەندامی دامەزرێنەری تیپی شانۆی گەنج بووە.
- ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی ڕواندز بووە.
- ئەندامی تیپی هونەری هەولێرە.
- سکرتێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر بووە.

هونەرمەند کامەران حاجی دەیان جار لە لایەن دەزگا هونەری و پەیوەندیدارەکان خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

بۆ ئەو هونەرمەندە خاوەن ئەزموونە، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەت و پێشخستنی هونەری کوردی لە بوارەکانی شانۆ و دراماو سینەمادا.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەرمەند و نووسەر کامەران حاجی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کاوێس ئاغا

سـەر مەشـق و پێشـەنگی لاوکبێژانـی کـورد، لاوکبێـژی شـۆڕش و کەسـایەتییە ناودارەکانی کـورد، ڕەوانشـاد کاوێـس ئاغـا...

نـاوی تەواوی(کاوێس ئەحمەد جەمیل کانەبی هەرکی)یە، بە کاوێس ئاغـا ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٨٨٩ لـە کوێستانی(چارچەل)ی هەرکییـان لـە دایکبـووە، ئـەو لـە یەکێـک لـە تیرەکانـی عەشـیرەتی هەرکییـە، دایکـی ناوی(لەیلا)بـووە، سـەرەتای ژیانی لە ناوچە دەشتاییەکانی ڕۆژهەڵاتـی شـاری موسـڵ لەگـەڵ خانەوادەکـەی بـە شـوانکارەیی دەسـتپێکردووە و بەسـەربردووە و(کوێسـتان و گەرمیان)یـان کـردووە، پـاش مردنـی باوکـی، ژیانـی و گوزەرانـی بـەرەو ناخۆشـی ڕۆیشـتووە و کەوتۆتـە ناوچـەی هەرکییەکانـی سـۆران، بـەدەم شـوانییەوە بـۆ دڵخۆشـکردنی خـۆی و دامرکاندنـەوەی خـەم و پـەژارە و ئازارەکانـی ژیانـی و کاریگەریـی گۆرانـی و لاوکبێژەکانـی ئـەو سـەردەم هۆگـر و سـەودای لاوک وتـن بـووە، لـە سـاڵی ١٩١٥ وازی لـە ژیانـی کۆچـەری هێنـاوە و چووەتـە شـاری ڕوانـدز و میوانـی ماڵی(حاجـی نـەورۆز ئەفەندی)بـووە کـە شـەڕی یەکەمـی جیهانـی هەڵگیرسـاوە و سـاڵی ١٩١٦ ڕوانـدز لـە لایـەن ڕووسـەکان داگیرکـراوە، ئـەو لـە گـەڵ حاجـی نـەورۆز چوونەتـە




پەیکەری لاوکبێژ کاوێس ئاغا




لاوکبێژ کاوێس ئاغا

شەقڵاوە، کە حاجی نەورۆز لە لایەن عوسمانییەکان کراوەتە بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە(ئەو کات) شەقڵاوە ناحیە بووە، کاوێس ئاغای کردۆتە پاسەوان و کارمەندی(ئازووقە)ی عوسمانییەکان، هەر چەندە ئەو نەخوێندەوار بووە، بەڵام دیارە فێری وەرگرتن و ئیمزاکردنی کەل و پەل و ئازووقەکانیان کردووە، ئەو ماوەیەی کە شەڕ بووە دنیا گرانی بووە، بە ئازووقەی وەکو(برنج، گەنم، جۆ، نیسک، نۆک)یارمەتییەکی زۆری فەقیر و کەم دەرامەتەکانی داوە، کە شەڕ تەواو بووە، خەڵکەکەی ڕواندز گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان، ئەو لە شەقڵاوە ماوەتەوە و وازی لە کاری مووچەخۆری عوسمانییەکان هێناوە و لای سلێمان بەگی بایز بەگ دەمێنێتەوە، ئەویش کچێکی بە ناوی(هەمینە- ئەمینە)کە کچی مەحمود شەریف بووە بۆ دەخوازێت و دەبنە خاوەنی چوار کوڕ بە ناوەکانی(ئەحمەد، محەمەد، عەبدوڵلا، جەمیل).

کاوێس ئاغا بە خۆی ئاغا نەبووە، بەڵکو وەکو ڕێزلێنانێک ئەو ناسناوەیان داوەتێ، چەندین جار سەردانی هەولێری کردووە و لە چایخانەیەک بە ناوی چایخانەی(عەلی فلەیح) چاوی بە هونەرمەندانی ئەو کات کەوتووە، سەردانی شاری مووسڵی کردووە و چاوی بە هونەرمەندانی(شنگال) کەوتووە، لەوانە(عەلی خەنجەر، گوڵێ خان، مەنج کوێر، حەمەد ئاغای مەدۆ).

ئەو زمانەکانی تورکی و فارسی زانیوە، زۆر خۆشەویست بووە لای خەڵک و بەشداریی زۆر لە ئاهەنگ و مەجلیس و دیوەخانی کەسایەتیی ناوچەکانی(شەقڵاوە، بۆتان، بادینان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش)ی کردووە و بە لاوک و بەستەکانی ئامادەبووانی هێناوەتە جۆش و خرۆش، زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکانیشی بە شێوەزاری کرمانجی وتووە، چونکە لاوک زیاتر لە دەڤەری بەهدینان و باکووری کوردستان باو بووە و وتراوە و چەندین لاوکبێژی دیکە لەو سەردەم و پاش ئەو هەبوونە، لەوانە(سەعید ئاغا، حەسەن جەزراوی، محەمەد عارف



جەزراوی، مریەم خان، نەسرین شێروان، عائیشە شان و چەندانی دیکەش)، بەڵام ئەو سەرمەشق و پێشەنگی لاوکبێژانی کوردە.

لاوک بەزۆری بە وشەکانی(لێ لێ، لۆ لۆ، دەلێلێ)دەستپێدەکات، لە سەربەند و دوابەند ئەم وشانە دەوترێنەوە و دووبارە دەکرێتەوە، دەتوانین لاوک بە بەشێک لە مەقام و پارچەیەک لەناو مەقامەکانی(بەیات، ئۆرفە، حوسێنی) دابنێین.

هەرچەند لاوکبێژ کاویس ئاغا نەخوێندەوار بووە، بەڵام ئاگاداری بارودۆخی کورد و شۆڕش و ڕاپەڕین و کەسایەتییە مێژوویی و ناودارەکانی کورد بووە، زۆر بە شارەزایی و بە توانایی توانیویەتی ڕووداوەکان بە شێوەی داستانی شیعری بە لاوک و حەیران بڵێت و تۆماریان بکات و بشیانپارێزێت.

هونەرمەند کاوێس ئاغا هەر چەندە لە کاتی قسەکردن زمانی(گران) بووە، بەڵام کە دەستی بە لاوک و گۆرانیی وتن کردووە هەر وەکو بولبول بووە، لە ساڵی ١٩٣٠ کە دەچێتە بەغدا بۆ کۆمپانیای(بیزافۆن) بۆ تۆمارکردنی چەند لاوک و گۆرانییەک وەریناگرن و پێی دەڵێن:(قسەکردن و دەنگت بۆ تۆمارکردن ناشێت)دیارە ئەویش بە دڵشکاوی دەچێتە چایخانەیەک هەر بەرامبەر کۆمپانیاکە و دەستی دەخاتە بن گوێی لاوکی(گەنج خەلیل)دەڵێت، خەڵک لێی کۆدەبنەوە و کارمەندانی کۆمپانیای بەیزافۆنیش ئاگار دەکەنەوە، ئیدی ئەوان دێن و داوای لێبووردنی لێدەکەن بۆ یەکەم جار لاوکی(گەنج خەلیل) لەوێ لەسەر(گرامافۆن- قەوان) تۆمار دەکات، ئەو لە کۆمپانیاکانی(بەیزافۆن و نەعیم و نایف) نزیکەی(٤٢- ٤٣) قەوانی تۆمارکردووە کە کۆمەلێک لاوک و بەستە و حەیران لە خۆدەگرن، کە ئەمانە هەندێکیانن:(شێخ مەحموود، گەنج خەلیل، سمایل ئاغا، میر پەنجۆ، بابێ عەبدولکەریم و نایف، گەلی کاشخانێ، شەڕی تورک و یۆنان، جەوێ، بابی سلێ، میرو، لۆ لۆ سوارۆ، عەلی سەد جار لە من عەلی،، بابۆ، دەهەرێ، عەرەبێ، دەمایە، دڵبەر، لاوکۆ، یار کوندو، دۆتمام، دەلال، تەزانی،



گڵکۆی کاویس ئاغا

زالمێ، یارێ، بیلمەز، هەورێ، ئەسمەر، سەودالی، میڤانۆ، سەگڤانۆ، لاوکی سموقی، بەستەکانی، نارێ هەی نارێ، مامر مامر، کاروانە، گۆزەلێ و چەندانی دیکەش)، جگە لە حەیرانی(سەردەمێک ڕاوچی بووم ماڵ وێران دەگەڕام لە ڕاوێ لە بنە بنەی مام خاڵان).

بەشی زۆری لاوک و بەستەکانی کاوێس ئاغا لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا و ڕادیۆی کوردیی یێریڤان بڵاودەکرانەوە، تەنها لاوکەکانی کە باسی شۆڕشەکانی کورد وەکو لاوکی(شێخ مەحمود، سمکۆی شکاک و شورشەکانی بارزان ساڵانی ١٩٣١ - ١٩٣٢) لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا قەدەغەکرابوو، لە زۆر لە چایخانە و قاوەخانە و ماڵەکان لاوک و گۆرانییەکانی لێدەدران و ئێستاش لێدەدرێن، چەندین هونەرمەند و هەوادارانی لاوک و گۆرانییەکانی ئەو دەڵێنەوە، بەڵام تا ئێستا کەس نەیتوانوە وەکو خۆی لاوکەکانی بڵێتەوە.

- کاوێس ئاغا لە ساڵی ١٩٣٥ لە قاوەخانەی(عەلی شکاک) و ماڵی قایمقام جەلال سائیب لە شاری ڕانیە دوو ئاهەنگی بە دەنگە خۆشەکەی سازکردووە.

لــە ســاڵی ١٩٣٦ کۆچـی دوایـی کـردووە و لــە گۆڕستانی(هرشـم)لە دەوروبـەری شـاری شـەقڵاوە بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردراوە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

هــەر لــە شــاری شــەقڵاوە قوتابخانەیــەک بــە نــاوی هونەرمەنـدی لاوکبێـژ کاویـس ئاغـا کـراوە و پەیکەرێکیشـی بـۆ دروسـتکراوە و لـە ناوەنـدی شــاری شــەقڵاوە دانـدراوە.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

٣ - WIKIWAND.

٤ - ماڵپەڕی ڕاپۆرتی کوردستان، لە ٤ - ٤ - ٢٠١٩.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی پەیسەر.

٦ - سترانا ڕەسەن، فلیمێکی دوکیومێنتاری.

٧ - ئەرشیفی مامۆستا ئەمیر کەبابچی.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# حەسەن حەیران

دەنگێکی بە سۆزی لاوک و حەیران، پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گولان، حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری، ڕەوانشاد حەسەن حەیران ...

ناوی تەواوی(حەسەن قادر خەلیل برایمە گەورە)یە، لە نێو دنیای هونەری و پێشمەرگایەتی بە حەسەن حەیران ناسراوە، لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی (تەلەلخێم- تەلەرخێم)ی گەورەی سەر بە ناحیەی گوێڕی پارێزگای هەولێر لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت لە دایکبووە، ئەو لە عەشیرەتی(ڕۆژبەیانی) یە، منداڵیی خۆی بە شوانی و بەخێوکردنی مەڕوماڵات بردۆتەسەر، لە ساڵی ١٩٥٠ بۆ بژێوی ژیانی ماڵ و منداڵەکانی هاتۆتە هەولێر و بۆ ماوەی چەند ساڵێک وەکو پاسەوان لە (قشڵە)ی گەورەی هەولێر دامەزراوە، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان ساڵی ١٩٦١ بووەتە پێشمەرگەی کوردستان، پاش نسکۆی شۆڕش لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥ لە ئێران ماوەتەوە، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گولان بۆتەوە پێشمەرگەی کوردستان و لە گەڵ هاوڕێکانی بەشداریی چەندین داستانی قارەمانێتی کردووە، لە ڕۆژی ١٦ - ٧ - ١٩٨٤ لە نێوان شاری(نەغەدە و ورمێ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕووداوێکی ئۆتۆمۆبێل گیانی لە دەستداوە.



لە لای ڕاستەوە: پێشمەرگەی دێرین عەبدوڵڵا ڕۆژبەیانی، حەیرانبێژ حەسەن حەیران

حەسەن حەیران هەر لە منداڵییەوە حەزی لە لاوک و حەیرانی کوردی بووە، زۆریش سەرسامی دەنگی ڕەوانشادان(حەسەن لاوک و کاوێس ئاغا) بووە، ئەو شارەزاییەکی باشیشی لە ژەنینی(شمشاڵ، نەی، دووزەلە و ئامێرە فوودارەکان هەبووە)، پیاوێکی ڕووخۆش و قسەخۆش بووە، کۆڕو مەجلیسی شایی و گۆڤەندەکانی گەرم وگوڕتر کردووە، (٢٢)ساڵ پێشمەرگەی کوردستان بووە، چەندین لاوک و حەیرانی بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و بۆ شەهیدانی کوردستان وتووە لەوانە لاوکی(لێ وایێ) کە تۆمارکراوە و تا ئێستاش لێدەدرێتەوە.

بەشی زۆری لاوک و حەیرانەکانی حەسەن حەیران چیرۆک و داستان و بەسەرهاتی تایبەتیی خۆیان هەیە، لاوک و حەیرانی هەر بۆ کەیفی دڵی خۆی و برادەرە نزیک و خۆشەویستەکانی خۆی وتووە، بۆ ئەوەی




بەرگی کتێبی(حەسەن حەیران، حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری) لە نووسینی نووسەر جەمال گردەسۆری

نەوتووە تا وەکو حەیرانبێژ بناسرێت و ناوبانگی هەبێت، بەشێکی زۆری لاوک و حەیرانەکانی هەر تۆمارنەکراون، لە لاوک و حەیرانەکانی کە تۆمار کراون و تەواوی نەکردوون لەوانە(دەروێشی عەبدی، چەتۆ، فەرعۆ، غەزال غەزال، عەلۆکەی شێخانی، حەسۆ، نازێ نازێ، سوارۆ، زەینەب خان، میر محەمەد)، تەنها لاوک و حەیرانەکانی(دەلێ وایێ، سمایلۆ، مێوان مێوان، ئەمان گورێ)ی تەواوکردووە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەمال گردەسۆری کتێبێکی بە ناوی(حەسەن حەیران گۆرانیبێژی شۆڕش و بەرگری) لەسەر ژیان و لاوکەکانی حەسەن حەیران نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە.

زۆر لە نووسەران و شارەزایانی بواری لاوک و حەیران چەندین نووسینیان لەسەر ژیان و لاوک و حەیرانەکانی حەسەن حەیران نووسیوە، کاتی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکراوەتەوە لەوانە(خەبات، هەولێر، برایەتی، هەرێمی کوردستان و چەندانی دیکەش).

حەسەن حەیران حەیرانبێژێکی کوردپەروەر بووە، لە ژیانی خۆی



لە لای ڕاستەوە: حەیرانبێژ حەسەن حەیران، نەناسراوە

دوو کۆز ماڵ و منداڵی هەبووە، هاوسەری یەکەمی کە(خاتوو حەلیمە حەمەدەمین تەلەلخێمی) بووە، دوو منداڵی لێی هەبووە بە ناوەکانی(چەتۆ، ماهان)، هاوسەری دووەمیشی(خاتوو سەعادەت سمایل شۆڕەزەرتکەیی) بووە کە سێ کوڕ و سێ کچی لێی هەبووە بە ناوەکانی(ئومێد، ئەمیر، هیوا، خەمان، پەیمان، شیلان).

هەر لە سەر وەسییەتی خۆی ساڵی ١٩٩١ تەرمەکەی هێنراوەتەوە









حەسەن حەیران بە جلی پێشمەرگایەتی

حەسەن حەیران منداڵێکی لە ئامێزدایە


کاکێ من فارس بە سێ دەنگان
دەکرد گازی گەلێ کەو کوژان گورگێ بەرخان
کلێ چاوێ میران
دەست هەڕێنا
کێ بکەن مەعلومە ئەویڕۆ
ڕۆژی میرانە
دێ برا مە
سبەینێ لەگەر گەزەنگێ ڕۆژێ
رابینە سەرێ مەیدانێ
دەبا بزانین لەگەر هێزی خائینان
کێ بەرخەو کێ بەرانە
دەلێ وایێ، دەلێ وایێ،
دەلێ حەیفە لە پاش خێنێ
شەهیدێ کوردستانێ
برا لەخۆ حەرام نەکەین
ڕووناکایێ لە دنیایێ
* * * * *


دەلێ وایێ، دەلێ وایێ
دیسان من گو برا
شەڕەکێ گەلە گران کەتە دەشتێ هەولێرێ
بوارە وەختێ کوریك و نێرگزانە
بەرێ سبێ من گو
براکەتە دەشتێ هەولێرێ
بوارە وەختێ کوریك و نێرگزانە
بە خودێ من گو عەردی پانە
قالەکێ گەلە گران
بەرێ سبێ من گوبرا
کەتە دەشتێ هەولێرێ
بوارە وەختێ کوریك و نێرگزە
ئێ بە خودێ من گوعەردی پانە
ئەویڕۆ وا هاتە سەرمان
سێ لیوا عەسکەرێ
سەلامێ دەنگی تۆپان و جبەخانان
شرقێنێ مەترە لوزان
گرینێ تەیاران
دەنگە دانێ پێشمەرگانە




گۆڕستانی گوندی تەلەلخێم لەوێ لە زێدی باوک و باپیرانی بە خاک سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

## سەرچاوەکان:

١ - کتێبی(حەسەن حەیران، حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری) لە نووسینی نووسەر جەمال گردەسۆری.

٢ - کوردیپیدیا.

٣ - کوردستان تیڤی، نووسینێک لە ٢٤- ٧ - ٢٠١٨.

٤ - ماڵپەڕی فەیسبووکی سۆران پایتەخت و شاری شەهیدان، لە ١٠ - ٢ - ٢٠٢١.

٥- war midia، لە ٧ - ١ - ٢٠٢١.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەزیز خەمجڤین

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر، مامۆستا عەزیز خەمجڤین...

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ عەزیز خەمجڤین لە ١٠ -١٢ - ١٩٦٥ لە شاری (حەسەکە)ی ڕۆژئاوای کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری حەسەکە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٥ پەیمانگای کارەبای بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە.

شاعیر و وەرگێڕ عەزیز خەمجڤین هەر لە تەمەنی گەنجێتیدا حەز و خولیای چووەتە سەر شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی، لە ساڵی ١٩٨٢ دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، لە ساڵی ١٩٨٥ یەکەم هەڵبەستی خۆی لە ژمارە(٧، ٨) ی گۆڤاری(گەلاوێژ)بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٩٠ یەکەم دیوانە شیعری خۆی  بە زمانی کوردی بە پیتی لاتینی بڵاوکردۆتەوە، لە بواری شیعر و وەرگێڕان چەندین کتێبی ناوازە و سوود بەخشی بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

Zindana Piçûk _Helbest-، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی دهۆک، ساڵی ٢٠٠٦.

Pejal _Helbest-، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای(سما) بۆ ڕۆشنبیریی و هونەری، ساڵی٢٠٠٦.



له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر مامۆستا حەسەن سلێڤانی، شاعیر و وەرگێڕ عەزیز خەمجڤین





شاعیر و وەرگێڕ عەزیز خەمجڤین

A_B. eya Kurdî– دمشق، ساڵی ١٩٩٠.

Jiyana Mele Ehmedê Palo–، لە نووسینی Dr. A. Cengo، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی عەرەبی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای(سما)ی ڕۆشنبیری و هونەری، ساڵی ٢٠٠٧.

Gotinên Pêşiyan û Îdyomên Kurdî–، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیوتی کەلەپووری کوردی، سلێمانی ٢٠١١.

Ez li vir im–، لە نووسینی نووسەر(أسماء صقر القاسمي)، وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی.

Zêro –Roman–، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سەرسەرا، بەرلین، ٢٠١٩.

Çend Bihnok li Keserê–، دەزگای سەرسەرا، بەرلین، ٢٠١٩.

-Pêlên Ahîna Matmayî _Helbest، لە ئامەد چاپکراوە، ساڵی ٢٠٢١.

-Navîşkên Evînê _Helbest، لە ئامەد چاپکراوە، ساڵی ٢٠٢١.

-Tenteneyên Azadiyê _Helbest، ئامەد، ٢٠٢١.

-Şîrava Elindê _Helbest، ئامەد، ٢٠٢١.

-Stranên Jînê _Helbest، ئامەد، ٢٠٢١.

چەندین بەرهەمی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ کە ئەمانەن:

Bîranîn (Evînî û bîrhatinên çivîkan)

Roman (Nazê Mûler)

Roman (Zabêl)

Taybet li ser Jinê (Kewara Girî)



شاعیر و وەرگێڕ عەزیز خەمجڤین لە سیمینارێکدا




بەرهەمەکانی شاعیر و وەرگێڕ عەزیز خەمجڤین

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ عەزیز خەمجڤین، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی ئەدەبیاتی کوردی.

## سەرچاوەکان:

١ – کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و وەرگێڕ عەزیز خەمجڤین، هاوڕێم نووسەر و ڕۆشنبیر ئیبراهیم عەباس لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدولقادر سەعید


شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووس، عەبدولقادر سەعید ...

شاعیر و نووسەر عەبدولقادر سەعید کە لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە عەبدولقادر سەرچناری ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی(کانی سپیکە) کە ئێستا بووتە گەڕەکێک لە شاری سلیمانی لە دایکبووە، قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ماوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی سلێمانی دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٧٦ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ، لە ساڵی ١٩٨٥ هاتۆتەوە و چۆتەوە سەر کارەکەی خۆی هەر لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٤ ڕووی لە هەندەران کردووە و لە وڵاتی ئەڵمانیا وەکو پەنابەر گیرساوەتەوە و لە شاری(کۆلۆن) نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، هاتۆتەوە کوردستان ئێستا لە شاری سلێمانی دەژیت.

شاعیر و ڕۆماننوس عەبدولقادر سەعید لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعری(بەرەنگاری - مقاومة) و چیرۆکە شیعر و ڕۆمان و شانۆگەریی شیعری و بابەتی ئەدەبی و سیاسیی هەمە جۆری کردووە، لە شیعر و ڕۆمانەکانیدا زیاتر بایەخی بە کارەسات و نەهامەتی گەلەکەمان لە(جینۆساید و کیمیابارانی هەڵەبجە و و ڕاگواستن و




له لای ڕاستەوە: شاعیر عەبدولقادر سەعید، نووسەر و وەرگێڕ محەممەد ساڵح عەبدولکەریم بەرزنجی



له لای ڕاستەوە: شاعیری ڕەوانشاد محەممەد عومەر(جەنەڕاڵی پایز)، شاعیر عەبدولقادر سەعید

شەڕی داعش) داوە، جگە لە نووسینی شانۆگەریی شیعری و بابەتی ئەدەبی سیاسیی دیکە، تا ئێستا(١٨) کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان نووسیوە کە ئەمانەن:

- گۆڕغەریب، ڕۆمان، دەربارەی تێکشکانی مرۆڤی غەریبە.
- فرمێسکی بەفر، ڕۆمان، دەربارەی کارەساتی هەڵەبجەو گەڕانەوەی عەلییە بۆ شارەکەی.

- پاکیزەکانی بیابان، ڕۆمان، دەربارەی ئەنفال و فرۆشتنی کچە ئەنفالکراوەکان بە وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی وڵاتی میسر.
- وێرانە ماڵ، ڕۆمان، دەربارەی ئەو قوربانیانەن لە دەریای ئیجەدا دەخنکێن.
- تفەنگە ژەنگاویەکان، ڕۆمان، دەربارەی جەنگی عێراق - ئێرانە و قوربانیی مرۆڤی کورد لەو جەنگەدا.



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا شاخەوان مستەفا کونجرینی، شاعیر عەبدولقادر سەعید، شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس



لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەبدولقادر سەعید، هونەرمەندی شانۆکاری ڕەوانشاد ئاسۆ عومەر سوارە




شاعیر مامۆستا بەندی عەلی، شاعیر عەبدولقادر سەعید، شاعیر سەلام سەعید

- باستیلی بچووک، ڕۆمان، دەربارەی ڕوانی ئەمنە سورەکەی شاری سلێمانییە.
- ژنێک لەوپەڕی جوانیدا، کۆمەڵە شیعر.
- مەرگی بەختەوەری، شانۆگەریی شیعرییە.
- نامەکراوەکانی تاراوگە، کۆمەڵە شیعر.
- پەیکەرێک لە وەهم، کۆمەڵە شیعر.
- تراژیدیای مەرگی پاکیزە، کە بۆ خوشکە شەهیدەکەی نووسیوە.
- سیمفۆنیای خوێن بۆ شەهیدی سەنگەر کەریم بەگی برای نووسیوە.
- گوێگرتن لە بێدەنگی، لەشەڕی دژ بە داعشدا لە بەرەی جەلەولا و حەوزی حەمرین خۆبەخشانە نووسیویەتی.
- ئەوساتانەی نامانەوێت بڵێین بەڵێ، کۆمەڵە شیعر.

دەیان وتاری ئەدەبی و سیاسی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

چەند ڕۆمانێکی شاعیر و ڕۆماننووس عەبدولقادر سەعید وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی، چەندین شاعیر و نووسەر










**بەرهەمەکانی شاعیر عەبدولقادر سەعید**




و ڕەخنەگری کورد تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمە شیعری و ڕۆمانەکانی.

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە.

لە بەشی زۆری کوڕو کۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان ئامادە بووە و دەبێت.




بۆ شاعیر و نووسەر عەبدولقادر سەعید هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

## سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر عەبدولقادر سەعید، کە هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ مامۆستا محەمەد ساڵح عەبدولکەریم بەرزنجی لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# وەلید مەعروف

هونەرمەندی ئەکتەر و دەرهێنەری شانۆ و دراما و فلیمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی مامۆستا وەلید مەعروف...

ناوی تەواوی(وەلید مەعروف جارۆ)یە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە هەولێر تەواوکردووە، بەشی نواندن و دەرهێنانی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا تەواوکردووە، وەکو سەرپەرشتیاری هونەری و بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر و دەرهێنەر لە دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان کاری کردووە، نزیکەی زیاتر لە(٢٧) ساڵ وەکو پەنابەری سیاسی لە وڵاتی هۆڵەندا ژیاوە و ئێستا لە هەولێر دەژیت و دوا پلەی وەزیفیشی وەکو شارەزای شانۆ و هونەری بووە، لە ساڵی ٢٠١٨ خانەنشین بووە.

هونەرمەند وەلید مەعروف لە ساڵی ١٩٦٧ هێشتا قوتابیی پۆلی ناوەندی بووە لە ناوەندیی سەلاحەدین لە هەولێر، بۆ یەکەم جار ئاشنای هونەری نواندن بووە، ئەو کاتەی قوتابییش بووە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشداریی کۆمەڵێک کاری هونەری بە زمانی عەرەبی کردووە لەگەڵ هونەرمەندە دەرهێنەرەکانی عێراقی لەوانە(الدكتور سامي عبدالحميد، الدكتور عوني كرومي، الدكتور مرسل الزيدي، مقداد مسلم، فاروق انطوان)،



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند وەلید مەعروف، شاعیر کەریم دەشتی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند وەلید مەعروف، شاعیر قوبادی جەلیزادە

لە کوردستانیش لە گەڵ بەشی زۆری هونەرمەندە دەرهێنەرەکانی شاری هەولێر و کوردستان لەوانە (سەفوەت جەڕاح، سەباح عەبدولڕەحمان، ناسر حەسەن، تەڵعەت سامان، جەلیل زەنگەنە، زوهێر عەبدولمەسیح، بەکر مەعروف، ژیلوان تاهیر، عادل عەبدوڵلا، تەحسین شەعبان، هاشم زەینەل، کەریم عوسمان، دکتۆر حەمید سابیر، ئەرسەلان دەرویش و دکتۆر حازم کەمال و چەندانی دیکەش)کاری کردووە، وەکو ئەکتەر و یاریدەدەری دەرهێنەر و بەڕێوەبەری دەرهێنان و سەرپەرشتیاری هونەری بەشداریی لە چەندین کاری هونەری کردووە ئەمانە هەندێکیانن:

- وەکو ئەکتەر بەشدار بووە لە شانۆگەریی(گلگامش) بە زمانی عەرەبی کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی عێراقی دکتۆر(سامي عبدالحميد)بووە،ساڵی ١٩٧٦.
- وەکو ئەکتەر لە شانۆگەریی(گالیلۆ گالیلیێ)بەشدار بووە کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی عێراقی دکتۆر(عوني كرومي)بووە، ساڵی ١٩٧٧.
- لە ساڵی ١٩٧٨ وەکو ئەکتەر لە شانۆگەریی(کۆربۆلان) بەشدار بووە، کە

لە دەرهێنانی دکتۆر عونی کرومي بووە.

- وەکو ئەکتەر لە شانۆگەریی(ماکبث)بەشدار بووە، کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی عێراقی دکتۆر(مرسل الزيدي)بووە، ساڵی ١٩٧٨.
- وەکو ئەکتەر لە شانۆگەریی(سگانەرییێل) بەشدار بووە، کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی عێراقی مقداد مسلم بووە، ساڵی ١٩٧٧.
- لە شانۆگەری(المسيح يصلب من جديد)وەکو ئەکتەر بەشدار بووە کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی عێراقی(فاروق انطوان) بووە، ساڵی ١٩٧٦.
- لە شانۆگەریی(محەمەد و سێوێ)وەکو بەڕێوەبەری شانۆ کاری کردووە.
- لە درامای(محەمەد و سێوێ) وەکو نواندن و یاریدەدەری دەرهێنەر بووە کە لە دەرهینانی هونەرمەند عادل عەبدوڵڵا بووە.
- لە شانۆگەری(لاس و خەزال)وەکو ئەکتەر بەشدار بووە، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند سەباح عەبدولرەحمان بووە.
- لە درامای(لاس و خەزال) وەکو ئەکتەر کە لە دەرهێنانی هونەرمەند ناسر حەسەن بووە.



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، هونەرمەند وەلید مەعرف، شاعیر عەباس عەبدوڵڵا یوسف

- لـه شانۆگەریی(تاشـەبەرد و چاڵێک)وەکـو ئەکتـەر کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد سـەباح عەبدولڕەحمـان بـووە.
- لە شـانۆگەریی(مرۆڤ و ئازارەکانی)، نواندن، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان بووە.
- لـە شـانۆگەریی(خاتوو کلاوزەر)،نوانـدن، کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد سـەفوەت جـەراح بـووە.
- لـە شـانۆگەریی(جەنابی جانـەوەر)، نوانـدن، کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد زوهێـر عەبدولمەسـیح بـووە.
- لـە شـانۆگەریی(وەلی دێوانـە) وەکـو بەڕێوەبـەری شـانۆ دەسـتبەکار بـووە، کـە لـە دەرهێنانی هونەرمەنـد تەحسـین شـەعبان بـووە.
- لە شـانۆگەریی(ئادابا)، نواندن، کە لـە دەرهێنانی هونەرمەند هاشـم زەینـەل بووە.
- لـە شـانۆگەریی(نرخی ئازادی)وەکـو بەڕێوەبـەری هونـەری بەشـداری کـردووە، کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد ژیلـوان تاهیـر بـووە.
- لە زنجیرە درامای(فرمێسـک) وەکو ئەکتـەر بەشـدار بووە، کە لە دەرهێنانی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن، هونەرمەند وەلید مەعروف




له لای ڕاستەوە: نەناسراوە، هونەرمەند وەلید مەعروف

هونەرمەند بەکر مەعروف بووە و سەلاح حەسەنیش یاریدەدەری دەرهێنەر بووە، ساڵی ٢٠١٠.

- لە زنجیرە درامای(گەردەلوول)، نواندن، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند جەلیل زەنگەنە بووە.
- لە شانۆگەریی(کەمەنجەی ڕۆچلد)، نواندن، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند کەریم عوسمان بووە.
- لە شانۆگەریی(سەمای ئەسپەکان)، نواندن، کە لە دەرهێنانی دکتۆر حەمید سابر بووە.
- لە درامای(بوکەخان) یاریدەدەری دەرهێنەر بووە، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند ناسر حەسەن بووە.
- لە شانۆگەریی(ئەژدها)، نواندن، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند تەلعەت سامان بووە.
- بەشداریی لە چەندین فلیمی سینەماییش کردووە لەوانە(کەواتە چاوەڕێیە، کورتە فلیمی پەلکەپیاز و چەندانی دیکەش).

لە چەندین کاری هونەریی دیکەش بەشدار بووە.

هونەرمەند وەلید مەعروف وەکو هونەرمەندێکی بە توانا لە پاش

ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لە چەندین دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆنە کوردییەکان وەکو دەرهێنەر و کاری هونەری دیکەشی کردووە و وەکو ئەندامێکی کارای ڕێکخراوە هونەرییەکان، هەر زۆر چالاک بووە لەم بوارانەدا ئەم چالاکییانەشی هەبووە:

- یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان، سالی ١٩٩٣.
- دامەزرێنەری تەلەفزیۆنی(PUK)بووە لە هەولێر.
- ماوەیەک بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر بووە.
- لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨١ مامۆستای هونەری بووە لە چالاکییەکانی پەروەردەی هەولێر.
- زیاتر لە(١٦)ساڵ سەرپەرشتیاری هونەری بووە لە چالاکیی قوتابخانەکانی پەروەردەی هەولێر.
- دامەزرێنەری تیپی هونەری نوێی هەولێر بووە ساڵی ١٩٨٤.



هونەرمەند وەلید مەعروف لە چەند کارێکی هونەریدا

- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر ساڵی ١٩٩٢.
- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر لەگەڵ هەر یەک لە هونەرمەندان(ژیلوان تاهیر و ساڵح بریخت و دکتۆر محەمەد عارف).



لە ڕاستەوە هونەرمەند زایەر عەبدوڵڵا، هونەرمەند وەلید مەعروف

- ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە کردنەوەی خویندنی باڵا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر لەگەڵ هەر یەک لە مامۆستایان(دکتۆر فەیسەل مقدادی، فازل خەلیل، دکتۆر محەمەد عارف، ڕیکاردۆس یوسف، ئازاد حەمە شەریف).
- ئەندامی ئەکادیمیای کوردی بووە لە ئەورووپا.
- ئەندامی هونەرمەندانی عێراقی بووە.
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.

بۆ هونەرمەندی شانۆ و زنجیرە دراماو فلیم و کورتە فلیمی کوردی، هەر سەرکەوتوو بەردەوام بیت بۆ خزمەتی هونەری کوردیمان.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و کارە هونەرییەکانی هونەرمەند وەلید مەعروف، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەهادین جەلال مستەفا لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەزهار بامەڕنی

مامۆستا و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و لێکۆڵەر، خاتوو ئەزهار بامەڕنی..

ناوی تەواوی(ئەزهار سەبری حسێن عەلی بامەڕنی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ئەزهار بامەڕنی ناسراوە، لە ١٦ - ٨ - ١٩٦٨ لە شاری مووسڵ لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری مووسڵ تەواوکردووە و خوێندنی ئامادەییشی لە شاری دهۆک تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ بەدەستهێناوە، وەکو مامۆستا لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکانی شاری دهۆک و دەوروبەری دەستبەکاربووە، ئێستاش لە دواناوەندیی(ئاڵا) لەناو شاری دهۆک لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن هەر بەردەوامە.



نووسەر و وەرگێڕ خاتوو ئەزهار بامەڕنی

نووسەر و وەرگێڕ خاتوو ئەزهار بامەڕنی



٤ - لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئەزهار بامەڕنی، نووسەر بەیار باڤی، شاعیر خاتوو بەهار بەرزنجی، نووسەر سەعید ڕەزڤان، ڕەوانشاد شاعیر خالید حسێن، نووسەر مستەفا حسێن ترکژی




لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئەزهار بامەڕنی، شاعیر خالید حسێن،
نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی

هەر لە سەرەتای ژیانیدا بە زمانی عەرەبی خوێندووە، بۆیە بە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردیی- کرمانجی ژوورو دەنووسێت، ئەو بە نووسینی وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری و وەرگێڕانی کورتە چیرۆک و شیکردنەوە و ساغکردنەوەی شیعری شاعیران و بابەتی هەمەجۆری دیکە دەستی پێکردووە و، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکانی

وەکو(مەتین، دهۆک، دهۆک١، مرکز النور، هونەر، زاگرۆس، پەیمان، ئەڤرۆ، برایەتیی ئەدەب و هونەر، داخازی و چەندانی دیکەش) بڵاوی کردوونەتەوە، وەکو وەرگێرانیش چەند بەرهەمێکی هەر یەک لە شاعیر و نووسەران(کەریم بیانی، بایز عومەر ئەحمەد، حەکیم عەبدوڵلا)ی وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، چەند بەرهەمێکی دیکەی شاعیر و نووسەرانی کورد کە بە پیتی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی، نووسەر و وەرگێڕ ئەزهار بامەڕنی، بەڕێز سەبری حسێن بامەڕنی باوکی نووسەر ئەزهار بامەڕنی



١٥- خاتوو ئەزهار بامەڕنی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی

لاتینی کوردی نووسراون وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی لەوانە بەرهەمەکانی(جاسمێ جەلیل، دایکا جوان و چەندانی دیکەش)و هەر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوی کردوونەتەوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ خاتوو ئەزهار بامەڕنی تا ئێستا ئەم دوو بەرهەمەی بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:

- الشاعر احمد نالبند وقصائده العربية والفارسية، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی، دهوک، ساڵی ٢٠١٩.
- جان بياجيه ونظرية النمو المعرفي، دهوک، ٢٠٢٠.

نووسەر و لێکۆڵەر عیسمەت شاهین دۆسکی لە وتارێکدا تیشکی خستۆتە سەر کتێبی(جان بیاجیە و نظریة النمو المعرفي)ی نووسەر ئەزهار بامەڕنی چاپ و بڵاویشی کردۆتەوە.




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر نووسەر ئیسماعیل بادی، خاتوو ئەزهار بامەڕنی، لە بەردەم گڵکۆی شاعیر ئەحمەدێ ناڵبەند لە گوندی خشخاشە لە بەرواری باڵا**
















**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ خاتوو ئەزهار بامەڕنی**

ئـەو وەکـو ڕۆژنامەنـووس و میدیاکارێکـی بـە تواناش ئـەم چالاکییانەشـی هەبـووە:

- ماوەیـەک لـە بەشـە عەرەبییەکـەی خولـی سـێیەمی گۆڤاری(مەتیـن)کاری کـردووە.
- ماوەیەکیش ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(دهۆک ١)بووە.
- بەشـداریی لـە دەیان کۆڕوکۆبوونـەوەی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری و هونـەری لـە شـاری دهـۆک و دەوروبـەری کـردووە و دەکات.

نووسـەر و وەرگێڕ خاتـوو ئەزهـار بامەڕنـی لـە سـاڵی ١٩٩٦ هاوسـەرگیری

لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا ئیسماعیل بادی کردووە و خاوەنی (دوو کچ و کوڕێکن بە ناوەکانی (لۆلاڤ، لەیلان و ئەحمەد)خوا تەمەن درێژیان بکات.

بۆ نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار خاتوو ئەزهار بامەڕنی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمانی و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ ئەزهار بامەڕنی، لەسەر داخوازیی من هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی لە دهۆک بۆی ناردووم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دەریا هەڵەبجەیی

مامۆستا و شاعیری کوردپەروەر خاتوو دەریا هەڵەبجەیی ....

ناوی تەواوی(ڕووبار عەبدولەتیف مەولود عەبدولکەریم)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە دەریا هەڵەبجەیی ناسراوە، لە ٢٨ - ٢ - ١٩٧٠ لە گەڕەکی(سەرا)ی ناو شاری هەڵەبجە لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و ئایینپەروەر و ناسراوی ئەو شارە لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی(سازگار)ی کچان لە هەڵەبجە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٧ خانەی مامۆستایانی کچانی لە شاری سلێمانی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و بووەتە مامۆستای سەرەتایی، بە هۆی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بۆ ماوەی(٦)مانگ ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە و لە ئۆردوگای(سنغوری گولیائی)ماوەتەوە، دوای لێبووردنی گشتی لە لایەن ڕژێمی بەعسی ئەوسا گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی، بەهۆی بارودۆخی کوردستان بۆ ماوەی دوو ساڵ فەسڵکراوە و دواتر گەڕاوەتەوە سەر پیشەکەی خۆی، کە مامۆستا بووە و لە کۆمەڵگای(باریکە)ی سەر بە ناحیەی عەربەت دەستبەکار بووە، پاش چەند ساڵێک خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن، گواستراوەتەوە ناو شاری سلێمانی ئێستا مامۆستایە لە باخچەی منداڵان لە ناو شاری سلێمانی.


شاعیر خاتوو دەریا هەڵەبجەیی هەر لە منداڵییەوە خولیای شیعر و زمان و ئەدەبی کوردی بووە، سەرەتا بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و شاعیرانی نوێخوازی کوردی دەستی پێکردووە، لە نیوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی شیعرنووسینی کردووە، دواتر بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و خەم و پەژارەی خۆی و خەڵک و میللەتەکەی و کێشەی کۆمەڵایەتی و ئافرەتان و ئەڤینی و جوانی سروشتی کوردستان هەموو ئەوانە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، تا ئێستا(٣) دیوانی شیعری چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- ئێرە سەر زەمینی فریشتەیە، کۆمەڵە شیعر کە تایبەتە بە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، لەسەر ئەرکی خۆی ساڵی ٢٠٠٨ چاپی کردووە.
- کووژەکەی شین، کۆمەڵە شیعر، کە(٣١٨)لاپەڕەیە، لەسەر ئەرکی بەڕێز دکتۆر تەها ڕەسووڵ ساڵی ٢٠١٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- لە پەنجا ساڵیدا، کۆمەڵە شیعر، کە(٢٥٠)لاپەڕەیە، لە ساڵی ٢٠١٨ لەسەر ئەرکی بەڕێز ئاسۆ محەمەد یامۆکی لە هەولێر چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کۆمەڵە شیعرێکیشی لە لایەن شاعیر و نووسەر(فەتاح خەتاب)



نووسەر دەریا هەڵەبجەیی














**بەرهەمەکانی شاعیر خاتوو دەریا هەڵەبجەیی**
**لە گەڵ ڕێزلێنان و بەرهەمی وەرگێڕدراوی**

وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بە ناو نیشانی(اكثر النساء حسداً) کە لە ساڵی ٢٠٢٢ هەر لەسەر ئەرکی وەرگێڕ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

- کۆمەڵە شیعرێکی دیکەشی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی لە لایەن نووسەر(سەعید فەلاحی)بەناونیشانی(هم قدم بامرگ)لە ئێران چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

شاعیر خاتوو دەریا هەڵەبجەیی بەشداری لە چەندین فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوە کردووە لەوانە(٥)مین فیستیڤاڵی گەلاوێژ و خەڵاتی سێیەمی پێبەخشراوە، چەندین جاریش لە لایەن دەزگا ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەییەکان خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە، لەوانە:

- یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان- ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە.
- گروپی خۆبەخشی با منداڵەکانمان لە بێ هیوایی ڕزگار بکەین.
- ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و ڕووناکبیریی ژنان- نووسینگەی سەرەکیی سلێمانی.

شاعیر خاتوو دەریا هەڵەبجەیی خاوەنی دوو کچ و کوڕێکە بە ناوەکانی(داستان، مەستان، بێستان) خوا تەمەن درێژیان بکات.

بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی شیعر و زمان و ئەدەبی کوردی.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر خاتوو دەریا هەڵەبجەیی- تان بۆ دەنووسمەوە:

**(١)**

## بیرم نایەت

من و تۆ لە کەیەوە یەکترمان خۆش دەوێت
بیرم نایەت
لە کام مەغریبەوە پیاسەمان داوەتە دەم لەبیرکردنی خۆمان و
دڵمان هێشتا لای دانیشتنێکی تری
تەنیا و تەنیای هەردووکمانە..
بیرم نایەت
من لەکام لەدایک بوونمەوە خۆشم ئەوێیت
تۆ لەکام مردنەوە دوورکەوتیتەوە.
بیرم نایەت
وەرە بەبیرم بێنەوە.
من جارجار شتم بیرئەچێت..
باوەشم کە
با شتم بە بیر بێتەوە
ترسم هەیە هەست لە دەست بەم
تۆم بیربچێت
من لە هیچ وەرزێک ناترسم

وەرزی ساردی  عەشق نەبێت..
باوەشم کە
ڕێگە مەدە تەنانەت  تەنگە نەفەسێک
بە نێوانماندا تێپەڕێت
باوەشم کە
با ئەوەی هەستی پێ ئەکەم
لە باوەشتا  منالآنە باسی بکەم بیرم نەچێت
وەک ئەو هەموو لەبیرچوونەی لەدووری تۆ
لەم کاتەدا لەناو مندا دێت و دەچێت...
باوەشم کە
با پێت بڵێم چەند بیرتەکەم
چەن و چەن و چەنی تریش بیرم  کردوویت
بۆم ناوترێت
لەبەر دووریت..
من زوو شتم لەبیرئەچێت
 کەی بوو وتت :
 من ئەڕۆم و بە خەونیش نایەمە سەررێت
جارێکی تر ڕێگە نادەم بە مەست بوونیش
خەیاڵم بە تۆوە بیگرێت.
سەیرکە من چۆن لەبیرم چوو
وەک ئەوەی کە هیچ نەبووبێت
ئەڵێم وەرە باوەشم کە هەموو گیانم لە دووری تۆدا ئەلەرزێت
پێم نەوتی من زوو شتم لەبیر ئەچێت.
تۆی لێ دەرچێت...
*********

(٢)

## تۆ لە دڵمدا دەرمەچۆ

تا بە تەواوی پیر دەبم
تا ئاوریشمی تاڵ بە تاڵی سەری سپی خۆم دەچنم...
تۆ لە دڵمدا دەرمەچۆ
هەرکەس هەواڵی تۆی پرسی
ئەڵیم سەفەری کردووە هەواڵی تۆ بە کەس نادەم
ئەڵێم ژنێک نووشتەی ڕەشی لێکردووە
هیچ ژنێک لای ئەو ژن نییە...
هەزار درۆ ئەکەم لای خەڵک
هەر بۆ ئەوەی پێت نەزانن
من لە خەلک زۆر ئەترسم
کە بێن وەک کلی کێوی ڕەش
لە ناو دڵما دەرت بێنن
من تەنها تۆ و خودام هەیە
تۆ ئەزانیت خواش ئەزانێت
ئیتر ئەوان با نەزانن...
با دڵی من هەر هی تۆ بێت تا پیردەبم لەلام مەڕۆ
لە بەر خاتری سەری سپیم
لە بەر خاتری ڕەنگی پیرییم
تۆ لە دڵمدا دەرمەچۆ...
مەترسە تۆ لە پیربوونم
دڵمت بۆ ئەکەم بە باخچە
پڕی ئەکەم لە ئینجانەی ڕەنگاو ڕەنگ و گوڵی سپی
وەک گەردنی بووکەشووشە ئەیڕازێنم

ئیتر هەنگەکان خۆیان دێن
پەپوولەکان نەرم نەرم ئێوارانە بۆی هەڵ ئەفڕن
بەیانییەک تۆ لە خەودای کە پاسارییەکان دێنەوە
باران وەکو من ئەبارێت.
(با) بێ ئەوەی کەس پێی بڵێت
لە خۆوە دێت
سێبەر دێت و سڵاو ئەکات
هەتاو بە دڵ سەما ئەکات
تەنها تۆ مەڵێ من ئەڕۆم
وەکو جاران لە دڵما بە...
تۆ لە دڵمدا دەرمەچۆ
ڕێگا نەدەیت بە خەیاڵ و بە خەونیشتا ڕاببوورێت
هەرچی بکەیت وەک مناڵێک پێ ئەکەنم
وا ئەزانم گەمەیەکە و تەواو ئەبێت...
تۆ لە دڵمدا دەرمەچۆ
تا بتوانم لە ڕۆیشتندا بەرپێکانی خۆم ببینم
پیری نییە دەیلەرزێنێت هەموو گیانم
دووری تۆیە وای کردووە کە نەبینن چاوەکانم...

****

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر خاتوو دەریا هەڵەبجەیی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کنێر جەمیل

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس، چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ و داکۆکیکار لە منداڵ و کەس وکاری ئەنفالکراون، خاتوو کنێر جەمیل ....

ناوی تەواوی(کنێر جەمیل حەسەن ڕواندزی)یە، لە ناوچەی(هەریر)ی سەربە پارێزگای هەولێر لە خانەوادەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایکبووە، باوکی بە جەمیلە فەندی بەناوبانگ بووە و لە بنەڕەتدا لە بەرەبابی مەلا خەیلانییەکانی ڕواندزێن، دایکیشی هەر لە خێزانێکی ناسراوی ناوچەکەیە، لە باوەشی ئەو باوک و دایکە پەروەردە و گۆشکراوە، خوێندنی سەرەتایی لە ڕواندز و ناوەندی لە هەریر و، ئامادەییشی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٣ لە یەکێ لە کۆلێژەکان وەرگیراوە، بەڵام دیارە لەبەر چالاکییە سیاسییەکانی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، ئەو هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی لە زمان و ئەدەب و شیعری کوردی بووە، خۆشەویستیی نیشتمان و هەستە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکەی وای لێکردووە ئەو حەز و خۆشەویستییە لە گەڵ نووسینەکانی ئاوێتەی یەکتری بکات و، بەردەوام بووە لە چالاکییە سیاسییەکانی و، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی وتاری سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریش کردووە، هەر بەم هۆیەشەوە چەندین جار لە لایەن دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەعسی ئەوسا دەستگیرکراوە و لێپێچینەوە و هەڕەشە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ شەفیق حاجی خدر، بەڕێز(ڕا )کوڕەکەیان، نووسەر کنێر جەمیل



لە لای ڕاستەوە: نووسەر کنێر جەمیل، بەڕێز پارێزگاری شاری(پۆرتسمۆس)لە بەریتانیا

لە خۆی و خانەوادەیەکی کراوە، کە واز لە چالاکیی سیاسی بهێنێت، بەڵام دیارە هەر سوور بووە لەسەر هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکەی خۆی، بۆیە لەساڵی ١٩٨٩ لە گەڵ پۆلێک لە هاوخەباتەکانی دەستگیرکراوە و سەرەتا لە(ئەمنی عامە)ی هەولێر بووە و دواتر ڕەوانەی بەغدا کراوە، لە یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی حوکمی(لەسێدارەدان-إعدام)ی دراوەتێ، دواتر کردوویانە بە حوکمی(هەتا هەتایی- المؤبد)تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە و ئازادکراوە.

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس خاتوو کنێر جەمیل لە ساڵی ١٩٩٣ هاوسەرگیری لە گەڵ نووسەر و وەرگێڕی دیار و ناسراوی کورد(شەفیقی

حاجی خدر)کردووە و خاوەنی یەک کوڕن بە ناوی(ڕا)خوا تەمەن درێژی بکات.

لە بەر بارودۆخی نالەبار و ناهەمواری کوردستان ساڵی ١٩٩٦ ڕوویان لە هەندەران کردووە و لە وڵاتی هۆڵەندا گیرساونەتەوە و ئێستا لەوێ نیشتەجێن.

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس خاتوو کنێر جەمیل تا ئێستا، چەند



لە لای ڕاستەوە: نووسەر کنێر جەمیل، خاتوو نوێنەری شاژنی بەریتانیا بە بۆنەی چالاکییەکانی ڕەوەندی کوردی لە شاری(پۆرتسمۆس)ی بەریتانیا، نەناسراوە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر کنێر جەمیل، بەڕێز(ڕا) کوڕە تاقانەکەی خاتوو کنێر جەمیل و نووسەر و وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر، نووسەر کنێر جەمیل



لە لای ڕاستەوە: نووسەر کنێر جەمیل، نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەردار فەتاح

بەرهەمێکی لە بواری شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان و بیرەوەریی زیندان بەشێوەی چیرۆک و چەندین وتاری سیاسیی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەمەجۆری دیکەی نووسیوە، هەمووشی لە چەند کتێبێکی جوان و قەشەنگ چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کچە پاشا، چیرۆک بۆ منداڵان هەولێر، ساڵی ٢٠١٨.

- بۆ کوردستانێکی ئازاد، وتاری سیاسی، هەولێر ٢٠١٨
- جوانــە، چیرۆکــی دۆکیومێنتــاری، جۆرێکــە لــە بیرەوەرییەکانــی زینــدان بەشـێوەی چیـرۆک، هەولێـر سـاڵی ٢٠٢١.
- کە مۆمی تەمەن هەڵکرا، شیعر هەولێر، ٢٠٢٣.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس هیوا سەرهەنگ، نووسەر کنێر جەمیل




لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆشنبیر خاتوو پەیمان سەرهەنگ، نووسەر خاتوو کنێر جەمیل




بەرهەمەکانی نووسەر کنێر جەمیل

ئەو وەکو نووسەر و چالاکوانی بواری مرۆڤ چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە و هەیە لەوانە:

- ماوەیەک ئەندامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و سەرپەرشتیاری کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە منداڵ و کەس و کاری ئەنفالکراون بووە و چالاکییەکی زۆر و بەرچاوی لەم بوارەدا نواندووە.
- ماوەیەک وەکو نووسەر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کاری کردووە.
- لە وڵاتی هۆڵەنداش لە یانەی(میدیای کوردی) چەند جارێک کۆڕی شیعر خوێندنەوەی بۆ سازکراوە و بە بەردەوامیش بەشداریی کۆڕوکۆبوونەوە و چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی کردووە و دەکات.

بۆ شاعیر و نووسەر و خاتوو کنێر جەمیل هەر سەرکەوتوو بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر خاتوو کنێر جەمیل، لەسەر داخوازیی من، هاوڕێم نووسەر و وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# خەلیل عەلی

مامۆستای پەروەردەی هونەر و نووسەر و لێکۆڵەر هونەرمەندی شێوەکار، مامۆستا خەلیل عەلی...

ناوی تەواوی (خەلیل عەلی عەبدوڵڵا)یە، لە ناوەندی پەروەردەیی و هونەرمەندان بە خەلیل عەلی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری ڕانیە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٤ بەشی پەروەردەی هونەری لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە سلێمانی تەواوکردووە و، بووەتە مامۆستای هونەری لە شاری ڕانیە و، تا ئێستاش هەر بەردەوامە لە خزمەتکردن لە بواری هونەری پەروەردە و فێرکردن.

نووسەر و لێکۆڵەر و هونەرمەندی شێوەکار پسپۆری بواری پەروەردەی هونەرە و لە بوارەکانی هونەر و پەروەردەی هونەریدا، تا ئێستا(٢٧) کتێبی پوخت و سوودبەخشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- ڕێگاکانی وانەگوتنەوەی پەروەردەی هونەر، چاپخانەی هیوا، ڕانیە، ١٩٩٩.
- بنەماکانی پەروەردەی هونەر لە زارۆخانە و خوێندنگاکان چاپی دووەم، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠١٦.


**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و بیرمەند دکتۆر فەرهاد پیرباڵ، نووسەر و هونەرمەندی شێوەکار خەلیل عەلی**


**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عومەر حاجی، نووسەر خەلیل عەلی لە کۆڕێکی ڕۆشنبیریی ڕانیە ساڵی ٢٠١٧**

- پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناغی بنەڕەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤.
- بنەما هونەرییەکانی شانۆی منداڵان لە زارۆخانە و خوێندنگاکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٦.
- پۆرترێتە ترساوەکانی پێشەوا مەحمود، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٩.
- هونەری مایا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢١.

- پەروەردەی پراکتیک، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٢.
- پەروەردەی هونەر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٢.
- بنەما سەرەکییەکانی وانەگوتنەوەی پەروەردەی هونەر بۆ بەشی شێوەکاریی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، قۆناغی چوارەم، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.
- پەروەردەی کردارەکی لە وانەی هونەر، بۆ بەشی شێوەکاریی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، قۆناغی پێنجەم، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکانییەکانی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.
- پڕۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ باخچەی منداڵان، ڕێبەری مامۆستا،




**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا کاوە خەلیل، هونەرمەند و نووسەر خەلیل عەلی**
**لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی قەڵغانی پەروەردەی زانکۆی ڕاپەڕین**

وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.

- پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی- ڕێبەری مامۆستا، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.
- پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی- ڕێبەری مامۆستا، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.
- پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی- ڕێبەری مامۆستا، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.
- پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی- ڕێبەری مامۆستا، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨
- پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پێنجەمی بنەڕەتی- ڕێبەری



نووسەر و هونەرمەند خەلیل عەلی لە وانەیەکی فێرکردنی مامۆستایان و باخچەی ساوایان لە قەڵادزێ ساڵی ٢٠١٦




**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا حەمید ئیبراهیم، مامۆستا خاتوو کوێستان ئەمین، مامۆستا خاتوو دڵپاك خدر، مامۆستا هەردی عەلی، مامۆستا محەمەد سدیق، نووسەر و هونەرمەند خەلیل عەلی**

مامۆستا، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.

- پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ڕێبەری مامۆستا، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.
- پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی- ڕێبەری مامۆستا، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.
- پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی- ڕێبەری مامۆستا، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.
- پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی- ڕێبەری مامۆستا، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.
- پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی- ڕێبەری مامۆستا، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.



نووسەر و هونەرمەند خەلیل لە بۆنەیەکی خێزانیدا

- ڕووەکە سروشتییەکانی ڕانیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١.
- فەرهەنگی ڕووەکە سروشتییەکانی ڕانیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١.
- باڵندە کێوییەکانی ڕانیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١.
- مێژووی هونەری فۆتۆگرافی لە ڕانیە- جەمال ڕەشید، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەتین، تاران، ٢٠٢٢.
- هونەری هایپەریالیزم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.
- هونەری ئیسلامی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.

چەندین بەرهەمی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

بەرهەمەکانی ئەو لە لایەن قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان بۆ نووسینی نامەی ماستەر و دکتۆرا سوودیان لێوەرگیراوە وەردەگیرێت.

نووسـەر و هونەرمەنـدی شـێوەکار خەلیـل عەلـی بـە پەنجـە ڕەنگیـن و جوانەکانی چەندیـن تابلۆی جوان و نایابی کێشـاوە و تـا ئێسـتا(٣) پیشـانگای تایبەتی لە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان کردۆتەوە و بەشداریشـی لە(٥٧) پیشـانگای هاوبـەش لـە نـاوەوەی کوردسـتان لـە شـارەکانی(سـلێمانی، هەولێر، دهـۆک، بەغدا، خانەقیـن، کفری، کـەلار، دەربەندیخـان، ئاکرێ)و لـە دەرەوەی وڵاتیش بـە بەشـداربوون یـان ناردنـی تابلۆکانی لە وڵاتانی(ئەمەریکا، تورکیـا،




**بەرهەمەکانی مامۆستای پەروەردە و نووسەر و هونەرمەندی شێوەکار خەلیل عەلی**

ئیتاڵیا، فەرەنسا، مەغریب، تونس، ئوردن، سووریا و ئێران)کردووە.

چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٩٦یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیە.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە.
- بەشداری لە چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و سیمیناری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری لە زانکۆ و پەیمانگا و دەزگا پەروەردەییەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان کردووە.
- چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

بۆ نووسەر و هونەرمەند و لێکۆڵەر مامۆستا خەلیل عەلی هەر سەرکەوتوو بەردەوام بیت بۆ خزمەتی هونەری پەروەردە و هونەری شێوەکاری.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر و هونەرمەند خەلیل عەلی کە لەسەر داخوازی من لە ڕانیە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# ئامینە عەمەر

شاعیر و نووسەر و زماننـاس و فەرهەنگنـاس، ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و لێکۆڵەر و توێژەر، خاتـوو ئامینە عەمـەر..

نـاوی تەواوی(ئامینە عەمـەر یان ئەمینـە عەمـەر)ە، لـە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری بـە (کەچـا کـورد) ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٤٨ لـە گوندی(ئابـرێ)ی سـەر بە شـاری قامشـلۆی ڕۆژئاوای کوردسـتان لە خێزانێکی کوردپـەروەر و گوندنشـین لـە دایکبـووە، هەنـدێ سـەرچاوەی دیکـە دەڵێـن: لە گوندی(سـەرقێی) سـەر بـە ناوچـەی جزیـری هـەر لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە دایکبـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە گوندەکـەی خۆیـان تەواوکـردووە، دواتـر سـاڵی ١٩٧١ بڕوانامـەی پۆلـی (١٢)ی بەدەسـتهێناوە، پاشـان بە(قاچاغـی) ڕووی لـە کوردسـتانی باشـوور کـردووە و لـە شـاری سـلێمانی گیرسـاوەتەوە، لـە سـاڵی ١٩٧٢ لـە بەشـی زمـان و ئەدەبی کـوردی لـە کۆلێـژی ئادابی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە، دیارە لە بەر بارودۆخـی ئەوسـای کوردسـتان و ڕێکنەکەوتنـی سـەرکردایەتیی کـورد لـە گـەڵ ڕژێمـی بەعـس بۆ جێبەجێکردنـی تـەواوی بەندەکانـی ڕێککەوتننامـەی



شاعیر و نووسەر
خاتوو ئامینە عەمەر بە جاحێڵی



له لای ڕاستەوە: خاتوو بوینێ کچی شاعیری نەمر جگەرخوێن، شاعیری نەمر جگەرخوێن،
شاعیر خاتوو ئامینە عەمەر

١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، وەکو ژنە کوردێکی کوردپەروەر ڕووی لە شاخ کردووە و بۆ یەکەم جار بابەتی هەمەجۆری بۆ ڕادیۆی(دەنگی کوردستان) نووسیوە.

شاعیر و نووسەر خاتوو ئامینە عەمەر هێشتا زۆر منداڵ بووە لە ڕێگای کوڕە خاڵێکی بە ناوی(دەروێش) فێری(ئەلف و بێ)ی کوردی شێوەزاری کرمانجی بووە، بۆ یەکەمین جار کتێبی داستانی(مەمی ئالان و ڕۆمانی شڤانێ کورمانجا)ی خوێندۆتەوە، پاشان شیعرەکانی شاعیری گەورەی کورد(جگەرخوێن)ی خوێندۆتەوە و زۆریش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بەرهەم و هەڵوێستەکانی ئەو، دواتر بە ناسینی دۆستایەتیی شاعیر جگەرخوێن و کچەکەی خاتوو(بەنیێ- بونیێ)ئاشنا بووە.

شاعیر و نووسەر ئامینە عەمەر لە نووسینێکدا لە ماڵپەری خۆی دەڵێت:(کاتێک من شاهنامەیا شەهیدان و پیراوتۆری- م خوێندەوە، زۆر گریام، زوو ئازاری بندەستیم زانی و ناسی، بۆیە بووم بە خەباتگێڕێکی وڵاتپارێز).

ئەو بە خوێندنەوە و ئامادەبوونی لە کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبی و شیعرییەکانی هەر یەک لە ئەدیب و ڕۆشنبیر و زانایان (مەلا ئەحمەدی نامی، مەلا ئەحمەد سۆزی، مەلا تاهیر، ئەڤدە تێلو)ئاشنا بووە و زۆر ڕێزیشیان لێگرتووە، بۆیە بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای شیعر و ئەدەبیات و فەرهەنگی زمان و مێژوو و کەلتوور و کەلەپووری کوردی و وەرگێڕانی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەدەبیش، بواری ئەدەبیاتی منداڵانیشی فەرامۆش نەکردووە، لەم بوارانەدا (١٥)بەرهەمی پوخت و جوان و سوودبەخشی بە زمانی کوردی- شێوەزاری کرمانجی و بە پیتی لاتینی کوردی نووسیوە کە ئەمانەن:

- چیرۆکی هەڵبژێردراو، عەزیز نەسین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ١٩٩٠.
- خۆییبوون، کۆمەڵگەی سەربەخۆبوون، ١٩٩٣.
- ڕەگەزی مێ و نێر، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕێزمانی زمانی کوردی، ٢٠٠١.
- پەلا داوی، دیوانی شیعر، ٢٠٠٢.
- خوێندنەوەیەک لەژێر ناوی «چارچراییێن مژابادێ» لەسەر ڕۆمانی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر خاتوو ئامینە عەمەر، ئەوانی دیکە نەناسراون**

«مژابـاد»ی جـان دۆسـت.

- توێژینەوەیەک لەسەر ناوەڕۆکی کتێبی مامۆستا جەمال نەبەز کە لەسەر (زمانی ئیتیمۆلۆژیای کوردییە).
- لە بابەتی زمانی کوردیدا.
- فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژیی کوردی لەسەر زاراوەی کورمانجی، بڵاوکراوەی وەشـانگەی نووبهار، ٢٠١٤.
- بەژنا خەمێن من، شیعر.
- نووبهارا بچووک و مەزنان، فەرهەنگۆکی شیعر.
- بازێ هێڤیێن من، شیعر.
- لە ڕووی فۆلکلۆرەوە چیرۆکی «ئێشێ و بلۆدۆ»، چیرۆکی «شەنگێ و پەنگێ»، ٢٠٠٣.
- بۆ منداڵان: کێزا کێزەران خوەدیا شمکا خێزەران – پیرێ و ڕۆڤی.
- برتاتیا قولنگ و ڕۆڤی – گور، ڕۆڤی و بەرگیل.




بەرهەمەکانی خاتوو ئامینە عەمەر

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر ئامینە عەمەر وەکوو نووسەر چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- دەیان هەڵبەست و وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بلاوکردۆتەوە، ماوەیەکیش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی(گەلاوێژ، پێنووس، پێل)کاری کردووە.
- بەشداریی دەیان کۆڕی شیعر خوێندنەوەی لە ڕۆژئاوای کوردستان کردووە، لە کاتی هاتنەوەی تەرمی شاعیری نەمر(جگەرخوێن) لە سویدەوە بۆ قامشلۆ، شیعرێکی بە ناوی(داربەستا دێرین)نووسیوە و خوێندۆتەوە.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە(خەڵاتی جگەرخوێن بۆ ئافراندنی شیعر، کە لە لایەن یەکێتیی نووسەرانی گشتی و ڕۆژنامەنووسانی کورد لە سووریا ساڵی ٢٠١٩ پێبەخشراوە.
- لە ٨ - ١ - ٢٠٢٤ دووەمین خەڵاتی(زارا محەمەد)ی لە لایەن ڕێکخراوی(کوردشۆپ) کە ڕێکخراوێکی ئەدەبی و کەلتووری کوردییە بە ژنە خەباتگێر و شاعیر و نووسەر و خاتوو ئامینە عەمەر بەخشراوە.

بۆ شاعیر و نووسەر ئامینە عەمەر هەر سەرکەوتوو بەردەوام بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەب و فەرهەنگ و کەلتووری و کەلەپووری کوردی.

**سەرچاوەکان:**


١ - ماڵپەڕی شاعیر و نووسەر ئامینە عەمەر.

٢ - فلمێکی دوکیومێنتاری لە (کوردشۆپ).

٣ - وتارێکی نووسەر ئاراس حسۆ لە (کوردشۆپ)، لە ١٣ - ١ - ٢٠٢٤.

٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# وەلات توفیق

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و لێکۆڵەر، مامۆستا وەلات توفیق ...

ناوی تەواوی(وەلات توفیق ئەبوزێد عەلی)یە، لە ٩ - ٦ - ١٩٨٨ لە گوندی(بازێ)ی دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە پارێزگای دهۆک لە دایکبووە، باوکی لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی(بلبێسێ)ی سەر بە قەزای(بێشەباب- ئەلکێ)ی سەر بە پارێزگای(شەرناخ)ی باکووری کوردستانە، لە ساڵی ١٩٧٨ هاتوونەتە باشووری کوردستان و باوکی بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش ژیاوە و هاوسەرگیری کردووە، ئەو لە باوکێکی باکووری کوردستان و دایکێکی باشووری کوردستانە، لە کاتی ئەنفال لە ٢٨ - ٨ - ١٩٨٨ گەڕاونەتەوە باکووری کوردستان و باوکی ماوەیەک دەستگیرکراوە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی سێیەم لە قوتابخانەی گوندی(بلبێسێ) و قەزای(بێشە باب) و قوتابخانەی هەندرێن لە دهۆک تەواوکردووە، ناوەندی لە ناوەندیی(چرای کوڕان) و ئامادەییشی لە ئامادەیی(زانستی کوڕان) هەر لە دهۆک تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی(٢٠١٣- ٢٠١٤) بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆک بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ٢٠١٦ بۆ ماوەی سێ ساڵ وەکو وانەبێژی زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەی(زناری بنەڕەتی و ئامادەیی ڕاپەڕین) لە دهۆک دەستبەکار بووە بەردەوامیشە لە خزمەتکردن.



**له لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس شەماڵ ئاكرەیی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس وەلات توفیق، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێكۆڵەر ئیسماعیل بادی**

ئەو زمانەكانی توركی و عەرەبی و ئینگلیزی بە باشی دەزانێت، وەكو نووسەر و لێكۆڵەر و وەرگێڕ زیاتر لە(٣٠) بەرهەمی بە نرخ و سوودبەخشی لە بوارەكانی مێژوو و بەڵگەنامە و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕان و لێكۆڵینەوەی ئەكادیمی و زانستی و بابەتی هەمەجۆری دیكە لە زمانەكانی توركی و عەرەبی بۆ سەر زمانی كوردی و بە پێچەوانەش نووسیوە و چاپ و بڵاوی كردوونەتەوە. ئەمانە هەنێكیانن:

- زانكۆیا دهۆك، دە»ڤەژینا كوردستانا خەیال، ئیسماعیل بێشكچی، وەرگێران ژ توركی؛ وەلات توفیق، سەنتەرێ بێشكچی بۆ ڤەكۆلینێن مرۆڤایەتی، زانكۆیا دهۆك، دهۆك، ٢٠١٧.
- كوردستان كۆلونییا نیڤدەولەتی (كردستان المستعمرة الدولیة)، ئیسماعیل بێشكچی، وەرگێران ژ توركی، وەلات توفیق، سەنتەرێ بێشكچی بۆ ڤەكۆلینێن مرۆڤایەتی، زانكۆیا دهۆك، دهۆك، ٢٠١٧.
- شرۆڤەكرنا خۆپێشاندانێن باشوور و باشوورێ ڕۆژهەلاتا ئەنادۆلێ،» ئیسماعیل بێشكچی، وەرگێران ژ توركی؛ وەلات توفیق، سەنتەرێ بێشكچی بۆ ڤەكۆلینێن مرۆڤایەتی، زانكۆیا دهۆك، دهۆك، ٢٠١٨
- بزاڤێن داگیركەران ل سەر دابەشكرنا كوردستانێ ١٩١٥ – ١٩٢٥،

ئیسماعیل بێشكچی، وەرگێڕان ژ تورکی؛ وەلات توفیق، سەنتەرێ بێشكچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا دهۆک، دهۆک، ٢٠١٩.

- كێشەیا ویلایەتا مویسل،» ڤلادیمێر مینۆریسکی، وەرگێڕان ژ تورکی؛ وەلات توفیق، وەشانێن سەنتەرێ بێشكچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا دهۆک، دهۆک، ٢٠١٩.
- ڕەوشەنبیرەک، ڕێکخراوەک و پرسا کوردان ،» ئیسماعیل بێشكچی، وەرگێڕان ژ تورکی؛ وەلات توفیق، سەنتەرێ بێشكچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی - زانکۆیا دهۆک، دهۆک، ٢٠١٩.
- کوردستان ١٨١٨، وەکو ئێکەم پرتۆکا ل سەر دیرۆکا کوردستانێ هاتیە نڤیسان، جۆزێبی کامبانیلێ، وەرگێڕان ژ تورکی؛ وەلات توفیق، مالا لاوان یا ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ، دهۆک، ٢٠٢١.
- یاداشتنامەیێن سەربازەکێ تورک د کۆمکوژیا دێرسمێدا ١٩٣٧ – ١٩٣٨، ڤەکۆلین، وەلات توفیق، وەشانێن ناڤەندا خانێ یا ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندنێ، دهۆک، ٢٠٢١.
- کۆمکوژییێن ئێزیدیان دناڤبەرا سالێن ١٦٣٠ – ٢٠١٤، پ. د. قەدری یڵدرم، وەرگێڕان ژ تورکی؛ وەلات توفیق، سەنتەرێ بێشكچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی، دهۆک، ٢٠٢٠.



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عیزەدین ناسۆ(زمانەوان)، شاعیر ڕزگار کێستەیی، نووسەر وەلات توفیق، شاعیر ئەمین بۆتانی**

- شۆڕەشا ئەیلۆلی د بیردانکا پێشمەرگەیدا،» ڤەکۆلینا مەیدانی ب هەڤپشکی، وەشانێن دەستەیا ئەنسکلۆپیدیا پارتی و زانکۆیا دهۆک، هەولێر، ٢٠٢١.
- باوەریا خۆ ب پەنچەیا شێری بینە، (بەڵگەیێن وێنەیی ل سەر شۆڕەشا ئەیلولێ)،» کارستن دێتمەن، وەرگێڕان و ڤەگوهاستن ژ ئەلفابێ ئارامی بۆ لاتینی؛ وەلات توفیق، وەشانێن دەستەیا ئەنسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆیا دهۆک، هەولێر، ٢٠٢١.
- Aslan Pençeye İnan،کارستن دێتمەن، وەرگێڕان ژ کوردی بۆ تورکی؛ وەلات توفیق، وەشانێن دەستەی ئەنسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆیا دهۆک، هەولێر، ٢٠٢١.
- کوردستان د یاداشتامەیێن ئەفسەرەکێ ئینگلیزدا (مێجەر نۆیڵ، کوردستان ١٩١٩)، مێجەر نۆیڵ، وەرگێڕان و پێشەکی؛ وەلات توفیق، وەشانێن سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی – زانکۆیا دهۆک، دهۆک، ٢٠٢٢.
- سەردەمێ عەبدال خانی (١٦١٨ – ١٦٦٤) د دیرۆکا میرگەها بەدلیسی دا، سەدات ئۆلاگان، وەرگێڕان ژ زمانێ تورکی؛ وەلات توفیق، وەشانێن سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی، دهۆک، ٢٠٢٣.
- زەڤیا گیانەوەران (Animal Farm)،»جۆرج ئۆرول، وەرگێڕان ژ زمانێ ئینگلیزی؛ وەلات توفیق، وەشانێن دەزگەهێ نالبەند یێ چاپ و بەلاڤکرنێ، دهۆک، ٢٠١٦.



لە لای ڕاستەوە: شەشەم کەس نووسەر وەلات توفیق، ئەوانی دیکە شاعیر و نووسەرانی دهۆک



**له لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ وەلات توفیق، میدیاکار هوشەنگ تاجر، شاعیر شەماڵ ئاکرەیی، بەڕێز ئیحسان ئامێدی بەرپرسی ناوەندیی خانی بۆ ڕاگەیاندن، نووسەر هزرڤان عەبدوڵڵا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی**

- رۆبنسۆن کرۆزو (Robinson Crosue)،» دانیال دیڤو، وەرگێڕان ژ زمانێ ئینگلیزی؛ وەلات توفیق، وەشانێن پرتوکخانەیا خانی، دهۆک، ٢٠١٩.
- دزێ ڕاستگۆ (Anhonest Thief)،» ڤیۆدور دۆستویەڤیسکی، وەرگێران ژ زمانێ ئینگلیزی؛ وەلات توفیق، وەشانێن پرتوکخانا خانی، دهۆک، ٢٠١٩.
- جاک مای (Never Give up)،» وەرگێڕان ژ زمانێ ئینگلیزی؛ وەلات توفیق، وەشانێن پرتوکخانا نورسین، دهۆک، ٢٠٢٠.
- تیمساح (The Crocodile)،» وەرگێڕان ژ زمانێ ئینگلیزی؛ وەلات توفیق، وەشانێن پرتوکخانا مۆکسی، دهۆک، ٢٠٢٠.
- زەڤیا گیانەوەران (Animal Farm)،»جۆرج ئۆرول، چاپا دوێ، وەرگێران ژ زمانێ ئینگلیزی؛ وەلات توفیق، وەشانێن دەزگەهێ نالبەند یێ چاپ و بەلاڤکرنێ، دهۆک، ٢٠٢٣.

نووسەر و لێکۆڵەر وەلات توفیق، سەرەڕای بەرهەمە پوختەکانی وەکو ڕۆژنامەنووس و وەرگێریش چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- لە ١٨ - ٨ - ٢٠١٦ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی دەزگای(نالبەند) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە دهۆک.
- لە ساڵی ٢٠١٧ەوە، ئەندامی سەنتەری(قوبەهان)ە، بۆ پاراستنی بەڵگەکان و بەرپرسی بەڵگەنامەی بەریتانی- عوسمانییە لە سەر کوردان.




**بەرهەمەكانی نووسەر وەلات توفیق**

- لە ٩ – ١١ – ٢٠١٨وە، ئەندامی سەنتەری (بێشكچی)یە بۆ لێكۆڵینەوەی مرۆڤایەتی لە زانكۆی دهۆك و وەكو نووسەر و وەرگێڕ و لێكۆڵەر بەردەوامە لە خزمەتكردن.
- لە ٩ – ١٢ – ٢٠٢٣وە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(مەتین)ە، لە دهۆك.

نووسەر و لێكۆڵەر وەلات توفیق لە ساڵی ٢٠١٦ هاوسەرگیری كردووە و خاوەنی كوڕێك و كچێكە بە ناوەكانی(یاسەمین، یوسف) خوا تەمەن درێژیان بكات.

بۆ نووسەر وەلات توفیق هەر سەركەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و مێژووی كوردی.

## سەرچاوەكان:

١ – كورتەیەك لە ژیاننامەی نووسەر و لێكۆڵەر وەلات توفیق، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێكۆڵەر مامۆستا ئیسماعیل بادی لە دهۆك بۆی ناردووم، سوپاسی دەكەم.

٢ – ئامادەكردن و نووسینی خۆم



# ئەسیلکا قادر

خاوەنی سرووودی:

**ولاتــێ مــە کوردســتانە**

**جێ و مەسکەنێ مە کوردانە**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ و نووسەری کوردپەروەر، خاتوو ئەسیلکا قادر.

خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ و نووسـەر ئەسیلکا قادر لـە نیوەی دووەمی چلەکانی سـەدەی ڕابـردوو لـە گوندی(ئەلەگـەز)ی وڵاتـی ئەرمنسـتان لـە خێزانێکـی کـوردی ئێزیدیـی کوردپـەروەر لـە دایکبـووە، قۆناغەکانی خوێندنی بـە زمانی ئەرمەنی خوێندووە، دواتر بڕوانامـەی باڵای لـە زمـان و ئەدەبیاتی ئەرمەنی و فارسـی لـە زانکـۆی ئێریڤانـی نێودەوڵەتـی بەدەسـتهێناوە، ماوەیـەک لـە وەزارەتـی پـەروەردەی ئەرمنسـتان وەکـو سـەرپەرشـتیاری بەشـی زمانـی کـوردی و ئێزیـدی خزمەتی کردووە، لـە نێوان سـالانی ١٩٨٥- ١٩٨٧ لـە گـەڵ تیمـی پزیشـکی سـەربازیی سـوپای سـۆڤییەتی جـاران بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ وەکـو وەرگێڕ لـە وڵاتـی



